رۆمان

کڕێمسێتی

کەریم کاکە



یەکێتیی نووسەرانی کورد

مەڵبەندی گشتی- 49

چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر

رۆمان

کرێمستی

کەریم کاکە

یەکێتیی نووسەرانی کورد

مەڵبەندی گشتی ٤٩

ناوی کتێب: کرێمستی

بابەت: ڕۆمان

نووسینی: کەریم کاکە

هەڵەچن: وەلید عەبدولخالیق

بەرگ: ستار قەرەداخی

چاپی یەکەم،٢٠١٣

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانەی : ڕۆژهەڵات - هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٩١) ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە

پێشکەشە

کرێمستی دیارییە بۆ بابم ، ئەو پیاوەی لە گێڕانەوەی کرێمستی بە رستێک رستەی لە تەمەن رستراو بەشدارە.

-١-

کرێمستی لە نێوان پەنجەکان، پەنجەی وردیلەی خرپن دەتوێتەوە، مژێك لەو مـژێك لەم، کرێمستی دەتوێتەوە و لا لێویان دەنەخشێنێ، بە یەکتر دەڵێن:

ئەها وێنەیەکی جوان بە لێوتەوە!

لە بن داربیەکە داری کرێمستی لە کەلێنی پەنجەکانەوە چۆڕاوگەیەکی سـووری بـە سەر گەردندا بەستووە، بە یەکتر دەڵێن:

نابینی! گەردنیشت بووەتە وێنە!

چـۆڕاوگەیەك دنیـا هـەزار سـەرمەقولاتی دا، ئـەو هـەر بـە لا لێـو و سـەر گەردنەوەیە، گەڕەك گۆڕانی دنیای بە سەردا هات، بەلاّم چۆلەکەکانی داربی هەر ئەو چۆلەکانەن کە بە سـەر دوو منـداڵی کرێمسـتی لـە دەسـت دەیانجریوانـد، کـێ هەیـە دەنگی چۆلەکەی منداڵی نەناسێتەوە!

کوڕ مژێك لە کرێمستی دەدا و دەپرسێ:

ئەو چۆلەکانە چیان لێمان دەوێ؟

کچ کرێمستی لە سەر لێوە:

حەزیان لە کرێمستیە..

خانوویێکی قوڕ روو لە رۆژهەلاّت، روو لە زوورگ و چیا، داربیەکی بەژن بلّند لە وەرزی کەسکایی، دانی سبەینان سێبەرێکی چڕو فێنك بـە کـۆلاّن و سـەر حەوشـەی ماڵی کوڕدا بلاّودەکاتەوە، لەودەمەی رۆژ هێشتا بە قەد بەژنی داربی لە زوورگـەکان بەرز نەبۆتەوە، سێبەرەکەی دەگاتە سەر دەرگای ماڵی کچ، بەلاّم کچ بەو سـێبەرەی ماڵی خۆیان رانەدەگەیشت، تا لە خەو هەڵدەستا، سێبەر نـەدەما، دانـی ئێـوارانیش

ماڵەکەی ئەوبەر، ماڵی شەلەی شامینۆکفرۆش خەنی دەبێ لە سێبەری داربی، کوڕ دەڵێتە کچ:

حەزمدەکرد ماڵی ئێوە بەرانبەرمان با.

کچ دەڵێ:

منیش حەزمنەدەکرد، ماڵمان لە پشتەوە با.

خانوو کەوتۆتە سەر کەندێك، زستانان، بەهاران، بە بارینی زۆر، کەند هەڵدەستێ، جاری وایە ئاو دەرگای ماڵی کوڕ دەگرێ و دەگاتە بن داربیەکە و سەکۆ خەریکە بن ئاو دەکەوێ، جار هەیە ئاو بەو دیودا دەسووڕێتەوە، چ خانوو بە سەر خانووی ماڵی کوڕەوە نیە، لەو دەمانەدا، لە دوورەوە خانوو لە شێوەی دوورگەیەك خۆی نیشانی چاوی گەڕەك دەدات، دایکی کوڕ لەگەڵ هەستانی کەند، مشەمایەکی شینی لە خۆی هەڵکێشاوە، نایلۆنێکی سپی کردۆتە کلاۆ، پێڵاوێکی لاستیکی رەشی لە پێیە، هەتا سەر چۆك خۆی هەڵکردووە، خاکەناسی بە دەستەوە و بە دەوری خانووەوە، پتر قوڕ و خۆڵ دەخاتە بن دیوارەوە و ئاو دوورتر دەخاتەوە، دوو سێ ژن و پیاویش دێن بە هانایەوە،(گوڵێ)ش کە ماڵیان لەو سەری گەڕەکە بە خۆو خاکەناسە قوتەکەوە گەیشت، تاکە کەس و تاکە منداڵە بە خاکەناسەوە بە هاناوە بێت، خانزاد کچە تازەپێگەیشتووەکەش گەیشت، کوڕ بە دیتنی خانزاد دڵخۆش دەبێ، دەزانێ بە هاتنی خانزاد پیاوی گەڕەك هەموو پەیدادەبن و دەگەنە فریای دایکی، مام گەڕیدەش لەو لاوە، لە بن ساقۆیەکی رەشی درێژ، لە بەر باران، خۆی بەسەر گۆچانەکەی داداوە و پەکو پەکویەتی، قایشی رادیۆکە بە ملیەوە دیارە، مام گەڕیدە لە ساتی لافاو پێڵاو لە بیربکات رادیۆ و تەسجیلە گچکەکە کە لە بەڕکی جێگەی دەبێتەوە لە بیرناکات، چەند کاسێتێکیش لە نایلۆن دەپێچێ و دەیخاتە گیرفانی ساقۆکەیەوە، مام گەڕیدە جار جارە پێیە شەلەکەی لە عەرد دەکاتەوە، قوڕی زۆر گرتووە، باش بۆی

بڵند نابێ، لە بن قۆڵی ساقۆکەشیەوە لە دوو پەنجە لە جوولە کەوتووەکەیەوە ئاو چۆڕاوگەی بەستووە، مام گەڕیدە لە بن چاویلکەوە بە تاکە چاوێ لە خانووی ناو لافاو رامـــاوە، ژنەکـــەی شـــەلە چـــەند هـــەوڵی لەگـــەڵ دەدا بیباتـــە مـــاڵی خۆیـــان، خۆماندووکردنێکی بەلاشە، ناچێ، بووکەکەی لە ناو ئـاوێ بـەجێناهێڵێ، دایـك نـاوە ناوە سەیری ئاسمان دەکات، کوڕەش لەگەڵ وی سەیر دەکات، تێدەگات کە دایکی داوا لە ئاسمان دەکات، خۆشی بکاتەوە، هەورەکە دووربخاتەوە و بنـی روون بکاتـەوە، کـوڕ کە دایکی لەو بارە دەبینێ، رکـی لـەو هـەورە دەبێتـەوە کـە بـارانی زۆر پێیـە، ئـەو هەورانەی خۆشدەوێ کە بایی ئەوە بارانیان پێیە ئاو نەگاتە بن داربیەکە، شەوان هەر کاتێ گوێی لە گرمەی هەور دەبێ، دەپاڕێتەوە:

خودایە، کەم ببارێنە، با کەند هەڵنەستێ، دایکم ماندوومەکە.

یان دەڵێ:

خودایە کەندەکە هەندێك لە ماڵی ئێمە دوور بخەوە.

جاری واش هەیە دەڵێ:

خودایە، ماڵی ئێمەش وەك ماڵان وەك ماڵی شەلە بڵند بکە تا ئاو نەیگاتێ.

هەرچەندە لافاوی گـەورە بـە بەرەکەتـە، چـەم بـەرد و وردە چـەوی رەنگـاو رەنـگ دێنێ، دوای نیشتنەوە کچە و کوڕە بە چەم وەردەبەن و چ بەردی جوانە خڕدەکەنـەوە، ماڵێیان پڕکردووە لە بەرد، دایکی زۆر جار پێیاندەڵێ:

ئێوە ماڵ بە بەرد دەکەن..

بەوەی باشە دیوی پشـتەوە تـەنکاوە، ئـەها کـچ بـە دیـوی تـەنکاودا، پێـی خـۆی هـەڵکردووە، غـاردەدا، پێلاوەکـەی لـە قـوڕ بەجێـدەمێنێ، دەیـەوێ بـەجێیبهێڵێ، پەشیماندەبێتەوە، دەگەڕێتەوە، تا خاوێنی دەکاتەوە و لە پێی دەکات و دەگات، کەند لە سەر نیشتنەوەیە، دەنیشێتەوە، یەکە یەکە وا پێی خۆیان دادەدەنـەوە، لـەو دەمـە

کوڕ چاوی دەکەوێتە سەر پێیە هەڵکراوەکان، دەبینێ هی دایکی زۆر سپیە لە هەمووان سپیتر، مەگەر هی کچ هێند سپی بێ، کوڕە لە پێیە هەڵکراوەکانەوە، وێنە رووتەکانی ناو گەرماوی هاتنەوە بەر چاو، ئەو دەمەی دایکی سەری دەشووشت، لە بن کەفەوە چاوی دەگێڕا، ژوورێك لەشولاری رووتی دەدیت، لەشی ژن و منداڵ، لە چاوی وی لەشی کچە لە هی هەموویان سپیتر بوو، لە هی خانزادیش..

پەرتەیان لێکرد، کچ نەڕۆیشت، چاوەڕێدەکەن بن بیەکە کزربێتەوە، تا گەمەی خۆیان دەستپێبکەنەوە، تا لافاو بنیشێتەوە و بەردی رەنگاورەنگ خڕبکەنەوە..

لە ناو کەندێ ریزە بەردێکی گەورە، بە دوورایی شەقاوی منداڵ دانراون و بەو بەردانە دەگوترێ بەردەبازی کۆڵانی داربیەکە، خەمیان نیە، ئاویش هەستێ، رێی قوتابخانە ناگیرێ، بە سەر ئەو بەردانە دەپەڕنەوە، لەو دەورو بەرە، بۆ ناسینەوەی کۆڵانێك، ماڵێك، کەسێك، شتێك، داربیەکە نیشانەیە، بە داربی دەیبیننەوە، دەیناسنەوە، منداڵ بزربووە لەو دوورەوە، دەروێش برایم لە مزگەفتەوە بانگەوازی کردووە:

بیهێننەوە مزگەفت یان بیبەنەوە کن داربیەکە.

داربیەکەی پێش ماڵی کوڕ یان پێش ماڵی مام گەڕیدە لە چ داربیان ناچێ، کەسك کەسك، کەسکیەك کەس لە چاوی کەس نەیدیتیە مەگەر مام گەڕیدە لە چاوی ستی دیتبی، قەد بڵند و رێك، چ ژن بەژن و بالای وای نەبووە، مەگەر دایکی کوڕ، پەلك پان ودرێژ زۆر درێژ، دەتگوت پەرچەمی کچەیە بە سەر چاویەوە، داربی هەمیشە باڵندەی بە سەرەوەیە، لە چ وەرزێك بێ جریوە و گمەگم نەبووە، داربی بە شێوەیەك دەخوێنێ مام گەڕیدە گۆتەنی، چ درەختێك وای نەخوێندووە، زۆر کەس داربیان بەو داربیەی هەمیشە دەخوێنێ ناودەبرد، خوێندنی سەر لە سبەینان، لە هی نیوەڕۆیان و ئێواران نەدەچوو، خوێندنی شەوان هەر زۆر تایبەت بوو، دایك دەیگوت:

ئەوانەی ماڵیان لێرە دوورە و گۆرانیی داربی نابیستن، چۆن خەویان لێدەکەوێت؟!

وێنەی بن داربیەکە کە دوو منداڵی کرێمستی لە دەستە، دواتریش وێنەکە لە زۆر جێ بلاۆکرایەوە، لە پێش دەرگای سینەما، لە کتێبی قوتابخانە، لە گۆڤاری منداڵان، لە فیلمە کارتۆنیەکان، لە هەر جێیەکیش بە ناونیشانێکی جیا، بەلاّم ناونیشانی بنجی و راستینەی وێنەکە (کرێمستی لە کەلێنی پەنجەکانەوە)یە، ئەو وێنەیە کۆنترین وێنەی منداڵییە، نەبوونی و هەژاری ئەو وێنەیەی کێشا، ئەگەر پارەکە دوو کرێمستی پێهاتبا، پەنجە وردیلەکان تێکەڵ نەدەبوون، لێوەکان تامی جێی یەکتریان نەدەکرد، کچ دەڵێ:

جێی لێوی تۆ زۆر شیرنە..

کوڕ دەڵێ:

هی تۆش..

ئەودەمانێ هیچیان تامی لێویان نەکردبوو، شتێکیان لە لێو و تامی لێو نەدەزانی، بەلاّم لەو کرێمستیەوە زانیان جێی لێو، ئەو شتەی لێوی پێدەکەوێت، چ تامێك دەدا، دوو منداڵی وردیلە، هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە، لە وەرزی کرێمستی لە سەر سەکۆی سێبەری داربیەك بۆ یەکەم جار کرێمستیەکیان بە یەکەوە خوارد، دواتریش چەند جار ئەوە دووبارەبۆوە، بەلاّم تەنها یەکەمیان بووە وێنە و بلاۆبۆوە، ئەو دوو منداڵە کرێمستی لە دەستە، لە دڵڕاگرتنی یەکتر یەك لە یەك گەورەترن، کچ دڵی خۆی دەشکێنێ، بەلاّم هی کوڕ نا،کوڕیش لە دڵراگرتن لە کچ کچترە، ئەو دوو منداڵە هێند هۆگری یەکترن، ساوا هێندە هۆگری مەمکی دایك نیە، ماڵیان هێندە لێکتر دوور نیە، لە وەرزەکانی سێبەری داربی هەمیشە لە سەر سەکۆیەکەن و گەمەی ساپساپانێ و پێنجووکانێ دەکەن، مێرووانێ دەکەن، ئەو کچە نەبا پێناچێ کوڕە فێرە گەمەی کچانە با، لە بن داربیەکە، کەلایانێ و زۆرانێ دەکەن، کچە تەنها لەگەڵ ئەو

کوڕە گەمەی کوڕانە دەکات، لە بن داربیەکە، لە کۆڵانێ، هەردوو کۆڵان، هەرچی گەمەی منداڵان هەیە لە منداڵانی داربیەوە تەماشایان بکە، هاوڕێیەتی ئەو دوو منداڵە لەگەڕەکێ دەنگیدابۆوە، کاتێ دوو منداڵ بە شەڕ دێن، داکیان دەڵێ:

دافەتێن، دە وەك گوڵنار و هاوار بن، چاو لەوان بکەن.

کەس نەیدیتووە، نەیبستووە ئەو دوو منداڵە داربیە لە یەکتر تۆرابن، ئا لە کۆڵانێ بەو کوڕ و کچەیان دەگوت: ((منداڵەکانی داربی)) هەبوو دەیگوت:

ئەو دوو منداڵە دەڵێی لەو داربیە لە دایکبوون.

جارێك تەنها جارێك کچی داربی لە کوڕی داربی دڵی رەنجا، بەڵام جگە لە خۆیان کەس بەو دڵڕەنجانەی نەزانی، رەنگە دایکی کوڕەش شتێکی لێزانیبێ، کچی داربی لە رستەیەکی کوڕی داربی زویر بوو، گەمەی بەجێهێشت، کوڕی داریس سەد جار پتر چووە دەرگایان، کچی داربی یەك هەفتە نەهاتەوە بن داربیەکە، کە هاتەوەش پێیگوت جارێکیدی ئەو قسەیە نەکەیتەوە، کوڕی داربی دەڵێتە دایکی:

+ دایە بۆچی گوڵنار بە قسەیەك تووڕە دەبێ کە (کەر)ی تێدا بێ؟

- تۆ چیت گوت؟

+ تۆپانێمان دەکرد، گوڵنار تۆپێکی هاویشت بە سەری پیاوێك کەوت، پیاوە تۆپەکەی گرت و بە قەڵەمبڕ تەقاندی، منیش گوتم: ئەگەر لە کەر کەرتر نەبێ تۆپ دەدڕێنێ!

- ئۆی ئەو رۆژەی گوڵنار هاتە دنیا کەتۆ تەمەنت ساڵێك پتر، کەمتر دەبوو، بابی لە سەر قسەیەکی ئەوها کوژرا، دیارە دایکی بۆی گێڕاوەتەوە؟

+ ئۆی، چانەبوو من نەکوژرام.

- راوەستە، تۆ ناکوژرێی، ئەو رۆژەی گوڵنار هاتە دنیا، ساڵ ساڵی کەرگیران بوو، پۆلیس کەریان دەگرت و لە زیندانێیان دەکرد، بابی گوڵنار دەچێت بە دوای مامان، رێی بە جادەی زیندانی کەران دەکەوێ و لە بەر خۆیەوە دەڵێ:

ئەوەی لە کەر کەرتر نەبێ، چۆن کەر زیندانی..

قسەکەی تەواو ناکات، گوللەیەك بە سینگیەوە دەنێن وئیدی گوڵنار بێ باب لە دایك دەبێ..

+ کەریان لۆ دەگرت؟

- فیشەك و شەکریان بۆ بابت دەگواستەوە.

+ لۆ کێندەرێ؟

- لۆ ئەو چیایانە

+ بابم لەوێ یە؟

دایکی پەنجەی خۆی دەگەزێ، قسە دەباتە لایەکیدی، کوڕی داربی دادەمێنێ، چاو دادەخات و دەیکاتەوە، کوڕی داربی دەبینێ، لەو کەندەوە کە لە رۆژهەلاتەوە زستانان رووبارێکی دەڕژاندە شارەوە، کەندی تەنیشت ماڵی خۆیان نا، کەندە دوورەکە، دەبینێ شەش حەفت کەر لە تاریکایی ئێوارەدا کەند و کەند هەڵدەکشێن، سەرەو زوورگەکان، سەرەو چیا هەڵدەکشێن، هەستدەکات باری هەندێکیان قورسە، دەبێ فیشەك بێ، باری هەندێکیان سووکتر، دیارە شەکر و چاو ئارد و ئەو شتانەیە، لە خودا دەپاڕێتەوە، کەرەکان ماندوو نەبن، کەرەکان پەشیماننەبنەوە، کەرەکان نەگیرێن و بگەنە لای بابی، لە پڕ هاواردەکات، دەبینێ رەوەکەرێك لە ناو تەلبەندن، دایکی دەگاتە سەری:

چ بوو! کوڕم بۆ هاوارت کرد، ها، ئاو بخۆوە..

جامە ئاوەکە لە دایکی وەردەگرێ:

دایە، کەرەکان زیندانی کران.

لەو رۆژەوە کوڕی داربی کەری خۆشویست و رقیشی لێبۆوە، سوێندیشیخوارد لە کن کچی داربی وشەی (کەر)ی بە زاردا نەیە، منداڵانی داربی ناوە ناوە بە داربیەکە بەژنی خۆیان دەپێوا، کچی داربی لە تەنیشت بیەکە رێك لە بیەکە رێکتر رادەوەستا، کوڕی داربیش بە پارچە گەچێ بەرزییەکەی نیشاندەکرد، ئەوجا نۆرەی کوڕەیە راوەستێ، فێڵیشیان لە یەکتر نەدەکرد، نە پێڵاوەیان لە پێ بوو، نە پاژنەیان بڵند دەکرد، قەدی بیەکەشیان لە ئاستی تەوقی سەر نیشاندەکرد، بە موو بڵند و نەوی تێدا نەبوو،، ئەو هاوینەی وێنەی (کرێمستی لە کەلێنی پەنجەکانەوە) گیرا، بە پێوانەی داربی کوڕی داربی سێ پەنجە لە کچی داربی درێژتر بوو، بەڵام ئەو هاوینەی خۆیان بۆ چوونە قوتابخانە ئامادەدەکرد، داربیەکە جیاوازیی نیوانیانی تەنها پەنجەیەك نیشاندا، کوڕی داربی کەمێك نیگەران بوو بەو هەڵنەدانەی خۆی، بەڵام لە دڵی نەگرت و لە دڵی خۆی گوتی:

قەیناکە، خۆ هەڵنەدانم بەرانبەر خەڵکی نیە، بەرانبەر کچی داربیە.

منداڵانی داربی پێکەوە دەچنە قوتابخانە، کوڕی داربی بە چوونە قوتابخانە دڵی زۆر خۆشە، دەبوو دوو ساڵ پێشتر چووبا، ئاوزەکانی ئەو ئێستا خوێندەوارن گەیشتوونەتە پۆڵی سێیەم، کوڕی داربی لە بیریەتی، دایکی دەیگوت:

کوڕم، تەسکەرەت نیە، وەرتناگرن..

ئەو ساڵیش نەدەچووە قوتابخانە ئەگەر مام گەڕیدە بە کوڕی خۆی ناونووسی نەکردبا، کوڕی داربی لە بیریەتی کچی داربیش ساڵێك و شتێك درەنگتر چووە قوتابخانە، بەڵام دواکەوتنی وی پەیوەندی بە تەسکەرەوە نەبوو، لە بیری نیە هۆیەکە چی بوو، هەر لە خۆوە دەڵێ:

رەنگە لە سەر من راوەستابێت!

جانتا لە شان، شان بە شانی یەك دەچن و دێنەوە، قوتابخانەیان دیوار بە دیوارەوە نا، بەڵام لە ریزێکە و لێك نزیك، هەندێ کەرەت گوێیان لە زەنگی یەکتر دەبێ، قوتابخانەکان لەو سەر جادەیەن کە دەچێتەوە مزگەفتەکەی دەروێش برایم، دەروێش کچی داربی زۆر خۆشدەوێ، هەر جارێ تووشی دەبێ، توند لە باوەشی دەگرێ، ماچی دەکات و چوکلێتی دەداتێ، کچە چوکلێتەکە کەرت دەکات:

+ ئەو کەرتە بۆ تۆز.

- ناخۆم.

+ نەیخۆیت منیش نایخۆم.

دەروێش برادەری بابی کچی داربی بوو، بە دەستی خۆشی تەرمەکەی شووشتووە، جارێك، کچی داربی دەڵێتە دەروێش:

مام دەروێش، هاواریش ماچ بکە، برادەرمە.

لەو رۆژەوە دەروێش برایم هەردووکیان دەگرێتەوە باوەش و دوو پەنجە تووکنەکانیش دوو چوکلێت لە گیرفانی دەردەهێنن، جارێك سەربازێکیش دوو چوکلێتی بۆ راگرتن، بەڵام وەریان نەگرت، دایکی کوڕی داربی گوتبووی:

لە سەربازەکان و لە گوڵینگدارەکان نزیك نەبنەوە و شتیان لێ وەرنەگرن.

منداڵانی داربی لە قسەی دایك دەرنەدەچوون، تا بۆیان کرابا دوور لە سەربازەکان دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە ساکە گۆڕەکەی ئەو بەری کەندێ کە تا نزیك قوتابخانە و نزیك ماڵی گوڵینگداران درێژدەبۆوە، هەمووی سەرباز بوو، چادریان هەڵدابوو، لە منداڵانی گەڕەك تەنها گوڵێ لە سەربازەکان نەدەگەڕایەوە و بە قسەی کەسی نەدەکرد چۆنی ویستبا وای دەکرد، چی ویستبا دەیبرد، کوێی ویستبا دەچوو، رۆژانە دەچووە ناو سەربازەکان و کەرتکە سەموون و خواردنی دەهێناوە بۆ بزن و قازەکانیان، گوڵێ زۆر جار بە منداڵانی داربی دەگوت:

وەرن بچینە ناو سەربازان، مەترسن، چمان لێناکەن، ئەگەر قسەش بکەن من چەقۆم پێیە..

بە کوڕی داربی دەگوت:

تۆ دارلاستیکت هەیە، لە چی دەترسیت؟!

گوڵێ هەمیشە چەقۆیەکی لە بەڕکی کراسە درێژەکەی بوو، تاقە کچی گەڕەکیش بوو کە کراسەکەی گیرفانی هەبوو، ئەگەر دایکی کراسێکی بێ بەڕکی بۆ کڕیبا، لە بەری نەدەکرد، تا گیرفانێکی بۆ تێنەگرتبا..

سەربازەکان سبەینان بە (حای و حو) گەڕەك و شاریان بەئاگادەهێنا، منداڵانی داربی شین و واوەیلا و لە خۆدانی ئەو سەربازانەیان دیوە، دەترسان، زۆر دەترسان،کوڕی داربی جارێك گوێی لە مام گەڕیدە بوو دەیگوت:

((بۆ حوسێن دەگرین و حوسێنەکانی ئێمەش راودەنێن و دەکوژن))

کوڕی داربی لە (حوسێنەکانی ئێمە) تێنەگەیشت، دەبێ یەك لە حوسێنەکان بابی وی نەبێ! شەرمیکرد لێی بپرسێ..

سەربازەکان بە زنجیر لە خۆیان دەدا و هاواری سەرباز دەگەیشتە گەرماوی ماڵی کوڕی داربی و گڕەی پەلەمێزی دەبڕی، کوڕی داربی دەیگوتە کچی داربی:

گریانی سەربازەکان لە دەنگی پەلەمێز گەورەترە لە ناو گەرماو گوێم لە شین و رۆڕۆیان بوو.

کچی داربی دەڵێ:

ئەوانە کێیان مردووە، وا شین دەگێڕن

کوڕی داربی دەڵێ:

حوسێن مردووە

کچی داربی دەڵێ:

حوسێن! ئەها ئەو حوسێنە نەبێ، ئەوەی: (حەسەن و حوسێن کوژرانە لە کەندەکی فڕێدرانە)

کوڕی داربی:

وا بزانم

منداڵانی داربی هەر لە سەرباز نا لە منداڵی گەڕەکی گوڵینگدارانیش دەترسان، ئەوانەی پیاو و کوڕەکانیان کلاۆی گوڵینگداریان لە سەر بوو، گوڵینگ بە سەر گوێیاندا شۆڕببۆوە، منداڵانی گوڵینگدار ناوە ناوە بە بەردەقانی پەلاماری گەڕەکی داربیان دەدا، جارێك بەردێك کە دوای چەند جار بە عەرد کەوتن و هەڵبەز و دابەز بە سەری کوڕی داربی کەوت و خوێن هات، هەر ئەو بەردە بە گۆزینگی یوسفیش کەوت و زیڕەی گەیاندە ئاسمان، یوسف ماڵیان لە خوارەوەی بیرەکە لە کۆڵانی (مۆسکۆ) بوو، لەگەڵ کوڕی داربی هاوپۆل بوون، کچی داربی بە دەستە نەرمەکانی خۆی دەستەسڕەکەی خۆی لە سەر برینەکەی کوڕی داربی دانا و دەیگوت:

خەمت نەبێ، تۆڵەی تۆ لەو سەگبابە دەکەمەوە، دەیناسمەوە، بەردەقانی رەشەکە بوو، زرتە زەلامە چڵمنە پیسەکە، ناوی حەسۆیە.

گوڵێ بە سەرداهات، گوتی:

بڵێ کێ سەری شکاندوویت؟ ئەگەر میری گوڵینگدارانیش بێت، چەقۆیەکی لێدەم..

گوڵێ ئازا بوو، هەرچی ویستبای لە دەستی دەهات، تاقە چەقۆکێشی گەڕەك بوو، لە هەندێ جێ گەڕەك بە گوڵێ دەناسرایەوە، دەیانگوت گەڕەکی کچە چەقۆکێشەکە، تاقە گەڕەك بوو لە شار کە چەقۆکێشی کوڕی تێدا نەبێت، گوڵێ و بەس..

بەڵام پێیاننەگوت، سەر شکانەکەیان شاردەوە و نەیانهێشت ماڵێ بزانێ..

منداڵانی داربی تا فێرە خوێندەواریش بوون، ڕۆژی جارێك زۆرانێیان دەکرد، سەرەتا بە زۆری بای کوڕی داربی بوو، دواتر بای کچی داربی، کەم منداڵ هەبوو لە زۆرانێ لێکدی تووڕە نەبن، منداڵی بنکەوتوو، ڕقێکی لە دڵ هەر هەڵدەگرت، بەڵام منداڵانی داربی لەوەدا منداڵ نەبوون، بەر لەوەی واز لە زۆرانێ بێنن، شلوکوت دەبوون، بەڵام کەس پشتی بە عەرد نەدەکەوت، بۆوەی گەمە کۆتایی بێ، هەر جارەی یەکیان دەیگوت:

دەی بردتەوە، من وا کەوتمە بنەوە.

بە قسەی شەلە وازیان لە زۆرانێ هێنا، بەڵام حەزی زۆرانێ، هەرما، زۆر کەڕەت بە نیازی زۆرانێ باوەشیان دەکردەوە، ساردەبوونەوە، قسەی شەلەی شامینۆکفرۆشیان بیردەکەوتەوە:

نەکەن، نابێ کچ و کوڕ زۆرانێ بکەن..

چ تێنەگەیشتن بۆچی نابێ کوڕ و کچ زۆرانێ بکەن، لەگەڵ ئەوەش وازیان هێنا..

سبەینانێك لە ڕێی قوتابخانە، شامینۆکفرۆش بە تەوسەوە دەڵێتە منداڵانی داربی:

ئێوە چەند لە یەك دێن! یەکتان دەڵێی شامینۆك و یەکتان لۆبیا.

سەرەتا لە شامینۆك و لۆبیا تێنەگەیشتن، کچی داربی نازانم، بەڵام کوڕی داربی ئەورۆژە چ ئاگای لە وانە نەبوو، هەر بیری لەو قسەیە دەکردەوە، لە پڕ کوڕی داربی هەستیکرد پرسیاری لێکراوە، بەڵام تێنەگەیشت چ پرسیارێکە و لە لایەن کێ، بێدەنگ بوو، پرسیارەکە دووبارە بۆوە، هێشتا بە شوێنی خۆی نەکەوتەوە، نەیزانی لە کوێیە و پرسیار چیە، دەبوو شتێك بڵێ، کەوتە بارێکەوە ئەگەر شتێك نەڵێ، تووشی کێشەیەك دەبێ، بۆ دەرچوون لەو کێشەیە تەنها وەڵامە، کوڕ چەندی سەری هێناو برد جگە لە دوو وشە، وشەیەکیدی نەدیتەوە، کوڕ وشەی پێنەما، لە دنیا وشە نەما، هەیە و نیە هەر ئەو دوو وشەیەیە کە لە سەر زاریەتی و لە سەر فڕینن،

هەستیکرد قوتابیەکەی تەنیشتی دەیەوێ یارمەتی بدات، بەڵام پێڕانەگەیشت، ئیدی چار نیە وشەکانی فڕاند:

شامینۆك و لۆبیا.

پۆلێك پێکەنین و زللەیەك کوڕی داربی هێنایەوە ناو پۆل، زللەکە توند بوو، بن گوێی قاوەیی هەڵگەڕاند، بەڵام سەیربوو، هاوار هاواری لێهەڵنەستا، نەشگریا، سەری خۆی داخست، بە خەیاڵ سەری خستە ناو مەنجەڵی شامینۆك و لۆبیاوە تا زەنگ لێدرا کەسی نەدیت، کوڕی داربی لەگەڵ زەنگ، لە ناو مەنجەڵی خەیاڵیی شامینۆك و لۆبیاوە لە مەبەستی شەلە تێگەیشت کە کچی داربی شامینۆکی سپیە و خۆیشی لۆبیای رەشهەڵگەڕاو، کوڕی داربی پەست پەست، کڕ کڕ، تا گەیشتنەوە ماڵ کچی داربی وەك خولخولۆکە لە دەوری دەسووڕا، لە پێشی رادەوەستا، رێی لێدەگرت، جانتاکەی رادەکێشا، کوڕی داربی زللەی مامۆستای بۆ کچی داربی نەگێڕایەوە..

هاوار هاواری دنیا لە هەناوی پەنگیخواردۆتەوە، کچی داربی رەنگە هەر لە دەرگاوە جانتاکەی تێهەڵدابێ، پێناچێ تیکە نانێکی خواردبێ، هاتە ماڵی کوڕی داربی، کوڕی داربی لە کن دایکی بەسەر خۆی ناهێنێ، باران نم نم دەباری، داربیەکە کەسکدەچێتەوە، بەڵام زۆر پڕ نیە، منداڵانی داربی لە بن داربیەکە، دڵۆپە باران دەگرنەوە، کچی داربی زۆر لەکوڕی داربی دەکات، کوڕی داربی پشت لە کچی داربی دەکات و بە شەرمەوە سەرهاتی زللەی بۆ دەگێڕێتەوە، کچی داربی بە بازێ دێتە پێش کوڕی داربی و تەماشای روومەتی دەکات:

سەگباب مامۆستا..

هەزار جوێن بۆ مامۆستای زللە دەنێرێ، لە گەمەی بن داربی کوڕی داربی هەندێ هێوربۆوە، بە رۆیشتنی کچی داربی هێوریش رۆیی، شەو درەنگە، هاوار لەبەر هاواری هەناوی خەوی لێناکەوێ، دایکی دەزانێ شتێك بووە، بەڵام هاوار چ نالێ،

کوڕی داربی بیر لە بابی دەکاتەوە، ئەگەر لێرەبا، زللەکەی بۆ دەگێڕایەوە، تا تۆڵەی بکاتەوە مام گەڕیدەش پیرە و توانای تۆڵەکردنەوەی نیە، شەو درەنگە لە دەرگا دەدرێ، مام گەڕیدە هاوار دەکات: ((کچم دەرگایە)) پیاوێك سەرەتا ئامێز بە مام گەڕیدەدا دەکات، دێتە ژوورێ کوڕی داربی تەنها لە وێنە دیتوویەتی، پیاوێکی کەڵەگەتی رەشتاڵەی چاو و برۆ رەش، بەر لەوەی دایکی پێیبناسێنێ، دەیناسێتەوە:

+ تۆ بابەی؟

- من بابەم

+ سبەی تا لە قوتابخانە دێمەوە، نارۆی؟

- ئیدی بەجێتانناهێڵم و هەموو شەوێ لە ماڵێم

کوڕی داربی چەند رستەیەکی لە گفتوگۆی ئەو شەوەی مام گەڕیدە و بابی تا ئێستاش لە گوێیە، رستەیەك ئەودەم شتێکی وای تێنەگەیشت، مام گەڕیدە:

لە رادیۆ بیستم تورك لەو رێککەوتنە نیگەرانە، من بە نیگەرانی تورك خۆشحاڵم..

باب:

یاخوا دوژمنت هەمیشە نیگەران بن..

کوڕی داربی لە باوەشی باوکی زللەی لەبیردەچێتەوە، دەچێتە خەوێکی قووڵەوە، سبەینێ زووتر لە رۆژان دەچێتە دووی کچی داربی تا هەواڵی هاتنەوەی بابی پێڕابگەیەنێ، بەلاّم لە سەر دەرگا، هێشتا دەنگی لێوەنەهێناوە، شتێکی بیردەکەوێتەوە، پەشیماندەبێتەوە لە گوتنی هەواڵی بابی، دڵخۆش دڵخۆش دەچنە قوتابخانە، هەر کوڕی داربی نا، چەند منداڵێکیدیش دوێنێ بابیان هاتبۆوە، دوێنێ رۆژی هاتنەوەی بابەکان بوو، مامۆستای زللە گوتی:

کورد مافی وەرگرت، پێشمەرگە دێنەوە ماڵی خۆیان، شەڕ نەما.

قوتابییەك كە لە پشت كوڕی داربی دادەنیشت، دەستی هەڵبڕی:

مامۆستا ئەتوش بە دار و زللە لێمان نادەی؟

مامۆستای زللە، هەتا زللە هەبوو لە بن گوێی دا، منداڵ لە هاڕژنی دا، روومەتی سوور سوور وەك گولاڵە سوورهەڵگەڕا، قوتابییەك لەو سەرەوە لە تەنیشت یوسفەوە كە لە هەموویان باخۆشتر بوو، بە چرپە، بەلاّم مامۆستا گوێی سووكە:

شەڕ ماوە..

مامۆستای زللە منداڵەی بانگكردە پێش تەختەرەشەكە، یازدە راستەی لە سەر تی لە دەستی دا و گوتی:

یازدەی ئازار بۆ پێشمەرگە، یازدە راستەش بۆ تۆ، كەرباب.

منداڵانی داربی سەیوانیان هەڵداوە و بە بن باراندا بەرەو ماڵ دێنەوە،كچی داربی هەستدەكات، دوو سەیوان لێكیان دووردەخاتەوە:

+سەیوانەكەی خۆت هەڵگرە وەرە بن هی من.

- نا، گوڵنار، تۆ وەرە بن سەیوانی من.

بە قسەی دەكات، لە بن سەیوانێك ورد ورد بەرێوەن و بارانیش لە پشتێن بۆ خوارەوە تەڕیان دەكات،كچی داربی دەڵێ:

+ئەوڕۆ ئێمە گۆرانی (ئەی رەقیب)مان گوت.

- ئێمەش گوتمان.

تا ئەو رۆژە منداڵانی داربی لە قوتابخانە گوێیان لە (ئەی رەقیب) نەببوو، كچ دەڵێ:

+ لە پۆلی ئێمە چوار كچ دوێنێ بابیان هاتبۆوە.

- لە پۆلی ئێمەش.

+ ئەگەر ئێمەش بابمان بمایە، دوێنێ دەهاتنەوە.

کوڕی داربی هاتە سەر زاری بڵێ بابی من نەمردووە و ئێستا لە ماڵە، گێڕایەوە، لە پڕ لە پڕمەی گریانی دا، کچی داربی سەیوانەکەی لە دەست وەردەگرێ و دەڵێ:

+ نەمزانی، مەگری، ئێ خۆ منیش بابم نیە و ناشگریم.

- بۆ خۆم نا، بۆ تۆ دەگریم.

+ بۆ من مەگری، من گریانم ناوێ.

کوڕی داربی بە کوڵتر گریا، لە کچی داربی دوورکەوتەوە، باران و فرمێسك لە سەر رووی کوڕی داربی تێکەڵ بوون، کچی داربی خۆی پێڕانەگیرا، فرمێسکی خوڕ خوڕ تێکەڵی باران بوو، منداڵانی داربی لەگەڵ بارانێ دەگرین، لە پێش دەرگا فرمێسك وشکدەبێتەوە...

کوڕی داربی لە سەر دەرگاوە ژنێك دەبینێ، بە شێوەیەك رازاوەتەوە، بووکی بەو رازاوەییە نەدیتووە، تا ورد لێی وردنەبۆوە نەیناسیەوە، دایکی دەڵێی لە بەرگی فریشتەیە، دایکی جاحێلتر بۆتەوە، دەڵێی لە تەمەنی خانزادە، کوڕی داربی هەستدەکات، دایکی لە هەموو دایکان کەمتەمەنترە، لە جوانیش چ کچ و ژنێك شان لە شانی نادەن، پێش پەیدابوونەوەی باب، دایك جلکی جوانی لەبەر نەدەکرد، کوڕی داربی لەبەر خۆیەوە دەیگوت، خۆزگە بابم زووتر دەهاتەوە..

کچی داربی دوا پاروی هێشتا لە زاریە، بە جلکی قوتابخانەوە، دێتەوە بن داربیەکە، چۆلە، سەر بە حەوشەدا دەگرێ، کوربپی دار رانە مریشکێکی بە دەستەوە، دەیداتە کچی داربی، هەتا وەریگرت ماندووبوو،کچی داربی لە پەنجەرەوە پیاوێك دەبینێ، دەپرسێ:

+ ئەو پیاوە کێیە لە ماڵتان؟

- دایکم دەڵێ دەیکەمە باوکت.

دیارە ئەو رستەیە وا بە ئاسانی بە مێشکی کوڕی داربیدا نەهات، تا رێکیخست و بڕیاری گوتنی دا زۆری ویست، باش بوو کچی داربی پێش بیستنی، گۆشتەکەی خواردبوو، دەنا دوور نەبوو لە دەستی بەربێتەوە، داما، زۆر داما، کوڕی داربی هێندەی نەمابوو باوەشی پێدا بکات، کچی داربی هەلاّت، کوڕی داربی کەوتە دوای، پێینەگیرا، گەڕایەوە، شەرمیدەکرد بچێتە ماڵان، رەنگە سێ جار نەچووبێتە ماڵی کچی داربی، هەر لە سەر دەرگاوە بانگیدەکرد، رۆژی دوایی لە سەر سەکۆی بن داربیەکە:

((+ منیش گوتمە دایکم بابم دەوێ.

- بابی چی؟

+ هاوار بابی پەیداکرد.

- ئەوها نیە، کچم))

کچی داربی دەڵێتە کوڕی داربی:

((ئەوها نیە کچم)) چیە؟ تێنەگەیشتم.

کوڕی داربی بە دڵتەنگیەوە:

نازانم، لە دایکت بپرسە..

چەند رۆژێك دوای هاتنەوەی باب کەند هەستا، کوڕی داربی دەستی بە پاڕانەوەکانی کرد، هەرچەند وەك پێشان نەترسا، دیتی بابی پێمەڕەی هەڵگرت و پەڕیەوە، لەو بەرەوە رۆخاو رۆخی کەند کەوتە هەڵکەندنی عەردەکە، دوو سێ پیاویش چوونە یارمەتی، کوڕی داربی چەندی سەر دێنێ و دەبات لە کاری بابی تێناگات، لە بابی پرسی، بەلاّم لەبەر دەنگی رووبار و باران دەنگی لە رووبارەکە نەپەڕیەوە و نەگەیشت، لە دایکی پرسی، دایك گوتی:

بابت کەندەکە دووردەخاتەوە..

کوڕ ئاسوودە بوو یەکێك لە پاڕانەوەکانی گەیشتووە، باب دوو سێ پیاو، دوو سێ ڕۆژ درێژەیان بە پێمەڕەکاری دا، ئیدی لافاو دوورکەوتەوە، چیدی ئاو نەگەیشتە سەر سەکۆی بن داربیەکە..

دەمەو ئێوارەیە، ئەگەر لە سەر بانەوە تەماشابکەیت، رەنگە تازە ڕۆژ گەیشتبێتە سەر منارەی چۆلی، هێشتا بە قەدیدا دانەبەزیوە، لەو بەری کەندەکە، لە گۆڕاییەکە، جێی تۆپانێ، ئاگرێگ کراوەتەوە، گەڕەك ئاگری وای بە خۆوە نەدیوە، سالاٚنی پێشتریش ئاگر دەکرایەوە، بەلاٚم ئاگری ئەو ئێوارەیە جیایە، لە چاوی منداڵانی داربیەوە بڵێسەی لە دارتێڵەکە بڵندترە، دووکەڵیش گەیشتۆتە ئاقاری ئەستێرە، بە دیار ئاگر و دووکەڵەوە، چاو لە ئاسمان:

+ ئەوشەو ئەستێرە هەڵنایە

- لەبەر چی؟

+ لە ترسی دووکەڵ.

- ئەستێرە بە دووکەڵ کوێر دەبێ!

وردو درشتی گەڕەك بە دەوری ئاگرەوە، لە هەموو لایەکیشەوە(ئەمرۆژی سالٚی تازەیە)ی حەسەن زیرەك دەبیسترێ و دەگوترێتەوە، منداڵان بە دەوری ئاگردا دەخولێنەوە، لە خولانەوەی دەوری ئاگریش منداڵانی داربی بە تەنیشت یەکەوەن و لە هەر خولانەوەیەکیش دەستێك لە پشتێنی بابی کوڕی داربی دەدەن، بەبیری دێننەوە:

+ سبەی زوو دەمانبەیتە نەورۆز!

- زوو زوو دەچین.

باوکانە دەست بە سەرهەردووکیاندا دێنێ، ئەو پیاوە لە ناو پیاوان دەڵێی دارتێلە راوەستاوە، لە تەنیشت بابیەوە کە خۆی بە سەر گۆچاندا داوەو چاوی زیتی لە ئاگر بڕیوە، جگەرە بە لا لێویەوە، دەمانچە بە نێکیەوە، تیلاك خوار، پۆشتە، ئەو پیاوە

لە گەڕەك لە مێژبوو، هێشتا هەر لە چیا بوو بە تۆڵەستێن ناوی رۆیشتبوو، کوڕی داربیش بیستبووی،بەلاّم تا نەهاتەوە نەیزانی تۆڵەستێن باوکیەتی، کوڕی داربی دەیبیستەوە، لە منداڵانی گەڕەك سەرهاتی تۆڵستێنی دەبیستەوە، بەلاّم تا کچی داربی لە رێی قوتابخانە تۆڵەستێنی نەهێنایە ناو قسانەوە، کوڕی داربی لێی نەبووە مەراق، ئەو رۆژی ئاگرکردنەوەکە یەخەی دایکی گرت، بابی بۆی نەدەگێڕایەوە، بۆ کەسی نەدەگێڕایەوە،داوایلێکرد کە بە وردی بۆی بگێڕێتەوە و لێی پرسی:

+ دایە، ئەوەی خەڵك دەیڵێ راستە؟

- راستە زۆری راستە، تۆ گچکە بووی، جاشێکی گەورە هەبوو، چ جاش، جەرگی چەندان ژنی سوتاندبوو، چەندان ژنی بێوەژن ئێخستیوو، چەندان منداڵی بێ باب کردبوو..

+ ئێ، دەزانم جاش چیە.

- چیە؟

+ جلك و چەکیان وەکو هی بابمە، بەلاّم دوژمنی بابم بوون، پێشان لە سەر جادە دەمدیتن، ئێستا بزرن

- ئا، رۆژێك پێشمەرگە لە قەراخ شار رێی لێدەگرن چەند جاشێکی لێدەکوژن، بەلاّم خۆی بەر ناکەوێ و دەردەچێ..

+ بابم لەگەڵ پێشمەرگەکان دەبێ؟

- نا، قسەم پێمەبڕە.

کوڕی داربی دەستی لە سەر زاری خۆی نا، دایکی پێکەنی و دەستیپێکردەوە:

جاشەکە شێت و هار دەبێت، سبەینێ لە ماڵ دێتە دەرێ، سوێند دەخوا هەر کەسێك رانکوچۆخەی لە بەر بێ، جگە لە جاش، بیکوژێ، لەبن ئەو پردەوە دەستپێدەکات کە گامێشەکە بۆت هات و زیڕاندت، تا دەگاتە سەر ئەو پردە

گچـکەکەی شووشـە لـە پێـت راچـوو و خـوێن نەدەوەسـتا، حەڤـدە گـەنج لـە خـوێن دەگەوزێنێت، شەش رۆژ گەڕەکی نێوان دوو پرد شـینیان گێـڕا، شـار رەشـی پۆشـی، رۆژی حەفتەم بابت تۆڵەی گەڕەك و شاری ستاند، جاشەکەی لە خوێن گەوزاند))

ئیدی کوڕی داربی لە خۆشیدا، لە سەر زەوی جێینەدەبۆوە، دەیویست بفرێ و لـە ئاسمانەوە هاواربکات:

من کوڕی تۆڵەستێنم..

دەیویست بە مامۆستای زللەش بڵێ:

بابم تۆڵەستێنە!

بەلاّم بابی زوو، ئامۆژگاری کردکە لە هیچ جێیەك، لە کن کەس نەڵێی تۆڵەسـتێن بابی منە و خۆت بە من هەڵمەکێشە، ئەگەر منـدالاّنیش باسـیان کـرد، تـۆ گوێیـان لێڕامەگرە، کوڕی داربی نەیزانی مەبەستی بابی لەمە چیە، بەلاّم بە قسەیکرد..

رۆژ لـە سـەر ئاوابوونـە، ئـاوابوو، لـەو لا و لـەو لا بـووە تەقـە، هێشـتا تاریـك دانەهاتووە، ئاگر جوانتر بڵێسە دەدا تەقە پتر بوو، ئاسمان پڕبوو لە گڕدار، تۆڵەسـتێن دەڵێ:

با بچینەوە ماڵێ.

دەستی لە دەستی باب، کچەش دەسـتی لـە دەسـتی بـابی وی، پەنجـەکانی کـوڕی داربی نەرم دەگوشێ، رەنگـە پەنجـەکانی کچـی داربیـیش بگوشـێ، چ ئارامبەخشـیە دەست لە دەستی باب، لەو ساتە ئارامبەخشیە، کوڕی داربـی هەسـتدەکات، دەسـتی بابی شل دەبێت، ئای! بابی دەکەوێت، بە هێواشی پشتاو پشت دەکەوێت، خـوێن بـە سینگیەوە، گوێی لە باببەتی:

ئای لە تەقەی خۆشی!

کوڕی داربی خوێن دەبینێ، هێندە و تەواو..

رۆژ بۆتەوە، کوڕی داربی چاوهەڵدەگلۆڤێ خـوێن لـە سـەر سـینگی بـابی دەبـینێ، هاوار دەکات:

+ بابە، بابم، لە کوێیە؟

- مەترسە، لە خەستەخانەیە، دێتەوە.

دایکـی بـە خۆیـەوە دەگوشـێ و سـوێندی بـۆ دەخـوات کـە بـاوکی نـامرێ و چاکدەبێتەوە، بەلاّم کوڕ بـاوەڕ بـە دایکـی ناکـات، لـە بـارەی بابیـەوە درۆی زۆر لـە دایکی دیوە، پێش هاتنەوە، بۆ پرسیاری((دایە بابم لەکوێیە؟)) هەر جارەی جێیـەکی دەگوت، ((کەی دێتەوە؟)) ئەو جێژنە نا، جێژنەیەکیدی، زۆر جێژنە هاتن و چـوون، باب نەهاتەوە، کوڕی داربی دوا درۆی دایکی لە بیرە:

+ بابت چۆتە حەجێ

- لەگەڵ حاجیەکان دێتەوە؟

- نا، درەنگتر دێتەوە، بابت حەزی لێیە زۆر لە حەجێ بمێنێتەوە.

کوڕی داربی لە بیریەتی، دایکی درۆی بۆ دەکرد و درۆی پێدەکەرد، دەیگوت:

کوڕم لە کن کەس نەڵێی باوکم لە حەجێیە، بڵێ لەمێژە مردووە.

کوڕی داربی جارێك پرسیاری بابی لە مام گەڕیدەی باپیریشی کرد، ئـەویش هـەر بە مام گەڕیدە بانگیدەکرد، لە گەڕەکێ، لە شار ورد و درشت، یـار و نـەیار، خـزم و بێگانە بە باپیری کوڕی داربیـان دەگـوت مـام گەڕیـدە، کـەم کەسـیش دەیزانـی ئـەو (گەڕیدە)یە کەی و چۆن بەو پیاوە بە تەمەنەوە نووساوە:

مام گەڕیدە، بابم دێتەوە؟

مام گەڕیدە:

بابت رۆژێك دێ، پەیدابێتەوە، بەلاّم نازانم کەی.

مام گەڕیدە درۆی لەگەڵ نەکردبوو، چووە لای، لێپرسیەوە، گوتی:

دڵنیابە، بابت چاکدەبێتەوە.

بەڵام کوڕی داربی دڵنیا نەبوو، دوو رۆژ دواتر چووە خەستەخانە، بابی لە سەر پشت راکشابوو، کەوتنی کن ئاگرەکەی بیرکەوتەوە، قسەی لەگەڵ بابی کرد، بەڵام هێشتا لە قسەی دایکی دڵنیا نەبوو، پێیوابوو لەوەش درۆدەکات و بابی چاکنابێتەوە، بە بابی گۆت:

+بابە، دایکم درۆناکات؟

- درۆی چی؟

+ دەڵێ تۆ چاکدەبیتەوە.

- نا، دایکت لە بارەی منەوە زۆر درۆی بۆت کردووە، بەڵام لەوەیان راستدەکات، من نامرم.

ئەو نەورۆزە گەڕەك هەمووی لە رێی خەستەخانە بوو، کەس نەچووە نەورۆز، ماڵێك لەو سەر نەبێ، کە پیاوەکە ناوی بەهرام هەمەدانی بوو، گەڕەکی تۆڵەستێن هەمووی حەفتا ماڵێکە، لەگەڵ دوو حەساری گەورەی بەرانبەر یەکتر، ماڵەکانیش پەرتن کەمیان بانیان بە سەر یەکەوەیە، بەڵام هەموویان سەردانی یەکتر دەکەن، کچی داربی دەڵێتە کوڕی داربی:

+ بابت چاکدەبێتەوە خەم مەخۆ.

- ئا، چاکدەبێتەوە.

+ کە هاتەوە منیش دەبمە کچی وی، بابیدیم ناوێ.

- چەند خۆشە.

تا تۆڵەستێن لە خەستەخانە نەهاتەوە، کوڕی داربی باوەڕی نەبوو چاکبێتەوە، وا چووبووە مێشکیەوە کە خەستەخانە جێی مردنە، زۆری بیستبوو کە فلان کەس لە خەستەخانە گیانی سپارد، ئەو رۆژەی تۆڵەستێن گەیشتەوە ماڵ، ئیدی کوڕی داربی

نەك هەر لە درۆكانی دایكی خۆش بوو، بگرە گەیشتە ئـەو بـاوەڕەی دایكـی هـەرگیز درۆی نـەكردووە، بابیشـی بـە راسـتگۆیی ناسـی، بـەلاّم لـە هـەمووی پـتر بـە راستگۆییەكەی كچی داربی سەرسام بوو، پێیگوت:

+ چۆنت زانی بابم چاكدەبێتەوە؟

- خەونم دیت، لە خەونێ ئەتو گۆتت بابم نامرێ.

منداڵانی داربی لە دوای پەیدابوونەوەی تۆڵەستێن، هەسـتیان بـە زۆر گۆڕانكـاری كرد كە بە سەر قوتابخانـە و گـەڕەك و دەوروبـەر و سـروود و گۆرانیـدا هـات، پێشـتر سروودەكان قاچاخ بوون، تەنها لـە رادیۆكـەی مـام گەڕیـدەوە بـە خشـەخش و هـانی هانیەوە دەبیستران، بە دەنگی نزم و نەدەبوو بگەنە دەرێ، دایك دەیگوتە كوڕ:

((لە كن كەس نەڵێی گوێ لەو گۆرانیانە دەگرین))

ئێستا ئەوە (پێشمەرگە)دەستی (شەهیدان)ی گرتووە و بە (ئەی رەقیـب)ەوە بـە گۆڕەپـانی قوتابخانـە و نـاو پـۆل و كـۆڵان و جـادە وەربوونـە و ورد و درشـت دەیانڵێنەوە،دوای پەیدابوونەوەی تۆڵەستێن سروودی نوێ پەیدا بوو، گـۆرانیی تـازە، چەند خانوویكیـدی لـە گـەڕەك قیتبـۆوە و مـاڵی تـازە هـاتن، منـداڵ زیـادی كـرد، گوڵینگدارەكان كەس نەیزانی ئاسمان هەڵیكێشان، زەوی قووتیدان، كتوپڕ نـەمان، لـە رێیێ كە لە ماڵێوە دەچیە قوتابخانە، بە لای چەپدا یـەك پارچـە كەسـكاییە، گـەنم و جۆیە و بەژنیان كردووە، كچی داربی كە دەڵێی بڕكە جۆیە راوەستایە،دەڵێ:

گوڵینگدارەكان لە پڕ بزربوون، تۆڵەم لە چڵمنەكە نەكردەوە.

كوری داربی بە بڕكە گەنم دەچێ، دەڵێ:

لێیگەڕێ، لۆ خۆمی لێگەڕێ، هەر دەیبینمەوە..

كچی داربی دەڵێ:

حەزمدەكرد من تۆڵە بكەمەوە..

کوڕی داربی دەڵێ:

بابم بە دەمانچە تۆڵەی کردەوە، من بە دارلاستیك دەیکەمەوە.

کوڕی داربی بە دارلاستیك خۆی بادەدات، وا دەبینێ کە دارلاستیك چەکێکی باشە بۆ خۆپاراستن و تۆڵە، ئەو رۆژەی مام گەڕیدە رێیدا دارلاستێکی هەبێ خەنی بوو، گوتی:

مەرجەکەت لە سەر چاوم..

مام گەڕیدە بەو مەرجە مۆلەتی هەڵگرتنی دایە کوڕی داربی کە بە گاڵتەش رووی دارلاستیکی نەکاتە داربی و یەك بەرد چیە نەیگرێتە باڵندە، مام گەڕیدە دەڵێتە کوڕی داربی:

ئەو داربیە پیرۆزە، بابت بە دەستی خۆی چاندی، دایکت ئاویدا، من دەیپارێزم لە بەردی منداڵە ورتکە، تۆش لە سێبەرەکەی گەمەدەکەیت..

مام گەڕیدە ئێشکگری داربیە، بۆیە باڵندەکان بێ ترس لە سەری دەنیشنەوە و بە ئاسوودەیی دەخوێنن، باڵندەکانی ناو داربی لە تەقەی سەربازەکانیش ناترسن، تا داربی مابێ لە خوێندن ناکەون..

بابیش کە بیستی کوڕی داربی بە مۆلەتی مام گەڕیدە دارلاستیکی هەڵگرتووە و مەرجەکەشی نەشکاندووە، رێی لێنەگرت، تەماشای دەست و دارلاستیکیشی دەکرد کە زۆر جار دارتێلەکەی ئەو بەری کەندێی دەکردە نیشانە و کەم جار هەبووە زرینگەی لێوە نەهێنێ، بابی تا دارلاستیکی لێوەرنەگرت و سێرەی لە دارتێل نەگرت، نەیزانی کوڕەکەی یەکێکە لەو نیشانشکێنانەی نە منداڵ و نە گەورە بای نابەن، باب دە بەردی دەهاویشتە دارتێل ئەگەر بەردێکی پێکەوتبا، بەلاّم کوڕی داربی لە دە بەرد نۆیانی مسۆگەر بوو، کوڕ دەڵێتە باب:

ئەوجا دارتێل چیە! راوەستە لە تێلەکەی بدەم..

دارتێلەکە دوا دارتێل لە سەری رۆژهەلاتەوە، تێلێکی باریك لە سەری دارتێلەوە بە لاری هاتبووە ناو عەرد، کوڕی داربی دارلاستیکی هاویشتێ، دەنگی نەهات بەلاّم بەرد هەلقۆزیەوە، باب کوڕی گرتە باوەش و ماچبارانی کرد، کوڕ دەلێتە باب:

ئەگەر بەردێك لەو تەلەی سەر سەرەوە بدەم، لە کاتی گەڕانەوە نابێتە کارەبا؟

باب دەلێ:

نا، لێیدە..

چوونە بن تێلەکان، هاویشتی، بەرد رۆیشت، رێك بە تەلی سەرەوە کەوت و لە تەنیشت خۆیان کەوتەوە..

مام گەڕیدە دەلێ:

بڕنۆی بدەیتێ، دەرزی هەلدەگرێ..

رۆژێك لەو بەری کەندێ پیاو نیشانەیان دانایەوە، منداڵی گەڕەك لە پشتیان راوەستابوون، کچی داربییش لەوێ بوو،بە زۆر تۆڵەستێنیان برد، ئەو پیاوە دەیگوت:

من باوەڕم نە بە تەقەی خۆشیە، نە بە نشانەدانانەوە.

ئەو رۆژە نیشانە جگەرە بوو، هەموو هاویشتیانێ، جگەرە بەلاّی نەگەیشتێ، تۆڵەستێن نیشانەی لێگرت، هەلاّهەلاّی کرد، بووە چەپلە و فیکەکێشان، دەنگی کوڕی داربی لە ناویان دیارە(بژی بابە، بژی بابە)، کوڕی داربی دەلێ:

منیش تێیدەگرم..

پیاوێك دەلێ:

دانیشە بەرخم، تۆ چوزانی تەقە بکەیت.

باب دەلێ:

چەکی وی دارلاستیکە

پیاوەکە دەلێ:

ئافەرین، ئەگەر لێتدا، نیو دینارت دەدەمێ.

باب جگەرەیەکی بۆی دانایەوە،کوڕ بەردێکی رەشی خری لە گیرفانی دەرهێنا، سێرەی لێگرت، تۆزی لێهەستان، تەماشادەکەن جگەرە هەلاّ هەلاّ بووە، منداڵان کردیانە چەپڵە لێدان و درووشم هەڵدان: (بژی هاواری کوڕی تۆڵەستێن)، منداڵان هەموو کڕببوونەوە هێشتا(بژی)ی کچی داربی دەهات، پیاوەکان دەڵێنە تۆڵەستێن:

وەلاّ ئەگەر کوڕەکەت بتگاتێ..

کوڕی داربی زۆر دڵخۆش بوو، پیاوەکە دەستی لە بەڕکی راکرد، نیو دیناری دەرهێنا، چەندی کردی کوڕی داربی وەرینەگرت، بابیشی و کچی داربیش پێیان خۆش بوو کە وەرینەگرت..

سەربازەکان چادریان دەپێچایەوە و لە زیلیان باردەکرد، کوڕی داربی بە بارکردنی سەربازەکان خەنی بوو، ئاخر رێی تاقە دارخورماکەیان گرتبوو، کێ دەیوێرا لێی نزیك بێتەوە، رووی گوللەکان لەو بوون، هەر کاتێ لە ناو سەربازەکانەوە دەنگی تەقەیەك هاتبا، مام گەڕیدە دەیگوت:

((ئەو ترسنۆکانە دیسان دارخورمایان کردە نیشانە))

دارخورمایەك لە سەر بانی ماڵی کوڕەوە جوان دیار بوو، چەند حەزی دەکرد لە نزیکەوە دیتبای، کوڕی داربی دیتی: دوو سەرباز فەردە ئاردێکیان هەڵگرتووە، هاتن، هاتن لە پێش دەرگا لە نزیك داربیەکەیان دانا و رۆیشتن، مام گەڕیدە چاوی لێبوو، تەق تەق بە گۆچانەوە هات، گۆچانی گەیاندە فەردە، پرسی:

+ ئەوە چیە، ئەو سەربازانە چیان هێنا؟

- ئارد

+نەکەن، ئەو ئاردە نەکەنە نان، سەرباز عەرەب وەك هی تورکە جێی متمانە نیە، هیچیان لێوەرمەگرن.

لە دوای پەیدابوونەوەی تۆڵەستێن، قوتابخانەکەی کوڕی داربیش بە قوتابخانەیی نەما، بووە ماڵی پێشمەرگەیەکی گەورە، وەك دەیانگوت زۆر لە جاشی گەورە گەورەتر، لە تۆڵەستێنیش گەورەتر، قوتابخانە بووە ماڵ و چەند پێشمەرگەیەك لە پێش دەرگاو سەر دیوارەکان پاسەوانیان لێی دەکرد، کوڕی داربی لەوە تووڕە بوو، چۆن دەبێ لە سەردەمی باوك، سەردەمی تۆڵەستێن، قوتابخانەکەی ببێتە ماڵی کەسێك، بە بابی گوت:

+ بابە، لۆ قوتابخانە بووە ماڵی پێشمەرگە گەورەکە؟

- چ بڵێم، منیش نازانم..

+ من دەمەوێ لە قوتابخانەکەی خۆم بم.

- قەینا، قوتابخانەی ئێستاشتان نزیکە، لە هی گوڵنار هێندە دوور نیە. تۆ لەوە گەڕێ، با بزانم..

کوڕی داربی هەستدەکات باب دەیەوێ بابەت بگۆڕێ، خۆی قسەی بە لایەکیدی برد:

بابە، لە بەر تۆ کەس لە گەڕەك نەچوونە سەیرانێ، بەس ماڵی هەمەدانیەکە چوون...

بابی گوتی:

منیش لە جێی وان بام دەچووم.

کوڕی داربی دەڵێتە بابی:

لۆ؟

باب چ وەڵام ناداتەوە، بەڵام دایك هەرچەندە باب بە چاو پێیدەڵێ کە چ نەڵێ، بەڵام خۆی پێناگیرێ:

کوڕم، کاتی خۆی ئەو پیاوە لە ترسی بابت هەڵدێ و هەتا هەمەدان گیرنابێ، هەر لەوەشەوە بۆتە هەمەدانی دەنا خەڵکی گەڕەکی خۆمانە..

کوڕی داربی دەڵێ:

لەبەرچی راوی دەنێ؟

دایك دەڵێ:

ئەو بارام هەمەدانیە، کاتی خۆی زۆر برادەری بابت بووە، بەلاّم لە پڕ دەبێتە دوژمنی..

کوڕی داربی دەلێ:

لە پڕ....

باب دەڵێ:

چیدی نامەوێ گوێم لەو سەربردەیە بێت

دایك قڕوقەپی لێدەکات، کوڕی داربی هەرچی دەڵێ و دەپرسێ، دایك وەلاّمناداتەوە..

باب دەڵێتە کوڕ:

لە باتی نەورۆزەکە بتبەمە کوێ؟

کوڕی داربی کەمێك بیردەکاتەوە، دەڵێ:

بمبە کن شەمەندەفەر

باب دەڵێ:

تا ئێستا نەتدیتیە؟

کوڕی داربی:

لە دوورەوە دەنگیم بیستیە، لە نزیکەوە بە راوەستاوی دیتمە، بەلاّم حەزدەکەم لە رۆیشتنێ بیبینم.

چێشتانێکی درەنگە گەیشتنە لای یاریگاکە، لە دوورەوە دەنگی شەمەندەفەر دێ، کوڕی داربی دەڵێتە کچی داربی:

خێرا بڕۆ ئێستا دەگات.

دایك دەڵێ:

غارمەدەن، گەیشتین..

شەمەندەفەر بەدیارکەوت، منداڵانی داربی هەڵدەپەڕن و چەپڵە لێدەدەن، شەمەندەفەر هات و تێپەڕی، وا بە جێ پێی شەمەندەفەردا، بە سەر هێڵی ئاسنین، هەنگاو دەنێن رووەو ماڵی شەمەندەفەر، کوڕی داربی ئاوڕدەداتەوە دەبینێ دایك و باوك، هەر یەکەیان بە سەر هێلێکەوە و جارجارەش دەستیان دەگاتە دەستی یەکتر، وەك بڵێی یەکتر دەگرنەوە، ئەو گەمەی دایك و باوك سەرنجی رادەکێشێ، چاویان لێدەکات، دەستی کچی داربی دەگرێت و فێری گەمەکەی دەکات، بە گەمەی سەر هێڵی ئاسنینەوە لە ماڵی شەمەندەفەر نزیکدەبنەوە، گوێی لێیە، دایك لە دایکبونی خۆی بۆ باب دەگێڕێتەوە:

من هەر جارێ کە گوێم لە دەنگی شەمەندەفەر دەبێ لە دایکبوونی خۆم بیردەکەوێتەوە، دایکم دەڵێ:

ئەو رۆژەی تۆ هاتیە دنیا، شار بۆ یەکەم جاری گوێی لە دەنگی شەمەندەفەر بوو.

باب دەڵێ:

وایە، تۆ ساڵی شەمەندەفەر لە دایك بوویت، من ئەو ساڵەم لە بیرە، وا بزانم، ئا، هەر لەو سەروبەندە بوو، بابم بە دڵشکاوی و برینداری لە کۆماری مەهاباد گەڕایەوە..

لە گەڕانەوە دەنگی (یازدەی ئازار) هات، دایك بانگیکرد، منداڵانی داربی کە سەریان بە سەر تەپەدۆرەکەدا گرت، هەردووکیان یازدەی ئازاری رەنگ سووریان هەڵگرت، کوڕی داربی حەزیدەکرد کرێمستی با، یەك کرێمستی و دارەکەی لە کەلێنی پەنجەکانەوە..

دایك و باوکیش سەر و یازدەی ئازاریان بە دەستەوە، کوڕی داربی گوێی لێیە دایك دەڵێ:

یازدەی ئازار بۆتە ناوی ساردەمەنی منداڵانیش..

باب دەڵێ:

ئەگەر تاڵی تێنەکەوێت، یازدەی ئازار وەك ئەو یازدە ئازارەی دەستمان شیرینە..

کوڕی داربی لە ئەگەر و تاڵی تێنەگەیشت...

لە گەڕانەوەش بە خەیاڵ هەر لای گەمەی سەر هێڵی شەمەندەفەر بوو، دەستی لە دەستی کچی داربی بوو، ئەو دەستگرتنەشی لە بیر ناچێتەوە..

بە هاتنەوەی تۆڵەستێن بەلووعەی ئاویش هاتە ماڵی منداڵانی داربی، پێش تۆڵەستێن دایکەکان دەبوو بە ستڵ و تەنەکە بچن لەو بەلووعەیە ئاو بێنن کە لە نزیك حەسارەکە، لە بن دارتوێکی گەورە زۆر کات یەك قامك ئاوی لێدەهات، جار جارەش دەتگوت پەلامیزەیە تا تەنەکەیەك پڕ دەبوو، دەچوویە لای حەسەناغا و دەهاتیەوە، ئاوی گەڕەك لە دەستی ئەو حەسەنە بوو، بیست تەنەکەش ریزیان بەستبوو، بیرەکە زۆر دوور بوو، کەوتبووە پشت ئەو خانووەی کە زاواکەی نەنەخان بارەگای لێدامەزراندبوو، ژنێك دەیگوت:

تا گونی بۆ نەشێلن ئاوەکە بەرناداتەوە.

بە راکێشانی بەلووعە بۆ حەوشە، کوڕی داربی نەیدەزانی نە دڵخۆش بێ، نە خەفەت بخوات،، دەبوو دڵخۆش بێت، دایکی لە کۆڵی ئاوکێشان بۆوە، چوار وەرزەی

ساڵ لە ڕێی ئاوکێشان بوو، جگە لەوەش حەزیدەکرد سۆندەی ئاوێ بە دەستەوە بگرێ و پێش دەرگا بڕشێنێ و ئاو بۆ داربیەکە هەڵدا، دەبوو خەفەتبار بێت، گەمەی ڕێی ئاوکێشانی لە دەستچوو، چەند خۆش بوو کە لەگەڵ کچی داربی بە جووتە ستلێکی گچکەیان بە دەستەوە دەگرت و..

بە هاتنەوەی تۆڵەستێن، نەنەخانیش هاتە گەڕەك، لە نزیك ئاوەکە خانوویکیان قیتکردەوە، نەنەخانیش بە مام گەڕیدە دەڵێ مام گەڕیدە، تەمەنیان ڕەنگە لێك نزیك بێ، نەنەخان ژنێکی تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، کەمێك کوورڕ بۆتەوە، کراسێکی ڕەشی ئاودامەنی لەبەرە، ژنێکە ڕەشتاڵەیە، ڕەشتاڵەیەکی ڕوون، دەیانگوت مام گەڕیدە گوتوویەتی:

((ڕەنگی لە ڕەنگی مێوژ دەچێ))

نەنە خان زوو لەگەڵ مام گەڕیدە بووە برادەر، زوو زوو دەهاتە بن داربیەکە، منداڵانی داربی لە لایەك و مام گەڕیدە و نەنەخانیش لە لایەك، کوڕی داربی گوێی لێیە، باسی کۆن بۆیەکتر دەکەن، باسی شار و جێیان دەکەن، شەڕی تورك و ئینگلیز، باسی مەهاباد و دەرسیم و گرانی و...گوێی لێیە نەنە خان دەڵێ:

من لێرە لەو بن داربیە، بە بیستنی دەنگی ئەو باڵندانە زۆر ئاسوودەم.

مام گەڕیدە دەڵێ:

ئەو داربیە زۆر تایبەتە...

نەنەخان بێ چوکلێت نایەتە بن داربی، چوکلێت بۆ منداڵانی داربی...

بە هاتنەوەی تۆڵەستێن منداڵانی داربی گۆڕانی جوانیان بە سەرداهات، تۆڵەستێن تۆڵەی زۆر شتی بۆ کردنەوە، پووشکاخەزەکە لە بیرناچێتەوە، پێش پەیدابوونەوەی باب، کچ و کوڕ هەرچیان دەکرد، دایکەکان بۆیان درووستدەکردن، خۆیان درووستیاندەکرد، جۆرەها کاخەزیان بەکارهێنا، پووشکەی باریك و ئەستووریان

تاقیکردەوە، دایانە دەست هەموو بایەك، هەر جارەی لە جێیەکەوە هەڵیاندەدا، پووشکاخەز سوێندی خوارد لە دارتێلەکەی ئەوبەری کەند بڵندتر نەبێتەوە.. لە بن داربیەکە تۆڵەستێن بە تەنیشت مام گەڕیدەوە بە دەم گێڕانەوەی سەرهاتان، لە گژ درووستکردنی پووشکاخەزە، منداڵانی داربی بە دەوریەوە، چاویان لە دەست و پەنجەی تۆڵەستێن بڕیوە، کچی داربی نازانم، بەڵام کوڕی داربی لەو ساتە تەنها هەستی بینینی لە کارە، چاو لە سەر پەنجە و پووشکاخەز هەڵناگرێ، گوێی لە سەرهاتان نیە، ئێ، بە رستەیەك هەستی بیستنیشی بۆ گەڕایەوە: ((تەواو، با هەڵیدەین)) پەڕینەوە ئەو بەر، لە نزیك دارتێلەکە تۆڵەستێن سەرێك بۆ لای چەپ سەرێك راست، دواتر بۆ دواوە نەرمە غاری کرد، هێندەی بڵێی یەك و دوو، پووشکاخەز گەیشتە سەر تێلی دارتێل، تۆڵەستێن دەڵێتە کوڕی داربی:

بڕۆ چەند خریلە لە ماڵێ هەیە هەموویان بێنە.

رۆیشت تا هاتەوە، پووشکاخەز لە ئاسمان بوو، داویان لە دووی دا، پووشکاخەز سەرەو ئاسمان و بە ئاراستەی قەلاّت هەڵکشاو رۆیشت، پووشکاخەز پێش هەڵدان کە هێشتا خەڵکی سەر زەوی بوو، لە جانتاکەی کچی داربی گەورەتر بوو، جگە لە کلکێکی درێژ کە لە چاوی کوڕی داربیەوە زۆر لە کەزی کچی داربی دەچوو،لە ساتی هۆنینەوە، ئێستا کە پەیوەندی بە زەویەوە نەماوە و خەڵکی ئاسمانە، لە چاوی کوڕی داربیەوە هەر هێندەی ناو لەپی کچی داربی دیارە، لەو ساتە چاوی لێبوو، کچی داربی هەر دوو دەستی رووەو ئاسمان کردبۆوە، وەك بڵێی دەپاڕێتەوە پووشکاخەزەکە بەلاّیەکی بە سەردا نەیەت و بە ساخی بگەڕێتەوە، منداڵی گەڕەك رژاونەتە ئەو ساکە گۆڕە و چاویان بە ئاسمانەوە، کوڕی داربی هەرگیز هێندە دڵخۆش نەبووە، هێندە لە خۆبایی نەبوو، دەیەوێ هاواربکات، بڵێ ئەها بابی من چتۆ پووشکاخەزی درووستکردووە، بابی ئێوە ئەوە دەزانێ؟ نەیگوت، پەلە هەورێك لە پووشکاخەز

نزیکدەکەوێتەوە، دەیەوێ سێبەری لێبکات، لە سەرئەوەیە لە چاو بزر بێ، باب دەڵێتە کوڕ:

خێرا دووربینەکە بێنە.

یەکپێ ڕۆیشت و هێنای، تا چاو لە دووربین بە پووشکاخەز دەکەوێتەوە، کاتی دەوێت، منداڵانی داربی بە نۆرە چاو بە دووربینەوە دەنێن، باب جار جارە دەڵێ:

دیارە؟ چەندی لێ ماوەتەوە؟

کچی داربی دەڵێ:

هێندەی چاوێك..

کوڕی داربی دەڵێ:

هێندەی لێوێك..

منداڵانی داربی دەڵێی خەمبار دیارن، کچی داربی دەڵێ:

نایەتەوە؟

تۆڵەستێن دەڵێ:

نا، زەحمەتە بێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەش ڕۆیی، پووشکاخەزێکیتر...

باب دەبێ خەمباریی لە سیمای منداڵەکان خوێندبێتەوە، بۆیە گوتی:

بڕۆ پێنووس و کاخەز بێنن، نامە بۆ پووشکاخەزەکە بنووسن..

سەریان لەو قسەیە سووڕما، نامە چۆن دەگاتە ئاسمان، باب بۆی ڕوونکردنەوە، هێنایان نووسیان:

وەرەوە بیرت دەکەین.

بە قسەی باب ئەوەشیان نووسی:

بە هەورەکە بڵێ نەرمە بارانێك ببارێنە.

کونێکی خشتیان لە ناوەراستی پەڕەکاخەزەکە کرد و بە داوەکەیانەوە کرد، کاخەز بەو ڕێیەدا ڕۆیشت کە پووشکاخەز پێدا ڕۆیشت، منداڵانی داربی دەیانپرسی:

گەیشت؟ کەنگێ دەگات؟ وەڵامان ناداتەوە؟

پاش ماوەیەك داو لە دەست سووك بوو، داوێکی بێ پووشکاخەز و نامە بە دەستەوە ما، زۆری نەبرد تاوە بارانێك دایکرد، منداڵانی داربی لە بن باران هاواریان دەکرد:

نامەکە گەیشتە پووشکاخەز، هەوریش بە قسەی کرد.

لەو دەمە کوڕی داربی لە سیمای بابی سەرسووڕمانی خوێندەوە، تێینەگەیشت بۆ!

بە هاتنەوەی تۆڵەستێن، منداڵانی داربی بە سەر قەراتیش کەوتن، بە کۆڵانە تەسك و تریسکەکاندا گەڕان، لە سێ چوار لاوە تەماشای شار و چیا و دەشت و دنیایان کرد، لە هاتنە خوارێشدا گڕناگەیان گرت، بە قسەی تۆڵەستێنیان نەکرد، بە خشخشۆکە هاتنە خوارێ، کوڕی داربی ئێستاش ڕێی خشخشۆکە دەناسێتەوە، بە هاتنەوەی تۆڵەستێن چوونە سینەماش، چەندان شەو خەونیان بە فیلمەکەوە دەدیت و بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، ئەدی بن لەیلووکان!..

کچی داربی ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر هۆگری بابی کوڕ دەبێ، جێی بابی بۆ گرتۆتەوە، هەر ماوە پێیبڵێ بابە، لە دوورەوە بیبینێ غاردەدا و خۆی داوێتە باوەشی، کوڕی داربی کە منداڵێك لە باوەشی بابی دەبینێ، زۆری پێناخۆشە، بەڵام بۆ کچی داربی هیچی لە دڵ نیە، پێکەوە دەچنە باوەشی بابی، هەر یەکەیان لە سەر ڕانێکی دادەنیشن، باب زۆر جار کچی داربی بە (دنکە هەنارەکەم) بانگ دەکات و کوڕی داربیش بە (هەنجیرەکەم)، کوڕی داربی قەت ئەوەی لەبیرناچێتەوە کە جارێك میوەیان لە پێش بوو، باب قلە هەنجیرێکی ڕەشی بۆ دایك ڕادەگرێ و دەڵێ:

تامی بکه بزانه چەند لە ماچی هاوار دەچێ.

دایك گەزەیەکی لێدەدات:

ئۆی چەند شیرینە، دەلێی روومەتی هاوارە.

باب هەنجیرێك دەداتە دەستی، لەو دەمە کچی داربی بە سەردا دێ، باب دەلێتە کوڕ:

ئەگەر دەتەوێ بزانی چەند شیرینی، ئەو هەنجیرە رەشە بخۆ.

دەیخوات، شیرینە، باب دەلێتە کچ:

وەرە دنکە هەنارەکەم، هەنار و هەنجیر بخۆ.

هەنجیرەکە دەخوات و دەلێ:

ئۆی، چەند شیرینە ئەو هەنجیرە رەشە..

لەو دەمە کوڕی داربی هەست بە شیرینیی خۆی دەکات..

تۆڵەستێن یەك منداڵی هەیە، بەلاّم لەوەتەی هاتۆتەوە، جارێك نەبێ، هەر جارەی بە دیاریی منداڵانە گەڕابێتەوە ماڵ، دوو دیاری بە دەستەوە بووە، کوڕی داربیش هەر ئەوەی ویستووە، بێ کچی داربی هیچی وەرنەگرتووە، ئەو جارەی بابی بە بۆنەی یەکەم بوونی پایسکلی بۆ کڕی، سوێندی خوارد پێ ناخاتە سەری، تا بۆ کچی داربیش نەکڕێ، کوڕ دەلێ:

گوڵناریش وەك من یەکەم بووە.

باب بە سەر خۆیدا شکاوە، بە کوڕی داربیی گوت:

تەواو، دڵنیابە لەمەودوا هەرشتێك بۆ تۆ بکڕم، بۆ گوڵناریش دەکڕم.

تا پایسکل بۆ کچی داربیش نەهات، کوڕی داربی پایسکلی خۆی نەهێنایە دەرێ، زوو زوو دیاری بۆ منداڵانی داربی دەهات، خۆ لە جەژنان و لە کۆتایی ساڵان

دیـاریی گـەورەیان بـۆ دەهـات، ئـاخر منـدالانی داربـی هـەموو سـاڵ بـە یەکـەم دەردەچوون..

کوڕی داربی هەرچی بۆ خۆی ویستبای بۆ کچـی داربیشـی دەویسـت، ئـەو رۆژ و مانگانەی کە دەیدیت زگی دایکی بەرەبەرە گەورە دەبوو، تێگەیشت کـە خوشـکێك، برایەك بە رێوەیە، تێگەیشت ئـەوەش لـە سـایەی هاتنـەوەی تۆڵەسـتێنە، لـە دڵـەوە دەیخواست کە دایکی کچی داربیش زگی گەورە با، جارێك کچی داربی گوتی:

ئەگەر منیش بابم مابا، دایکم زگی دەبوو.

کوڕی داربی دانەما، یەکسەر:

ئەوە نیە تۆ برایەکت هەیە.

کچی داربی:

وایە، بەڵام..

ئەو سەر لە ئێوارەیەی دایك ژانی گرت و باب چوو بە دووی مامان، دایکی کچـی داربی بە دەوریەوە بوو، کوڕی داربی زراوی چوو، قسەی دایکـی لـە بـارەی کـوژرانی بابی کچی داربیـی بیرکەوتـەوە، ترسـا بابیشـی بـە دەردی بـابی کچـی داربـی بچـێ، پاڕایەوە، بە دزی لە پەنای دەرگای حەوشە لـە خـودا دەپاڕایـەوە کـە بـاوکی تووشـی بەڵایەك نـەبێ و بـە زوویـی بـە مامانـەوە بێتـەوە، مـام گەڕیـدە دیـارە هەسـتی بـە نیگەرانیی کوڕی داربی کردبوو، بانگی کردە لا خۆی، ماچی کرد و پێی گوت:

هیچ نیە، کەمێکیتر خوشکێك یان برایەکت بۆ پەیدا دەبێ.

کوڕی داربی دەیویست بڵێ، من خەمی بابمـە، لـەو دەمـە بـاب بـە ژنێکـی بـە تەمەنەوە هاتە ژووری، کوڕ خەنی بوو، ئۆخەیش باب بە ساخی هاتەوە، ئێستا باب و کوڕ لە ژوورەکەی مام گەڕیـدە دانیشـتوون و چـاوەڕوانی رزگـاربوونی دایـك دەکـەن، زۆری پێچوو، زیرەی منداڵ نەهات، مام گەڕیدە، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا:

ئاخ! ستی نەما، دەنا لە مێژبوو، رزگاری کردبوو.

باب کە زۆر شلەژابوو:

وایە، مامان نەبوو بگاتە دایکم.

کوڕی داربی ئێستا لە خەمی دایکیدایە، بیستبووی کە ژن هەبوو بە سەر منداڵەوە چووە، ترسا، زۆر ترسا، چۆوە لای دەرگا و دەستی بە پاڕانەوە کرد، پاڕانەوە بۆ دایك، هاواری دایکی دەبیستێ، ئۆقرە ناگرێ، لەودەمە کچی داربی هات، بە هاتنی وی کەمێك ئارامبۆوە، باب بانگی دایکی کچی داربی دەکات، پێیدەڵێت:

نەیبەینە خەستەخانە؟

وەلاّمەکە (نا) بوو، دەچنەوە ژوورەکەی مام گەڕیدە، زۆر نابا، قیژەیەکی ناسك، خۆشی بە ماڵدا دەپژێنێ، کوڕی داربی گوێی لە دەنگی دایکی کچی داربیە:

کچێکی جوان زۆر جوان..

کوڕی داربی لە خۆشیدا جێ بە خۆی ناگرێ، کچی داربی لەو دڵخۆشترە و دەڵێ:

خۆشە، خوشکت هەیە..

دایك لە هاوار ناکەوێت، ژان بەری نادات، کوڕی داربی لە بیری نەماوە چەندی برد، گوێی لێیە ژنێك دەڵێ:

خوشك پێش براکەوت.

کوڕی داربی ئەگەر مام گەڕیدە نەیگرتبا، لە خۆشیدا باڵی دەگرت، ئەو شەوە چ شەوێکی تایبەت و دەوڵەمەندە لە تەمەنی کوڕی داربی، شەوێکە دووبارە نابێتەوە، کوڕی داربی لەو شەوەدا خوشك و برایەکی لە ئاسمانەوە بۆ هات، ئا هەر تەماشای ئاسمان و ئەستێرەی دەکرد، وای هەستدەکرد دوو ئەستێرە رژاونەتە حەوشەکەیەوە، کوڕی داربی دەبینێ کچی داربیش چەپڵە لێدەداو لە خۆ هەڵدەدا، لە پڕ کوڕی داربی

گوێی لە دەنگێکی سەیر بوو لە چ دەنگان نەدەچوو، نە دەنگی مرۆڤ نە هـی ئـاژەل و باڵندان، نەهی گیاندار نە هی بێ گیان، دەنگەکە لە شێوەی پرسیار بە کوڕی داربیـی گوت:

هەردوو ئەستێرەکە بۆ خۆت؟

کوڕی داربی ترسا، لە دەنگی ئاسمانیی لە هیچ دەنگ نەچوو، ترسا، لەرزی، بابی لە باوەشی گرت:

چیتە کوڕم! دەبێت دڵت خۆش بێ خوشك و برات بۆ بوو.

کوڕی داربی بە دەم لەرزەوە:

ئەستێرەی دووەم با بۆ گوڵنار بێ

باب بە شلەژاوی:

چی دەڵێی تۆ؟! ها ئاو بخۆوە و بخەوە.

کوڕی داربی دواتر چـەند جارێـك بـە کچـی دەگـوت کـە مـن خوشـکێکم بەسـە، حەزدەکەم براکەم بۆ تۆ بێت، بەڵام کچ بەوە رازیکرد کە بـرای وی بـێ بـەڵام بـا هـەر لای ئێوە بێت، کچی داربی برا ساوەکەی کوڕی داربیی زۆر خۆشدەویست، رۆژی چەند جارێ دەچووە سەر لانکەکەی تێر تێر ماچی دەکرد و بە بـرا جوانەکـەم بانگیـدەکرد، خۆ لە سەیرانەکانیش هەر لە باوەشـی وی بـوو، بـاب نـەورۆزان کۆسـتەرێکی دێنـا، هەتا دەیگرت دەر و دراوسێی تێدەکرد، مام گەڕیدە لە پێشەوە دادەنیشت، نەورۆزێك نەنەخانیش هات، گوڵێش بە چەقۆوە هـەر لەگـەڵ بـوو، هـەموو پێیانـدەگوت، نێـرە هەیتە، منداڵانی داربی بە تەنیشت یەکەوە دادەنیشتن، براکەی کوڕی داربی لە کۆشی کچـی داربـی بـوو، منـداڵانی داربـی لـە نـاو گـژ و گیـای نـەورۆزدا بـە دوای یەکـدا رایاندەکرد، راکە راکی ئاقاری تا چاو بڕدەکـا کەسـك، لـە چـاوی کـوڕی داربـی هـەر کەسکە و ناچێتەوە...

وەرزەکان گەمە بە داربی دەکەن، گۆبکە دەکات، پەلك دەکـات، پـڕ پـڕ، کەسـك کەسك، شنە بایـەکی لێـوە دێ فێنـك فێنـك، زەرد هەڵدەگـەڕێ، بایـەك دێ گـەلای وەریو بە کۆلانداا وەردەکات، نەرمە بارانێك داربی رووتدەکاتەوە، جاروبـاریش بـەفر دەگرێ، منداڵانی داربی لە بن پەلکی وەریوی بی، سەریان بە سەر کتێبەوە، پەنجـەی وردیلە بە سەر وێنەکانەوە:

+ ئەها ئەو کچە بە تۆ دەچێ

- ئەو کوڕەش دەڵێی تۆی!

+ نا، ئەو کوڕە سپیە.

- تۆ لەو جوانتری

+ ئەدی شەلە نەیگوت...

- بەڵام لۆبیا خۆشە، من زۆر سبەینان لۆبیا دەخۆم، لۆبیاو هەنجیر زۆر خۆشن..

کوڕی داربی قسەی شامینۆکفرۆشەکە زۆر کاریتێکردبوو، لە دڵی دەرنەدەچوو، نە شیرینیی هەنجیر نە حەزی کچی داربی بۆ لۆبیا و هەنجیر، لە دڵی دەرنەدەکرد، ئازاری دەدا، بەو هۆیەوە و بەوەشەوە کە زۆرانێی لێ قەدەغە کردبـوون، زۆر رقـی لـە شـەلە دەبۆوە، بەو با مەنجەڵی شامینۆك و لۆبیای لە دەست بـەردەبۆوە و هـەر قلـە نـۆك و لۆبیایەك دەکەوتنـە سووچـێکی کۆڵان،کـوڕی داربـی هەسـتیدەکرد شـەلە غـەدرێکی گەورەی لێکردووە، دەبـێ تۆڵـە بکاتـەوە، وەك چـۆن بـابی تۆڵـەی لـە جاشـی گـەورە کردەوە، کوڕی داربیش ئاوا دەبێ تۆڵە لە شەلەی گەورە بکاتەوە، لە دیـدی کـوڕەوە، شەلە وەك جاشی گەورە گەورە بوو، وەك جاشی گەورە گوناهبار بوو، زۆر جار دەهاتە سەری بە بابی بڵێ و بچێ بە گوللەیەك لە خوێنی بگەوزێنێ، پەشیماندەبۆوە، قسەی بابی بیردەکەوتەوە:

خۆت بە من هەڵمەکێشە.

جگە لەوەش بیریدەکردەوە لەوەی ئەگەر شەلە بمرێ، ئەدی کێ شامینۆك و لۆبیا بفرۆشێ، ئەگەر لۆبیا نەما، کچی داربی سبەینان چی بخوات! ئەدی خۆی چی بخوات! دەزانی چەندی حەز لە شامینۆکە، کوڕی داربی یەك لۆبیافرۆش و شامینۆکفرۆشی لەگەڕەك دیتبوو ئەویش شەلەیە، ئەگەر شەلە بکوژرێ، نە لۆبیا دەمێنێ نە شامینۆك، بەلاّم دەبوو تۆڵە لە شەلە بکاتەوە، بە رژانی شامینۆکیش بێ، دەبێ تۆڵە بکاتەوە، لۆبیا نا، نابێ لۆبیا بڕژێ، کچی داربی حەزی لە لۆبیایە، دەبێ تۆڵە بکاتەوە، ئەگەر بە سەر شکاندنێکیش بێ، دەبێ تۆڵە لە شەلە بکاتەوە.

سبەینێیەکی باراناوی، کەمێك زووتر لە وادەی رۆیشتن، جانتای هەڵگرت و رێی قوتابخانەی گرتە بەر، نەدەبوو کچی داربیی لەگەڵ بێ، دەیزانی لەو ساتانە لە کوێ تووشی شامینۆکفرۆش دەبێ، دارلاستیکەکەی لە بەڕکی گچکەی جانتاکەی نابوو، رێك لەو سەرە کۆڵانە ، تووشی بە تووشی شەلەوە بوو کە لە نەخشەکەی خۆی بوو، ئەو سەرە کۆڵانەی بە سەر ساکەگۆڕەکەدا دەپڕوانی، ساکە گۆڕی ئەو دیوەی مزگەفتی دەروێش برایم، کوڕی داربی بە دیتنی شەلە، دەستی بەگیرفانیدا کرد، مابوون، هەر سێ بەردە دارلاستیەکیەکە مابوون، داینـاوە لەو سێ بەردە، ئەگەر دەستیشی شکابێ، بەردێکیان هەر بە سەری دەکەوێ و دەشکێ، کوڕی داربی داینـاوە نیشانە لە بن کلاّوەکەی بگرێ، شەلە کلاّوێکی لە سەرە، هەر ئەوەتە تەوقی سەری گرتووە، سێبەری لەلووتی کردووە و رێی لە باران گرتووە چاوی تەڕ بکات، دەیەوێ لە شەلە رەت بێ و لە دواوە لە پەنای دیوارەوە، نیشانە لە پشتی سەری شەلە دانێتەوە، شەلە دەڵێی بەوەی زانیوە! رووەکاتە کوڕی داربی:

+ ئای! کوڕی تۆڵەستێن، ئەوە بە تەنیای، ئەدی کچە جوانەکەت بەجێهێشتووە؟!

- نا، ئێستا دێ

کوڕی داربی ساردبۆوە، خاوبۆوە، پەشیمانبۆوە، بەردەکانی بەڕکی فڕێدا، یەکپێ، غار، غار، دەیویست بگاتەوە کچی داربی، دەیویست دارلاستیکەکەی بباتـەوە مـاڵ، دیتی کچی داربیی دیت، لە دەو چەمەکە، لـەو شـوێنەی پێچـدەکاتەوە راوەسـتایە، چەترەکەی هەڵدایە، رەنگە هەر لچکی چەترەکەش کوڕی داربیی لێشاردبێتەوە و زوو نەیدیت، لەو دەمەش دیتی دایکی وا لە سیلەی خانووە راوەستاوە، لە دوورەوە:

+کوڕم، ئەوە لە کوێ بووی؟ چما نەچوویە دوای گوڵنار؟

- با، نا

کوڕ زمانی تێکئالاٚ، بەلاٚم کچ فریای کەوت و گوتی:

بەو دیوەدا هات، من نەمدیتبوو.

لـە رێیـێ، کـچ وازی لێنـاهێنێ و سـەد جـار پـتر ئـەو رۆیشـتن و بانگنـەکردن و هاتنەوەی لێپرسی، کوڕ هەر((نازانم، چووم، هاتم، لۆ؟))ی دەگوتەوە، وەها شـێوابوو، دەوی تێکئالاٚبوو، دەهاتە سەر زمـانی راسـتیەکەی بڵـێ، دەیگێڕایـەوە، نەیـدەگوت، پێیوابوو ئەوە نهێنیەکی ترسناکە و نابێ کەس کەس بیزانێ، بـە کچـی داربیشـەوە، زۆر نەمایـە بگەنـە قوتابخانـە،کوڕ دارلاسـتیکەکەی بیردەکەوێتـەوە، نـاکرێ بیباتـە قوتابخانە، چما مامۆستای بیبینێ حەسیرمەیدانی ناکات، هەڵوەستەیەك دەکـات،کچ دەپرسێ:

+ چ بوو، چیت لەبیرکردووە؟

- دارلاستێك

+ دەتەوێ دارلاستێك بهێنیە قوتابخانە؟

- نا، لە ناو جانتاکەمە

+ ئۆی! بێنە لێرە لە بن خۆڵ بیشارینەوە،

ئەها منداڵانی داربی، لە دەو ڕێ دانیشتوون و بە داروو‌چکە زەوی هەڵدەکەنن و چاوێکیشیان لە دەوروبەرە، نەك کەسێك چاوی لێبێ، شاردیانەوە..

ئەو ڕۆژە کوڕی داربی هەر لە بیری کچی داربی بوو، هەستیدەکرد درۆی لەگەڵ کردووە، شتێکی لێ شاردۆتەوە کە پێویست بە شاردنەوە ناکات، بەڵام لە ناو پۆلێش ئاگای لە خۆی بوو، دەترسا بە دەردی گۆرین بچێ..

لە هاتنەوە، بە جێی دارلاستیك نەکەوتنەوە، زۆر چاویان گێڕا، بڵندابیەك ببیننەوە، نەیادیتەوە، ئەو ناوە یەك پارچە قوڕ و ئاوە، باران باریبوو،کچ دەڵێ:

+ دەبوو جێیەکەی نیشان بکەین

- وازی لێبێنە، نایبینینەوە.

لەو دەمە گوڵێ پەیدابوو، بە پێکەنینێکی شیرینەوە گوتی:

چەند جوان لێکدی دێن

کوڕ بەوە دڵی زۆر خۆش بوو، لەو ڕۆژەوە گوڵێی پتر خۆشویست..

دوو بەهار بە سەر شاردنەوەی دارلاستیك تێپەڕیوە، کچ لە بیریچووەتەوە، بەڵام کوڕ لەگەڵ ئەوەی دارلاستیکێکی باشتری هەیە، کەچی هەر جارێ لەو جێیە نزیکدەبنەوە چاو لە دارلاستێك دەگێرێ، کوڕ دەڵێتە کچ:

حەیف، دارلاستیکەکەم نەدیتەوە

کچی داربی دەڵێ:

ئەرێ دارلاستیك بچێنی ناڕوێ؟

کوڕی داربی دەڵێ:

ئەگەر بڕوێ، بەردەدا ؟

کچی داربی دەڵێ:

لەوانەیە ئەگەر بەر بدا، بەرد بگرێ

لە گەڕانەوە لە دەو کەندەکە، نزیك مالێ شتێکیان لە ئاسمانێ دیت ، پێشتر نەیاندیتبوو، رەنگە دیتبێتیان، بەلاّم وەك ئەو جارە نەبووبێ و چاویانی لە ئاسمان گێرنەکردبێ، منداڵانی داربی چاویان بە ئاسمانەوە بەسترا و لێنەدەبۆوە، لە سەر کەندەکە کە کەمێك ئاوی پێدا دەڕوات، بە تەنیشت یەکەوە، جانتا لە شان، چەتر لە دەست، روو لە چیا، برژانگیان بە ئاسمانەوە داکوتراوە، کچی داربی دەڵێ:

دەبینی، چەند جوانە!

کوڕی داربی دەڵێ:

پێشتریش ئاسمان شتی وای هەبووە؟

کچی داربی دەست دەبات بۆ سەری و قردێلەکەی لێدەکاتەوە، دەست بە قژی تەڕی دادێنێ:

نازانم، لەوانەیە

کوڕی داربی تەماشایەکی کچە دەکات و دەڵێ:

زۆر جوانە، زۆر..

لەو ساتە دایکی کوڕ دێتە دەرێ و لەو بەرەوە تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دوایی لە منداڵانی داربی دەڕوانێ و دەڵێ:

ئەوە بۆ راوەستان و ناپەڕنەوە، تەماشای پرچی ئایشە و فاتمە دەکەن!

کوڕە پێشتر (پرچی ئایشە و فاتمە) ی لە زاری دایکیەوە بیستبووکە جوانترین پرچن و هەر رەنگێکت حەز لێیە لەو پرچە دەیانبینیەوە،، بەلاّم نەیدیتبوو، یان بەو جۆرەی نەیدیتبوو، پتر لە ئایشە و فاتمە وردبۆوە، کچی داربی هەڵیدایێ:

چما پرچی ئایشە و فاتمە لە ئاسمانێیە؟

دایکی کوڕە دەڵێ:

پرچی ئایشە و فاتمە لە عەرد بوو، دوایی چووە ئاسمانێ

کوڕی داربی لەو دەمە تی چاوێکی دەکەوێتە سەر پرچی کچی داربی، دەبینێ ئەو رەنگانەی لە ئاسمانێ هەن، هەمان ئەو رەنگانەن کە لە پرچی کچەش هەن، جوانتر وردەبێتەوە، وایە پرچی ئایشە و فاتمە هەر لە ئاسمانێ نا، لە سەر زەویشن، لە دەو کەندەکە، بە تەنیشت خۆیەوە، هەیە، وردتر دەبێتەوە، لێیتێکدەچێ، ئایا ئەوەی لە ئاسمانە پرچی ئایشە و فاتمەیە یان هی ئەوەی لە تەنیشتیەوە، پرچی کچی داربیە، کوڕ دەبینێ کەزیەك لەوەی ئاسمان شۆڕدەبێتەوە، چاوی لێیە دێ دێ، سەری دەگاتە سەر کچ، لە کەزیی کچ دەئالێ، بە بەر چاویەوە کچ بەرزدەبێتەوە، کوڕ دەشلەژێت، خۆی هەڵدەدات، دەستی بگاتە جێیەکی کچ و نەهێلێت بفڕێت، دەست نەگەیشتێ، کوڕ دەمی داپچڕی هاوار بکات، دەنگ نەهاتە دەرێ، ئەوە کێیە قورگی گرتووە، دەست دەبات، قورگ هیچی پێوە نیە، لە چاوی کوڕەوە کچ ئێستا بۆتە باوەشێ کەزی، بۆتە بەشێك لە ئایشە و فاتمەی ئاسمانێ، کوڕ واقوڕماوە، لە جێی خۆی چەقیوە، نە جوولەی هەیە نە دەنگ، هیچ نابیستێ، تەنها کچی بوو بە کەزی لە ئاسمانێ دەبینێ، هەستدەکات دەستێك لە سەر شانیەتی، بە ئاستەم دەبیستێ:

ها، چیت بە سەرهات!

کوڕ دەنگی کچی ناسیەوە، بە هەناسەبڕکێوە:

کەی هاتیەوە؟

کچی داربی:

من؟

کوڕی داربی بە شەرمدا کەوت، سەری هەڵبڕی دایکی بەرانبەریان وەستاوە، تفی قووتدا، دەڵێتە دایکی:

دایە، ئەوە پرچی ئایشە و فاتمە نیە..

دایك دەڵێ:

با، پەلکەزێڕینەشی پێدەڵێن..

دایك لە مەبەستی کوڕ تێنەگەیشت، کوڕیش وەك بڵێی شەرمیکرد، نەیگوت، پرچی کچی داربیە، کوڕ دەڵێی گوێی لە دەنگی دایکیەتی بانگیاندەکاتەوە، بەلاّم تێکەڵی پەلکەزێڕینە بوونە و دابڕاون، کچ پێدەچێ هەردوو چاوی بە ئاسمانەوەیە و لە رەنگ، لە پرچی ئایشە و فاتمە بزربووە، بەلاّم کوڕ کە سەرەتا هەردوو چاوی بە ئاسمانەوە بوو، دابوویە رەنگەکانی پرچی ئایشە و فاتمە، دواتر چاوێکی لە ئاسمان بەجێهێشت و چاوەکەیدی خستە سەر پرچی کچی داربی، ئێستا هەردوو چاوی تێکەڵی پرچی کچی داربیە، ئاسمان نابینێ، کچ دەڵێ:

نەما، ئاسمان پرچی ئایشە و فاتمەی پێوەنەما، با بڕۆین

کوڕ رادەچڵەکێ، بەلاّم چاوی هەر لە سەر پرچی کچی داربیە، بە شلەژاوی دەڵێ:

نا، هێشتا ماوە، من دەبینم.

کچ حریت حریت پێدەکەنێ:

تۆ شێت بووی! کوا پرچی ئایشە و فاتمە؟

کوڕ چ ناڵێ، دووریش نیە لەو ساتە پەلکەزێڕینەییە، لەو ساتەی لەگەڵ پرچی کچی داربی و ئایشە وفاتمە تێکەڵ ببوو، تێکەڵ شێتایەتیش بووبێ، کوڕ دەبینێ دایك لەو بەرەوە چاوی لە سەریانە، ورد لێیاندەڕوانێ، دایك دەڵێ:

چەند جوانن، خۆزگە کامێراکەی بابت لێرە دەبوو، وێنەیەکم دەگرتن..

کچ پرچی رادەوەشێنێ و دەڵێ:

ئەگەر لە وێنەکە پرچی ئایشە و فاتمە دەربچووایە زۆر جوان دەبوو.

دایك دەڵێ:

ئای گوڵناری گوڵ چەند جوانی لێدەزانی!

کوڕ هەر بێدەنگە هێشتا هەر لـە نـاو رەنگەکانـە، بـەلاّم وێنەکـە ئـەوەی دایکـی وکچی داربی حەزیانکرد بیگرن، بە قسەی هێنا، بەلاّم هـەر خـۆی گـوێی لـە قسـەی خۆی بوو:

ئەگەر بابم لە دواوە وێنەی گرتباین ئێمە و ئاسمان جوان دەردەچووین.

لەو رۆژەوە کوڕ لە هزری خۆی وێنەیـەکی وای کێشـا، زوو زووش پیشـانی خـۆی دەداتەوە، جار لە دوای جاریش لە چاوی کوڕ وێنەکە جـوانتر و پـڕ رەنگـترە، ئـەوەتا دوومنداڵ بە تەنیشت یەکەوە، بە دیار خۆر و لە ناو نمەی باران بە شێوەیەك تێکـەڵی رەنگەکانی پرچ بوونـە، ناناسـرێنەوە، هـیچ شـتێك ناناسـرێتەوە، وەك بڵێـی زەوی و ئاسمان تێکەڵاوبن، لە چاوی کوڕەوە ئەو وێنەیە بێ هاوتایە، وێنەیەك نیە لـەو بچـێ، دواتریش وێنەکەی لە زۆر جێ بە هەڵواسراوی دیوە، دەبینێ بە پـانی وگـەورە بـە بـە قەراتەوەیـە، لـە سـەر بـاریکی بـە منـارەی چـۆلیەوە هەڵواسـراوە، بـە منـارەی مزگەفتەکەی دەروێش برایمیشەوە بینویەتی، جارێکیش بە یەخەی مامۆستای فیزیاوە دیتی، کوڕ لەو رۆژەوە، لە رۆژی پەلکەزێڕینەوە، هۆگری پرچی کچی داربی بـوو، لـە یاری، لە رێی قوتابخانە، لە نزیك لە دوورەوە تی چاوێکی لە سەر پرچی کچی داربیە، رەنگە کچی داربیش هەستیپێکردبێ..

لە رۆژی پرچی ئایشە و فاتمەوە، کـوڕی داربـی رۆژ رۆژ پـتر هـۆگری پرچـی کچـی داربی بوو، بەو با هەمیشە لە پێش چاوی با و دەستی لێدابا، زۆر کەڕەت لە دەمـی گەمە دەیویست دەست بگەیەنێتە پرچی دەیکێشایەوە، سبەینانێك لە درزی دەرگـای حەوشەوە دیـتی پرچـی کچـی داربـی لـە نـاو دەسـتی دایکـی کچـە و و نـەرم نـەرم دایـدەهێنێ، لـەو سـبیەنێیەوەحەزی پـرچ داهێنـانی چـووە دڵـی، لـە دڵـی خۆیـەوە دەیگوت:

یەکجار پرچی کچی داربی دابهێنم بەسمە

کوڕی داربی بڕیاری دا شانەیەك بە پرچی داربیدا بێنێ، زۆر کەڕەت کە کچ دەهاتە ماڵیان دەچوو شانەیەکی دەهێناو بە دیار کچەوە پرچی خۆی دادەهێنا، لە کچە نزیکدەکەوتەوە ئێستا نا ئێستا شانەکە دەگەیەنێتە پرچی خاوی کچ، دەچووە پێش، بەلاّم زاخی نەدەکرد، دەستی دەلەرزی، دەکشایە دواوە، زەحمەتە..کوڕی داربی داخی لە رۆژانی پێش شەرم دەخوارد، ئەو رۆژانەی بە ئاسانی دەیتوانی دەست بە قژی کچی داربیدا بێنێ، بۆ وای نەدەکرد، ئەدی ئەو جارانەی لە گەرماوی (خانزاد) ئەوەی بن قەرات، خۆ بە تەنیشت یەکەوە ئاویان بە خۆیاندا دەکرد، بۆچی دەستی بە ناو پرچی کچدا نەدەگێڕا؟ حەیف!

ئەوڕۆ رۆژی چوونە گەرماوە، دنیا گەرمە، لە هاوینان ژنان حەفتەی جارێك دەچنە گەرماوی دەرێ، بەلاّم بە کوڕی داربی چی! ئەوەتا ژن و منداڵ بەرێکەوتن، کچی داربی دەستی بە دەستی خانزادەوە، ماوەیەکە دایك کوڕ لەگەڵ خۆی ناباتە گەرماوێ، کوڕی داربی لەوە تێنەگەیشت، دەیویست لە دایکی بپرسێ، شەرمیدەکرد، چووە بن داربیەکە، دەیەوێ لە مام گەڕیدە بپرسێ، گوێ بە رادیۆوە ناوە:

مام گەڕیدە، دایکم من ناباتە گەرماوی خانزاد، لۆ؟

مام گەڕیدە دەنگی رادیۆکە پتردەکات:

چی چی!

کوڕی داربی دەڵێ:

دەڵێم..

مام گەڕیدە دەستی لە رادیۆکە شل دەبێ:

پەکو، ئای، نابێ

کوڕی داربی دەبینێ مام گەڕیدە زۆر تێکچووە، لە پرسیارەکەی پەشیماندەبێتەوە؟ قەیناکە، ناچم ناچم..

لەو ساتە لە رادیۆکەوە گۆرانی:

هەڵمبگرن بە سێ و چوار

بمبەن بۆ گەڕەکی لای خوار

شینم بۆ بکەن ناسك و نازدار

هەی بە ناز بە ناز بە ناز..

مام گەڕیدە دەڵێتە کوڕی داربی:

کوڕم بیستت! ئەو گۆرانبێژە مرد، حەسەن زیرەك، حەسەن زیرەك..

کوڕی داربی گەرما و پرسیاری لە بیرچۆوە، بووە هاوبەشی خەمی مام گەڕیدە و تا کچی داربی لە گەرماو هاتەوە بە تەنیشت مام گەڕیدەوە دانیشت و گوێیان بە رادیۆوە نا، کوڕی داربی لە بیریەتی هەر مام گەڕیدە نا، هەموو گەڕەك خەفەتبار بوون، زۆر کەس هەنسکیان دەدا، فرمێسکی بە چاوی خانزادەوە دیت، کوڕی داربی لە بیریەتی بابی و چوار پێنج پیاو دەوریان لە مام گەڕیدە دابوو، نەنە خانیش دانیشتبوو، لە بیریەتی مام گەڕیدە قسەی هێنابووە سەر کۆماری مەهاباد، هەر یەکەو هەڵەیەك لە هەڵەکانی کۆماری دەژمارد، جوانی لەبیرە کە مام گەڕیدە گوتی:

+هەڵەیەکی گەورەتان لە بیرکرد.

- چیە ئەو هەڵەیە؟

+ کۆمار حەسەن زیرەکی نەناسی، بستێك لێی دووربوو نەیدیت و نەیناسی، دەبوایە لە چوار چراوە سروودی(ئەی رەقیبی) چڕیبا، ئەگەر ئەی رەقیب بە دەنگی وی با، کورد هێندە لە رەقیب نەدەترسا و پتر بەرگری لە کۆمار دەکرد، ئەودەمانێ منیش لە مەهاباد بووم، بەلاّم منیش بەشێك بووم لە کۆمار بۆیە نەمناسی..

کوڕی داربی لە بیریەتی پیاوێك فشەی بەو قسەی مام گەڕیدە هات و گوتی:

تەح! کۆمار بە گۆرانی حەسەن زیرەك دەپارێزرا!!

مام گەڕیدە بزەیەکی ژەقن ئاسای بۆ کرد:

تۆ چ لە کاریگەری گۆرانی دەزانـی! جـاری وا هەیـە گۆرانیـەك کـاری سـەد بڕنـۆ دەکات...

مام گەڕیدە گوتی:

من حەفتەیەك پرسە بۆ حەسەن زیرەك دادەنێم.

کوڕی داربی چاوەڕێ بوو بچنە مزگەوتی نزیك گۆڕستانەکە، بەلاّم وا نەکەوتـەوە، ئەو حەفتەیە شەو و ڕۆژ لە تەزجیلەکەی مام گەڕیدەوە دەنگی حەسەن زیرەك هـات و گوتی:

حەسەن زیرەك پرسەی ئەوهای دەوێ..

لەو حەفتەیە کچی داربی زوو زوو دەهاتە بن داربیەکە لەگەڵ کوڕی داربی گوێیان دەدایە حەسەن زیـرەك، نەنـەخانیش هـەر لـەوێ بـوو، گـوڵێش بـە چـەقۆوە دەهـات، براکەی کچی داربی هەر دیتبای لە دەرێیە بانگی دەکردەوە، دەبـوو بچـێتەوە مـاڵێ، بە قسەی نـەکردبا لێـی دەدا، وای لێهـات کـوڕی داربـی حەزیـدەکرد قوتابخانـە زوو بێتەوە، هەرنا لە ڕێیێ لە هەردوو سەر پێکەوە بوون و تێر قسانیان دەکرد،جارێك بـە بەر چاوی کوڕی داربیـەوە تیتکـی ڕاکێشـا، کچـی داربـی گریـا، کـوڕی داربـی بـەوە تێکچوو، بڕیاری دا تۆڵەی بکاتەوە، لە چاوی کوڕی داربیەوە گریانەکەی کچی داربـی لە هی نەنە خان دەچوو، ڕۆژی پێشتر، دیتی وا نەنەخان لە بن داربیەکە بـە تەنیشـت مام گەڕیدەوە بە کوڵ دەگری، سەر مەچەکی نیشان دەدا و دەڵێ:

ئەها ئەوە سولتانە شێتی کچم لێیدام

مام گەڕیدە تەماشای دەستی دەکات:

پەکوو! لەسەرچی لێیدای؟

نەنەخان بە دەم هەنسکەوە:

دەڵێ، نابێت بچیتە دەرەوە..

کوڕی داربی لە بن داربیەکە هەر هێندەی بیست، بەڵام دوایی لە دایکی بیست کە سولتان پێی وایە نەنەخانی دایکی حەز لە مام گەڕیدە دەکات..

کوڕی داربی تۆڵەی کچی داربیی کردەوە، ئێوارەیەك هێشتا تاریك دانەهاتبوو، لە سیلەی خانووی خۆیانەوە بۆسەی بۆ برا دانایەوە، دیتی جلەوی چێڵێکی بە دەستەوەیە، سێرەی لە سەری گرت، دارلاستیکی تێگرت و رێك لە گوێی برای دا، بەڵام لە ترسی ئاشکرابوون نەیوێرا وەڵامی وجوێنەکەی برای کچی داربی بداتەوە:

ئەوە کێ بوو؟ هەی لە قوزی دایك و خوشکی بەم.

کوڕی داربی بەو تۆڵەیە زۆر دڵی خۆش بوو، بەوەش کە نیشانەی راستە، ئەوە یەکەم بەردی کوڕی داربی بوو کە لە پێناوی کچی داربیدا هاویشتبێتی..

سبەینێکەی کچی داربی بە هەڵەداوان هات و گوتیە کوڕی داربی:

ئێمە چێڵمان کڕیوە، ماستمان دەبێ، هەموو رۆژێك جامێکی گچکەش بۆ تۆ دێنم..

کوڕی داربی ویستی بڵێ، لە پێش تۆ دیتم، گێڕایەوە، ویستی بڵێ، براکەت سەری نەشکا، گێڕایەوە، ترسا لەوەی بەردەکە ئاشکرابێ، هەر هێندەی گوت:

منیش دەڵێمە بابم چێڵ بکرێ..

کوڕی داربی بڕیاری دا تۆڵەی نەنەخانیش بکاتەوە، دەبینێ سولتان لە پێش دەرگای ماڵی کچی داربیە لە سەر رۆیشتنە، خۆی دەگەیەنێتە پشت ماڵی کچی داربی لە سیلەی خانووەوە نیشانەی لێدەگرێ، تفەنگی تۆڵەستێن هەڵە بکات دارلاستێکی کوڕی داربی هەڵە ناکات، رێك لە سەر چۆکی چەپی دەدا، سولتان دەست بە چۆکیەوە دەگرێ و بە ئای و وایەوە:

ئەوە چ توخمە سەگێك بوو، بە دەستی خۆم ئاوی بۆ گەرم بکەم..

کوڕی داربی لە توخمەکە تێگەیشت، بەلاّم لە ئاوگەرمکردنەکە نـا، دواتـر دایکـی بۆی روونکردەوە...

منارەی چۆلی چێڵی لە بیری کوڕی داربی بردەوە، باب گوتیە کوڕ:

تۆ چوویتە ناو منارەی چۆلی؟

کوڕ بە سەرسامیەوە:

چما، منارە ناوی هەیە؟ من هەر لە دەرێوە دیتمە.

دایك دەڵێ:

وەلاّ منیش هەر جاری گۆرین....

کوڕی داربی ویستی بڵێ، با کچی داربیش بێ، دەتگوت شـەرمی کـرد گێڕایـەوە، باب بە هانایەوە هات:

هەر ئێستا هەر چوارمان دەچین..

دایك دەستی بە زگی خۆیدا هێنا، باب بزەیەکی شیرنی هاتێ..

هەر سێکیان بـە رێکـەوتن، دایـك نەچـوو، لـەو جادەیـەی کـە پـێش هاتنـەوەی تۆڵەستێن سنووری نێوان سـەربازخانە و گوڵینگـدارەکان بـوو، سـواری پـاس بـوون، هەرسێکیان بە تەنیشـت یەکـەوە سـوار بـوون، کـوڕ و کـچ و خۆیـان کـورژدەکردەوە، نەیاندەهێشت لەشیان بەر یەکتر بکەوێت، دابەزین، کوڕ و کچ بە دەنگی نـزم تـابلۆی سەر فرۆشگاو بالەخانەکانیان دەخوێندەوە، لە دوکانێك شەربەتی مێوژ دەخۆنەوە، لە سەری بە خەتێکی درشت نووسراوە(مام قادر)، کوڕی داربـی دیـتی سـەری کـەپووی کچی داربی بە ئاوی مێوژە، جوانیـەکی وای دابـووە کـەپوو، کـوڕی داربـی لـە بـیری نەچێتەوە، بە دەم رێی منارەوە لە نێوان مندالاّنی داربی بـاس هـەر باسـی شـەربەتی مام قادرە، باب گوتی:

من زۆر جار لە چیاش بیرم لەو شەربەتە دەکردەوە.

گەیشتنە منارە، پێش چوونە ژوورەوە، بە دەوری دا سووڕانەوە، دوو دەرگای بێ دەرگای هەیە، دەرگایەك روو لە رۆژهەلاٚت، دەرگایەك رووەو رۆژاوا، ناو منارە پیس دیارە، پڕ ریخ و قشپلە، لە رۆهەلاٚتەوە چوونە ژوورێ، پێبلکە دەڵێی ماری پێچاو پێچە، بە ئاسماندا چووە، کوڕی داربی بە حەپەساویەوە دەڵێتە باب:

ئەوە چیە! کێ ئەوهای کردیە؟!

باب بە پێکەنینەوە دەڵێ:

ئەوە پێبلکەی شەیتانە، دەوێرن پێیدا سەربکەون؟

منداڵانی داربی دادەمێنن، وەلاٚم نادەنەوە..

باب دەڵێ:

من یارمەتیتان دەدەم، دەچینە سەرێ، پێبلکە تا سەر سەرێ دەچێ..

منداڵانی داربی دیارە دەترسن، بەلاٚم چ قسە ناکەن..

باب دەڵێ:

دوو رێگا هەیە بۆ چوونە سەر منارە، ئێوە یەك رێگا دەبینن..

منداڵانی داربی هەر یەك رێ دەبینن و چ لە قسەی باب تێناگەن، چاویان مۆلەقە و دەمیان داپچڕیوە، باب بە کچی داربی دەڵێ:

تۆ لێرە بە ئێستا دێمە خوارەوە..

کوڕی داربی پێش خۆی دەدات و سەر دەکەون، تەواوێك سەردەکەون، دەڵێتە کوڕی داربی:

لێرە نەجوولێی هەتا دەچم گوڵناریش دێنم..

کوڕی داربی خۆی بە دیوارەوە گرتووە و جوولەی لە خۆی بڕیوە، چاوەڕوانە بابی بە کچی داربیەوە سەرکەوێتەوە، باب بە تەنێ هاتەوە، کوڕی داربی بە شلەژاویەوە دەڵێ:

ئەدی گوڵنار!

باب بە پێکەنینەوە:

خەمت نەبێ پێش تۆ دەگاتە سەرێ..

کوڕی داربی سەری سوڕمایە و نازانێ چ بڵێ.. دەستیان بە هەڵگەڕان بە پێبلکەی شەیتان کردەوە، رێ ناخۆشە، پێبلکەکان لە زۆر جێ شکاون و رووخاون، دەبێت زۆر ئاگات لە خۆت بێت، کوڕی داربی دەترسێ زۆر دەترسێ، بەلاّم زۆر بە سەر خۆی ناهێنێ... سەرکەوە سەرکەوە..باب گوتی:

لێرە دانیشە و مەجوولێ، دەچم گوڵنار سەردەخەم

کوڕی داربی دەڵێ:

بابە ئەو جارە بەجێیمەهێلە بیهێنە.

باب بە پێکەنینەوە:

کوڕم بە خوا تۆ بە جێبهێلم ئەو بەجێناهێڵم.

کوڕی داربی بەو سوێندە باوەڕی بە بابی کرد، چاوەڕێیە، ئەو جارە لە جاریدی درەنگتری پێچوو، هاتەوە، دیسانەوە بە تەنێ هاتەوە، کوڕ تووڕە بوو، دەیویست بە بابی بڵێت تۆ درۆزنی، گێڕایەوە، بەلاّم هیچ گومانی لەوە نەما کە باوکیشی درۆزنە، ئێ، سەرکەوە سەرکەوە، رێگا سەختە، دەترسێ، بیری لای کچە، چی لێهات! دەیبینمەوە؟ کوڕی داربی نازانێ بابی بۆچی بەو دەردەی دەبات! بۆچی بە پێبلکەی شەیتاندا سەری دەخات و کچی داربیشی بەجێهێشت، هێند تووڕەیە دەیەوێ یەك بە دەنگی خۆی یەك بە قوڕگی مناره بە سەر بابیدا بقیژێنێ و پێبلێ بمبەوە خوارێ، بمبەوە کن کچی داربی، گێڕایەوە، گومانی بۆ ئەوە چوو، کە ئەوەی دەیبینێ خەونە، نەیدەوێرا دەستیشی لە دیوار بەردا، چاوی هەڵگلۆفێ، تا ئەگەر خەون بێ، بە ئاگابێتەوە و لە پێبلکەی شەیتان بێتە خوارەوە و کچی داربیی لە دەست نەچێ، ئای

دەڵێی بە ئاگاهاتەوە، دەبینێ وا کچی داربی لە سەر سەری منارەیە لە تەنیشت یەك دانیشــتوون، کــوڕی داربــی ترســا ئــەوەیان خــەون بــێ، پاڕایــەوە ئەگــەر خەونــە بەئاگانەهێتەوە، تا باب سەرهاتەکەی بۆ نەگێڕایەوە باوەڕی نەدەکرد، کە منــارە دوو ڕێگای هەیە، ئەو دوو ڕێیە لە هیچ جێگەك ناگەنەوە یەك و لە هیچ جێگەیەك لێکتر بە دیار ناکەون، تا نەگەیتە سەر سەری منارە ڕێبوارانی دوو ڕێ یەکتر نابینن..

کوڕی داربی گۆتیە کچی داربی:

تۆش نەتزانی دوو ڕێ هەیە؟

کچی داربی:

با، بابت بە منی گوت..

کوڕی داربی دواتر ناوی لەو دانیشتنەی سەری منارە نا، ژوانێك لە ئاسمان..

لە منارە دابەزین، تڕومبێلێـك هـەڵیگرتن، لـە چـایخانەیەك دابـەزین، لـە سـەرلا دیوارێکی بە خەتێکی درشتی نارێك نووسرابوو(چایخانەی بایز)، باب دەڵێ:

لە سەری سەفینێ لە دوای نـان خـواردن حـەزم دەچـووە چـایەی ئـەو چـایخانەیە، بخۆنەوە چایەی ئێرە زۆر بە تامە، دوای چل ساڵیدیش تامی هەر دەمێنێ..

کوڕی داربی تامی چایەی چایخانەی بایزی هەر لە زاریە..

گاڕانێك بە پێش چایخانەکەدا تێپەڕی، باب خۆی گەیاندێ، کوڕ چاوی لێیـە بـاب کۆمەڵێك پارەی لە گیرفانی دەرهێنا، دیتی چێڵێکیان گرت، گۆلکێك لێی نەدەبۆوە، تا نزیك ئاوی کەسکوسۆر لەگەڵ گاڕان هـاتن، لـەوێ بـە خـۆ و چـێڵ و گولکـەوە لـە گاڕان دابڕان، لەوێ دەنگی (کرێمستی یـالا کرێمسـتی، شـەکر و شـیرە کرێمسـتی)، باب سەرو کرێمستی بۆیان کڕی، کرێمستی سپی دەرچـوو، کـوڕی داربـی حەزیـدەکرد ڕەنگی سووربا، حەزیدەکرد لە جیاتی دوو کرێمسـتی یـەك کرێمسـتی بـا، تەماشـای دەسـت و کرێمسـتی کچـی داربیـی کـرد، گەیشـتەوە بـن داربیەکـە، پەنجـەکان

تێکەڵبوونەوە، بە پێیان لەو سەری شارەوە هاتنەوە مـاڵ، نـازانم کچـی داربـی بـەلاّم کوڕی داربی هەستی بە ماندووبوون نەکرد، لە خۆشیی چێڵ بـوو! خـەیاڵی کرێمسـتی بوو!

ئەو شەوە لە ماڵی کوڕی داربی باس هەر باسی منارە و پێبلکەکانی شەیتان بوو، کوڕی داربی پرسیار لـە دوای پرسـیاری لـە بـاب و دایـك و مـام گەڕیـدە دەکـرد لـە هەمووانی پرسی:

تۆ یەکەم جار کە پێبلکەی شەیتاندا سەرکەوتی گەورە بوویت؟

مام گەڕیدە چاویلکەکەی دادەگرێ، چاوە لە دەستچووەکەی دەسڕێ:

زەلام بووم، ژنی یەکەمم هێنابوو، لە گرانیـی گـەورە کەوتـە دوای کەروێشـکێك، چووە ناو منارە، لە دووی چووم، بە پێبلکەکاندا هەڵگەڕا، لـە دووی نەبوومـەوە، لـە دوا پێبلکە گرتم..

باب لە بن جەمەدانیەکەیەوە سەری دەخورێنێ:

من هەر لە تەمەنی تۆ دەبووم، دە ساڵێك، بابم وا بزانم لەلای مەهاباد بوو، لەگەڵ خاڵم بە پێبلکەی شەیتاندا سەرکەوتم.

دایك پەنجە دەخاتە سەر لێوی خوارەوەی:

ئەو ساڵەی بابت بە چیا کەوت، هێشتا تۆم نەکەوتبوویـە زگ، لەگـەڵ بابـت هـەر یەکە بە لایەکدا سەرکەوتین، لە سەرەوە یەکترمان دیتەوە

کوڕی داربی بە شەرمەوە:

وەك من و گوڵنار..

دایك بە دوو پەنجە گۆنای کوڕ دەگوشێ:

ئا، ئا..

کوڕی داربی دەستی دەخاتە سەر رانی دایك:

دایه تۆ چەند مانگ لە بابم گچکەتری؟

باب نەیهێشت دایك وەڵامبداتەوە، بە پێکەنینەوە:

کوڕم، دایکت هەشت نۆ دە ساڵێك لە من گچکەترە

کوڕی داربی:

ئۆی!

مام گەڕیدە کۆخەیەکی کرد:

من بیست ساڵێك لە دایکی بابت گەورەتر بووم.

کوڕی داربی بە چەپۆك لە سەری خۆی دا:

وەی! وەی!

دایك قسەی بەلای چێڵەکەدا راکێشا، دەنا کوڕ پرسیاری لە بارەی منارەو تەمەنەوە نەدەبڕیەوە..

چێڵەکان بۆ کوڕی داربی خێریان داوە، لەگەڕەکێ سێ چوار ماڵ چێڵ و ماڵاتیان هەبوو، منداڵان دەیانبردنە لەوەراندن، گوڵێش جار جار سێ چوار بزنەکەی دەهێنایە لەوەڕاندن، هەمیشە چەقۆکەشی بە دەستەوەیە، کوڕ و کچی داربی جار جارە سەر لە سبەینان زوو، یان عەسرانێکی درەنگ چێڵیان دەبردە دەورو بەری تاقە دارخورما، ئەو ناوە هاوینان سەراپا قەسەر و پووش وپەلاش بوو، بەهارانیش کەسك کەسك، تەڕ تەڕ، دەتگوت مێرگێکە لە بەهەشت، ئەگەر کوڕی داربی بە هەڵەدا نەچوو بێ، رەنگە پتر لە هاوێن و بەهارێك و شتێکیش لە پایز ناوە ناوە بە چێڵەوە هاتبنە ئەو ناوە، هەموو جارێکیش، لە بن دارخورماکە بە تەنێ یان لەگەڵ ئاوزەی خۆیان گەمەی قاقایانێیان دەکرد، بەڵام چەندی بۆیان کرابا، تێکەڵی منداڵان نەدەبوون، دوو بە دوو دەمانەوە، دوو بە دوو بە سەر دیواری کەلاوەکەدا کە شەقاوێك بەرین دەبوو، غارغارانێیان دەکرد، ئەو کەلاوەیە بە قسەی مام گەڕیدە سەردەمانێك کۆشك و

تەلاری پڕ لە باخ و باخچە بووە، لە بن زوورگەکانەوە جۆگەی ئاوی بۆ هاتووە، جێی جۆگە ئاوەکە ئێستاش دیارە، لەو بەری ماڵی کوڕی داربیشەوە ئەو شوێنەی سەربازەکان لێیان هەڵدابوو، جۆگەکە شوێنەواری ماوە. مام گەڕیدە زۆر جار دەڵێ:

ئەو تەلارە زۆری ویست تا بووە تەلار و پادشای بەغدا سەردانی دەکرد..

تۆڵەستێن دەڵێ:

ئەو رۆژەی ئاگری گرت و تالان کرا، با پەڕی نیوە سووتاوی کتێبەکانی لە شار دەگێڕا..

ئێستاش تەنها چەند لا دیوارێکی ماوە و منداڵانی داربی بە سەریدا غارغارێنی دەکەن،

دارخورما تا سەرهەڵدەبڕی بڵندە، کوڕی داربی هەر کەڕەتێ لێیدەڕوانێ قسەکەی مام گەڕیدەی بیردەکەوێتەوە:

ئەو دارخورمایە پیرە تەمەنی منی هەیە، ئەوەیە من کووڕ بوومەتەوە، بەڵام ئەو وەك سەردەمی لاوی بە قیتی ماوەتەوە..

قەدی دار خورما ئەستوورە، زۆر ئەستوور، کچ لەو دیو، کوڕ لەو دیوە باوەشی پێدا دەکەن، کوڕ چەند حەزدەکات، دار خورما هێندە ئەستوور نەبا و بۆوەی سەر پەنجەی دەگەیشتە پەنجەی کچ، نەگەیشتێ، ویستی فێڵێك بکات، بەلای راستا هەندێك بخزێ، نەخزی، شەرمیکرد، ئاشکرادەبوو، ئەوە یەکەم گەمەی منداڵانی داربیە لە بن دارخورما..

قەدی خورما کون کونە، پێدەچێ هەمووی جێی گوللەبێ، منداڵانی داربی لە یەکەم دیداری دارخورماییان کونی گوللەیان دەژمارد، (یەك، دوو، دە..) لێیان تێکدەچوو، نەدەژمێردرا، پیاوێك کە ماڵیان هێندە لە دارخورماکە دوور نەبوو، جارێك بە سەردا هات، لێی پرسین:

ئەوە چی دەژمێرن؟

کچی داربی وەڵامیدایەوە:

جێی گوللە دەژمێرین..

پیاوەکە بە پێکەنینەوە:

خۆ ماندوو مەکەن، ناژمێردرێ، ئەوە لای خوارەوەتان ژمارد، ئـەدی لای سـەرەوە خۆ نایگەنێ..

کوڕی داربی خۆی کڕکردووە، کچی داربی پرسی:

تۆش نەتژماردووە، نازانی جێی چەند گوللەی پێوەیە؟

پیاوەکە:

کچم کێ دەزانێ! هێندە گوللەی بۆ ئەو دارە هاتووە، مەگەر مام گەڕیدە هێنـدەی بۆ هاتبێ!

کوڕی داربی بە سەر سوڕمانەوە:

تۆ مام گەڕیدە دەناسی؟

پیاوەکە:

کەس هەیە مام گەڕیدە نەناسێ..

کوڕی داربی لێی بووە مەراق، دەبێت بزانێت جێی چەند گوللە بە دارخورماوەیـە، کچی داربی رێی بۆ دانا، بە پێی قسەی پیاوەکـە ئەگـەر بزانێـت مـام گەڕیـدە چـەند گوللەی بۆ هاتووە، ئەوا جێ گوللەی دارخورماکـە دەزانـرێ، کـوڕی داربـی رێیەکـەی کچی داربیی بە باش زانی، لە مام گەڕیدەی پرسی، مام گەڕیدە شتێکی وای گوت:

نازانم، رەنگە هێندەی پەلکی داربیەکە گوللەم بۆ هـاتبێ، بـەڵام تـەنها حـەفتیانم بەرکەوتووە..

وەلامی مام گەڕیدە مەراقەکەی پتر کرد، کچی داربی لە کوڕی داربی پتر مەراقی ژماردنی کەوتە سەر، پەلکی داربی ناژمێردرێ، کچ و کوڕی داربی بڕیاریان دا کونەکانی دارخورما بژمێرن، سەریان هێناو سەریان برد ئەو هەموو کونە چۆن بژمێرن، لە بەهارێکدا رێیەکی باشیان دیتەوە، هەرجارەی هەندێکیان دەژمارد، بە قەڵەمبڕ خەتێکیان لە نێوان ژمێردرا و نەژمێردراو دەکێشا، ژمارەکەیان هەر لە قەدی دار خورماکە لە بن خەتە کێشراوەکە دەنووسی، رۆژی یەکەم نزیکەی گەزێك لە قەدی دارخورمایان خستە ناو خەتی ژمێردراوەوە، پێدەچی ئەو گەزەی بەژنی دارخورما کە خوارەوەیە، سەر زەویە، لە هەموو جێیەك کەمتر گوللەی بەرکەوتبێ، لەو گەزە بۆ سەرەوە پتر جێی نیشانەی سەربازەکان بووە، بن دار خورما بۆ کوڕی داربی پڕپڕە لە سەرهاتی ناسك ناسك، وەك دەنگی کچی داربی ناسك، کوڕی داربی لە بیریەتی کچی داربی لە بن داربی مەمکی کرد، بەلام لە بن دارخورما پڕیکرد..

رۆژێکی پایزی بۆنی باران کۆلانی پڕکردبوو، کوڕی داربی پشتی بە داربی داوە، دیارە لە چاوەڕوانی کێ راوەستاوە! بە بن تاوە بارانێك کە چ لە بارانی پایز نەدەچوو، کچی داربی تەڕ تەڕ گەیشت، ماکسیەکەی بە لە شیەوە نووسابوو، چاوی کوڕی داربی کەوتە سەر سینگی کچی داربی، دیتی دوو شتی خڕ بە دوورایی سێ چوار پەنجەیەك لە یەکتر دوور، بە بن ماکسی نارنجیەوە قیت بوونەتەوە، شێوەیان لە هەناری گچکەی دەکرد، سەری داخست، شەرمی لە هەنار کرد، ئیدی لەوە دوا بە تی چاو نەبا چاوی نەدەدایە سینەی کچی داربی..

رەنگە بەهاری دوای پایزی مەمککردن بووبێ، لە بن دارخورما، دوو بە دوو بە بەردی بەستێ قاقایانێیان دەکرد، کوڕ و کچی داربی هەمیشە بە بەردە جوانەکانی بەستێ ئەوانەی رووبار دەیهێنان، قاقایانێیان دەکرد کە تەواویش دەبوون، دەیانخستنە پەڕۆکێکەوەو لە بن خۆڵیان دەشاردەوە، تا کەس نەیاندزێ، بەردەکان زۆر جوانن،

کەس بەردی وا جوانی نیە، لە هەڵبژاردن و دیتنەوەی بەردی جوان، کێ دەگەیشتە منداڵانی داربی، لە ساتی قاقایانێ، بەردێك لە بەردە جوانەکان لە دەستی کوڕ دەرچوو، نەگیراوە، بە توندی سینگی کچ گرتیەوە:

وەی سینگم!!

کوڕی داربی شلەژا:

ئەی، نەمزانی..

کچی داربی لەبەر ئێشی سینگی نەیزانی چی بکات، کوڕی داربی چاوی لێیە، کچ دوو دوگمە لە سێ دوگمەی یەخەی کردەوە، ماکسیەکی سووری لەبەر بوو، پەنجەی بە جێی بەرددا دێنا، کە نێوان هەردوو مەمکی گرتبوو، هەستیکرد هەنارەکان تەواوێك گەورە بوونە، نێوان هەنارەکان سپی بوو زۆر سپی، کوڕ لە هیچ شتێك سپێتی وای نەدیتووە، لە بەفری سەر لق و پۆی داربیەکەش سپێتی وای نەدیتووە، سەری داخست، حەزیدەکرد وەك سەردەمی زۆر منداڵی جێی بەردەکە ماچ بکات، تا ئازارەکە کەم بکاتەوە، هاتەوەبیری جارێك بە هەڵە بەردێکی هاویشت و بە راستی بە قۆڵی کچی داربی کەوت، گریا، بەلاّم بە ماچێکی کوڕی داربی کە لە جێی بەردەکەی کرد، گریان نەما، خۆزگەی خواست ئێستاش وەك هەینێ با، تا بە ماچێك ئازاری سینگی شکاندبا و چی لە دڵ نەهێشتبا، کچ دوای نەمانی ئازار بە پێکەنینەوە:

تۆڵەی کوڕە گوڵینگدارەکەت لە من کردەوە..

کوڕی داربی هێندەی نەمابوو، بگرییێ:

ها، سێ بەردم لێدەوە

کچی داربی:

دڵم نایە، دەی با گەمە بکەین.

لەو رۆژەوە کوڕ بە تی چاویش شەرمیدەکرد لە سینەی کچ بڕوانێ..

دەژمێرن، ئەو ڕۆژانەی بە تەنێن، منداڵانی داربی کونەکانی قەدی دارخورما دەژمێرن، دەستیان ناگاتێ، دەبێ پێداهەڵگەڕێن، هەڵگەڕان بە دارخورما ئاسان نیە، پەتکی دەوێ، چەند بزمارێکی گەورەش پێویستە، لەو جێیەی دەست دەیگاتێ، پەتك بە توندی لە بەژنی دارخورما دەئاڵێنن، دوو سێ بزماریشی لێدەکوتن، پەتك نابزوێ، بە سەری شۆڕبۆوەی پەتکدا هەڵگەڕێ، ئێستا تا ئاستی پەتك و بزمارەکان کونەکان ژمێردراون، ئەو ئاستە بووە جێگەی پێ، لەگڵ ژماردنی سەرەوەترن، پەتێکیدی لە سەرەوە دەئاڵێنن، منداڵانی داربی بە نۆرە بە دارخورمادا سەردەکەون، ئێستا نۆرەی کچە، کوڕ لە خوارەوە لە سەر پشت ڕاکشاوە، ماندوو دیارە، تەماشای کچ دەکات دەڵێی سمۆرەیە هەڵدەگەڕێ، چاو، وای لە چاو، جێی سەیر دەبینێتەوە، چاویش لە سمۆرە دەچێ، بە جێی ترسناکدا هەڵدەگژێ، چاوی کوڕ ئێستا لە نێوان ڕانەکانی کچە، زوو دایخست، نەیهێشت چ ببینێ..

کوڕی داربی ترسا، لەرزی، تۆبەی کرد کە جارێکیدی لە ساتی هەڵگەڕانی کچی داربی بە دارخورمادا، لە سەر پشت ڕانەکشێ..

کوڕی داربی وێنەیەك لە وێنەکانی بن دارخورمای بە شێوەیەك لە دیدە و خەیاڵی پاراستووە، مەگەر وێنەی کرێمستیەکەی وا پاراستبێ، عەسرانێکی درەنگە، کچ چووە چێڵەکان بگێڕێتەوە، کوڕ لە بن دار خورما لە سەر پشت ڕاکشاوە، سەری بە بەردێکی درێژکۆلە کردووە، ئەگەر بەرگی تێهەڵکێشی، شێوەی باڵیفێکی باریکەلە دەدات، دنیا کەمێك گەرمە، دوو قۆپچەی لە کراسە شینەکەی کردۆتەوە، گوێی لە دەنگی پێی کچە، وەك بڵێی پێی شەرمە سینگی ڕووت بێ، قۆپچەکانی دادەخاتەوە، چاوی لێیە کچ دێ دێ، لە تەنیشتی ڕادەکشێ و سەر دەخاتە سەر سەرینە بەردینیەکە، سەرین جێی دوو سەری لێدەبێتەوە، کچ دەست بە قسەدەکات، بەڵام کوڕ چ لە قسەکانی تێناگات، لە شەرمان دەلەرزێت، کوڕ کە تەنها شانی بەر شانی

کچ کەوتووە، چەند تالە قژێکیش پەڕیونەتە سەر شانی، لە شانەوە گەرمایی لەشی کچ دەڕژێتە لەشیەوە، ئەو گەرمیە زۆر تایبەتە، کوڕ جاری یەکەمە گەرمیی لەو شێوەیە هەست پێبکات، بەرگە ناگرێ، دەیەوێت رابکات، ناتوانێت، وەك بڵێی بە تاڵە قژەکان بەسترابێتەوە، کچ قسان دەکات کوڕ هەر دەنگ دەبیستێ و وشەیەك چیە تێنەگەیشت، کوڕ بەستراوەتەوە و خۆی رادەپسکێنێ، هێز دەداتە خۆی هەڵدەستێ و کەمێك دوور دەکەوێتەوە، کچ هەر راکشاوە، کوڕ ناوێرێ تەماشای بکات، دەچێتە لای چێڵەکان، تا کچ قیت نەبۆوە، کوڕ نەهاتەوە بن دارخورماکە..

ئەو رۆژەی چوونە (شیرین بەهارە)ش بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، کوڕی داربی خۆی کورژکردبۆوە دەترسا جێیەکی بەر جێیەکی کچی داربی بکەوێت، بەلاّم لە ساتی چەپڵەلێدان قۆڵ و باسکیان لە یەکتر دەخشا، کوڕی داربی دەیویست چەپڵە لێنەدا، بەلاّم شیرین بەهارە بەردی دەهێنایە جۆش و خرۆش، مام گەڕیدە بەو تەمەنەوە هەڵدەستاوە سەر پێ و چەپڵەی لێدەدا کوڕی داربی گوێی لێیە دەڵێ:

ئای! حەسەن زیرەکیش لێرە با، ئەوجا خۆش دەبوو..

دایك و باوك هەر رانەدەوستان، کوڕی داربی دەبینێ لەو لاوە خانزاد دەسماڵ رادەوەشێنێ، دەبینێ، گوڵێ تەزبێحێکی قەزوانی درێژ بە سەری پەنجە هەڵدەسووڕێنێ، دیدار هەستاوەتەوە و فیکە لێدەدات، سەلاح کە لە پۆڵ لە تەنیشتی دادەنیشت، چۆتە سەر شانی پیاوێك ودەست هەڵدەشەقێنێ، کوڕی داربی یەکەم جاری بوو شیرین بە هارە ببینێ، هەر لەوە رۆژەوە منداڵان ناویان لەو پیاوە نا شیرین بەهارە، ئەو پیاوەی گەورەکان پێیان دەگوت(خارە تایەر) ئەو پیاوەی شاری هێناوەتە خرۆش، ئەو پیاوەی جەمەدانیەکەی لە شێوەی تۆڵەستێن بەستووە، بە دەنگێك دەڵێی لە ئاسمانەوە هاتووە، دەچریکێنێ:

شیرین بەهارە، بەهارە، بەهاری شادان...

کوڕی داربی لە نێوان شیرین بەهارە و کچی داربی، دێت و دەچێت، دەمێك لەگەڵ ئەودا دەڕوات و دەمێك دێتەوە لای کچی داربی، جار جارە تی چاوێکی دەداتیێ، ناوێرێ لە سەری رابگرێت، وەك بڵێی بەرگەی سەیرکردنی دەم و لێو و روومەتی ناگرێت کە لە پێکەنین و شادی شێوەی دنکە هەناریان گرتبوو، پتر تەماشای دەست و پەنجەی دەکرد، چەند ناسك بوون، چەپڵە ناسکتری کردبوون، بە ئاستەم گوێی لە بابە:

من لەو شیرین بەهارە تێر نابم..

دەبینێ، دایك بزەیەك دەکات:

چونکێ ناوی منی تێدایە!

باب بە پێکەنینەوە:

هەر وایە

لە هەستاندا وێنەیەك لەگەڵ شیرین بەهارە دەگرن، لە وێنەکە منداڵانی داربی لە پێشەوە لە تەنیشت یەکتر راوەستاون، گوڵێش لە وێنەکەدا دەردەچێت..

گەڕەك رۆژ دوای رۆژ ئاوەدانتر دەبێ، ماڵی گوڵێ دوورتر دەکەوێتەوە، کەمتر دەبینرێ، بەڵام هەواڵی دەگات، حەفتەیەکە وازی لە قوتابخانە هێناوە، دەڵێن، مامۆستایەك لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت:

قاچپە هێندە دەمدرێژی مەکە..

گوڵێ بێ و وەڵام نەداتەوە! دەڵێ:

بە داکت بڵێ دەمدرێژی نەکات و خۆشت قاچپەی..

مامۆستا بە دارەوە بۆی دەچێت، قوتابیەکەی تەنیشتی ئاگای لێیە، گوڵێ خێرا تەنوورەکەی کەمێك هەڵدەداتەوە، دەست بە ناو رانی خۆیدا دەکات و چەقۆیەك دەردەهێنێ و بۆ مامۆستا دەچێت، مامۆستا دەقیژێنێ و هەڵدێ، دەردەپەڕێ،

دەرگای حەوشە داخراوە، گوڵێ بە سەر دیواردا ئاودیو دەبێ، هەر ئەو ئاودیوبوونەیە و ناگەڕێتەوە..

لە پشت ماڵی کچی داربی، لەو بەری کەندێ بەلای خوارەوەدا حەفتە نیە چەند خانوویێك قیتنەبێتەوە، ئەو خانووانەی خوارەوە، ئەوانی نزیك جادە قیڕەکە، کە دەڵێن زیادەڕۆنە، تێکدەدرێن و خاوەنەکانیان دێن لەو دەوروبەرە خانوو درووستدەکەن، ئەوها بڕوا، ساڵێك نابا، لە گەڕەك پارچە زەویەك بە بەتاڵی نامێنێتەوە، کوڕی داربی خەمی ئەوەیەتی تەنیشت ماڵی ئەوانیش بکرێتە خانوو، جێگەی تۆپانێیان لێ بگیرێ، ئێستا لە لە پشت ماڵی کچی داربی بناخەی خانوویێك لێدەدرێت، هێشتا تەواو نەبووە، هێشتا ماڵی نەهاتۆتێ، کوڕی داربی لەگەڵ کوڕەکەیان بووەبرادەر، قەت کوڕی داربی نەبووە، وا زوو لەگەڵ کەس ببێتە برادەر، بەڵام دیارە چاوی دیدار نهێنیەکی تێدایە رایکێشا و بوونە برادەر، رەنگە لە رێی دیدار و کوڕی داربیشەوە بووبێت، بابیان بوونە برادەر، بابی دیداریش پێشمەرگە بوو، بەڵام کوڕی داربی کچی داربی بە کەس نادا، ساتەکانی بێ کچی داربیی لەگەڵ دیدار دەبردە سەر..

داربی ئاوەدانە، جگە لە مام گەڕیدە و نەنە خان، منداڵانی داربی، جارجارەش دیدار، خوشك و براکەی کوڕی داربیش کە سەرپێکەوتوون، خوویان بە بن داربیەکە گرتووە، تا دەگەنێ خۆیان لە قوڕ و چڵپاو وەردەدەن، دێن وەك دوو کۆتر لە سەر سەکۆیەکە هەڵدەنیشن، دەمەو بەهارە زۆری نەماوە نەورۆز بێتەوە، دەنگی کۆستەرەکە بێ و سوار بن و بچنە نەورۆزێ، کوڕی داربی هەستدەکات لە سیمای مام گەڕیدە خەفەتێك دیارە، نازانێ چیە و ناشپرسێ، بە سیمای نەنەخانیشەوە خەفەتەکە دەبینێ، دواتر خەفەتەکە پەڕیەوە سیمای دایك و باوکیشی، کوڕی داربی کەوتە گومان لە چاوی خۆی، پێیوابوو چاوی کەوتۆتە هەڵەیەکەوە، دەیویست بپرسێ،

دەیگێڕاوە، بە خۆی نەوەستا لە کچی داربیی پرسی، وەلاّمـی ویـش زۆر روون نـەبوو، کوڕی داربی چیدی بەرگەی نەگرت، لە مام گەڕیدەی پرسی:

+ هەموو خەفەتبار دیارن...

- هیچ نیە، رادیۆ قسەی ناخۆش دەکات.

+ رادیۆ!

ئێوارەیەك لە چاوی کوڕی داربی ماڵ و گەڕەك بە شێوەیەك شـلەژا دەتگـوت لـە گەردەلوولدا گێژدەدا، هەموو تێکدەسووڕان بێ ئەوەی شـتێك لێـرە هـەڵبگرن لـەوێی دانێن، بێ ئـەوەی قسـەیەکی روون بکـەن، مـاڵی کچـی داربـیش هاتبوونـە ماڵیـان، تۆڵەســتێن، تفەنگەکــەی خاوێنــدەکردەوە، چــاوی لــە ســەر ژن و منداڵــەکانی هەڵنەدەگرت، مام گەڕیدە چاوی لە تۆڵەستێن بڕیبوو، دەیگوت:

دەمزانی وای لێدێ، خۆزگە منیش لە سەر شنگ و تین دەبووم..

دایك ئەو دایکە سوور وسپیەی لە هەنار هەنارتربوو، ئەو شەو رەنگی خۆڵەمێشی گرتووە، چاو لە سەر تۆڵستێن هەڵناگرێ، لە دەوری دەسووڕێ، کەنتۆڕەکە دەکاتەوە، سێ چوار کراسی بۆ دێنێ، نازانی کامیانی بۆ دانێ، گۆریەی بـۆ دێـنێ، پـێلاّوی بـۆ خاوێندەکاتەوە...

باب دەبێت بڕوات، خوا دەزانێ ئەو جارە چەندی پێدەچێت، جاریدی هەشت ساڵێك بوو، باب سەرەتا ئامێزی بە مام گەڕیدەدا کرد، منداڵانی داربیی پێکەوە لـە ئـامێز گرت، منداڵە گچکەکانی گوشیە خۆیەوە، دایك لە پێشی راوەستاو گوتی:

خەمی منداڵەکانت نەبێ، ئاگات لە خۆت بێت.

یەکتریان ماچ کرد، دایك گریا، بە کوڵ گریا..

باب دەڵێ:

مەگری، زوو یەکتر دەبینینەوە..

باب رۆیی، هەر باب نا، براکەی کچی داربیش رۆیشت، پیاوە هەمەدانیەکەش هات و لەگەڵ تۆڵەستێندا رۆیشت، گوڵێش کورتەك و شەروالێکی لەبەرکردبوو، پرچی لە ناو جەمەدانیەکەی خڕکردبۆوە، دەتگوت کوڕە، چەندی خەڵك هەوڵیان دا نەڕوات، رۆیشت، گوڵێ خۆی کردە پیاو و لەگەڵ پیاوان رۆیشت، پیاو لە گەڕەك نەما، کوڕی سەرەوەی شازدە وحەڤدە لە گەڕەك نەما، هەموو هاتن و بەگەڵ تۆڵەستێن کەوتن و بەو رێیەدا رۆیشتن کە بە تەنیشت جێ جۆگەی ئاوەکەوە بوو، ئەو جۆگەیەی زوو لە بن زوورگەکانەوە ئاوی دەهێنایە شارەوە، هەموو رۆیشتن، ئەوەی لە گەڕەك مایەوە تەنها مام گەڕیدە و شەلەی شامینۆکفرۆش بوو، ئەو شەوە کوڕی داربی نەنووست، لە پێش دەرگا تەماشای رێی ئەو بەری کەندێی دەکرد، دەیدیت شار هەر هەموو شار بەو رێیەدا شار بەجێدێلن و رووەو زوورگەکان رووەو چیا رێیانگرتووە، کوڕی داربی کە رۆژبۆوە، تێگەیشت شار پیاوی تێدا نەماوە، بە چەکدار و بێ چەکەوە، بە پێشمەرگە و پۆلیس و کرێکار و بێ کار و فەرمانبەر و زۆر مامۆستاوە، هەر هەموویان رێی چیایان گرتووە و لە شار نەماون، منداڵانی داربی لەرێی ئەو بەری کەندێ شتی سەیریان دەدیتەوە، کڵاوی پۆلیس، کاسکێت، کاسێت، پاکەتی جگەرە، پاکەتی پەنیر، پاکەتی فیشەك، جڵکی بنەوە، پێنووس، زۆر شت، دەفتەرێکی کچگەی بەرگ قاوەییش، کوڕی داربی لە شتە کەوتووەکانی سەر رێ و دەو رێ تەنها دەفتەرەکەی بە لاوە گرنگ بوو، بردیەوە، هەندێکی بۆ مام گەڕیدە خوێندەوە..

کوڕی داربی دەبینێ شار خامۆشە، دەڵێی خۆڵ و دۆی بە سەردا کراوە، شار چۆلە، تۆڵەستێن رۆیشت و شاری لەگەڵ خۆی برد، بەڵام رۆژی دواتر دەیدیت خەلك قل قلە دێنەوە، منداڵانی داربی لەبن گەڵای تەڕی داربیەکەوە، دەیانژماردن، یەك دوو سێ، وردە وردە شار پیاوی تێکەوتەوە، پیاو پەیدابوونەوە، ژیان جۆرێك جوولەی

تێکەوتەوە، کوڕی داربی گوڵێی دیت، بە تووڕەیی هاتەوەو لە کۆڵانی بە دەنگی بڵند دەیگوت:

پێکیان نەکردم، چەکیان نەدامێ..

مام گەڕیدە کە گوڵێی زۆر خۆشدەویست، بانگیکرد و دڵی دایەوە:

گوڵێ، کچە ئازاکەم، قەیناکە، گەڕەك پیاوی تێدا نەماوە، تۆ ئاگات لێمان بێت..

چاوەڕێی باب و برا بوون بە دیارکەون، بەڵام مام گەڕیدە زوو کوڕی داربیی لە باری چاوەڕوانی دەرهێنا:

کوڕم، بابت زۆری پێدەچێت لەگەڵ ئەو خەڵکە نایەتەوە.

کوڕی داربی باوەڕی بە قسەی مام گەڕیدە هێنا، بە رۆیشتنی تۆڵەستێن و زۆریدی، زۆر شت گۆڕا، هەر زوو ئەی رەقیب و پێشمەرگە و شەهیدان و زۆر سروودیدی لە قوتابخانەو و کۆڵان و بازاڕ کۆکرانەوە و بە پچڕپچڕی و پڕ لە غژەغژ چوونەوە رادیۆکەی مام گەڕیدە، شەوان بە دزیەوە گوێیان لێدەگرتن، کوڕی داربی یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەی دوای بزربوونەوەی تۆڵەستێنی لە بیرناچێتەوە، لەگەڵ کچی داربی بە ترس و لەرزەوە، بە خەفەتباریەوە، رێی قوتابخانەیان گرت، لەو جێیەی لێکجودابوونەوە، پتر ترسان، وەك جاری جاران لە گۆڕەپانەکە ریزبوون، حەسەنە فەندیی بەرێوەبەر قسەی کرد:

لەمەودوا ئەو سروودانە نالێینەوە کە پێشتر دەمانگوتەوە.

لە لایەکەوە (ئەی رەقیب) بەرزبۆوە، بەڵام حەسەنە فەندی وجێگرەکەی بە دار بێدەنگیانکرد، لەو دەمە کوڕی داربی گوێی لە مامۆستایەك بوو:

ئەی رەقیب بێ دەنگ ناکرێ.

کوڕی داربی چاوی لە برادەرەکانی گێڕا، هەندێکیان نەمابوون، مامۆستای زللەش دیار نەما، لە هاتنەوە دیتی کچی داربی بە کوڵ دەگری:

+ چ بووە؟

- دوو برادەرم چیدی نایەنە قوتابخانە..

منداڵنی داربی لە رێ لە نێوان خۆیان گفتوگیان لـە ئەگـەری هاتنـەوە سـەرباز و گوڵینگدارەکان دەکرد..

بە چوونی تۆڵەستێن زۆر شت چوو، ئەوە نەورۆز هات و کەس لە مـاڵ دەرنەچـوو، کەس دیاریەکی نەهێنا کوڕی داربی هەستدەکات دەشت و دەریش، ئاقاری ئەو بـەری کەنـد تـا دارخورماکـەش کەسـکایی بـەهارەکانی پێشـووی نیـە، دایکـیش خـۆی ناڕازێنێتەوە جلکە جوانەکانی هەڵگرتەوە، نەنە خانیش ترس دایگرتووە و بەردەوام لە چۆکی خۆی دەدا و وەیش وەیشیەتی، مام گەڕیـدە دڵـی دەداتـەوە، بـەڵام بەلاشـە، ، زۆری نەبرد چێڵەکانیش نەمان، دارخورماکـە وەك سـەردەمی سـەربازەکان بـە دووری مایەوە، کوڕی داربی دەیگوتە کچی داربی:

+ ئەرێ کونەکانمان تا چەند ژمارد؟

- لە بیرم نیە، بەڵام هێشتا زۆری مابوو..

دوای بزربوونەوەی تۆڵەستێن چی وەك خۆی مایـەوە؟ لـە چـاوی کـوڕی داربیـەوە تەنها داربیەکە وەك خۆیەتی گۆڕانی بە سەردا نایە، باڵنـدەکان لـە خوێنـدن ناکـەون، پەلکەکان کەسك کەسك، لە ناو پەلکانەوە بارانێك دێتـە خـوارێ، دەڵێـی لـە پرچـی کچی داربیەوە دێ، کوڕی داربی هەسـتدەکات، پرچـی کچـی داربـی پرچـێکە چ پـرچ نایگاتێ، نە پرچی دایکی، نە پرچی خانزاد، نە پرچی ئایشە و فاتمە..بن داربـی هـەر ئاوەدانە، چۆل چۆل بێ شەش کەسـی لێیـە، خوشـك و براکـەی کـوڕی داربـی کـە بـە دەوری داربیەکـە دەخوڵێنـەوە و دەکـەون و هەڵدەسـتنەوە، پێدەکـەنن و دەگـرین، ئەوانیش پێدەچێ هەستیان بەو گۆڕانە کردبێ کە بە سەر ماڵ و کۆڵاندا هاتووە، ئەوە نیـە هـەر(بابـە بابە)یانـە و کـەس وەڵامیـان ناداتـەوە، لـە دوای ئەشـقیابوونەوەی

تۆڵەستێن خاڵی کوڕی داربی کە بە مۆسکۆیی ناوی دەرکردبوو، زوو زوو سەردەدات، هیچ جارێکیش دەستبەتاڵ نایە، دەست بە سەر منداڵەکاندا دێنێ، لە باوەشیان دەگرێ، چوکلێتیان دەداتێ، بەلاّم کێ جێی باب دەگرێتەوە، کوڕی داربی هێندە حەز لە چارەی خاڵی ناکات، دێتە بیری جارێك باب و خاڵ بووە قڕەقڕیان و هێندە نەمابوو دەمانچە لێکدی راکێشن، باب دەیگوت:

تۆ بەکرێگیراوی رووسیا و سەدامی..

خاڵ دەیگوت:

تۆ بەکرێگیراوی ئەمریکا و شای..

مۆسکۆیی بە تووڕەیی هەستا و نەهاتەوە، تا تۆڵەستێن نەڕۆیشت، پێی نەنایە ئەو ماڵەوە،کوڕی داربی ئەودەمانێ لەو هەموو بەکرێگیراوانە تێنەدەگەیشت، بەلاّم بێ چەند و چوون لایەنگیری بابی گرت و لەودەمەوە حەز بە چارەی خاڵی ناکات..

لە چاویان دیارە دایك و مام گەڕیدە لە سەر ئاو و ئاگرن، کوڕی داربیش هەمیشە چاوی لەو رێیەیە کە تۆڵەستێن پێیدا رۆیشت، لەو شەوەی دەرچوو هەواڵی نیە، بەلاّم تا نزیك دڵنیایی دڵنیایە کە باوکی زیندووە، ئەوەی شەوان گوێ بداتە رادیۆکەی مام گەڕیدە دەزانی چ پێشمەرگەیەك شەهید بووە، ناوی شەهید دەخوێندرێتەوە، ژمارە و زۆر جار ناوی سەرباز و جاشی کوژراو دەخوێندرێتەوە، کوڕی داربی دڵی زۆر خۆشە بە ژمارەکان، بەرانبەر یەك پێشمەرگەی شەهید بیست و پتریش سەرباز و جاشی کوژراو هەیە، لەو ساتانەی رادیۆ دەبێتەوە تا ناوەکان دەخوێندرێنەوە، دەستی لە سەر دڵیەتی و دەپاڕێتەوە کە ناوی باوکی تێدا نەبێ، کچی داربی لە نیگەرانیی کوڕی داربی تێدەگات، پێیدەڵێت:

خەمی بابت نەبێت، ناوی ناخوێندرێتەوە.

بەو قسەیە ئاهێکی دێتەوەبەر، قسەی کچی داربی بۆ کوڕی داربی وەك دەرمانـە، ئێستا وا لە کەندەکە بە دوای بەرددا دەگەڕێن، پێش کـەمێك پرووشـاندی، هەورەکەی رەواندەوە، رۆژ بە دەرەوەیە، لە نـاو کەنـدێ، کەنـدی وشـك، لـە بەرانبـەر یـەکتر لـە سـەر دوو بـەردی تـەواوێك گـەورەی دوو شـەقاوی منداڵانـە لێکـدی دوور دانیشتوونە، نازانم کچی داربی، بەڵام کوڕی داربی گەڕاوەتەوە سەردەمی تۆڵەسـتێن، سەرکەوتنی سەر مناره و پیاسەی نێـوان هێلـی ئاسـنین و غارغـارانێی سـەیرانەکان، خشخشـۆکەی سـەر قـەرات، کچـی داربـی بـە رسـتەی (کەنـد بـێ ئـاو جـوان نیـە) دەیهێنێتەوە ناو کەندێ، لە هەستاندا چ ببینن! بـە پانـایی کەنـد و بـە بڵنـدایی ئـەو بەردانەی لە سەری دانیشتبوون، ئاوی شێلوو لە سەر چنگ بە نەرمە غار دێـت، پـێ بە پێ وشکایی دادەپۆشێ، منداڵانی داربی یەکەم جارە شتی وا ببینن، رووبار بە بێ باران هەستێ و سەرەتاکەی لە دوورەوە و لە بـەر چـاوانەوە دەسـتپێبکات، ترسـان و هەڵاتن، تا گەیشتنەوە بن داربیەکە رووبار تێپەڕی، رووبار لە هەڵاتنی ئـەوان تیـژتر بوو، مام گەڕیدە گوتی:

مەترسن چ نیە دیارە لە زوورگەکان بارانە..

زۆری نەبرد ئاو گەیشتە بن دیوار، کوڕی داربی ترسا، لە بەر خۆیـەوە دەیگـوت(خۆزیا بابم لێرە با)، زوو بە بیری هاتەوە کەند دوور خراوەتەوە، ترسەکەی رەویەوە، ژن و منداڵ رژانە دەو کەندێ، چاوی گێڕا خانزاد نەبوو، سەری سوڕما، چۆن دەبێ رووبار هەسـتێ و خـانزاد بـە دیاریـەوە رانەوەسـتێ، پێشـتر شـتی وا نـەبووە، دەبـێ لەبـەر ئەوەبووبێ کە لافاوەکە لـە خـۆوە هەسـتا! دواتـر کـوڕی داربـی نـاوی لـەوە نـا(ئـەو لافاوەی لە خۆوە هەستا)، بەرە بەرە کەنـد نیشـتەوە، منـداڵانی داربـی پەلەیانـە لـە نیشتنەوە، چەندی زووتر بنیشێتەوە زووتر دەگەنە بەردە جوانەکان، گەیشتنێ، کوڕی داربی دەیگوت:

با زۆر خڕبکەینەوە لەوانەیە ئەوە دوا رووبار بێ، تا ساڵێکیتر نەیبینینەوە..

کچی داربی بە پێکەنینەوە:

خوا ئەو رووبارەی لە بەر خاتری من نارد، چونکە حەزم لێیبوو..

لەو قسانە بوون لە لای حەسارەکەوە دەنگی دوو سێ گوللە هات، زۆری نەبرد گەڕەك رژانە حەسارە گەورەکەوە، ئەو حەسارەی ماڵی خانزادی تێدابوو، منداڵانی داربی ناویان لەو حەسارە نابوو حەساری خانزاد، چ بوو، چ بوو؟ ((خانزاد خۆی کوشت))، ئەو رستەیە بووە رستەی گەڕەك، هەموو گەڕەك دەیگوتەوە، تەنها گوڵێ رستەیەکی جیا لەو رستەیەی هەبوو:

((خانزاد خۆ ناکوژێت))

دەیانگوت خانزاد دوو گوللەی بە نێوان هەردوو مەمکی خۆیەوە ناوە و گوللەیەکیش بە ناو دەمیەوە، حەسار سوور بوو لە خوێنی خانزاد، خانزدا خانزاد، گەڕەك هەموو خانزاد خانزادی بوو، کوڕی داربی لە بن فرمێسکەوە تەماشای هەر کێی دەکرد،دەگریا، کچی داربی گریا، دایك گریا، مام گەڕیدە گریا، نەنە خان گریا، کێ نەگریا! گەڕەك هەمووی بۆ خانزاد گریا، تەرمی خانزادیان لەو گۆڕستانە ناشت کە دەکەوێتە سەر ڕێی دارخورماکە و لە سەر کیڵەکەشی هیچیان نەنووسی، پرسەشیان بۆ دانەنا، حەمەد و جەباری قورئانخوێن لە سەر خانزدا بووە شەڕیان، بە ئایەت و فەرموودە بەربوونە گیانی یەکتر، جەباری قورئانخوێن دەیگوت خانزاد دۆزەخیە، چونکە خۆی کوشتووە، حەمەدی قورئانخوێن دەیگوت وا نیە، خانزدا دوور نیە بەهەشتی بێ، چونکە کوشتنەکە دیار نیە، کەسیان نەبەزی، دەروێش برایم لێکی کردنەوە و بە رستەی (ئێوە چین تا خەڵك بۆ بەهەشت یان دۆزەخ بنێرن!)) دارێکی بە نێوانیاندا هێنا، کوڕی داربی لەو رۆژەوە دوژمنی بووە جەباری قورئانخوێن..

منداڵانی داربی چەندی سەر دێنن و سەر دەبەن، سەرەدەری لە خۆکوشتنی خانزاد دەرناکەن، بۆچی خۆی کوشت؟ چۆن وێرای تەقە لە خۆی بکات؟ چی وای کرد..پرسیاریان لە یەکتر دەکرد، وەڵامی چی! لە دایکیان پرسی، خانزد بۆچی خۆی کوشت؟ لە مام گەڕیدە و نەنەخانیان پرسی، لە کێیان نەپرسی، کچی داربی لە قوتابخانە لە مامۆستایەکیشی پرسی بوو،خانزدا بۆچی خۆی کوشت؟ وەڵامێکیان دەستنەکەوت..

دوای چەند رۆژێ، لە رێی نانەواخانە کەتازە لە پشت ماڵی نەنەخان کرابۆوە، کوڕی داربی لەژنانی پێش دەرگا رستەیەکی ترسناکی بیست: ((خانزاد بە دەستی براکەی کوژرا))، ئەو رستەیە کوڕی داربیی هەژاند، لە بیریەتی نانەکەی کە خستبووە سەرنانەوە لە دەست کەوت و کەوتە ناو چڵکاوەکە و هەڵینەگرتنەوە، گەڕایەوە ماڵ، بە پرسیارێك رێی لە دایکی گرت لە نان و سەرنان بپرسێ:

دایە، براکەی بۆچی خانزادی کوشت؟

دایك گرتیە باوەشی و:

ئەوەت لە کێ بیست!

منداڵانی داربی تا پێکەوتن خانزاد بۆچی بەدەستی براکەی کوژرا، ماوەیەکی ویست، کچی داربی لە پێش کوڕی داربی پێکەوت، لە رێی قوتابخانە مەیلەو بە شەرمەوە بۆ کوڕی داربیی گێڕایەوە:

دەڵێن خانزاد زگی پڕبووە، لە کوڕەکی حەسارێ، لۆیە براکە کوشتی، کوڕەکە هەڵاتیە، بوویتە پێشمەرگە، دەڵێن براکەی خانزادیش رۆیشتیە ببێتە پێشمەرگە..

کوڕی داربی کەمێك بیری کردەوە تا لە واتای زگپڕبوون تێگەیشت، تووڕە بوو، هەڵچوو، جوێنی دا بە کوڕەکەی حەسارێ، بە براکەی خانزاد، کوڕی داربی جارێکیدی شەڕی دوو قورئانخوێنەکەی دیت، لە پێش دەرگای مزگەفتێ، ئەو مزگەفتەی لە تازە

لـه تەنیشـت گۆرسـتانەکە درووسـتکرابوو، جـەباری قورئـانخوێن دوو سـێ ئایـەت و فەرموودەی دەخوێندەوە و ئەوجا دەیگوت:

خانزاد دۆزەخیە، ئێستا بە پرچی خۆیەوە لە ناو ئاگر هەڵواسـراوە، زیناکـەر جێـی دۆزەخە، من ئامادەنیم لە سەر گۆڕەکەی ئایەتێکیش بخوێنم

حەمەدی قورئانخوێنیش دوای خوێندنەوەی ئایەت و فەرموودە:

هیچ وا نیە، تۆ چووزانی ئەو زینای کردووە، دەزانی زینا چیە!! من دەڵـێم خـانزاد ئێستا لە بەهەشتێ پیاسە دەکات، من ئامـادەم هـەموو قورئـان لـە سـەر گۆڕەکـەی بخوێنمەوە..

کوڕی داربی پتر رقی لە جەبار بۆوە، بە دەستی با، رەوانەی دۆزەخی دەکرد، ئـەو جارە دەروێش برایمیش لەوێ نەبوو دارێك بە بەینیانـدا بـێنێ، بـاش بـوو دوو سـێ ژن گەیشتنە گۆرسـتانەکە، دیـاربوو قورئانخوێنیـان دەویسـت، قورئانخوێنـەکان خـانزاد و دۆزەخ و بەهەشتیان لە بیرچوو، بە دوای ژنەکان کەوتن..

لەو رۆژانە قسەیەکی گولێ کە هەڕەشە بوو لە جـەباری قورئـانخوێن بـە گەڕەکـدا بلاوبۆوە:

ئەگەر جارێکیدی بڵێت خانزاد دۆزەخیە، بە قوربانی چەقۆیەکی دەکەم..

کوڕی داربی هیچی لە دەستنایە، هێندە نەبێ، هەمیشە لە خودا دەپاڕێتـەوە کـە خانزاد بباتـە بەهەشـت و نەیخاتـە دۆزەخـەوە، بڕیاریشـی دا، پـارە بداتـە حەمـەدی قورئانخوێن تا لە سەر گۆڕەکەی خانزاد قورئان بخوێنێ، کوڕی داربی دەپاڕایەوە کـە هیچ کچێك تووشی زگپڕی نەکات، خانزادی لەبیرنەدەچۆوە ، هەمیشە لە پێش چاوی بوو، قسەی لەگەڵ دەکرد،، خوێنەکەی دەبریسکایەوە، لە خەوێش لێی دانەدەبڕا، زۆر خەونی پێوەدەدیت، دایکی زۆر هەوڵی لەگەڵی دا، لەبیربکات، لەبیرنەچوو، نامەکەی بابی هێوری کردەوە..

سەر لە ئێوارەیەك ژنێك هاتە ماڵیان، كوڕی داربی پێشتر چەند جارێ دیتبووی ناوی خاتوون بوو، نامەی بابی پێبوو، لە نێوان مام گەڕیدە و دایك دانیشتووە، چ هەواڵێكی خۆشە، نامەكە بە دەستی دایكەوەیە ، كوڕی داربی لە پشتیەوە تەماشای دێرەكان دەكات، دەستخەتی باب چەند خۆشە، باب لە چیای سەفینە، لە ناوەراستی لاپەڕەكە خەتێك لە هەموو خەتان درشتترە: ((هەر دیتتان بە سەركەوتوویی هاتینەوەو تا حەمرینمان لە بێگانە پاككردەوە))، خاتوون نامەیەكی لە پیاوە هەمەدانیەكشەوە هێنابوو كە ئەویش لە قۆڵی تۆڵستێنە، دایك بۆی بردن، دەبوو نامە بۆ تۆڵەستێن بنووسرێتەوە، دایك نووسی، قسەی خۆی و مام گەڕیدەی نووسی، دایك رووی لە كوڕی داربی كرد:

تۆ دەتەوێ چی بۆ بنووسی؟

كوڕی داربی گوتی:

ئەدی بە گوڵنار ناڵێن

دایك بە زەردەخەنەیەكی شیرینەوە:

با، بەویش دەڵێم، بەڵام تۆ هی خۆت بڵێ.

كوڕی داربی كەمێك داما:

بابە، ئەو دوو پێشمەرگەیە بكوژە، كە لە حەساری خانزادەوە هاتوونەتە لات.

بەو قسەیە، كوڕی داربی دیتی دایك فرمێسكی هاتە خوارێ، مام گەڕیدە داما، خاتوون حەپەسا..

كوڕی داربی خاتوونی لەبیرناچێتەوە، كە هات زگی لووس، لە هی ئێستای دایكی لووستر،كاتێك بۆ ماوەیەك لەگەڵ دایك لە ژوورەكەی مام گەڕیدە دوو بە دوو مانەوە، لە هاتنە دەرێ، زگی گەورە زۆر گەورە، لە زگی ئەو كاتەی دایكیشی گەورەتر كە دوو منداڵی تێدابوو، سەیرە، بەو كتوپڕە، زگ چۆن و لە چی پڕ بوو!

ئیدی خاتوون بە زگپڕی ڕۆیشت، کوڕی داربی بە چاو لە دایکی پرسی، دایك هەر بـە چـاو تێیگەیانـد کـە واز لـە پرسـیارکردن بـێنێ، وازی هێنـا و نەیپرسـیەوە، حەفتـە وەرنەسـووڕایەوە خـاتوون پەیـدابۆوە، زگەکـەی دانـابوو، کـوڕی داربـی چـاوەڕێ بـوو نامەیەك بداتە دەست دایکی، نەبوو، شەو مایەوە، هەردووکیان چوونە ژوورەکەی مام گەڕیدەوە و دەرگایان لـە سـەر خۆیـان داخسـت، دیسـان بـە زگپـڕی هاتـە دەرێ وبـە زگێکی لە جاری پێشی گەورەترەوە ڕۆیشت.. تێنەدەگەیشت، کوڕی داربی لە نهـێنی زگپڕبوونی خاتوون تێنەدەگەیەشت، دەبێ چ جادوویەك لە ژوورەکەی مام گەڕیـدە لـە جوولە بێ و بە سانایی و لە چەند چرکە ساتێکدا زگـی خـاتوون پڕبکـات! دایکـی و مام گەڕیدە ئەو نهێنیەیان لێـی شـاردەوە، ئـەویش شـاردنەوەکەی ئـەوانی لـە کچـی داربی شاردەوە، خۆی گرت و هیچی بـە کچـی داربـی نـەگوت، لـە هاتنـەوەی جـاری سێیەمی خاتوون کە دوا جار بوو، کوڕی داربی خۆی پێنەگیرا، ویستی بە زۆر لەگـەڵ دایکـی و خـاتوون بچـێتە ژوورەکـە، بـەڵام مـام گەڕیـدە دەسـتی گـرت و بردیـە بـن داربیەکە و پێیگوت:

+ پەلە مەکە دوایی، ئێستا نا، من هەموو شتت پێدەڵێم.

- باشە

بێ ئارامە، خۆی پێڕاناگیرێ بۆ دوایـی، خـاتوون بـە زگـی پـڕەوە ڕۆیشـت، کـوڕی داربی لای خۆی بڕیاری دا کون و قوژبنی ژوورەکەی مام گەڕیـدە بپشـکنێ، لـە دوای هەڵێك دەگەڕا، هەر ئەو ڕۆژە باش ڕێککەوت، دایك لە ماڵ دەرچوو، مام گەڕیـدە و نەنەخانیش سەرگەرمی قسان بوون، وەك دزێك خۆی کرد بە ژوورەکەی مام گەڕیدە، خۆ بە لای کەمی ڕۆژی جارێك هاتۆتە ئەم ژوورە، بەڵام ئـەمجارە جیایـە، هەسـت بـە تـرس و لـەرز دەکـات، دەلـەرزێ، وەك بڵێـی ئێسـتا دەیگـرن و تێـر دەیکـوتن، یـان رادەستی پۆلیسی دەکەن، زۆر دەترسێ، ژوورەکە شتێکی وای تێدا نیـە، کـانتۆڕێکی

گچکەی سێ دەرگا کە هیچیان کلیل نەدراون، هەندێ بزگوڕ، لەو لایەوە هەندێ قاپ و قاچاخ و دۆڵکەیەك و چەند پەرداخێك، لبادێك بە درێژایی ژوورەکە، جێی خەوتنی مام گەڕیدەش کە دۆشەکێکی تەنکە کەوتۆتە بەرانبەر دەرگاکەوە، لای دەرگاش بەلای چەپ و لە بن پەنجەرەکە بەرماڵە هەمیشە راخراوەکەی مام گەڕیدە، کەم بەرماڵەکە هەڵدەگرێتەوە، بە دیوارەکانیشەوە سێ چوار وێنە و هەندێ گوڵینگ و تەزبێح و دوو سێ خەنجەری گچکۆکە هەڵواسراون و تەواو، ئیدی کوێ بگەڕێ و بە دوای چیدا بگەڕێ، هیچی نەدیتەوە، لە ژوورەکە خول خول دەخولێتەوە، نازانێ بە دوای چیدا دەگەڕێ، هێندە گەڕا و سووڕا، سەری گێژی خوارد، چەند جار بە سەر بەرماڵەکەش کەوتبوو، پیسی کردبوو، باش بوو هەستیپێکرد، دایکی دەیگوت:

((گوناهی گەورەت دەگاتێ ئەگەر بە پێلاوەوە بە سەر بەرماڵ بکەویت))

هەڵیگرتەوە، خاوێنیکردەوە، ماچی کرد و سێ جار لە سەر یەك، (تۆبە)ی کرد، دەیویست بەرماڵەکە لە جێی خۆی دابنێتەوە، لە نیگایەکدا جێی بەرماڵەکەی جیا هاتە پێش چاو، جێی بنە مەنجەڵێك لە عەردی بن بەرماڵ و عەردی ژوورەکە نەدەچوو، وەك بڵێی تازە هەڵکەندرابێ و پڕ کرابێتەوە وابوو، سەرێکی بە دەرێدا گرت، مام گەڕیدە و نەنەخان وەها چوونەتە ناو قسانەوە، تا ئێوارێش لێنابنەوە، بە شیشەیەك کەوتە هەڵکۆڵین، نەرم بوو، هەڵکەنە هەڵکەنە خێرا خێرا هەڵکەنە، دەنگی دەرگای حەوشە هات، تێکەوە، پڕکەوە، پێڕانەگەیشت، کچی داربی لە سەر سەری راوەستا:

+ ئەوە چی دەکەیت؟

- هیچ، ئەوە، هـ.. تۆ لە دەرگا راوەستە، ئەگەر کەسێك هات پێمبڵێ، دوایی تێتدەگەیەنم.

+ باشە

قۆرت گەیشتە ساخە و هیچی نەدیتەوە، بە خێرایی پڕیکردەوە، بەرماڵەکەی لە سەری راخستەوە، وەك بەڵێنی بە کچی داربی دابوو، سەرهاتی زگپڕبوونی خاتوونی بۆ گێڕایەوە، بەڵام پێیگوت کە بۆ کەسی نەگێڕێتەوە، کچی داربیش سەری سووڕما و هیچی تێنەگەیشت..

کوڕی داربی چاوی لێیە، مام گەڕیدە هەر لەگەڵ پێ خستنە سەر دەرگا، هەستدەکات ژوورەکەی پشکنراوە، چووە ژوورێ، زۆری نەبرد هاتە دەرێ و رووی کردە کوڕی داربی:

پەلەت کرد!

کوڕی داربی:

پەلەم کرد، بەڵام چ تێنەگەیشتم.

مام گەڕیدە:

خاتوون بە بن بەرماڵەکە زگی پڕ دەبوو، ئیدی زگی پڕ نابێ..

کوڕی داربی:

بە چی؟

مام گەڕیدە:

بە فیشەك، ئەو فیشەکانەی بابت لە شەوی رۆیشتن بۆی دەرنەچوون..

دایك سەرکۆنەی کوڕی کرد، کوڕ شکایەوە و هەستیپێکرد هەڵەی کردووە و نەدەبوو لە ژوورەکەی مام گەڕیدە بە دوای شتدا بگەڕێت، دایك کوڕی تێگەیاند کە خاتوون و فیشەك نهێنیە نابێ کەس بزانێ، گوڵناریش نابێ بزانێ، ئاشکرابوون وێرانکردنی ماڵ و گرتن و کوشتنی بە دواوەیە، دایك بە کوڕی گوت:

لە سەرمانە دوعا بکەین کە لە بازگە گومان لە خاتوون نەکرێ و دەست لە زگی نەدەن، ئاشکرابێ ئێمەش تێدەچین، نازانم بۆ ئەوجارە دڵم دەترسێ..

کوڕی داربی لە ترسی دایکی ترسا، هەبێ نەبێ ترسێ لە ڕێیە دەنا دایك لە خۆوە ناترسێ، ئەو ڕۆژە کچی داربی پێیەکی هەر لە ماڵی کوڕی داربی بوو، کوڕی داربی بە چرپە دەیگوتە کچی داربی:

پێویستە بپارێینەوە کە شتی خراپ ڕوونەدا..

کچی داربی پرچی لە سەر چاوی لادەدات:

پاڕانەوەی چی، بە من نالێی چ لە ڕێیە ڕووبدات؟

کوڕی داربی هەناسە هەڵدەکێشێ:

نازانم، هیچ نازانم، بەلاّم با هەر بپارێینەوە کە هیچ بەلاّیەك ڕوونەدات..

تاریك داهات، بە فەرمانی مام گەڕیدە دایك و هەر سێ منداڵەکەی لە ماڵ دەرچوون، گوێی لێیە مام گەڕیدە دەڵێتە دایکی:

کچم، کێشەکە خاتوون نیە، بیستمە هەڵدەکوتنە سەر ماڵە پێشمەرگان، کچەکەی نەنەخانیش خۆی شاردۆتەوە..

چوونە ماڵی دەروێش برایم کە ماڵی بە مزگەفتەکەوە بوو، ماڵێکە کوڕی داربی هەستدەکات بۆنی قورئانی لێدێ، دیوارەکان بە ئایەت ڕازاونەتەوە، جۆرێك لە ئارامی خستە دەروونیەوە، ئەو شەوە هەموو بیری بە دەوری زگپڕبووندا دەخولێتەوە، دایکی کچی داربی ئەگەر لەو ساڵە زگی پڕ نەبا، باوکی کچی داربی نەدەکوژرا، خانزاد ئەگەر زگی پڕ نەبا، نەدەکوژرا، خاتوون ئەگەر زگی خۆی بە فیشەك پڕنەکردبا، بازگە چیان لێدەویست، چەند شەوێك لە ماڵی دەروێش مانەوە، ئۆقرەی نەدەگرت، دەیویست سەر لە ماڵ، لە مام گەڕیدە بداتەوە، سەر لە داربی بداتەوە، دایك نەیهێشت، بەوەی باش بوو لە پێش قوتابخانە کچی داربیی دەدیت، لە هاتن و ڕۆیشتنەوە یەکتریان دەدیت و لە یەکتریان دەپرسی، کچی داربی پێدەچوو بزانێت بۆچی نایەنەوە ماڵ، بۆیە لەو بارەوە پرسیاری نەدەکرد، کوڕی داربی پرسیاری

داربیەکەی دەکرد، کچی داربی پێیدەگوت کە مام گەڕیدە و نەنەخان بە خەمباری لە بنی دانیشتوون..

کۆتایی ساڵی خوێندن هات و وەك ساڵان منداڵانی داربی بە یەکەم دەرچوون، بەڵام کوا تۆڵەستێن جوانترین دیاریان بۆ بێنێ، ئەو هاوینە نە چێڵ مابوو، نە ڕێی ئەوێ وەك جاران بێ کێشە بوو تا بچنە بن دار خورماکە، گەمەی دارخورمایی دەستپێبکەنەوە، ژماردنەکە تەواوبکەن کە ئێستا ڕەنگە کونی نوێشی تێکەوتبێ، زۆر جار دەبیستن رووی گوللە لە دارخورماکەیە، بەڵام تا داربی مابێ منداڵانی داربی خەمیان نیە، گەمەکانی سێبەری داربی لە گەمە جوانەکانن..

ژێر بە ژێری هەواڵی مردنی خاتوون هات، کوڕی داربی سەرهاتی مردنی خاتوونی لە مام گەڕیدەوە بیست:

لە بازگەکان دەرچوو، فیشەکەکانی گەیاندە پێشمەرگە، فیشەکەکانی ئێمە نا، هی ماڵێکیتر لە گەڕانەوە، لە هێڵی سنووری شۆرش و حکومەت دەبێتە تەقە، گوللەیەك بە سینگی خاتوون دەکەوێت، هەر لەوێ دەنێژرێ..

هەر لەو سەروبەندە لە ڕادیۆوە هەواڵی لە سێدارەدانی (لەیلە)یەك بڵاوبۆوە، خەڵك هەموو فرمێسکیان بۆی ڕشت، سەرت بە هەر کۆڵانێکدا بە هەر ماڵێکدا دەکرد (لەیلە، لەیلە) بوو، بەڵام کوڕی داربی لەیلەی نەدەناسی بۆ خاتوون دەگریا، دەیویست هاوار بکات، خەڵکینە بۆ خاتوونیش بگرین،حەیفی هات کە کەس نازانێ خاتوونیش شەهیدە، حەیفی هات کە لە ڕادیۆوە ناوی خاتوون نەخوێندراوەتەوە، دەبینێ، دایك هێندگریاوە هێند گریاوە، چاوەکانی بوونەتە دوو گۆمیلکەی خوێن، سەرەتا وای زانی ئەویش بۆ لەیلە دەگری، بەڵام گوێی لە دایکی بوو، لە نێوان هەنسکەکانی خاتوون خاتوونی بوو، کوڕی داربی بە کوڵ بۆ خاتوون گریا، دوا وێنەی خاتوونی لە چاوە، ژنێکە لە تەمەن لە دایکی گەورەترە بەڵام بە بەژن هەندێك

کـورتتر، کراسـێکی مـەیلـەو شـینی درێـژی بـە باخـەڵی لـە بـەرە، کەوێیـەکی رەش، چەفیەکی سپی و رەش، زگی گەورەیە وەك بڵێـی لـە سـەر مـانگ و رۆژی خۆیـەتی، هێواش شەقاوان داوێ، گران زۆر گران دەڕوات، کوڕی داربی فرمێسك بە چاوی کچی داربیەوە دەبینێ و پێی دەڵێ:

تۆ بۆ لەیلە دەگری یان بۆ خاتوون؟

کچی داربی بە شەرمەوە:

کە دەبینم تۆ دەگری، فرمێسکم راناوەستێ..

چاوی خۆی دەسڕێ:

من بۆ خاتوون دەگریم..

کچی داربی خاتوونی نەدەناسی، بەڵام وەك کـوڕی داربـی بـۆی گریـا، گریـان وەك چۆن بۆ خانزاد گریان، ئاواش بۆ خاتوون گریان، مام گەڕیدە لە چۆکی خۆی دەدا:

حەیف، حەیف بۆ ئەو ژنە قارەمانانە، بە راستی قارەمـان بـوون، ئیـدی شۆرشـە، خاتوونیش شەهید دەبێ لەیلەش شەهید دەبێ..

کوڕی داربی دەڵێتە مام گەڕیدە:

ئەدی خانزادیش شەهیدە؟

مام گەڕیدە کەمێك داما:

ئەویش..

لەو ساتە ترومبێلێك لەو بەری کەندێ ئیستۆپێکی گرت، دەنگی تایەکانی دەنگی مام گەڕیدە و چۆلەکەکانی ناو داربی خنکاند، هێندەی گەردەلوولێك تۆز و خۆڵی بـۆ کۆڵاڵ هێنا، کۆمـەڵێك چەکدار دابەزین، بە بێ سلاوکردن هاتنە بن داربیەکە، کـوڕی داربی زوو بە کچـی داربیـی گـوت بچـێتەوە مـاڵی خۆیـان، بـەڵام بەقسـەی نـەکرد،

چـەکدارەکان کـە هەنـدێکیان جلکـی سـەربازییان لەبـەر بـوو، بـە عـەرەبی چـەند قسەیەکیان لەگەڵ مام گەڕیدە کرد و رۆیشتن...

چەکدارەکان لە بیریان بردەوە، نەیانهێشت پێبکەوێت شەهیدە یان نا، بەڵام ئەوەی لە بیرنەبردەوە کە لەگەڵ کچی داربی هەرێیان دابوو سـەردانی گۆڕەکـەی بکـەن، ئـەو دووە حەفتەی جارێك دەچوونە سەر گۆڕەکەی، ئـەوڕۆ رۆژی چـوونە سـەر گۆڕسـتانە، رۆژانەی خۆیان بۆ ئەو رۆژە کۆدەکردەوە و لە مستی حەمەدی قورئانخوێنیان دەکرد، تا لە سەر گۆڕەکەی خانزاد قورئان بخوێنێ و خودا لە بەهەشت بیهێلێتـەوە.. دیتیـان لە پێش دەرگای مزگـەفتی لای گۆڕسـتان، لـە نێـوان حەمـەد و جـەبار مشـتومڕە، گوێیان لێیە، حەمەد بە هێواشی دەڵێ:

دووبارەی دەکەمەوە هەر کەسێك لە رێی نیشتمان بمرێ، شەهیدە، بۆیە پێشمەرگە چ ژن چ پیاو کە دەکوژرێ شەهیدە..

جەبار بە تووڕەیی:

وا مەڵێ، گوناهبار دەبیت، پێشمەرگە خۆ لە رێی خودا شەڕ ناکات شەهید بێـت، شەهیدی چی؟

لەو ساتە پتر لە جەبار بە رقـدا دەچـێ و بڕیـار دەدا تۆڵـەی لێبکاتـەوە، تۆڵـەی پێشتریشی لێبکاتەوە، حەمەد بـە دیـتنی منداڵـەکان جـەبار بـە جێـدێلێ و بـەرەو گۆڕەکەی خانزاد هەنگاوی گورج داوێ..حەمەد چەندی دەنگی بڵندتر دەکـرد، کـوڕی داربی دڵخۆشتردەبوو، وایدەبینی خانزاد بەهەشتیترە..

کچی داربی تێـدەگات کـوڕی داربـی نیـازی خراپـە، دەیـەوێ لەگـەڵی بمێنێتـەوە، رێنادا، تێیدەگەیەنێ ئەگەر لەگەڵی بێت، ئاشکرادەبن، تا دەرەوەی گۆڕستان پێکـەوە دێن، کچی داربی دەڵێ:

بەڵام نەکەی لە ساتی قورئانخوێندندا لێیدەی، گوناهت دەگاتێ..

تی دەبێتەوە و بە پشت مزگەفتەکەوە خۆی دەگەیەنێتەوە گۆڕستان، بـە پێـدزە و کووڕە کووڕ بە نێوان کێلەکاندا دێ و بە دەنگ جەبار دەبینێتەوە، لـە سـەر گۆڕێـك قورئان دەخوێنێ، کوڕی داربی خۆی لە پەنای کێلێك ناوە، چاو دەگێـرێ، کـەس لێـی نزیك نیە و نابینرێ، باش ڕێککەوتووە، لە نێوان کێلانەوە لایەکی دەموچـاوی جـەبار جـوان دیـارە، هێنـدە دووریـش نیـە، بـەردێکی ڕەشـی لـە لایەکـەوە قرنجـاو دەخاتـە دارلاستیکەکەیەوە و سێرەی لێدەگرێ، سێرە لە بن کەپوو لە لا لێوی دەگـرێ، کـوڕی داربی ئارەزوویەتی ددانی جەبار بشکێنێ، قسەی کچی داربیی بیردەکەوێتـەوە، نـابێ لە ساتی خوێندنـدا لێـی دا، جـەبار دەلێـی زانیویـەتی سـێرەی لـێگیراوە و چـاوەڕێی لێبوونـەوە دەکـرێ، لێنابێتـەوە، درێـژی دەکاتـەوە، کـوڕی داربـی خـۆی پێنـاگیرێ و دەشترسێ لەو چاوەڕوانیەدا کەسـێك بـە سـەریدا بـێ و ئاشـکرا بێـت، نـاوی خـودای لێدەهێنێ، دوعا دەکات کە لای تیژی بەردەکەی پێبکەوێ، کەمێك دەستی دەلـەرزێ و دەیهاوێ، بەرد سەردەکاو بە لێو نا بە لا برۆی دەکەوێت، جـەبار هێنـدە لـە خـۆی هەڵدەدا، قورئانی لە دەست دەکەوێتە سەر گۆڕەکە، هەڵدەستێتە سەر پێ:

ئەوە چ دێڵە سەگێك بوو؟

لە بەر خۆیەوە دەڵێ:

ئەوە تۆڵەی خانزاد، ڕاوەستە هێشتا ماوە.

بەردێکیدی تێدەگرێ و ڕێك لە سەری ئەو پەنجانەی دەدا کە کە خستبوونیە سەر جێی بەردی خانزاد، دواتر کوڕی داربی ناوی لەو جێ بەردە نا، بەردی خانزاد، جـەبار بە دەنگی بڵند:

هەی قاچپە دایك، نابێ بسمیلات لێ کرابێت..

کوڕی داربی بە هێواشی گوتی:

ئەوەش تۆڵەی شەهید، ڕاوەستە تۆڵەی دایکیشم ماوە، دایکی من قاچپەیە!!

بەردی سێیەمی لە چەنەگەی گێرکرد، ئەگەر چاوی رێشکەوپێشکەی نەکردبێ، خوێنی بە دەموچاوی جەبارەوە دیت، بە پشتەوەدا کووڕە کووڕ هەلاّت و گوێی لە قورئانخوێن بوو، جوێنی پیس پیسی دەدا، لە پڕ پیلی کوڕی داربی کەوتە ناو دەستێك، چاو هەڵدەبڕێ کوڕێکی جاحێلە پێشتر چەند جاری لە نزیك حەسارەکە دیتبووی:

ئەو دارلاستیکانەت بۆ لە قورئانخوێن دا؟

خۆی راپسکاند، بەلاّم لە ناو دەستێکی وادا نەبوو، هەلی دەربازبوون لە ئارادابێت، کەمێك بێدەنگ بوو، گوتی:

ئەو قورئانخوێنە، دەڵێ خانزاد ناچێتە بەهەشت..

پیلی بەردا و پێیگوت:

زوو بڕۆ با نەتبینێ...

هاوینەکەی لە سالاّن گەرمتر دیارە، بەلاّم هەر کاتێك با لە لای سەفینەوە هەڵدەکات، فێنکدەبێتەوە، بە خۆی دەڵێت:

بایەك لە لای بامەوە بێ، فێنکە زۆر فێنکە.

بەو با، با هەمیشە لە سەفینەوە هەڵیکردبا و بە پێش دەرگای ماڵی کچی داربیەوە بەرەو ماڵێ و داربیەکە هاتبا، بە کوڕی داربی با هەموو بایەکان سەر بە سەفین بان، شەوان ئەگەر تەقوتۆق نەبا لە سەر بان دەنووستن، تا خەوی لێدەکەوت، چەند جار هەڵدەستایەوە سەرپێ و تەماشای حەوشە و سەربانی ماڵی کچی داربیی دەکرد و بە تاریکاییشدا رووەو سەفین سەری هەڵدەبڕی..شەوێك لەو شەوانە کە هەیوەشەوێك بوو دەرزیت لە سەر عەرد هەڵدەگرتەوە، چاوی کەوتە سەر زگی دایکی کە لە سەر پشت راکشابوو، ئای، زگی گەورەیە، دەڵێی زگی هەیە! باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد، چەند جار چاوی داخست و کردیەوە، زگ گەورەیە، لە جێی خۆی

هەستا، سووڕایەوە ئەو دیو، زگ گەورەیە، بیری بۆ خواردنی ئێوارە چوو، خواردن چی بوو؟ رەنگە دایکی نانی زۆر خواردبێ،خواردنی زۆر زگ گەورە دەکات، دەستی بە زگی خۆشیدا هێنا بزانێ گەورە نەبووە، نا، رەنگە دایك تووشی نەخۆشی بووبێ، نەخۆشی هەیە زگ هەڵدەپەنێنێ، کوڕی داربی ئەو شەوە چەندی هێناو بردی نەگەیشتە هیچ، رۆژبۆوە، تی چاوێکی لە سەر زگی دایکیەتی، دوای حەفتەیەك پتر زگ گەورەتر بوو، رۆژ بە رۆژ گەورەتر دەبوو، گومانی نەما کە دایکی زگپڕە، لە خۆی دەپرسی چۆن دەبێ؟ خۆ باب لێرە نیە، ترسا زۆر ترسا، ئەو زگپڕبوونە لە کوێوە هات؟ خۆ وەك و هی خاتوون نیە، پاشۆلێك فیشەکی تێپێچابێت، نا، تێناگات، دەڵێ تۆ بڵێی وەك زگەکەی خانزدا بێ، کێ زگی دایکی پڕکرد! نا، شتی وا نابێ، دادەما، کەمتر گەمەی لەگەڵ خوشك و براکەی دەکرد، کەمتر دەچووە بن داربیەکە، کچی داربی زۆر هەوڵیدا شتێکی لێدەربێنێ بەلاش بوو، دەبێ دایك هەستی بە نیگەرانیی کوڕ کردبێ، بۆیە، ئێوارەیەك لە سەر بان، قسەی بۆ کرد، تا تێبگەیاند زگەکەی لە باوکیەتی زۆری ویست، ئیدی کوڕ بە ئاسوودەیی نووست، سبەی لەگەڵ داربیەکە ئاسایی بووەوە، پووشکاخەزێکی گەورەی درووستکرد، جوان درووستدەکات، لە تۆڵەستێنەوە فێربووە، بانگی کچی داربیی کرد، هەڵیاندا بڵند بوو، حەزیدەکرد رووەو سەفین هەستێ، بەڵام کەی بووە بایەك هەبێ لێرەوە رووەو سەفین هەڵبکات، پووشکاخەز بەرزبۆوە، دوو سێ دارتێل بەرزبۆوە، چووە خەیاڵەوە، ئەها تۆڵەستێن لە سەری سەفینەوە بە دووربینەکەی پووشکاخەزەکە دەبینێ و دەیناسێتەوە، دەزانێ هی کوڕی داربیە، هەر کوڕی داربی پووشکاخەز لە شێوەی پووشکاخەزی تۆڵەستێن درووستدەکات، پێویستە نامەیەك بۆ بنێرێ، دەڵێتە کچی داربی:

داوەکە بگرە، پێنووس وکاخەز دێنم..

هێنای و نووسی: بابە، دایکم زگی هەیە..

بە داوەکەیەوە کرد و رۆیشت، کچی داربی شتێکی گوت، نەیبیست، لەبەر دەنگی بابی نەیبیست، گوێی لێیە لە سەری سەفینەوە نامەکە دەخوێنێتەوە..

ساڵی خوێندن داهاتەوە، تۆڵەستێن دیار نیە تا منداڵانی داربی بباتە بازاڕ و بە دڵی خۆیان جانتا هەڵبژێرن، کوڕی داربی پار ئەو دەمانەی خۆی هاتەوە بەر چاو و چاوی پڕ بوو لە فرمێسك، باب هەردووکیانی برد، لە سەری ئەو کۆڵانەی قەیسەری کە رووی لە مزگەفتی حاجی لەقلەقەکە بوو، لە جانتا فرۆشێك، کچی داربی جانتایەکی رەنگ رەشی هەڵگرت، خۆیشی جانتایەکی سپی، باب دیاربوو سەری سوڕما لەو هەڵبژاردنە وبە پێکەنینەوە گوتی:

من چ لە ئێوە ناگەم

کچی داربی گوتی:

من زۆر حەزم لە رەنگی رەشە

کوڕی داربی بەشەرمەوە:

منیش رەنگی سپی..

قوتابخانە بێ سروودە، بێ سروودی گەرم و گوڕە، هەندێك سروود بە خاوی و پچڕپچڕ دەگوترێتەوە، بەڵام کوڕی داربی هەستدەکات کەس ئەو سروودانەی ئەزبەر نیە و حەزی ئەزبەرکردنیش لە کەسدا نیە، خواخوایەتی زوو بچێتەوە و زوو ئێوارە دابێ، تا لە رادیۆکەی مام گەڕیدە گوێ لە سروودی سروودان (ئەی رەقیب) و ئەوانیدی بگرێت..

رۆژ دوای رۆژیش چەکدار پتر دەبن و ناوە ناوە بە تڕومبێل بە کۆڵانەکاندا جرت و فرت دەکەن، سەرباز لێرەو لەوێ بە دیاردەکەون، بەڵام چادریان هەڵنەداوە و جێگیر نین، کوڕی داربی بیستی لە دوور زۆر دوور لە پشت دار خورماکە و چەند جێگەیەك

هەڵیانداوە، شەوانیش تەق و تۆق هەیە، نازانرێ کێ لە کێی دەکات، دایکیش زوو دەڵێ:

مەترسە ئەو تەقانە روو لە ئێمە نین.

کوڕی داربی دەبینێ مام گەڕیدە رۆژ دوای رۆژ دڵخۆشتر دیارە، پێویست ناکات بپرسێ، دەزانێت دڵخۆشیەکەی هی رادیۆیە، رادیۆ قسەی خۆش بکات، مام گەڕیدە دڵخۆشە، ناوە ناوە دەڵێتە کوڕی داربی:

کوڕم زۆر نەماوە بابت بێتەوە، بە سەرکەوتوویی دێتەوە، هەر دیتت شار لە جاش و سەرباز و ئەمن پاکبۆوە و پێشمەرگە هاتنەوە و بووینە حکومەت..

کوڕ لە خۆشیدا لە خۆی هەڵدەدا و کچی داربیی بە سەما دەخست...

زستان داهات، کوڕی داربی لە سەر بانەوە چاو دەداتێ، سەفین سپی سپیە، بابی لە ناو بەفرێیە، بەفر هات، گەیشتە لق و پۆی داربیەکەش، ساقۆ قاوەییە درێژە توکنەکە دەکاتە بەر کەمێك بۆی تەسکبۆتەوە، ساقۆ پەمبەییەکەی کچی داربیش توکنە و پڕ بە بەریەتی، کوڕی داربی دێتە بیری زستانەکەی پێشوو بابی ئەو دوو ساقۆیەی لە بەغداوە بۆ هێنان و گوتی لە شێوەی رووسین، زستانی پار هەردووکیان پڕ بە بەریان بوو، بە خۆی دەگوت، دەبێ کچی داربی هەڵینەدابێ، یان من زۆر هەڵمدابێ، گوتیە کچی داربی:

لە مێژە خۆمان نەپێواوە..

کچی داربی پێکەنینێکی کرد، کێ دەزانی تا کەی لە گوێی کوڕی داربی بە تازەیی مایەوە! پێکەنینێکی کچانە و شیرن بوو، کوڕی داربی پێکەنینی وای نە لە کەس و نە لە کچی داربی نەبیستبوو، چەند لەمێژە ئەو پێکەنینەی لە کوێ شاردبۆوە، پێکەنینێکی درێژ، زۆر درێژ لە قژی کچی داربی درێژتر، زۆری برد تا پێکەنینەکەی وەستا، نەوەستا، لە کەلێنی پێکەنینی پساوەوە گوتی:

ئەوە دەنگت بۆ وا گڕ بووە؟

کوڕی داربی سەری سوڕما! باشە دەنگی چی لێهاتووە، بۆ گڕ بـووە، کچـی داربـی بە پێکەنینێکیدی دەنگگڕی لە بیری کوڕی داربی بردەوە و گوتی:

دەی با بچین خۆمان بپێوین.

چوونە بن داربیە تەڕەکە، ئەو جارە بزماریان لە بری گەچ بـەکارهێنا، لـەو پێوانـە کوڕی داربی لە ئاست کچی داربی دوو پەنجـە کـورتی هێنـا، کـەمێك دڵتـەنگ بـوو، کچی داربی لە چاویدا دڵتەنگیەکەی خوێندەوە، پێکەنینێکیدی بۆ کرد و گوتی:

تۆ دایتە قەڵەوی من بەژن، خەمت نەبێ دەگەیتە من..

بەفر عـەردی سپی کرد، پتر کەوت، ورد و درشت هاتنە دەرێ، لە گشت لاوە شەڕە بەفرە، خوشك و براکەی کوڕی داربیش بـە دەسـتە وردیلانـەکانیان بـەفر هەڵـدەگرن و دەهـاوێن، نەنـەخانیش هـات، لەگـەڵ مـام گەڕیـدە دوو سـێ تۆپـەلیان بـۆ یەکـدی هاویشت، منـدالانی داربـی شـەڕەبەفرێکی جوانیـان کـرد، لـەو دەمـە کـوڕی داربـی خانزادی بیرکەوتەوە کە پـار زسـتانێ شـەڕەبەفری لەگـەڵ دەکـردن، کچـی داربـی لـە خەیاڵی دەرهێناو گوتی:

وەرە با بووکە بەفر...

قسەکەی تەواو نەکرد دایکردە بارانێك هێندەی تا بیست بـژمێرێ، عـەرد سـپێتی پێوە نەما، بووە یەك لیتاو مەپرسە، لەو دەمە براکەی کچی داربی هات و خـۆی لـێ تووڕە کرد و بردیەوە، کوڕی داربی پێی سەیر بوو، ئاخر دەمێك بوو، وازی لـە کچـی داربی هێنابوو..

((ئەوڕۆ ١٢-١٢-١٩٧٤، دایکم ژانی گرت، بابم لێرە نەبوو مامان بێنێ،کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کوڕێکی بوو، مام گەڕیدە ناوی نا گیڤارا، ئەگەر بـە دەسـتی مـن بـێ، گیڤارا دەدەمە ماڵی کچی داربی))

ئەو چەند رستەیە دەستپێکی نووسینەوەی یادەوەریی کوڕی داربیە، کە دواتر لە ژێر ناوی کرێمستی نووسی و بە دنیادا بلاۆیکردەوە...

زۆری نەماوە ساڵ وەرسووڕێتەوە، لە رۆژمێری کوڕی داربی ساڵی نوێ لە ١١ی ئازارەوە دەستپێدەکات، چونکێ لەو رۆژە بابی بۆ پەیدا بوو، لەو رۆژە بابی هاتەوە، هەر لەو رۆژە بابی رۆیشت و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، بە قسەی رادیۆکەی مام گەڕیدە بێ ناگاتە ساڵی نوێ تۆڵەستێن دێتەوە و لە هاتنەوەدا تۆڵەی ساڵێك دووری و ناخۆشیەکان دەکاتەوە و ئیدی لێکدابڕان کۆتایی دێ، چەند رۆژێکی ماوە بۆ ساڵی نوێ، کوڕی داربی دەبینێ مام گەڕیدە برۆکانی لێکناوە و ئاگر لە چاوی دەباریێ، تا هێزی تێدابوو رادیۆکەی بە دیوار دادا، کوڕی داربی لەرزی، گریا، هەبێ نەبێ کۆتایی دنیایە، مام گەڕیدە رادیۆ بشکێنێ، نیشانەی کۆتایی دنیایە، کوڕی داربی هەر کۆتایی دنیای لە رادیۆ شکانەکە خوێندەوە، دایك کزە و قسەی بۆ ناکرێ، کوڕی داربی زراوی چوو، گومانی نیە کە باب تووشی بەلاۆیەکی گەورە بووە، مردووە، بە هاوارەوە دەپرسێ، کەس وەلاۆمێکی روونی ناداتەوە، لە ناو فرمێسك و هاوارەکانی خۆی تەنها کچی داربی دەبینێ، ئەویش دەگری و دەیەوێ باوەشی پێدابکات، شەرم دەیگرێ، لەودەمە خاڵ دەگاتێ، دەست لە ملی دەکات، ماچی دەکات، فرمێسکەکانی دەسڕێت و پێیدەڵێ:

تەواو، شتێك نەما بە ناوی شۆرش و پێشمەرگە، چاوەڕێ بکە بابت دێتەوە..

قل قل دەهاتنەوە، پیاوە بە چیاکەوتووەکان دەهاتنەوە، پیاوە رۆیشتووەکانی حەسار هاتنەوە، براکەی خانزادیش هاتەوە، هاتنەوە پیاوەکانی ئەو بەری کەندێ هی پشت ماڵی کچی داربی هی سەرەوەی ماڵی شەلەی شامینۆکفرۆش، هەموو هاتنەوە، بابی دیداریش هاتەوە، ئەوەی دیار نیە تۆڵەستێنە، ئەو کوڕەی زگی خانزادیشی پڕکرد سۆراخی نیە، دایك منداڵەکانی بردە ماڵی کچی داربی، لەگەڵ مام گەڕیدە و

کوڕی داربی بەرەو مزگەفتەکـەی دەروێـش بـرایم رۆیشـتن، بیسـتیان مزگەفتەکـە پـڕ پێشمەرگەیە، دەیانهێننە ئەوێ و لەوێوە دەیانێرنەوە ماڵێ، گەیشـتن، کـوڕی داربـی کۆمەڵێك پیاوی سەر و ریش هاتووی چڵکنی دیت، لە حەوشەی مزگەفتەکە لە سەر چیچـکان دانیشـتبوون، سـیمایان رەنگـی مـردووی گرتبـوو، دەتگـوت کـەڕوڵاڵن، قسەیەکیان نەدەکرد، کوڕی داربی کۆمەڵێك پۆلیسیشی لە پێش دەرگـا دیـت، بـەڵام نایەتەوە بیری چیان دەکرد، لە پڕ دایکی بە دەنگێك چ لەو دەنگەی نەدەچـوو کـە لـە دایکیەوە بیستبووی:

کوڕە حوسێن ئەوە تۆی!!

سەر و ریش هاتوو، پڕ لە داوی سپی، جەمەدانیەکەی لـە مـل ئاڵانـدبوو، لـە بـن دیـوار لـە نێـوان دوو پیـاوی وەك خـۆی لـە سـەر پارچـە گوشـێك دانیشـتبوو، پێـی لێراکێشابوو، دایـك و مـام گەڕیـدە غاریـان دایـێ، رێ نیـە کـوڕی داربـی بیگـاتێ، کەلێنێکی کردەوە و خـۆی بـە باوەشـی دادا، هـەو بـوو، بـاب بـوو، سـەیرە بـاب بـۆ هەڵناستێتە سـەر پـێ، دایـك دەگـری، مـام گەڕیـدە دەگـری، بـاب دەگـری، قیتیـان کردەوە، ئای دوو دارشەقی لە بن پیلە، کوڕی داربی بـە دیـتنی دارشـەق لـەرزی، لـە هەنگاوی یەکەمدا، کوڕی داربی چاوی کەوتە سەر دەلینگی چەپی بابی کە بە بۆشـی دەجوولایەوە، لە چۆکی بۆ خوارەوە شەروڵ بە بەتاڵی دەجولایەوە، کـوڕی داربـی لـە هاڕژنی دا، باب راوەستا، بە گریانـەوە بـانگیکرد، لـە سـەر دارشـەقەوە لـە باوەشـی گرت، گوتی:

مەگری،هاوار، کوڕم مەگری، شۆرشێك چوو، پێی من هەر هیچ نیە..

هاوار پتر هاواری کرد، باب، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

مەگری، کوڕەکەم، بە یەك لاقیش دەتوانم بابایەتیت بۆ بکـەم و بـە سـەر منـارەی چۆلیش بکەوم..

کەمێك ئارام بۆوە و هێواش هێـواش بـە پێـی تۆڵەسـتێن، بـەرەو مـاڵ بوونـەوە، کوڕی داربی لـە دواوە دەرۆیشـت و چـاوی لـە سـەر دەلینگـە بەتاڵەکـەی تۆڵەسـتێن هەڵنەدەگرت، ئەو شەوەی دەهاتەوە بیر کە بابی خـۆی بەسـت و دەمانچـە لـە نێـك، تفەنگ لە شان، ریشی تراشی و قیت و قۆز بە دوو پێی ساخەوە، گورج وەك شێر لـە ماڵ دەرچوو، ئێستاش بە یەك پێ و بە دوو دارشەقەوە و بە بێ چەك رەخت، بە شەلە شەل بە بن نمەی باراندا بەرەو ماڵ دەبێتـەوە، نەگەیشـتبوونە دارتێلەکـەی ئـەو بـەری کەند باران توندی کرد، رێژنەیەك دایکرد نەبێتەوە، لەو ساتە پێ و پێمەڕەی بـابی هاتەوە بەر چاو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، ئیدی بابی کاری پێمەڕەکاری بۆ ناکرێت، بە لای بەردەبازەکەوە پەڕینەوە، تا گەیشتنە ژووری، ئاویان لێدەچـۆڕاوە، دەیویسـت لە ساتی جلگۆڕین پێی بابی ببـینێ، بزانـی پێـی بـڕاو چـۆنە، بـەلاّم بـابی لـە کـاتی شەروالّ گۆڕین پێیەکانی خستە بـن لێفـەوە و نەیهێشـت کـەس بیبـینێ، منداڵـەکان لەگەڵ کچی داربی و دایکی هاتنەوە، باب سەرەتا کچـی داربیـی لـە بـاوەش گـرت و ماچی کرد و بە سینگی خۆیـەوە نووسـاند، خوشـك و بـرای لـە ئـامێز گـرت، دایـك ساواکەی بۆ راگرت و گوتی:

ئەوەش هی تۆیە، گیڤارای ناوە.

بـاب تەماشـای دایـك دەکـات، چـاوی زەق دەبێتـەوە، دەم دادەپچـرێ، بـاوەش دەکاتەوە وقسەی بۆناکرێ، مام گەڕیدە بە پێکەنینەوە:

کوڕم ئەو کوڕەمان لە تۆ شاردبۆوە..

باب ماچێکی نەرم لە ساوەکە دەکات، لە سەر کۆشی خۆی دادەنێ و چەند دڵۆپـە فرمێسکی هەڵدەوەرێنێتە سەر بەروانکەکەی...

ئەو شەوە لە بیری پێیە رۆیشتووەکەی بابی بوو، بۆ نەما! دەبێ لە کـوێ کـەوتبێ! کێ هەڵیگرتبێتەوە! بیری دەکردەوە، پەنجەکانی چیان لێهـاتووە، ئـەدی نینۆکـەکانی،

باشه، بۆچی بابم لەگەڵ خۆی نەیهێناوە، بەڵکو تێبخرێتەوە، پێی بڕاو تێناخرێتەوە! باشە فرێیداوە، یان لە گۆڕی ناوە، ئای پێیەکە، پێیە گەورە بە هێزەکەی بابم، پێیە پڕ مووەکەی بابم، چیت بەسەرهات! ئەدی پێلاوەکەی! بابم لە مەودوا یەك لنگە پێلاو دەکڕێ، لنگی راستە، باشە پێلاوفرۆشەکە یەك لنگ دەفرۆشێ! یان هەردوو تاك دەکڕێ و هی چەپە فڕێدەدا، بریا پێیە بڕاوەکەی دەهێنایەوە، بە شتێك تێماندەخستەوە، یان لە ماڵێ هەڵماندەگرت، نەماندەهێشت سەرمای بێت گەرمای بێت، نەماندەهێشت شتێك پێوەی بدات، لە کوێی پێیە بڕاوەکەی بابم لە کوێی!..

دەهاتە سەری پرسیاری پێیە بزربووەکە لە بابی بکات، پەشیماندەبۆوە...

کوڕی داربی هەستدەکات بەهارەکەی لە گەڕەك بە بێ بەهاری تێدەپەڕێ، چونکە دڵی کەس بەهاری تێدا نیە، نە کەس دەچێتە دەشت و دەر نە شایی بە دۆڵ و زوڕنا دەگەڕێ، نە دراوسێکان هێندە هاموشۆی یەکتر دەکەن، بەلاّم بەوەی باشە داربی هەروەك خۆیەتی، کەسك کەسك، باڵندەکان شەو و رۆژ لە خوێندنی خۆیان ناکەون، کچی داربیش هەر کاتی هەبێ، براکەی لە ماڵ نەبێ دێت، خوشك و براش لەوێ نابنەوە، ئێستا ئەو دوو منداڵە ناویان بۆتە خوشك و برا، گەڕەك بە خوشك و برا بانگیان دەکەن، ئەگەر تەن بە تەنێش بانگیان بکەن هەر بە خوشك و برا بانگیان دەکەن، دیداریش زوو زوو دێت، نەنەخانیش بە لۆژە لۆژ دێت، دەبینێ مام گەڕیدە پرزەی لێبڕاوە، هەندێك قسەی خۆشی بۆ دەکات، بە پێکەنینی دێنێ، بەلاّم هەر ئەودەمە، نەنەخان دەڕوات مام گەڕیدە وەك خۆی لێدێتەوە، دادەمێنێ، ناوە ناوە سەری گۆچانەکەی لە عەرد دەخشێنێ، وەك بڵێی عەرد خورشتی هەیە و بۆی دەخورێنێ، مام گەڕیدە پێدەچێت زۆر خەم لە تۆڵەستێن بخوات..

زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەن بێتە دەرێ و بایەك لێیبدا، نایە تۆڵەستێن خۆی لە ژوورێ پەستایە و نابزوێ، هەموو دەڵێن تۆڵەستێن تۆڵەستێنی پێشان نیە، کوا نە

قسەیەك دەكات، نە بابەتێك دەكاتەوە، نە وەڵامی پرسیاران دەداتەوە، ئەوە كەی وەڵامدانەوەیە!(ئا، نا، وایە، نازانم) تۆڵەستێنی پێشان دەزانی چەند خزمدۆست و مێواندۆست بوو، ئێستا، هەر ئەوەتا بەخێرهاتنت دەكات..

كوڕی داربی هەستدەكات، تۆڵەستێن تەماشای كەس ناكات، وەك بڵێی چاوبەرەژێری هەمووانە، دەڵێی هەرێی زۆری بە خەڵك داوە و هیچی نەگەیاندۆتە جێ، یان بەرانبەر نەیار و ناحەزەكانی دەمكورت دەرهاتووە و قسەی نەماوە، لەبیریەتی كە خاڵی هاتە كنی و بە رێزەوە سلاوی لێكرد و بۆی نووشتایەوە و رووەمەتەكانی ماچكرد، بەڵام باب سارد و سڕ، بە ناچاری دەستی تەوقەی درێژكرد و بەخێرهاتنەكەشی لە منگەیەك زیاتر نەبوو، خاڵ بە سەر خۆی نەهێنا، خاڵ گوتی:

حوسێنی تۆڵەستێن، خەم مەخۆ، میللەت لە سەركردەیەك و حزبێك و بزووتنەوەیەك گەورەترە، ئەوان دێن و دەڕۆن، بەڵام میللەت دەمێنێ..

باب تەماشای بنمیچەكەی كرد و هیچی نەگوت، خاڵ دەستپێكردەوە:

خەم لە قاچیشت مەخۆ، چونكێ لە رێی میللەت بەختت كرد، هەموو خزمەتێكیش لە منەوە..

باب متەقی لە خۆی بڕیبوو، وەك بڵێی كەس لەوێ نیە و هیچی نەبیستووە..

منداڵانی داربی كارتیان بە دەستەوەیە و دێنەوە، هی كچی داربی هەر وەك ساڵانە(دەرچوو بە یەكەم) بەڵام هی كوڕی داربی(دەرچوو بە سێیەم)، قوڕگی پڕ گریانە، كچی داربی قسەی بۆ دەكات، دڵی دەداتەوە، بەڵام كوڕی داربی لە ناوەوە بریندارە، وا دیارە بە قسەكانی كچی داربی سارێژ نابێ، كچی داربی لە دەوری دەسووڕێ، چ نەما نەیڵێ، پێدەچی ئەوە دوا رستەی بووبێ:

بە خودای بمزانیایە تۆ سێیەم دەبوویت، منیش خۆم سێیەم دەكرد..

لەو ساتە ئەگەر شەرم نەدەبوو، لە باوەشی دەکرد دەمی ماچدەکرد، پێکەنی، لە دڵەوە پێکەنی، وەك ئەوەی بەو قسەیە یەکەم بووبێ، گوتی:

کچێ، بە قەستی خۆم خەفەتبار نیشان دا..

بە پێکەنینەوە هاتنەوە ماڵ، باب بە دایکی گوت، ئێستا بچێتە بازاڕ و سەرو دیاریان بۆ بکرێت، لە بیریەتی دایك بە دیاریەوە گەڕایەوە، بووکەلەیکی جوان بۆ کچی داربی و تۆپێکیش بۆ کوڕی داربی، قەمەرۆکەش بۆ خوشك و برا، لەگەڵ میوە و حەلواو دەرمان مشك.. لەو ساتە لە دەرێ دەنگی (یازدەی ئازار) هات، باب پارەی دا کوڕی داربی کە سەرو یازدەی ئازاریان بۆ بێنێ، بە دەم خواردنی یازدەی ئازارەکەوە، چاوی لە دەرمان مشکەکە بڕیبوو کەلە سەر تاقەکەی سەرەوە دانرابوو، بە پەنجە ئاماژەی بۆ کرد، گوتی:

شیرین ئەوە چیە؟

دایك سەری بۆ تاقەکە هەڵبڕی:

مشکمان زۆربووە، ئەوە دەرمان مشکە.

باب هەناسەیەکی هەڵکێشا:

نا، دەرمان مشك نیە، پێی بڵێ شەشی ئازار، دەزانی یازدەی ئازار وەك ئەو یازدەی ئازارەی دەستمان شیرن بوو، بەڵام شەشی ئازار وەك ئەو دەرمان مشکەیە..

کوڕ لە شەشی ئازارەکە تێنەگەیشت، بەڵام زۆر دڵخۆش بوو بەو قسەیەی بابی، ئاخر لەوەتەی هاتۆتەوە، ئەوە یەکەم جارە خۆی سەری قسە بکاتەوە، دواتر پێکەوت شەشی ئازار ئەو رۆژەیە کە شۆرشی تۆڵەستێن تێکچوو...

مانگی رەمەزان داهات، مام گەڕیدە هەر یەکەم رۆژ رایگەیاند کە (ئەو ساڵ کورد رۆژی لە سەر نیە)، هەموو سەریان سوڕما، مام گەڕیدە چیە لە خۆوە فەتوا دەدات! چما فەتوادان فشەیە، گەمەی منداڵانە! هەبێ نەبێ ئەو پیرە

شێواوە،خەرەفاوە، دەنا قسەی ئەوها دەکات، مام گەڕیدە گوێ لە کەس ناگرێ، لە بن داربیەکەوە قوم لە جگەرە دەدات و بە دەنگی بڵند فەتوای خۆی دەڵێتەوە، تۆڵەستێن زوو گوتی((وازی لێبێنن هێندە لەگەڵی پێدامەچن))، بەڵام زۆر کەس گوێیان نەدایە تۆڵەستێن، ئەو رەمەزانە کە کەوتبووە گەرمایی هاوینەوە، سێبەری داربیەکە هەمیشە جمەی دەهات، دەهاتن گوێیان دەدایە قسەکانی مام گەڕیدە، منداڵانی داربی جێی گەمەیان تەسکببۆوە و نەیاندەتوانی بە دڵی خۆیان گەمە بکەن..

فەتوای مام گەڕیدە گەیشتەوە قورئانخوێنەکان، جەبار دەیگوت:

ئەو پیاوە کافر بووە، ئەوی بیکوژێ دەستی کەسك دەبێ.

هەرچی حەمەدە دەیگوت:

ئەو پیرە رەنگە هۆشی لە دەست دابێ، نەك هەر بۆ کەس نیە بیکوژێ، دوور نیە قسەکانی بە گوناهیش بۆ نەنووسرێ..

کوڕی داربی کە بیستی جەبار وای گوتووە، لە دلی خۆیەوە گوتی:

تۆڵەی مام گەڕیدەشت لێدەکەمەوە..

رەمەزان رۆیشت و جەژن هات، مام گەڕیدە نە رۆژێکی گرت و نە شیوی جەژنانەی خوارد، سبەینێکەی وەك رۆژانی ئاسایی چایە و ماستی خوارد و جەژنانەی لەگەڵ کەس نەکرد...

کوڕی داربی دەبینێ، مام گەڕیدە رۆژ رۆژ لە کورتی دەداو کەمتر دەچێتە بن داربیەکە و پتر لە ژوورێ دەمێنێتەوە، وازی لە رادیۆ و گۆرانی و هەواڵ هێناوە، بەڵام پتر لە جاران حەزی لە قسەیە و سەرهاتی کۆنی خۆی دەگێڕێتەوە، خوا خوایەتی کەسێکی دەستبکەوێ تا سەرهاتی کۆن بگێڕێتەوە، تۆڵەستێن ناوە ناوە بە شەلەشەل

دەچێتە ژوورەکەی گوێی بۆ شل دەکات، منداڵانی داربیش دەچن، کوڕی داربی چەند رستەیەکی سەرهاتەکانی مام گەڕیدەی لەبیرماوە، مام گەڕیدە دەڵێ:

هێی دنیا، چاوێکم لە پێناوی بزووتنەوەی شیخ سەعیدی پیران دانا، تیری تورك بردی، دەستێکم لە رێی کۆمارەکەی پێشەوا دانا، تیری فارسی پێکەوت و سێ پەنجەمی لە کار خست، پێی چەپیشم عەرەب نیوە پێی کرد، کوڕەکەشم پێیەکی تەواوی لەو جوولانەوەیە داناو عەرەب لە بن چۆکەوە فڕاندی.. داخوا کوڕی کوڕم، چ ئەندامێکی لەشی دەکاتە قوربانیی کێ و کێ دەیبات! بوومە گەڕیدەی شاخ و شاران، لە هەر حەفت ساڵ ئەگەر ساڵێك بە ماڵ کەوتبمەوە، تەمەنێکم دوور لە ژن و منداڵ بەسەربرد، هیچیشم بە هیچ نەکرد..

کوڕی داربی چەند رستەیەکی مام گەڕیدەی وەك خۆی لە گوێ دەزرینگێتەوە، کە پێدەچێت هی سەرەمەرگ بووبن، کچی داربیشی لە تەك بوو، مام گەڕیدە زۆر بە خاوی دەیگوتنەوە:

کوڕەکەم، تاقە کوڕە پێ بڕاوەکەم، ئاگات لە خۆت بێت، ئاگات لە بووکەکەم بێت، منداڵەکان بەجێمەهێڵە،، من لەو دنیایە باردەکەم، ستیە جوانەکەم، هاتم..

کوڕی داربی دێتە بیری دایکی دەستی گرت و لە ژوورەکەی دوورخستەوە و نەیهێشت چاوی لە سەر مام گەڕیدە بێ، زۆری نەبرد، بووە گریان و زانی مام گەڕیدە گیانی سپارد.

تۆڵەستێن لە پرسەکەی مام گەڕیدە هاتەوە ئاوەدانی، کوڕی داربی لە سەر دەرگای مزگەفتەوە کە لە گژ پێڵاو ریزکردنە، دەبینێ بابی لە بنەبانێ لە تەنیشت حەمەدی قورئانخوێن کە ناوە ناوە چەند ئایەتێك دەخوێنێتەوە،دانیشتووە، دەڵینەگە بەتاڵەکەی لە پێش خۆی خڕکردۆتەوە، دارشەقەکانیشی لە تەنیشتی، خاڵیشی لەو سەرە راوەستاوە، کوڕی داربی لەوێش دارلاستیکەکەی لە بەڕکی شەروالەکەیەتی و ناوە

ناوه ئاوڕ له لای گۆڕستانەکە دەداتەوە، ئێ ئەوە خوایە، جەباری قورئـانخوێن ببـینێ، تۆڵەی مام گەڕیدەی لێبکاتەوە، چۆن دەبێ پێیبڵێ کافرە!

بە بارکردنی مام گەڕیدە بۆ گۆڕستان، بۆ لای خانزاد، کـوڕی داربـی هەسـتدەکات ماڵ مەیلەو چۆلە، داربیەکە، ئەندامێکی هەمیشەیی خۆی لە دەست دا، نەنەخانیش نایە، دوو سێ جارێك هـات لـە سـەر سـەکۆیەکە کـەمێك دانیشـت و هەنـدێك وردە فرمێسکی هەڵوەراند و رۆیشت، بەڵام تۆڵەستێن ناوە ناوە دێـت ماوەیـەك، لـە سـەر کورسی دادەنیشێ، شیرینیش زوو زوو سەری دەدات، بە دیاریەوە رادەوەستێ، خوشك و بـراش لـە دەوری خولدەخۆنـەوە، دارشـەقەکانی دەبـەن، دەلینگـە بەتاڵەکـەی رادەکێشن، هەرچی منداڵانی داربیە بێ داربی هەڵناکەن و هەلی هاتن لە دەستنادەن و حەفتانەش سەر لە گۆڕستان نابڕن و ئەو پارەی دەیاندایە حەمەدی قورئـانخوێن دوو هەندیان کردووە، لە رێی چوون بۆ گۆڕستان، کوڕی داربی دەڵێ:

دەزانی ئەگەر بە پێی تەسکەرە بێت، من نەبابم هەیە، نە دایك، نە خوشك و بـرا، نە خاڵ.. زۆر بێ کەسم

کچی داربی بە پێکەنینەوە:

ئەدی برادەر!

تەماشای دەکات و بزەیەکی بۆ دەکات..

کچی داربی دەڵێ:

من لە هی مام گەڕیدەش بەشداری دەکەم..

کوڕی داربی رازی نەبوو، بەڵام کچی داربی سوێندی لێخوارد ئەگەر وا نەکات، لە بنی قسەی لەگەڵ ناکات، ناچار ملی دا، لە هاتنەوەدا، دەڵێ:

ئـەوەتا جـەباری قورئـانخوێن، لێمگـەڕێ، تـا زووە بـا تۆڵـەی مـام گەڕیـدەی لێبکەمەوە..

کچی داربی رازی دەبێ، وەك بڵێی دەیەوێ دەست ونیشانەی ببینێ، لەمێژە نەیدیتووە، خۆیان خستە پەنای دیواری مزگەفتەکە، کوڕی داربی دەپرسێ:

ئەتو بڵێ، حەزدەکەی لە کوێی بدەم؟

کچی داربی دوودڵی پێوەدیارە، دەڵێ:

لە سەر چۆکی.

سێرەی لێدەگرێ، باش هەڵکەوتووە، قورئانخوێن بە پێوە راوەستاوە و رووی لە وانە، دەیهاوێ، بەو جێیە دەکەوێ کە چاوی کچی داربیی لە سەرە، قورئانخوێن جوێنێکی گەورە دەدات. کچی داربی دەڵێ:

بە راستی نیشانشکێنی..

کوڕی داربی کەیفی بە خۆی دێت، بەو دیودا غاردەدەن، دەگەنەوە بن داربیەکە، دایك بانگیان دەکاتە ژووری و میوەیان لە پێش دادەنێ، لە دەرگا دەدرێ، دایك دەیکاتەوە:

فەرموو، فەرموو مامۆستا

ئای ئەوە جەباری قورئانخوێنە، دادەنیشێ، منداڵانی داربی ژوورەکە بەجێدێڵن، بە ئاستەم گوێیان لەقورئانخوێنە بە تۆڵەستێن دەڵێ:

کوڕەکەت دارلاستیکێکی لە سەر چۆکم دا، ئێستاش ژان دەکات..

باب بانگی کوڕی داربی دەکات، کچی داربیش لەگەڵی دەچێت، باب دەڵێ:

کوڕم تۆ دارلاستیکت لە جەبار داوە؟

کوڕ بە شەرمەوە:

من بووم.

باب بە سەرسامیەوە:

لەبەرچی؟

کوڕ بێ ترس:

چونکێ گوتی مام گەڕیدە کافرە و هەرکەسێك بیکوژێ دەستی کەسك دەبێ..

باب دەڵێتە جەبار:

قسەی وات کردووە؟

قورئانخوێن هیچ نالێت، باب بە تووڕەییەوە تەماشای دەکات و دەڵێ:

لە سەر ئەو قسەیە هەقت گوللەیە نەك بەرد..

کوڕ لەو رۆژەوە هەستدەکات هەموو ئەو بەردانەی لە دارلاستیکەکەیەوە دەرچوون، بەردی هەق بوون، رەوا بوون، بەردی نارەوای نەهاویشتووە..

جەبار باشی بۆ نەدەهات، هەر لەو سەروبەندەش گوڵێ چەقۆی لە سەر راگرت، چەقۆکەی گوڵێ لە چاویدا بریسکە دەداتەوە کە لە پەنای چێورمەیەك لە سەر شانی جەباری راگرتبوو، گوێی لێیە، چاوی لێیە، گوڵێ دەڵێتە جەبار:

قورئانخوێن بێرەوەشتیت لە من دیتیە؟

قورئانخوێن بە حەپەساویەوە:

بێرەوەشتی چی کچم، چ بووە.

گوڵێ بە تووڕەیەوە:

ئەدی لۆ من بە بێرەوەشت باس دەکەیت؟

جەبار دەڵێ:

کچم قسەی وام نەکردووە، ئەوەی وای بۆ گێڕاویەتیەوە، بختانی کردووە، خودا لە دوڕ دەوی بدا

گوڵێ دەست بۆ گیرفانی دەبات، رەنگە بیەوێت چەقۆکەی دەربێنێ:

خۆم بیستم، تەماشامبکە، سەرم کۆتە:

جەبار:

بەڵێ

گوڵێ:

لنگم رووتە؟

جەبار:

ئەستەغفیرولا، بەڵێ

گوڵێ چەقۆکەی لە دەستە:

ئـەدی تـۆ نـاڵێی هـەر ژنێـك هـەر کچـێك سـەری کـۆت بـێ، لنگـی رووت بـێ، بێڕەوەشتە، من بێڕەوشتم؟!

جەبار دوو سێ ئایەت دەخوێنێتەوە، گوڵێ چەقۆکە لـە سـەر شـانی دادەنـێ و بـە دەنگێك کە چ لە دەنگی گوڵێ ناچێت:

بە کوردی قسە بکە، بە کوردی بێڕەوشتیم بسەلمێنە..

لەو ساتە حەمەد دەگات و جەبار لە بن دەستی گوڵێ دەردێنێ، گوڵێ دەڵێ:

جارێکیدی بە من بڵێی بێڕەوەشت بە قوربانی دوو چەقۆت دەکەم..

هەر ئەو رۆژەش بوو گـوڵێ سـەگ گرتـی، کەلپـەی لـە بەلـەکی بردبـووە خـواری، سەگەکەش دوو چەقۆی خواردبوو، هەندێك کەس پێیانوابوو، ئەوە خوای قورئـانخوێن بوو وای بە سەرهات، چۆن دەبێت چەقۆی لێهەڵکێشێ، دەیـانگوت، بـەڵام ئـەو نێـرە هەیتەیە لە چ دەترسێت، ئەها جێی کەلپەی سەگ بە بەلەکیـەوە دیـارە، هـەر دەبـوو لەبەر ئەوە لاقی داپۆشێ، کەچی گوڵێ دەیگوت:

دەبوو دوو چەقۆش لە جەبار بدەم، هەر کێ پەلامارم بدات بەر چەقۆی دەدەم..

کوڕی داربی لە بیریەتی هەر لەو رۆژانە دایك مەکینەیەکی درووماں دەکڕێ، جلك بـۆ خـەڵك دەدووری، تۆڵەسـتێن کـە دەبـینێ شـیرین کـار دەکـات، دەنێـرێ هەنـدێ شووشەی ئەستوور وکەرەستەی بۆ دێنن، دەستدەکات بە تەزبێح درووستکردن، ئیـدی

لە ماڵیان دەنگی مەکینەی درووماڵن و تەزبێح درووستکردن نابڕێتەوە، کوڕی داربی دڵی بەو تەقەتەق و جینگەجینگە دەکرایەوە، چونکێ جوولەی خستبووە ماڵەوە و باب کەوتبووە ئیش، وەك پێشوو نەما کە هەمیشە چاوی لە پنتێکی نادیار دەبڕی، لە ماڵ دادەبڕا و قسەی نەدەکرد، ئێستا بە دەم ئیشکردنەوە قسە دەکات، قسەی خۆش، بەلاّم ئەوەی تا ئێستا جێی نیگەرانیی کوڕی داربیە، تاکە پێلاّوە رەنگ قاوەییەکەیە کە بابی لە پشت سەری خۆی داینـاوە و لە پێی نەکردووە، تاکەکەیدی لەوەیە کۆن بێت بەلاّم ئەوەیان هەر نرت و نوێیە، پێ و پێلاّوی باب لە بیرناکات، چەند جار خەونی پێیانەوە دیتووە، دەبینێ باب بە دوو پێوە، بە دوو تاکە پێلاّوی قاوەییەوە قیت قیت دەڕوات، رۆژێك ئەو خەونە دەبێتە راستی، لە قوتابخانە دێتەوە، دەبینێ بابی لە پێش دەرگا قیت راوەستاوە، دەمێکە بەو قیتیە نەیدیتووە، یەکسەر تەماشای پێیەکانی دەکات، ئای! خۆ هەردوو تاکە پێلاّوی لە پێیە، ئەوە چیە! تەماشا دەکات، دارشەقی لە بن هەنگڵ نیە، کوڕی داربی چاوی هەڵدەگلۆفێت، خەونە، راستیە! جوانتر تەماشادەکات، باب گۆچانێکی جوانی بە دەستەوەیە، لە گۆچانەکەی مام گەڕیدە ناچێ، ئای، بە خۆی ناوەستێ، هاواردەکات:

بابە، پێت هاتەوە؟

باب بزەیەك دەکات:

بوومە خاوەن پێیەکی وا، ئەگەر گوللەشی بەرکەوێت، نە ئێشی دەبێت نە خوێنی لێدێت..

رۆژ و حەفتە تێدەپەڕن، مانگ ئاودیو دەبێ و ساڵ دەسووڕێتەوە، گەڕەك تا دێ پڕتر و پڕتر دەبێ، کۆلاّنی ماڵی کوڕی داربی پڕبۆوە، پارچە زەویەك بەتاڵ نەمایەوە، تەنیشتیشیان بووە خانوو، ماڵێك لەو پەڕی سنوورەوە، لە نزیك قەندیلەوە هات و لە تەنیشتیان خانووێکی خۆشی قیتکردەوە، قەمەرەیەکی جوانیشیان لە پێش دەرگا

رادەگرت، کوڕەکەیان کە ناوی سیامەند بوو، هەر ئاوزەی کوڕی داربی دەبوو، بۆی دەگێڕایەوە:

ئێمە رەز و باخێکی گەلەك گەورەمان هەبوو، هەرچی میوەت دەویست لە رەزی ئێمەدا دەتدیت، حەفتا بنەگوێز بەس دارگوێزمان هەبوو، حکومەت پارەی دایـنێ و دەریکردین..

ماڵەکەی تەنیشتە وان لە پشت قەرەچووخ، لە دوواریی قەراجەوە، هاتبوون، ژنەکە گوتبووی:

دیشداشە لەبەری پێخواس، رەشماڵیان لە پێش دەرگامان هەڵدا، سەربازەکانی لەگەڵیان تفەنگیان راکێشا بە عەرەبی گۆتیان: سێ رۆژتان لە پێشە، بارنەکەن قڕتان دەکەین، بە پڕەپڕ بزگوڕمان پێچایەوەو ئەو چەند سەربزنەی هەمان بوو، هێنامان و فرۆشتمان..

ماڵەکەی سەرەوەی ماڵی کچی داربی، پێدەچوو خزمی ماڵی نەنەخان بن کە لە نێوان خۆیان قسەیان دەکرد، کەس تێیاننەدەگەیشت، کچەکەیان بۆ کچی داربیی گێڕابۆوە:

ئەمن دەوری گەڕەکیان دا، گوتیان: ئێوە هی ئەو ولاتە نین، سنوور بەدەرتان دەکەین، بابم ئەمنێکی دەناسی، شتێکی دایێ و خۆمان دزیەوەو هاتینە ئێرە..

گەڕەك لە پڕ گەورەبوو، دڵی بەوە خۆشە، لای کەندێ تا دەگاتەوە ئەو بەری دارتێلەکە چۆلە، گەڕەك تێکەڵەیەکە کەس کەس ناناسێ، ماڵە کۆنەکان بزربوون، کوڕی داربی تا منداڵێکیان دەبینێتەوە زۆری دەوێت، هەر لەو سەروبەندەش ناوە ناوە گەنجێك دیار نەدەما، کەس نەیدەزانی چی بە سەرهات، لە بیریەتی پیاوی هەمەدانیش ئێوارەیەك هاتە لای بابی، سەریان لە بن گوێی یەکتر نابوو، ئیدی بزربوو، کۆڵان جمەی دێت و داربی هێمنیەکەی جارانی نەماوە، چۆلەکەکان دەخوێنن،

بەڵام ناوە ناوە لە لایەکەوە بەردێك دێت و لـە خوێنـدنیان دەکـات، بـەردیش لـە نـاو پەلکانەوە بەردەبێتەوە و چەند بەردێك بە سەری تۆڵەستێن کەوتووە، بەڵام ئـازارێکی وای نەبووە، گەڕەك پڕبووە لە دارلاستێك، هەموشیان رووبان لە باڵندەکانە، باڵندەی سەر دار و دارتێلەکان، تەنها دارلاستیکەکەی کوڕی داربیە وەك خۆی ماوەتەوە و تـا ئێستا بەردێکی رووەو باڵندە لێ دەرنەچووە، کوڕی داربی ناوە ناوە لە سەربانەوە، بـە دزیەوە تۆڵە لەو دارلاستیکهاوێژانە دەکاتەوە، سەری چەند منداڵی شکاندووە..

ماوەیەکە کچی داربی کەم زۆر کەم دێتە بن داربی و ماڵێ، دەڵێـی گەورەبوونـە و شەرم لێکدی دەکەن، رەنگە پتر لـە ترسـی براکەشـی بـێ، براکـەی ئێسـتا چـەکدارە، خەڵك دەڵێن بووەتە جاش، ئێسـتا رێـی قوتابخانەشـیان یـەك نیـە و ئەگـەر چـۆن لا بەلایی لە رێ تووشی یەکتر بن، بەڵام کوڕی داربـی هـەموو بـیر و خـەیاڵی هـەر لای کچی داربیە، لە هەموو جێیەك چاو لە کچی داربی دەگێڕێ، لە رێ، لە سەر بان، لە بن داربی، لە سەر جێ، لە ناو کتێب، لە تەلەفزیۆن، تازە تەلەفزیۆنیان کڕیوە، پێـی سەیربوو، بابی تەلەفزیۆنی بۆ خۆیان کڕی بۆ ماڵی کچی داربیی نـەکڕی، شەرمیشـی دەکرد پێیبڵێ، لە تەلەفزیۆنیش لە دوای کچی داربی دەگەڕێ، تەلەفزیۆن پڕ لە کچی جوانە، بەڵام لە چاوی کوڕی داربیـەوە هیچـیان ناگەنـە کچـی داربـی، دەزانـی کچـی داربی چەند جوانە، بەژنی دەڵێی شەنگەبیە، پرچی درێژ درێـژ خـاو خـاو، لێوەکـانیی سوور سوور، چاوی گەش گەش، روومـەت ناسك ناسك، کچی داربی ئێواران جار جـار لەگەڵ دایکی دێ و سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، کوڕی داربیش بە شـەرمەوە نـاوە نـاوە تی چاوێکی دەداتێ، ئاگری گرتووە، بە تایبەتی بۆ لێوەکانی، سـوورابیەکیان تێدایـە لە سووری چ لێوێك ناچێ، دێتە بیری رۆژێك کچی داربی لە ماڵیان بوو، کوڕی داربی لە حەوشە لە خەیاڵی کچی داربی بوو، گوێی لێبوو دایکی دەیگوت:

کچم ئەوە لێوت سووردەکەیت؟

کوڕی داربی بە پێدزە خۆی گەیاندە پەنجەرە گچکەکە، کچی داربی بە شەرمەوە دەڵێ:

نا، هەر بە خۆی ئەوهایە..

چاوی لێیە، دایك وەك بڵێی باوەڕ ناکات، لێی نزیکدەبێتەوەو پەنجە بە لێویدا دێنێ، تەماشای پەنجەی خۆی دەکات:

کچێ خۆ راستدەکەیت سووراوت لێنەدایە..

لەو ساتە هەزار خۆزگەی بە دایکی خواست، خوا خوای بوو، کچی داربی زوو بڕوات، تا بگاتە دایکی و ئەو پەنجەیەی ماچ بکات کە بە لێوی کچی داربیدا هێنا، لە بەدبەختی ئەو کچ دانیشتووە و هەڵناستێ، گوێی لێیە دایك دەڵێ:

کچە جوانەکەم، منیش کاتی خۆی وەك تۆ جوان بووم..

کچی داربی بە شەرمەوە دەڵێ:

دادە شیرن، ئێستاش زۆر جوانی..

دادە شیرین لە ئامێزی دەگرێ، کوڕی داربی هێندە نەمایە ئاگر بگرێ، خۆی پێناگیرێ، کشاوە دواوە، گوێی لە دایکیەتی:

من کە شووم کرد هەر لە تەمەنی تۆ بووم، بەڵام تۆ تا خوێندن تەواو نەکەیت بیر لە شووکردن مەکەوە، هەینێ من کوڕێکی بە دڵی خۆت بۆ دەبینمەوە..

خۆشی لە بەشی یەکەمی قسەکەی دایکی نەهات، تا خوێندن تەواو دەکات، تازە پۆڵی یەکەمی ناوەندین، بەشی دووەمی قسەکەی بەدڵ بوو، هەر دەبێ ئەوی بەدڵ بێت..

لە قوتابخانە دێتەوە، کارتی پێش کۆتایی ساڵی لە دەستە، دڵی خۆش نیە، لە هەموو وانەکان بەخشراوە، بەڵام لە وانەی عەرەبی دەبێت بچێتە تاقیکردنەوە، چەند حەزدەکات تووشی کچی داربی بێت، خۆی گەیاندە سەری ئەوکۆڵانەی کە رێی وی

بوو، دیتی سووڕایەوە، نەیگرت، دوعای کرد ئەو لە هەموو وانەکان بەخشرابێت، دوعاکەی گیربوو، زۆری نەبرد کچی داربی هاتە ماڵیان و هەواڵەکەی هێنا، کە زانی کوڕی داربی وانەیەکی ماوە، دیاربوو خەفەتی خوارد، بەلاّم هیچی نەگوت، تۆڵەستێن دەڵێ:

شیرین دیارییان بۆ بکڕە..

دایك رۆژی دوایی بە کاتژمێرێکی کچانەوە، یەکی کوڕانە لە بازاڕ هاتەوە، کچی داربی دیار نەبوو، دایك دیاریەکەی هەڵگرت و چوو، زۆری پێچوو، نەهاتەوە، خوشك و برا بە جووتە بە دوایدا چوون و هاتنەوە، دەمەو ئێوارە بوو، چ هاتنەوەیەك! کوڕ لە سیمای دایکی خوێندیەوە کە شتێکی ناخۆش لە گۆڕێیە، چووە پێشی و چاوی لە چاوی بڕی، بەلاّم دایك خۆی لێ لاداو هیچی نەگوت، کوڕ بە بێدەنگی کشایەوە، کوڕ تەنگەتاو بوو، یەکسەر چووە سەربان تەماشای حەوشەی ماڵی کچی کرد، چ لە گۆڕێ نیە، کوڕ ئاهێکی وەبەر هاتەوە، دیارە نیگەرانیی دایك پەیوەندی بە ماڵی کچی داربیەوە نیە، کوڕ گوێی لە دایکە قسە بۆ باب دەکات:

ئاخر ئەو منداڵە هی مێردە!

باب دەڵێ:

گوڵنار! مارەشیان کرد،دایانە کێ؟

دایك دەڵێ:

ئا، لەو دوو سێ رۆژەش دەیبەن، شەوێ مارەیان کردووە، براکەی بە مێردی داوە، دایکیشی هێندە ئاگای لێ نیە..

وەی! هاوار، وەك بڵێی پشکۆی ئاگر بخەنە سەر دڵێ، لە قوڕگیەوە بۆ کرووز هات، بە ئاگر ئاگری گرت، هەناسەی سواربوو، چاوی رەش بوو، هیچ نابینێ، بە دوای سەتڵێك ئاوی ساردا دەگەڕێ بە خۆیدا بکات، خۆی بکوژێنێتەوە، ئاو نابینێتەوە،

هاوار لـه سـەر ئـەوە بـوو یـەك بـە مـاڵ و کـۆڵاڵن هـاوار بکـات، خـۆی گـرت، رێـی هاوارەکـەی گـۆڕی، ئاراسـتەی هاوارەکـەی بـەرەو نـاخی خـۆی گـۆڕی، لـە ناخـەوە هاوارێکی کرد، ئەگەر دایك و باوك بیانبیستایە بە زەبـری گوللـەش بایـە گوڵنـاریـان دەگێڕایەوە، هاوارێك ئەگەر براکەی گوڵنـار بیبیسـتایە دوورنـەبوو، پەشـیمانبێتەوە، ئەگەر گوڵنار بیبیستایە، بێ ترس دەهـات دەسـتی لـە مـل دەکـرد و سـەری خۆیـان هەڵدەگرت، کەس نەیبیست، جگە لە هاوار کەس هاوارەکەی هاواری نەبیست، رووی خۆی نیشانی دایك باب نەدا، چووە بن داربیەکـە، کـەس دیـار نـەبوو، دڵـۆپ دڵـۆپ فرمێسکی هەڵدەوەراند، دەنگی پێیەك هات، هەستا چووە سـەر بـان، روو لـە مـاڵی گوڵنار راوەستا، کەس لە پێش دەرگا و حەوشە دیار نیە، گریـا، هـاوار بـە دڵ گریـا، هێند گریا هێزی تێدا نەما، سینەی کەمێك ساردبۆوە، هاتە خوارێ تاریك بوو، چووە سەرشۆرك ئاوێکی بە خۆیدا کرد، بە سەر خۆی نەهێنا، لە کاتی نان خواردن هەندێك گەمـەی بـە کەوچـك و شـیوەکە کـرد، هـەوڵی دەدا، دایـك و بـاوك هەسـت بـە نیگەرانیەکەی نەکەن، هاوار باشی لە بیر نیە ئەو ئێوارەیە چۆن گەیشتە شەو و چـۆن رۆژ بۆوە..

رۆژ بۆوە، کوڕ رەنگە سەد جار بە کۆڵانی مالی کچدا هاتوچوو بێت، کچ سەرێکی بە دەرێدا دانەگرت، لە سەر بانەوە تەماشای حەوشەی ماڵیـانی دەکـرد، کـچ جارێـك رێی بە حەوشە نەکەوت، چەندی حەزیدەکرد منـداڵ بـاو بـێ لـە دەرگـادان خـۆی بـە ماڵیاندا کردبا، بیزانیایە گوڵنار لە کوێ دانیشتووە، چی دەکـات، دڵـی خۆشـە، یـان نیگەرانە، هاوار لە سەر ئاو و ئاگرە و لە هـیچ جێیـەك ئـۆقرە نـاگرێ، بـایی هێنـدە ئاگای لە دەور و بەرە کـە دایـك و بـاوك هەسـت بـە شـتێك نەکـەن، هـاوار پـەنا بـۆ گۆڕستان دەبات، دەچێتە سەر گۆڕی خانزاد و مام گەڕیدە کە بە تەنیشـت یەکـەوەن،

لە نێوان هەردووکیان دانیشتووە و هاوار هەندی لەقسەکانی خۆی لـە بـیرە کـە بـۆی دەکردن:

خانزداد، کچە جوانەکەی گەڕەك تۆ ئاگات لێیە! گوڵنار دەبەن، دە توخوا پێی بڵێ بە گوڵنار بڵێ، با لەگەڵیان نەچێت..

مام گەڕیدە، گوڵنار دەڵێی لێم تووڕەیە، نایەتـە بـن داربیەکـە، دەڵـێن گوایـە بـە یەکجاری دەڕواو نایەتەوە، پێیبڵێ نەڕوات...

هاوار دەچێتە مالی نەنەخان، لە دەرگا دەدات و قسە رێکدەخات، ئەگەر نەنەخان دەرگای بکاتەوە، پێیدەڵێ:

نەنەخان بیکە خاتری گۆڕەکەی مام گەڕیدە، بڕۆ مـالی گوڵنـار، پێبڵـێ نـەڕوات، تەنیام نەکات..

نەنەخان دەرگا دەکاتەوە:

ها، هاوار، کوڕم چیت دەوێ؟

هاوار زمانی تێکدەئاڵێ، قسەی بۆ نایە، نەیزانی چی بڵێت:

هیچ، تینوومە..

نەنەخان جامە ئاوێکی بۆ هێنا، نیو دیناریشی لە گیرفان نا:

بیدە قورئانخوێن با چـەند ئایـەتێك لـە سـەر گـۆڕی مـام گەڕیـدە بخـوێنێ، هـاوار دەیویست نیودینارەکەی بداتەوە، نەنەخان خۆی لێ تووڕە کرد...

لە هاتنەوە تووشی گوڵێ بوو، بە گاڵتەوە بە هاوار دەڵێ:

ئەوە گوڵناریان بە مێرد دا! من بۆ تۆم دانابوو..

هاوار قوڕگی پڕ گریان دەبێ، هیچ ناڵێ، گوڵێ تەماشایەکی دەکـات، وەك بڵێـی لە قسەکەی خۆی پەشیمانبێتەوە، لێینزیك دەکەوێتەوە، دەڵێ:

گوێ مەدێ، ئازابە، کە ئەو تۆی نەویست، تۆش ئەوت نەوێ..

هاوار خۆی پێناگیرێ و فرمێسك دەبارێنێ، گوڵێ بەجێدێلێ..

لە دەو کەندەوە پووشکاخەز هەڵدەدات، دەیەوێت بفڕێتە سەر حەوشەی ماڵی گوڵنار، چەندی ئەوسەر و ئەوسەر دەکات، ناچێت، بایەك نیە بیباتە ئەوێ، دێت لە سەر بانەوە دەیفڕێنێ، پووشکاخەز لە ئاسمانی حەوشە لەنگەر دەگرێ، بە پرتاو بە خەتی درشت دەنووسێت: (بۆ وات کرد بۆ؟) پێوەی کرد زوو گەیشت، بەلاّم گوڵنار دیار نیە، بیبینێ، پووشکاخەز و نامە ببینێ، هەوڵدەدات پووشکاخەزەکە لە حەوشەیان بەربێتەوە، داو توند دەکات، شلی دەکات، دەیداتێ، رایدەکێشێتەوە، پووشکاخەز هەر جارەی دەیەوێت لە سەر بانێك لە حەوشەیەك بنیشێتەوە، بەلاّم وەك بڵێی هێزێك هەیە لە حەوشەی ماڵی گوڵنار دووری دەخاتەوە، ویستی بە دارلاستیك گوڵنار ئاگادار بکاتەوە، تا بەردێکی لە گیرفانی دەرهێنا، پووشکاخەز لە دارتێلەکەی دوو ماڵ سەرەوەتر گیر بوو..

هاوار لە سەر بانەوە تەماشای حەوشەی ماڵی گوڵنار دەکات، جمەی دێت لە ژن و منداڵ، خۆزگەی خواست دووربینەکەی باب مابا تا لە دووربینەوە تەماشا بکات و گوڵنار لە نزیکەوە ببینێ، بەلاّم کوا دووربین، هەر شتێك پەیوەندی بە پێشمەرگایەتیەوە بووبێ لە ماڵ نەماوە، تۆڵەستێن مەتارەکشی نەهێناوە، زۆری نەبرد چوار پێنج قەمەرە لە لای کەندەکەوە هاتن و لە پێش ماڵی گوڵنار وەستان، هاوار جگە لە فرمێسك هەڵوەراندن چی لە دەستدێ! بەلاّم شتێك نەکات دڵی دەتەقێ، خەریکە گوڵنار دەبەن، بە پرتاو هاتە خوارێ و لێیان نزیکبۆوە، کەسی نەدیت جگە لە گوڵنار، بەلاّم چ گوڵنار، دەست و پەنجەکانی سوور کردبوو، لێوەکانی لە پەنجەکانی سوورتر، هاوار یەکسەر کرێمستی بن داربیەکەی هاتەوە پێش چاو، ئەو سووراوە چەند لە کرێمستیە سوورەکە دەچوو، هاوار سەری گێژ دەخوات، لە سەر ئەوەیە بکەوێت، هێز دەداتە بەر خۆی، نابێت بکەوێت، ئیشی بە پەلەی هەیە، کاتی

نەما تا چاو بداتە زاوا، خۆی گەیاندە پەنای ئەو عارەبانەی تراکتۆرە کە ماوەیەك بوو لە خوار دارتێلەکەی ئەوبەر لە نزیك رێ، لە تەنیشت خانوویێکی تەواو نەکراو راگیرا بوو، قەمەرەی بووکێ لەو لاوە هات، بووك و زاوا لە پشتەوە سواربوونە، باش رێککەوتووە، زاوا کەوتۆتە لای هاوارەوە، جامیش کراوەتەوە،هاوار بەرد نا پارچە شووشەیەکی مەیلەو خڕ پێیدەڵێن جامی فڕۆکە ئەوەی بابی تەزبێحی لێ درووستدەکات، دەخاتە دارلاستیکەکەیەوە، ئای ئەوە چ دەبینێ، زاوا گوڵینگدارە، هاوار هەڵەی نەکردبێ ئەوە حەسۆیە حەفت ساڵێك دەبێت نەیدیتووە بەلاّم ناسیەوە بە لووتی ناسیەوە، هاوار لاستیکی دارلاستیکەکەی چەند راکێشابوو، لەبەر خاتری حەسۆ پتری راکێشا، هاویشتی رێك لە سەری کەپووی دا، ویستی شووشەیەکیدی تێگرێ، ویستی ببینێ، خوێن ببینێ کەڵکی نەبوو، قەمەرە راوەستا، دەبوو بەو دیودا هەڵێ و خۆ بزرکات، دواتر بیستیەوە، مستە خوێنێك لە لووتی زاوا هاتووە، کراسی بووکێش پەلە خوێنی بەرکەوتووە..

حەفتەیەکە هاوار لە سەر سەر دەسووڕێ، بۆ وەی دایك و باوك هەستپێنەکەن و نیگەران نەبن، کەم بە ماڵ دەکەوێتەوە، ئەو کاتانەی باب لە بن داربیەکە نیە، لەوێ کات بەسەر دەبات، ناوە ناوە دەچێتە گۆڕستانەکە، دەچێتە مزگەفتەکەی دەروێش برایم، زۆر کاتیش دیدار لەگەڵیەتی، دیدار زوو بە دەردەکەی زانی، دڵی دەداتەوە، بەلاشە، دیدار تووڕە دەبێت و پێیدەڵێ:

بۆچی خۆت دەکوژیت، ئەو ئەگەر تۆی ویستبا، وای نەدەکرد، بەلای کەمی پرسێکی پێدەکردی..

هاوار هیچی بە گوێدا ناچێ..

هەینی بوو گوڵناریان برد، لە هەینیش هاتەوە، گوڵنار بە دیارکەوتەوە، هاتەوە ماڵی هاوار، لە حەوشە سلاوێکی لە هاوار کرد و غاری دایە باوەشی دایك، هاوار

دەبینێ گوڵنار بە حەفتەیەك زۆر گۆڕاوە، لە کچێکی منداڵکارەوە بۆتە ژن، قسەی، ڕۆیشتنی ژنانەیە، سوراو و سپیاوی لە خۆی داوە، دەست و پەنجەی سوور سوور، دیسان کرێمستیەکەی منداڵیی دێتەوە بەر چاو، لە چاوی نابێتەوە، هاوار زۆر لە خۆی دەکات و ورد تەماشای دەکات، بەلاّم گوڵنار هێندە چاوی هەڵناهێنێ، وەك بڵێی نەیەوێ بیبینێ، لە ڕۆیشتنێ لە سەر دەرگا، گوڵنار بە هێواشی کەس گوێی لێنەبوو:

تۆڵەی خۆت لە حەسۆ کردەوە، قەیناکە، پێمناخۆش نەبوو..

هاوار ویستی بڵێ، کچێ تۆڵەی تۆم لێکردەوە، زمانی بەسترا، بیستبووی لە شەوی بووك و زاوا، لە ناو رانی بووکێ خوێن دەڕژێ، لە پێش خۆیەوە دەیگوت: ئای حەسۆ، سەری منت بە خوێن هێنا، ناو رانی گوڵنارت بە خوێن هێنا، بە دارلاستیکێك وازت لێناهێنم، تۆ زۆر قەرداری منی..

هاوینێکی سەخت بوو، ئەو پشووە بۆ هاوار ماندووترین ماندوێتی بوو، لە ماڵ ئۆقرەی نەدەگرت، لە چ جێ ئۆقرەی نەدەگرت، لە گەڕانێکی هەمیشەییدا شەو و ڕۆژی دەکردەوە، شەوانیش لە گەڕان بوو، چاوی دەچووە خەو پێیەکانی هەڵیان دەگرت و دەیانبردەوە هەموو ئەو جێیانەی بە ڕۆژ سەریلێدابوون، هاوار بە تەنێ، زۆر جاریش دیدار بەگەڵی دەکەوت، هاوار دەچووە سەر گۆڕی مام گەڕیدە و خانزاد ، دەچووە بن دارخورماکە، ناو قەیسەری دەکرد، بە قەراتدا هەڵدەگەڕا، لە شەربەتەکەی مام قادری دەخواردەوە، بەلاّم تامی لێنەدەکرد، سەردانی منارەی دەکردەوە، پێدا هەڵدەگەڕا، ئێ ئەوە خوایە لە سەرەوە گوڵنار ببینێ، سەری دەسووڕا، بە پڕەپڕ دەهاتە خوارێ، ئەو هاوینە پشووێکی پڕ ماندوێتی بوو، هاوار چی نەدەبیست، چی نەدەدیت، پێدەچوو باڵندەکانی داربی لەو پشووەدا گەشتیان کردبێ، چ گوێی لە خوێندنیان نەبوو، ڕۆژ نەبوو سەرێك نەچێتە پێش دەرگای قوتابخانەی گوڵنار، ناوە

ناوه له سەربانەوە تەماشایەکی ماڵی گوڵناری دەکرد، گریانی دەهات، چ ماڵێکی چۆله، بێ گوڵنار چ کۆڵانێکی چۆله، بێ گوڵنار چ شارێکی چۆله، بێ گوڵنار، هاوار بیستی گوڵنار له دەرەوەی شاره، بەڵام پێنەکەوت له کوێیە، شەرمیشی کرد بپرسێ، رۆژی بیست جار به کۆڵانی ماڵی گوڵناردا تا پشت ماڵی نەنەخان دەچێ و دێتەوە، ئێ ئەوە خوایە، گوڵنار هاتبێتەوە و له سەر دەرگا بیبینێ، نایەتەوە، لەو پشووە یەك جار له دوورەوە گوڵناری دیت، جارێکیش هاتبووە ماڵیان، بەڵام ئەو وەختە چووبووە دیداری دارخورماکە، دەستی خۆی دەشکاندەوە چۆن له ماڵ نەبووە..

قوتابخانە هاتەوە، هاوار به کزی، به مەلوولی رێی گرتووە، کتێبیان وەرگرت، ئەو ساتانەی بیرکەوتەوە که پێکەوە لەگەڵ گوڵنار کتێب و دەفتەریان بەرگ دەکرد، کتێبەکان هەندێکیان عەرەبی بوون، گوتیان خوێندن بۆتە عەرەبی، هاوار تەماشادەکات له کتێبەکان بێجگە لە عەرەبی و ئایین، پەروەردەی کۆمەڵایەتی وجوگرافیا و مێژوو بوونەتە عەرەبی، هەندێکیان لێدەخوێنێتەوە، فڕیان تێناگات، له سەری خۆی دەدات، له بەر خۆیەوە دەڵێ:

چ ساڵێکی سەختە ئەوساڵ، گوڵنار رۆیشتبێ، کتێب بووبێتە عەرەبی، باشترە واز له خوێندن بێنم، یازدەی ئازار یان شەشی ئازار بفرۆشم..

به ناوهێنانی یازدەی ئازار کرێمستیەکەی بیرکەوتەوە، لە کرێمستیشەوە، لێو و دەست و پەنجەی خەناویی گوڵناری هاتەوە بەر چاو کە بۆ حەسۆی جوانکردبوون، چەند دڵۆپە فرمێسکێکی هەڵوەرانده سەر کتێبەکان، لەو دەمە دیارە مامۆستایەك فرمێسکەکان دەبینێ، به نەرمی دەست دەخاته سەر شانی و به ئەسپایی دەڵێ:

کوڕم، بۆ دەگری، چ بووە؟

پرسیارەکە زۆر له پڕ بوو، هاوار نەیزانی چی بڵێ، بۆی هات:

من عەرەبی نازانم..

مامۆستا دەست بە سەریدا دێنێ و دەڵێ:

هەر تۆ نا، کەس عەرەبی نازانێ، هەوڵبدەن، بەرە بەرە فێر دەبن، چ دەکەی لەگەڵ ئەو حکومەتە!

قوتابیەك پرسی:

مامۆستا کۆچەر، حکومەت لۆ کتێب دەکاتە عەرەبی؟

مامۆستا:

لۆی دەچێتە سەر، لۆیە..

لەو دەست بە سەرداهێنان و قسانەوە چووە دڵی هاوارەوە..

ئێوارەیە، لە سەر خوان، کوڕ بۆ دایك و باب باسی بە عەرەبیکردنی کتێب دەکات، باب هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ:

سەدام هەموو شت دەکات، خاك و زمان و جلکوبەرگ دەکاتە عەرەبی..

دایك دەڵێ:

تا سەر بۆی ناچێتە سەر، ئای بیبینم پەتکی بە ملەوەیە..

هاوار زۆر لە سەدام بە رکدا دەچێ، مەگەر هێندە لە حەسۆ بە رکدا چووبێ، بیری بۆ دارلاستیکەکەی چوو، چووە خەیاڵەوە، دەبینێ سەدام لە سەر تڕومبێلێك بە پێوە راوەستاوە و سلاو لە خەڵك دەکات، هاوار لە سەر بانێکەوە، سێرەی لێ دەگرێ، پارچە ئاسنێکی تیژی خستۆتە دارلاستیکەکەیەوە، تێیدەگرێ، رێك لە ناو لەپی دەدا و خوێن بە قۆڵیدا دێتە خوارێ، چەکدارێك دەیبینێ، خەریکە دەکەونە دوای.. بەلاّم دایك بە رستەیەك نەیهێشت چەکدارەکان بە دوای بکەون:

گوڵنار هاتەوە، تەلاقدرا..

تەلاق!! هاوار ئەوە گوێی لە چی دەبێ، خەونە، خەیاڵە! چیە؟ خۆ راستی نیە! ئەوە چ وشەیەك بوو لە زاری دایکەوە دەرچوو، هاوار بە زۆر خۆی گرت، دەیویست دایکی

لە باوەش بگرێ و لێوەکانی ماچ بکات، ئەو لێوانەی (تەلاق)یان گۆکرد، لەو ساتەوە وشەی تەلاق لای هاوار شیرینترین وشەیە کە لـە زاری شـیرینی دایکـەوە بـەر گـوێی کەوت، ئۆخەیش، گوڵنار هاتەوە، دەستبەرداری حەسۆ بوو، هاوار بە جێ نەدەکەوت، نەیزانی چۆن نانەکەی خوارد، باڵی گرت، چووە سەر بان، هاتە خوارێ، سەرکەوتەوە، حەوشەی ماڵی گوڵنار رووناکە زۆر لە شەوانی پێشتر رووناکترە، لـە چـاوی هـاوارەوە گلۆپ نا، مانگ لـە حەوشـە هـەڵکراوە، بـەلاّم گوڵنـار دیـار نیـە، چـەند جـارێ بـە کۆڵانەکەیاندا هاتو چوو، گوڵنار سەرێکی بە دەرێدا نەگرت..

سێ شەو و دوو رۆژ رابرد گوڵنار دەرنەکەوت، ئەو سێ شەوە هـاوار هێنـدەی نیـو شەو نەخەوت، کەلەکەی بە عەرد نەدەکەوت، رۆژی سێیەم، سبەینێکەی زوو، هـاوار دەچووە قوتابخانە، چ دەبینێ! ئەوە گوڵنارە، جلکی قوتابخانەی لە بەرە، ئای، منـداڵ بۆتەوە، لە سەری کۆڵاّن سووڕایەوە، هاوار چاوی کەسـی نـەدیت، یـەك پـێ غاریـدا، گەیشتە تەنیشتی:

دەچیە قوتابخانە؟

گوڵنار سەری خۆی نەوی کرد، بە شەرمەوە:

ئا، دەچم.

هەر هێندەی گوت، هاواریش قسەیدی بۆ نەهات، بەلاّم دوور بـە دووری تـا پـێش دەرگای قوتابخانە لە دوای رۆیشت، لەو رێیە، گوڵنار یـەك جـار ئـاوڕی دایـەوە، ئـەو ئاوڕدانەوە بۆ هاوار هەموو شت بـوو، ئیـدی نـاوە نـاوە یـەکتریان دەدیـت و دوو سـێ قسەی ئاساییان دەکرد، چەند حەزدەکات هۆی تەلاقدانەکەی لێبپرسێ، یـان بیزانـێ، جارێك ویستی لە دایکی بپرسێ، نەیپرسی، بەلاّم لە زاری دایکی گوڵنارەوە شـتێکی بیست، ئەوە لە ماڵێ دایکی گوڵنار بە دەنگی نزم بۆ دایکی قسەی دەکرد، لەو دیـو دەرگاوە چەند رستەیەکی بیست:

حەسۆ پێش گوڵنار سێ ژنیدی تەلاقداوە، هیچ ژنێك لە سێ مانگ پتر لای نەبووە، ئەو کوڕە هەر شێتە شێت، خوا کوڕەکەی من بگرێت، نازانم ئەو کەربابەی لە کوێ دیتەوە، فرۆشتی، بە پارە فرۆشتی، منیش چ دەسەلاتم نەبوو..

ئەو رۆژە لە قوتابخانە لە پێش هۆدەی بەرێوەبەر هاوار لە رارەوەکە دەبینێ لە نێوان دوو مامۆستا دەبێتە قڕە قڕ، مامۆستا چوارشانەکە دەڵێ:

خوێندن بە عەرەبی زۆر باشە، منداڵەکانمان فێری عەرەبی دەبن، هەر کەسێ دژی بوەستێ، نەزانە..

مامۆستا باریکەلەکە:

ئەوە فێربوونی عەرەبی نیە، بە عەرەبکردنە، هەر کەسێ پشتیوانی لێبکات، ناپاکە..

مامۆستاکان لێك بڵند دەبن، هاوار لەو دەمە ئاخێك هەڵدەکێشێ: ئای ئێستا دارلاستیکەکەم لە کن با، چۆن نیشانەیەکم لە نێوچەوانی ئەو چوارشانەیە دەنەخشاند..

چەند مامۆستایەك کەوتنە ناوبژی، حەفتەیەکی نەبرد، مامۆستا باریکەلەکە دیار نەما، گوتیان گواستوویانەتەوە بۆ دەرەوەی شار..

هاوار جوان دێتەوە بیری، بە عەرەبیکردنی خوێندن گەیشتەوە جەبار و حەمەدیش، هاوار لە سەر گۆڕی مام گەڕیدە و خانزاد دەهاتەوە، بە گوڵناریشی گوت کە پێکەوە بچنە گۆڕستان، لەگەڵی نەچوو، بەڵام پارەی قورئانخوێنی هەر دەدا، هی ئەو سێ چوار مانگەی کە لە کن حەسۆ بوو ئەویشی بە زۆر دایە هاوار، هاوار گوێی لە جەبارە دەڵێ:

حکومەت کارێکی پیرۆزی کرد کە خوێندنی کردە عەرەبی، ئاخر عەرەبی زمانی قورئانە، زمانی ئەو دنیایە، زمانی بەهەشتە..

هەرچی حەمەدە دەڵێ:

وایە، بەڵام کەس مەرج نیە لە سەری لە سەر دنیا عەرەبی بزانێت، لە سەر دنیا خودا رێی بەوە داوە هەر کەسە بە زمانی خۆی قسە بکات، بە زمانی خۆی بخوێنێت..

هاوار پێیوایە لە سەر ئەو قسەیە جەبار دارلاستیکێکی توند قەرداره، بەڵام قسەی بابی بیردەکەوێتەوە:

کوڕم خۆت لە جەباری قورئانخوێن و شەلەی شامینۆکفرۆش و براکەی گوڵنار مەگەیەنە، ئەوانە لە حکومەت نزیکن..

هاوار چ بکات باشە، جەبار بەردی هاوار دەناسێتەوە، لە بنی دنیاوەش دارلاستیکی بۆ بێت، هەر هی هاوارە، دارلاستیکێکیشی لێنەدەدات، دەتەقێ، لەوەتەی گوڵنار تەلاقدراوە و حەسۆی بەجێهێشتووە، خولیای تۆڵکردنەوە لە سەری هاوار گڕ گڕ دەگەڕێ و تۆڵە نەکاتەوە خەوێ لێناکەوێت، دەنا ئەو ماوەیەی گوڵنار لە کن حەسۆ بوو جگە لە حەسۆ بەلایەوە هێندە گرنگ نەبوو تۆڵە لە خەڵك دەکاتەوە یان نا، هاوار پێدەکەوێت گوڵنار لە وانە عەرەبیەکان باش نیە، بەوە پتر لە مامۆمستا چوارشانەکە و جەباری قورئانخوێن بە رکدا دەچێ، مامۆستاکە ئاسانە، چونکێ بەردی هاوار ناناسێتەوە، گرفتەکە جەبارە، هاوار دوای زۆر لێکدانەوە و تاوتوێکردن گەیشتە ئەوەی بە گوللە لێیبدات..

هاوار گوڵنار دەبینێ، جار جارە دێتە ماڵیان و لە رێی قوتابخانەش جاروبار تووشی یەکتر دەبن و چاکوچۆنیەك لەگەڵ یەکتر دەکەن، داوای لێدەکات کە فیشەکێك دوو لە براکەی بدزێ و بۆی بێنێ، گوڵنار دەڵێ:

بۆ چیتە؟

هاوار دەڵێ:

تۆ لە وانە عەرەبییەکان خراپ نیت؟! کەچی جەبار دەڵێ عەرەبی لە کوردی باشترە، نابێ لە سەری بچێ..

گوڵنار هەرێی پێدەدات کە فیشەکی بۆ بێنێ، بەڵام تا دەیهێنێ، هاوار لە بن دارتێلەکەی ئەو بەری کەندێ، گوللەیەکی بێ فیشەك دەبینێتەوە، هاوار لە دوای هەلێك دەگەڕێ، دەبێت لە جێگەیەگ بۆسە بنێتەوە، جەبار گومان لە هاوار نەکات، دەبینێتەوە، ئەو جێگایە دەبینێتەوە کە قورئانخوێن مووچەی لێوەردەگرێت، لە نزیکە وێ، لە رێ دەیبینێت، درەختێکی کورتە بنەی گەڵا پڕ هەیە، هاوار دوور لە چاوان وەك سۆرە بە درختەکەدا هەڵدەگەڕێ، دەچێتە ناو لق و پۆپ و پەلکان، لە گەڕانەوەدا، نیشانە لە جەبار دەگرێ، حەیف، هاوار دەڵێ حەیف، لە پێشەوە، نێوچەوانی نەکەوتە ناو سێرەوە، لە تێپەڕبووندا، سێرەی لێگرت، رێك لە پشتی ملی دا، جەبار هاواری لێهەستا، هاوار چاوی لێیە، وەك فڕفڕۆکە بە چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، کەسی نەدیت، چاوی لێیە گوللەکەش هەڵدەگرێتەوە، گوێ لێیە دەڵێ:

لە بنی دنیا تەقەیە گوللە بەر من دەکەوێت، باش نەبوو ساردبووەتەوە، دەنا ساردی دەکردمەوە..

هاوار پێکەنینی دێ، پێکەنین بەری نادا، لە ترسی ئاشکرابوون لچکی کراسەکەی دەخاتە دەمیەوە..

هاوار دەزانێت کە گوڵنار هەر لە وانە عەرەبییەکان نا، لە ماتماتیکیش نمرەی خراپە، چی بکات باشە! پیاوی ماتماتێك لە کوێ ببینێتەوە، کێ ماتماتیکی داهێناوە! هەرچەندە خۆی زۆر زیرەکە لە ماتماتیك و هەمیشە سەدی مسۆگەرە، بەڵام لە بەر خاتری گوڵنار دەبێت تۆڵەی لێبکاتەوە، رۆژێك لە مامۆستای بیرکاری دەپرسێ:

مامۆستا، کێ بیرکاری درووستکرد؟

مامۆستا دەڵێ:

ئەوە چ پرسیارێکە؟!

هاوار:

دەمەوێ بزانم کێ بیرکاری داهێناو کردیە وانە؟

مامۆستا کەمێك دادەمێنێ، لە هاوار نزیکدەبێتەوە و دەڵێ:

هەرچەندە تۆ لە ماتماتیك نمرەت زۆر باشە بەڵام زۆر کەری..

تا هێزی تێدایە زللەیەك لە بن گوێی دەدات، هاوار دنیا لە پێش چاوی ژێراوژوور دەبێت، دەکەوێت، بە خۆ دێتەوە لە ژووری بەرێوەبەر، راکشاوە و سەر و سینگی تەڕە..

هاوار بڕیار دەدات تۆڵەی ماتماتیك لە مامۆستای ماتماتیك بکاتەوە، بەڵام حەفتەیەك رانابرێ، دەبینێ پارچە پەڕۆیەکی رەش بە دەرگای قوتابخانەوە هەڵواسراوە ومامۆستای بیرکاری چووەتە بەر دۆلۆڤانیی خودا، هاوار بە دیتنی ناوی مامۆستاکە لە سەر پەڕۆ رەشەکە، راچڵەکی و پەشیمانبۆوە لەوەی ویستبووی تۆڵەی لێبکاتەوە، لەبەر خاتری مەرگی مامۆستای بیرکاری لەو مامۆستایەش خۆش بوو کە عەرەبی لە کوردی پێباشتر بوو..

هاوار ئەوساڵ هیندەو نیوی ساڵانی پێشوو سەری بە سەر کتێبەوەیە، کتێبە عەرەبیەکان، چ عەرەبی نازانێ، بۆیە دێر بە دێر ئەزبەر دەکات و نمرەی تەواویش دێنێ، مامۆستای جوگرافیا جارێك لێیپرسی:

تۆ پێشتر خوێندنت بە عەرەبی بووە؟

هاوار بە سەرسامیەوە:

نەخێر

مامۆستا دەپرسی:

ئەدی چۆن، لە جوگرافیا نەوەت و هەشت دەهێنی؟

دەنگێك لە ریزەكەی لای پەنجەرەوە بە منگەوە گوتی:

قۆپیە دەكات..

هاوار دەنگەكەی ناسیەوە، لێی بە ركدا چوو، بیری چۆوە لای دارلاستیكەكەی، ویستی بڵێ، مامۆستا خۆ من لە رۆژانەش باش وەلاّم دەدەمەوە، ویستی بڵێ مامۆستا نمرە بەرزیی من بە هۆی هاتنەوەی گوڵنارە نەك قۆپیە، نەیگوت، چۆن دەیڵێت! بە پێویستی نەزانی، رۆژی دواتر تاقیكردنەوەی جوگرافیایە، مامۆستا هاوار بە كورسی و مێزەوە دەباتە بەر دەم تەختەرەشەكە و جوان جوان بەڕكەكانیشی دەپشكنێ، بە وردیش لە دیواری بن تەختەرەش و سەر تەختەرەش و تەنیشتەكانی ورد دەبێتەوە، چارەگێك دەبا و نابا، هاوار لێدەبێتەوە، مامۆستا لێیوەردەگرێت و دەینێرێتەوە جێگاكەی خۆی، مامۆستا پێنووسەكەی دەرهێنا، پەڕەكە دەخوێنێتەوە، مامۆستا بانگی هاوار دەكات و لە پێش تەختە رەشەكە لە تەنیشت خۆیەوە رایدەگرێ و بە قوتابیەكان دەڵێ:

پێنووسەكانتان دانێن و تەماشای من بكەن..

مامۆستا دەست دەخاتە سەر شانی هاوار و ماچێكی دەكات و پەرەكە نیشان دەدات و دەڵێ:

ببینن سەدی هێناوە، هاوار زیرەكترین قوتابی قوتابخانەیە، چەپڵەیەكی توندی بۆ لێدەن..

مامۆستا رووی لە هاوار كرد و گوتی:

لەو قوتابیەش ببوورە كە پێیوابوو قۆپیە دەكەیت..

هاوار دەیویست ئەو روودداوە بۆ گوڵنار بگێڕێتەوە كە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، گوڵنار ناوە ناوە دەهاتە ماڵیان و هاوار ماتماتیكی بۆ راڤە دەكرد، هاوار لە ماتماتیك

توانایەکی سەیری هەبوو، قورسترین هاوکێشە لای وی ئیشی یەك خولەك بوو، ئاو خواردنەوە بوو، مامۆستای بیرکاری سەری لێ سووڕمابوو، هەر پرسیارێکی لێدەکرد، هی پۆلەکانی سەرووتریش، لە چاو تروکانێك وەلامی دەدایەوە، لە هەندێ هاوکێشە رێگەی وای دەدیتەوە، مامۆستا واقی وڕدەما، سابیر خانەقینی کە دوای مردنی مامۆستای ماتماتیك، جێی وی گرتەوە، لە پۆل بە هاواری گوت:

تۆ لە ئەوروپا بایت، دەبوویتە زانایەکی گەورە لە بواری ماتماتیك، بەلام ئەو حکومەتە باوك کەران گاوەی ئێمە، گەجەر و گوجەر لە سەر دەست رادەگرێ و بەهرەمەند دەخاتە بن پێوە..

مامۆستا سابیر زۆر جار هاواری دەهێنایە سەر تەختەرەشەکە و خۆی لە جێی وی دادەنیشت و دەیگوت:

هاوار مامۆستایە..

هاوار بووەتە مامۆستای ماتماتیکی گولنار، جێی دانیشتنیش بەر چاوانە، هاوار حەزیدەکرد لە پەنایەك دوور لە چاوان دوو بە دوو دانیشتبان، بەلام وەك بلێی بۆی دیاریکرابێت بە حەزی وی نەدەهاتەوە، بە شێوەیەك بۆی راڤەدەکات، گولنار بە ئاسانی تێدەگات و دەلێت:

ماتماتیکی تۆ زۆر ئاسانە، هی مامۆستا قورسە..

لە ساتی راڤەکردنی ماتماتیك، پەنجە رەشتالەکانی هاوار بزۆزن، ناوەستن و دەبزوون، نزیکدەبنەوە لە پەنجە سپیوسۆلەکانی گولنار، نزیکدەبنەوە و دەکشێنەوە، چەند حەزدەکات، بیانگاتێ و توند بیانگوشێت، بەلام کوا زاخی ئەوەی هەیە، جارێك لەو جارانە پەنجەی هاوار بزووت، رۆیشت و نەکشاوە، گەیشت و بەر پەنجەی نەرمی گولنار کەوت، بەلام ئەو دەستی خۆی کێشایەوە، هاوار بە شەرما داکەوت، پەشیمانبۆوە لەو هەلەیەی لە رێی پەنجەی بزۆزەوە روویدا، دووبارەی نەکردەوە، بە

خۆی دەڵێت بۆ وا بکەم، ئیدی گوڵنـار گوڵنـاری خۆمـە، کـاتێ خوێنـدنمان تـەواوکرد لێکدی مارەدەکرێین، نایەڵم کەسیدی بیبات، نا، خۆیشی شوو بە کەس ناکـات، دڵـم دەڵێ، گوڵنار جگە لە من کەسی ناوێ، لە چاوی دیارە، ئەها جار جارە چۆن تەماشام دەکات، ئەو تەماشاکردنە هی حەزلێکردنە، هەر دەبێ هی حەزلێکردن بێ، کوا هیچ کچێکیدی بەو شێوە تەماشام دەکات! نا دەسـتی لێنـادەم، ماچـی ناکـەم، هـەمووی هەڵدەگرم بۆ شەوی گواستنەوە، ئەو شەوە تۆڵەی سەردەرێ و بەردەرێ دەکەمەوە، نا، نابێ دەستی لێبدەم، زۆر تەماشاشی ناکەم، خۆم تووشی گوناه ناکەم..

هاوار زۆر لە (نەزەر و زینا) دەترسا، ئەو دوو شتەی هەردوو قورئانخوێن لە سـەری کۆك بوون، حەمەد و جەبار لە بارەی هەموو شتەکانی هەردوو دنیا کێشەیان هەبوو، نەدەگەیشتنە یەك، بەڵام لە بارەی (نـەزەر و زینـا) هەنـدێ جـار هێنـد کـۆك و تـەبا بوون، لە باتی یەکتر قسەیان دەکرد، چەند جار گوێی لە حەمەد بووە:

گوناهـە تەماشـای ژن و کچـان بکەن،گوناهـە دەسـتتان بـە لەشـیان بکـەوێ و دەستگەمەیان لەگەڵ بکەن، ئەگەر دڵتان بە کچـێکدا چـوو، تـا مـارەی نەکـەن لێـی نزیك نەبنەوە..

جەباریش هەر وای دەگوت، بەڵام (گوناه)ەکەی توندتر گۆدەکرد..

ئیدی هاوار هەوڵینەدەدا جێیەکی بەر جێیەکی گوڵنار بکەوێت، بـەڵام بـە خـەیاڵ هەمیشە لە باوەشـی بـوو، بیسـتی بـە خـەیاڵیش بـیر لـە لەشـولاری کچـی خـەڵکی بکەیتەوە هەندێك گوناهت دەگاتێ، بەڵام هاوار گوێی بەو گوناهە نەدا..

هاوار دێتەوە بیری، دیداری هاوڕێی، ئەو دیدارەی کە هاوار پێیوابوو تاکـە کەسـە کە شتێك لە کەینوبەینی ئەو و گوڵنار بزانێ، چەند جارێ بە گوێی هەڵدا کە پێیبڵێ، بە گوڵنار بڵێ و خۆی لێ ئاشکرا بکات کە حەزی لێدەکات، هاوار قسەی دیداری بـە دڵ نەبوو، چونکێ پێیوابوو گوڵنار لە خۆی جوانتر هەستیپێکردووە، ئەوەی رووشیدا،

شووکردنەکە بە حەسۆ لە ناچاریەوە بووە، ئیدی تەواو هیچ بەربەستێك لە نێواندا نیە و خوێندن تەواوبکەن بۆ یەکتر دەبن، ئەوەشی بە دیدار گوت:

واز لەو قسانە بێنە، دووبارەی مەکەوە..

ساڵی خوێندنی عەرەبی گەیشتە رۆژەکانی دوایی، کارتی پێش کۆتایی وەرگیرایەوە، هاوار لە سەرجەم وانەکان بەخشراوە، لە هاتنەوە بیر لە گوڵنار دەکاتەوە، داخوا نمرەکانی چۆن بێ، دایك و باب کارتەکەیان لە دەستە و دەستخۆشی لێدەکەن، باب هەندێك پارەی بۆ رادەگرێ و پێیدەڵێ:

دڵت چی دەخوازێ، بیکرە، ئەگەر بەشی نەکرد داوابکە.

کوڕ بە نابەدڵی دەستی برد و پارەکەی وەرگرت، هاتە سەر زاری بڵێ، بابە پەلەت کرد، هێشتا گوڵنار نەهاتۆتەوە، لەگەڵ قوتدانەوەی تفێك قسەکەشی قوتدایەوە و نەیکرد، کوڕ خەمی خوارد، نیگەران بوو، چۆن دەبێ، باب گوڵنار لە بیربکات، ئایا بەهۆی مێردکردنەکەوەی دیاری بۆ ناکڕێ، تێنەگەیشت، چاوەڕێیە گوڵنار بە خۆو کارتەوە بێ، کات بە سەر چوو، نەهات، چووە سەر بان، تەواوێك تەماشای ماڵیانی کرد، نە لە پێش دەرگا نە لە حەوشە نەیدیت، بە پێش ماڵیان تا ئەو سەری کۆڵان رۆیشت، گەڕایەوە، نەبوو، ئۆقرە ناگرێ، عەسر داهات، گوڵنار هەر نەهات، دەیویست بە دایکی بڵێ، بچێ، شەرمیکرد، دایك دەڵێی دڵی کوڕی خوێندۆتەوە، دەڵێ:

گوڵنار دیارە نەهات، با بچم، بزانم..

باب دەڵێ:

لە بیرنەکەیت دیاریەکی جوانی بۆ بکڕە..

دایك دەڕوات، کوڕ یەکسەر دەچێتە سەر بان، بەڵکو لە ساتی دەرگا کردنەوە گوڵنار ببینێ، لە دوورەوەش هەر باشە، دیتی گوڵناری دیت، بەڵام لەو دوورەوە

سـیمای دیـار نیـه، تـا بزانێـت خەفـەتی هـەڵگرتووە، یـان پـڕە لـە شـادی، هـاوار دەپاڕێتەوە، لە خودا دەپاڕێتەوە کە نمرەکانی بەرز بن، لـە ڕێـی نمرەکـانی پێشـوویەوە دەزانێ زەحمەتە لە هیچ وانەیەك ببەخشرێ، هەر نەکەوتبێ..تا دایـك هاتـەوە بیسـت جار پتر چووە سەربان، دایك دەڵێ:

حەیف ئەو کچە زیرەکە وای بە سەر هات، لە پێنج وانە کەوتووە، هـەر دەگریـێ، بەڵام باشە هەموویان لە سەرەوەی چلە، بخوێنێت پڕیاندەکاتەوە..

هاوار بە خۆی نەوەستا:

لە ماتماتیکیش!

دایك بزەیەکی شیرینی کرد:

نا، چۆن لە ماتماتیك دەکەوێت، دەزانی چتۆ مامۆستایەکی هەبوو!

چۆن بگاتە گوڵنار و دڵی بداتەوە، بە پەنجەکانی فرمێسکەکانی بسڕێ، نا، قسـەی مەلاکانی بیرکەوتەوە، نابێت دەستی بە هیچ جێیەکی کچی خەڵك بکـەوێ، چ بکـات باشە، نەیبینێ دڵی دەتەقێت، سەر بان دەکات، دەچێتە کۆڵان، نەیدیت، ڕۆژی دواتـر گوڵنار خۆی هات، داوای لە هاوار کرد کە کیماو.. پێبڵێ، هاوار هێندەی نەمابوو پڕ بە دەم پێیبڵێ، وەی بە سەر هەر دوو چاوم هەر تۆ و وانـە، گێڕایـەوە بـەڵام بـە چـاو هەمان رستەی گوت و گوڵناریش پێدەچوو رستەکەی بیستبێ، ئەو چەند ڕۆژە گوڵنار زوو زوو دەهاتە ماڵیان، هاوار هەموو توانای خۆی وەك مامۆستایەك لە وانەگوتنەوە بەکارهێنا، گوڵناریش قوتابیەکی گوێرایەڵە، گەیشتە ڕۆژی کارت وەرگرتنەوە، هاوار چوو، لە سیلەی جـادە ڕاوەسـتا، نـەدەبوو کـوڕ لـە پـێش دەرگـای قوتابخانـەی کچـان ڕاوەستێ، هاوار دەپاڕێتەوە کە گوڵنار سەرکەوێت و نەکەوێت و لە بیریەتی خێرێکـی لە خۆی گرت، لە سەر ئاو و ئاگرە، ئۆقرە ناگرێ، دەست و پێی لە جوولەیە، بۆ ژوان و ڕامووسانیش با، هەر وای لێـدەهات! ئـەها کچـان وا دێنـە دەرێ، هەنـدێك حریـت

حریت پێدەکەنن، هەندێك کز دیارن و دەڵێی دەگرین، ئا، ئەو دوو کچە نزیکبوونەوە، خوڕ خوڕ فرمێسك دادەبارێنن، هاوار دەڵێ، خودایە، فرمێسك بـە چـاوی گوڵنـارەوە نەبینم، خودایە بە پێکەنینەوە، بێتە دەرێ، هات، بە تەنێیە، نزیك بۆوە، سـەیرە نـە پێدەکەنێت، نە دەگری، هاوار دەچێتە پێشی:

چ بوو، بڵێ

گوڵنار بزەیەکی شیرینی کرد:

سوپاس بۆ تۆ سەرکەوتم..

هاوار هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا و بە دەنگـی بڵنـد (ئۆخە)یـەکی کـرد، گوڵنـار بزەیەکی شیرینتری بۆ کرد و بە چاو پێیگوت، وا باشترە پێکەوە نەچـینەوە، خـۆ چـاو قسەشی نەکردبا، هاوار ئەوەی دەزانی، ئەو پێـی هـەڵێناو رۆیشـت و هـاوار دوور بـە دوور بە دوایەوە، تەماشای بەژن و باڵای زراڤی دەکرد، خۆی بـە پرچـیەوە هەڵواسـی کە لە دواوە کردبوویە دوو کەزی، درێژ گەیشـتبوونە سـەر سـمتی، چ سـمت! هـاواری راچلەکانت، ئەوە یەکەم جارە لە سـمتی وردبێتـەوە و حـەزی بچـێتێ، قسـەی مـەلای بیرکەوتەوە و هەوڵیدا حەزی سمت لە دڵی دەربکات، دووراییەکی دیاریکراوی لە نێوان خۆی گوڵنار دانا، بە پێی ئەو دەرۆیشت، وای دانایە پێش ئەوەی گوڵنار بگاتە پـێش دەرگا، بگاتـە سـیلەی کـۆڵانێ، دانانەکـەی تـەواو هاتـەوە، گوڵنـار لـە سـەر دەرگـا ئاورێکی دایەوە، هاوار فێنکبۆوە، بە دڵخۆشیەوە گەیشتەوە ماڵ، چـەند حەزیـدەکرد بڵێتە دایکی کە گوڵنار دەرچووە، شەرم دەمی بەست..

هاوینێکە رێك پێچەوانەی هـاوینی پێشـوو، هاوێنێکـە فێنـك، پشـوویکە پـڕ لـە ئاسوودەیی، هاوار دەیەوێت ئەو هاوینە کرێکاری بکات، باب رێی نادا و پێیدەڵێ:

لە هیچمان کەم نیە، تۆ بۆ خۆت پشووبدە..

کوڕ حەزی لە کارە، دایکی رازی دەکات کە سبەینێ زوو لەگەڵ بانگی دەروێش برایم بانگیبکات، بەو تاریکیە دوو سێ نان و سێ چوار هیلکەی کولاوی خستە کیسەیەکەوە و لەگەڵ دیدار و سیامەند، دەردەچن و دەچنە مەیدانی کرێکارانی پێش چایخانەی مەچکۆ، حەزیان لێیە هەرسێکیان پێکەوە بن، رێکناکەوێت، هەر وەستایەك دێ یەك یان دوانیانی دەوێ، لە کۆتایی رازی دەبن کە تەنیا تەنیاش بچن، هاوار بە تەنێ بەگەڵ وەستایەك دەکەوێت، سواری شڕە ترومبێلێك دەبن، تەق تەق، بڕۆ بڕۆ، هێشتا رۆژ هەڵنەهاتووە، ئەوە دەچێتە کوێ! هاوار سەر هەڵدەبڕێ، ئێرە ماڵی نەنەخانە، سووڕایەوە، رێك لە سەر ئەو پارچە زەویە راوەستا کە تاکە زەویە لەو ریزە بە بەتاڵی مابێتەوە، لە تەنیشت ماڵی گوڵنار و پشت بە پشتی ماڵی دیدارەوە، دوو رۆژ پێشتریش هاوار دیتی کە سێ چوار کرێکار جێی دیوار هەڵدەکەنن و هاوار خۆزگەی خواست کە ئەو چوار کرێکارە بۆ ئەوان کار بکەن و ماڵیان بە ماڵی گوڵنارەوە بێت و گۆرانی (ماڵمان ماڵێکە دیوارمان بەینە) بڵێتەوە، هاوار ویستی بە وەستاکە بڵێ کە توانای ئیشکردنی نیە، شەرمیکرد، هاتە سەری بە بێ پرس خۆی بدزێتەوە، بە شتێکی جوانی نەزانی، ئێ چ بکات! ئاساییە دایکی بێ و لە بن ئیشێ بیبینێ! ئەدی گوڵنار چی دەڵێ! بەلاّم خۆشە گوڵنار دەبینێ، هەر بێتە دەرێ دەیبینێ، ملی دا کە بمێنێتەوە و کار بکات، بەلاّم بە جەمەدانیەکە جوان خۆی دەمامك دا، هەر کونی چاوی دیاربوو، داینابوو ئەگەر وەستا یان کرێکارێك بپرسێ، بۆ وات لە خۆت کردووە، بڵێ دەموچاوم دوژمنایەتی لەگەڵ تیشکی رۆژ هەیە. ئیشی هاوار دوو پەقرەجی لە دەستە و چەمەنتۆ دەکێشێ، ئەوە گوڵنارە بە تەنیشتیەوە تێپەڕی، بە لای کەندێدا سووڕایەوە، هاوار هێندەی نەمابوو پەقرەج تووڕەهەڵدا و تا ماڵێ گیر نەبێ، خۆی گرت، ئای ئێستا گوڵنار وا لە ماڵیانە، چەند رۆژە نەچووە، هەر دەبێ بۆ دیتنی هاوار چوویێت، هاوار نازانێت چۆن چەمەنتۆ

تێـدەکات و دەیبـات و دێتـەوە، زۆری نـەبرد گوڵنـار بـە لەنجـەولار هاتـەوە، هـاوار جەمەدانیەکەی لە سەر لووتی کەمێکیتر هەڵکێشایەوە، تەماشای ناو چـاوی گوڵنـار دەکات، دەبینێ سەری دادەخات، پێناچی بەو تەماشاکردنەی زانیبێ، هاوار چاوی لە سەر هەڵناگرێ، تیژ دێ و خۆی بە ژوورێدا دەکات، دوای کەمێك گوڵنار بە سـۆندەی ئاوێوە دێتە دەرێ، هاوار بڕیار دەدات لە تێری تەماشای بکات، چ دەبینێت خودایـە! دەبێت جـوانی وا هـەبێت لـەو دنیایـە، هـاوار تـا ئێسـتا گوڵنـاری جـوان نـەدیتبوو، شەرمیکردبوو، ترسابوو، بە وردی لێیبڕوانێ، بەلاّم ئێستا لە بن دەمامکەوە لە تێری لێی دەڕوانێ، گوڵنار پێناچێ هێندە ئاگـای لـەوە بێـت کـە کەوتۆنـە بۆسـەی نیگـای کوڕێکی دەمامکدراوەوە، جارو بار سەر هەڵدەبڕێ، بەلاّم رەنگە جگە لە سەرێکی بە جەمەدانی داپۆشراو چ چاو نەبینێ، هاوار لـە سـاتی چـەمانەوە بەشـێك لـە سـینگی گوڵناریشی دیت، چاوی لە سەر کەلێنەکـە راگـرت، گـوێی لێیـە وەسـتا (چـەمەنتۆ چەمەنتۆ) یەتی، ئەوە یەکەم جارە وەستا چەمەنتۆی لێببڕێ، هـاوار هەرچـەندە رۆژی یەکەمی کرێکاریی بوو، بەلاّم باش ئیشی دەکرد، خۆی کوشتبوو، چونکێ دیـدار زوو پێیگوتبـوو: ئەگـەر دەتـەوێت وەسـتا بتباتـەوە ئـیش دەبـێ ئـیش بکـەیت و خـۆت نەگنخێنیت، هاوار خۆی نەدەگنخاند، دەیویست سبەینێش بێتەوە ئێرە، جگە لەوەش هەستی بە ماندوێتی نەدەکرد، چاوی گوڵناری لێوە دیار بێت، چەمەنتۆکێشـان چـیە! وەستا هەر چەمەنتۆ چەمەنتۆیەتی، بەلاّم هاوار تـا سـەیری کـەلێنی دوو مـەمکان هەبێ، دەست بۆ دوو پەقرەجە چەمەنتۆ دەبات، هاوار ئیرەیی بە حەسۆ بـرد کـە سـێ چوار مانگ چۆن کـەوتبووە نـاو رەز و میـوەی بەهەشـتێ، ئـەو رۆژە هـاوار جـوانیی گوڵناری دیت، ئەو رۆژە هاوار بە شێوەیەك تەماشای کرد، کـە لـە کـوێ بیبـینێ بـە سیما بیناسێتەوە، پێشتر پتر بە دەنگ دەیناسیەوە، نیوەڕۆکەشی لەگەڵ کرێکارەکـان هەر لەوێ مایەوە، بەلاّم لەو ماوەیە گوڵنار نەهاتە دەرێ، لە سـاتی دەسـتهەڵگرتنێ

هاوار چاوەڕێ بوو وەستا بڵێ: سبەی وەرەوە، بەڵام هەیهوو، دیوار تەواو ببوو، بەڵام هیوابڕ نەبوو، گوتی کاری دیوار تەواو بووە، هێشتا ئیشی زۆر ماوە، بەڵکو لەگەڵ وەستایەکیدی بێتەوە ئێرە، بە نابەدڵی رۆژانەکەی وەرگرت، کرێکارەکان رۆیشتن، ئەو خۆی بە میزکردن و دەستشووشتنەوە خەریکرد، هەستیکرد گوڵنار هاتە دەرێ، خێرا خۆی دەمامك دایەوە و لە جێی خەفتەکە نزیکبۆوە، هەوبوو، چووە دوکانەکەی ئەوبەر و شتێکی کڕی لە گەڕانەوە ساتمەی لە شتێك کرد و دەماودەم کەوت، هاوار دەیویست غاری داتێ ، بەبیری هاتەوە کە دەمامکدراوە، هەستایەوەو لە هەستانەوە دیسان چاوی کەوتەوە سەر سینگی بەرگەی نەگرت و رووی خۆی وەرسووڕاند، لەگەڵ چوونە ژوورەوەی گوڵنار ئەویش بەرەو ماڵ بۆوە و لە دەو کەندێ دەمامکی کردەوە، رۆژێکی خۆش بوو، رۆژێك بوو پڕ لە دەستکەوتی چاو، بڕیاریشی دا بەو پارەیەی ئەوڕۆ دیاریەکی جوان بۆ گوڵنار بکڕێت..

هاوار ئەو شەوە جوانیی گوڵنار وەها دایگرتبوو ئاگای لە هیچ نەبوو، لە سەر جێ راکشابوو، دایك و باوك رەنگە وا تێگەیشتبن زۆر ماندووە بۆیە وا کفت بووە، دایك ناوە ناوە دەیگوت:

کوڕم مەچۆ ئیش، تۆ هی ئیش نیت..

کوڕ نەیدەویست کچ لە خەیاڵی بچێتە دەرێ، بۆیە وەڵامی دایکی نەدەدایەوە، دوا جار گوتی:

دایە، سبەی زوو هەڵمستێنە، دەچمە مەیدان.

خۆی وەرگێڕایە سەر زگ و چاوی بڕیە سینەی گوڵنار و لە خودا پاڕایەوە کە سبەی وەستایەك بیهێنێتەوە جێی ئەوڕۆ، بەڵام پاڕانەوەکەی نەگەیشت، زۆربەی رۆژەکانی ئەو هاوینە گەرمە چووە کار ئێ رۆژێك ئیش بکەوێتە کۆڵانی ماڵی گوڵنار نەکەوت، لەو هاوینەش لەو کۆڵانە سێ چوار خانوو تێکدرا و چاککرایەوە..

هاوار ئەو هاوینـە زۆری ئـیش کـرد، پارەیـەکی باشـی خـڕ کـردەوە، هـەر رۆژێـك دەچووە ئیش، دیاریە نادیارەکەی بـۆ گوڵنـار دانـابوو گـەورەتر و گرانبـەهاتر دەبـوو، نەیدەزانی چی بۆ بکرێ و چۆن بیداتێ، دەمێك بیری بۆ بازنی زێڕ دەچوو، دەمێك بـۆ کاتژمێری زێر، دەمێك بۆ خەناوکەیەك هیچ ژنێك لە گەڕەك لە ملی نەکردبێ، باشە، ئەوە کڕی بە ناوی چی و چۆن بیداتێ، شـەرمدەکات، دەترسـێ، ئەگـەر وەرینـەگرت، یان ئەگەر کەسێك زانی، نالێ ئەو زێڕەت لە کوێ بـوو، ئـێ هـەر دەشـزانن، دایـك و براکەی دەزانن، ئەدی چ بکـات، هـەر دەبـێ دیاریـەکی جـوانی بـداتێ، دیاریـەك لـە جوانیەکەی خۆی بێت..

هـاوین رۆیشـت، پشـوو تـەواو بـوو، سـبەی دووەی قوتابخانەیـە، دیـاری نـەکڕا، پارەیەکی زۆری گلداوەتەوە و دەستی لێنادا، بۆ دیاریە، بەلاّم کەی؟ دیار نیە، رۆژێك ئازایەتی گرتی و چووە ناو زێڕنگران، هەرچی پارەی هەبوو بـە خەناوکەیـەکی دا، بـە دزی هێنایەوە ماڵ، دەیویست لە هەڵێکدا بیداتە گوڵنار رێکنەدەکەوت، ئەو سـاتەی هاوار بوێری دەیگرت، گوڵنـار دیـار نەدەکـەوت، ئـەو سـاتانەی گوڵنـاریش دەهـات، هاوار چۆڕە بوێریەکی تێدا نـەدەما، چ بکـات باشـە؟ دەترسـێت دایکـی خەناوکەکـە ببینێ، هەینێ چ بڵێ، بڵێ هی کێیە بۆ کێیە، باشـترە چـەندی زووە بیداتـە گوڵنـار، بەلاّم کوا زاخ! بیریکردەوە تا دەیداتێ لـە جێیـەك بـاش بـاش تەقـەتی بکـات، کـوێ باشـە! کـوێ باشـە! بـن بەرماڵەکـەی مـام گەڕیـدەی بـە خەیاڵـدا هـات کـە ئێسـتا پەستراوەتەوە لە جیاتی بەرماڵیش کانتۆڕێکی گچکەی لـێ دانـراوە، دوور لـە چـاوان بستێك پتر عـەردی هەڵکەند، زێڕەکەی لە دەستەسڕێك پێچاو خستیە بن خۆڵەوە..

هـاوار لـە سـەر سـەکۆی بـن داربیەکـە دانیشـتووە، گـوێی بـۆ خوێنـدنی داربـی هەڵخستووە، چاوی لـە سـەر خوشـك و برایـە کـە بـە دەوری داربیەکـەدا غارغـارانێ دەکەن، بیریشـی لای گوڵنـارە، لـە یـاریی خوشـك و بـراوە خـۆی و گوڵنـاری دێتـەوە

بەرچاو، ئەها خوشك و برا زۆرانێ دەكەن، پرچی یەكتر رادەكێشن، هاوار لە بەر خۆیەوە دەڵێ: خۆزگە هەر منداڵ دەبووین و لەو بن داربیە دەماینەوە، چەند خۆشبوو منداڵی، پڕ بوو لە زۆرانێ، لە تۆپانێ و قاقایانێ، كرێمستی، چەند خۆشە منداڵی نە مێردكردنی تێدا بوو، نە دوورکەوتنەوە، بەلاّم بە سەرێكیش گەورەبوونی پێخۆشە، ئاخر هەر خوێندن تەواوبكات، دەنێرێتە داخوازیی گوڵنار.. خوشك و برا گەمە دەكەن و هاوار ئیرەییان پێدەبات.. هاوار رۆژانی مام گەڕیدە و نەنەخان و خۆی و گوڵناری بە خێرایی بە بەرچاودا وەك كاسێتێك كە بیدەیتە سەر خێرایی، ئاوا تیژ بە بەر چاویدا تێدەپەڕن و گرتەكانی بۆ ناگیرێ، چەند گرتەیەكی ئایندەیی، هی گەورەیی دەبینێ، ئەوەتا بە جلكی زاوایەتیەوە لە ناو قەمەرەیەك لە تەنیشت گوڵنار دانیشتووە، گوڵنار بەرگی فریشتەی پۆشیوە لێو و پەنجەكانی لە رەنگی كرێمستیەكە سوور كردووە، ئەها گەیشتنەوە ماڵ، شەو داهات، لە تەنیشت یەك راكشاون، وەك ئەوجارەی لە بن دارخورماكە راكشابوون، بەلاّم ئەو جارە شەرمناكات، دەست دەخاتە سەر سینەی گوڵنار، رایدەمووسێ.. دەخەون لە باوەشی یەكتر دەخەون...باب نەبا وەها زوو بە ئاگا نەدەهاتنەوە:

كوڕم، وەرەوە شەو داهات..

دوو رۆژە قوتابخانە بۆتەوە، سێ رۆژە گوڵناری نەدیتووە، نە لە ماڵ و كۆڵاّن نە لە رێی قوتابخانە، یالا خێر! دەبێت چی رووبدابێت، سەر بان دەكات، كۆڵاّن دەكات، گوڵنار دیار نیە، لە سووچێك، لە سیلەیەك دەرناكەوێت، هەر دەبێت لە دایكیەوە شتێك ببیستێ، شەرمیش دەكات بپرسێ، ناچار دەبێت بە دوای دایكیەوە بێت، خۆی لێ بگرێت، ئێ، ئەوە خوایە، قسەیەك لە زاری دەردەچێ كە پەیوەندی بە گوڵنارەوە هەبێ، دەرچوو، هاوار گوێی لێیە دایك بۆ باب قسە دەكات:

رەنگە ئەو جارە بەخت یاری بێت، چونكێ دایكی بۆی دۆزیوەتەوە..

باب دەڵێ:

ئەو گوڵنارە منداڵە چی بە سەر هات، لەو تەمەنە و دوو جار مێردکردن!!

هاوار چاو هەڵدەبڕێ، ئێرە کوێیە، نە ماڵە، نە قوتابخانەیە ، نە بن داربیە، نە بن دارخورما، نە سەر منارە و بازاڕ، ئێرە کوێیە، بە هەردوو دیودا ئاوڕدەداتەوە، ئەو ژوورە گەورە پڕگلۆپە کوێیە، ئەو هەموو پەڕۆکە سپیە چیە، دایکی دەبینێ لە سەر سەریەتی، سەری سووڕدەمێنێ، باب دەگاتە سەری و دەڵێ:

چ نیە، کوڕم، ئێستا دەچینەوە ماڵ..

هاوار شتێکی ئەوتۆی لەو رۆژ و حەفتە و مانگانەی دوای خەستەخانەی بیرناکەوێتەوە، جگەرەی بە دەستەوەیە، دایك دەڵێ:

ئەیڕۆ، کوڕم جگەرە دەکێشی؟!

گوێی لە دەنگی بابیەتی:

لێیگەڕێ، وازی لێدێنێ..

لە رێی کارتەکەیەوە کە یەکەم کارتیەتی مابێتەوە دەزانی نمرەکانی زۆر خراپن و بە جڕەجڕ سەرکەوتووە و پۆڵی سێیەمی ناوەندی بڕیوە، وەك خەون ئەوەشی دێتەوە بیر، لە بن داربیەکە دانیشتووە، دڵی پڕە، گریانی دێت، دایکی دێت لە ئامێزی دەگرێت، ماچی دەکات و فرمێسکەکانی دەسڕێت، لە بیریەتی هاوینی پاشتر گوڵنار بە مێردی تازەوە دێنە ئەو خانووەی کە بە دەمامکداراوی رۆژێك کرێکاریی تێدا کردووە، ئەو خانووەی پشتی بە پشتی ماڵی دیدارەوەیە، دێتەوە بیری لە سەر بانەوە رۆژانە پووشکاخەزی بۆ سەر بان و حەوشەیان هەڵدەدا و نامەی بۆ گوڵنار دەنارد، بەڵام هەرگیز لە نامەکانی نە ناوی خۆی نە هی گوڵناری نەنووسیوە، دێتەوە بیری داوا لە دیدار دەکات کە لە شەوێکی مانگە شەوی سەربانەکەی خۆیانی بە قەرد بداتێ، دیدار هەرێی پێدەدات هەر کاتێك کە وادەی سەردان هات، ئەوان ناوە ناوە

دەچـوونە سـەردانی خزمـانی دەرەوەی شـار و شـەو نەدەهاتنـەوە، کلیلـی دەرگـای حەوشەی بداتێ، دیدار بێئەوەی بپرسێ چیت لە بن سـەرە؟ هەرێکـەی دەباتـە سـەر و کلیلی لە مست دەنێ، هاوار شەوێك نازانێت چ کاتی شەوە لەبیریەتی مانگەشەوێکی ئاوینەییە،، هەڵەی نەکردبێ هەر ئەو شەوە بوو کە برادەرەکـەی بـابی بـە (شـەوترین تەمووز) ناوی هێنا، ئەو شەوەی سەدام لە تەلەفزیۆنەوە، لـە جێگریـەوە خـۆی کـردە سەرۆك کۆمار، تۆڵەستێن کە ئەوەی دیت و بیست گوتی:

ئەو پیاوە قەت جێگر نەبووە هەمیشە سەرۆك بووە

برادەرەکەی گوتی:

وایـە، بـەلاّم لەمـەودوا لـە تـاوان گـەرمتر دەبێـت، بەراسـتی ئەوشـەو شـەوترین تەمووزە.

هاوار لە شەوترین تەمووز خۆی لە ماڵ دەدزێتەوە، بن دیوار و بـن دیـوار دەگاتـە بن دارتووەکەی پێش دەرگای ماڵی دیدار و چاو بە کۆڵاّن و دەرگاکاندا دەگێڕێ، باشە دەرگا کەوتۆتە سێبەری درەختەکـە، دەرگـا دەکاتـەوە و بـە هێواشـی بـە قادرمەکـە هەڵدەگەڕێ، خۆی دەداتە پەنای دیواری خانووەکەی قاتی سەرێ، باشە پەنایە و تریفە لێی نادا، کەس نایبینێ، دیواری ستارەکە بڵندە، چاو دەگێڕێ، سێ چـوار بلـۆك لـە سووچەکە دەبینێ، دەچێت بلۆك بێنێ، لەو ساتە لە سەر بانی ئـەو لا کـە سـتارەکەی نەویە، زاوا گچکەلە دەبینێ دەڵێی منداڵە خۆی لە باوەشی بووکێ ناوە، ئـەو زاوایـە ناوی سابیرە بەلاّم چونکێ زۆر منداڵە گەڕەك ناویان نا زاوا گچکەلە، هاوار زوو رووی خۆی وەردەگێڕێ، دوو بلۆك دێنێ و دەیانخاتە سەر یەك، ئێ، لـە تەنیشـت یـەکتر لـە سەر پشـت راکشـاون، سـەر لـە لای وی، پـێ لـەو لا، راکشـانی بـن دار خورماکـەی بیرکەوتەوە، سـەربانی بەجێهێشـت و گەڕایـەوە بـن داخورمـا، دەسـتەکە نـەبا وا زوو نەدەهاتەوە، پیاوەکەی خۆی وەرگێڕایە سـەر تەنیشـت و دەسـتی خسـتە سـەر سـین و

مەمکان، هاوار گەیشتەوە دار خورماکە و دەستبەجێ هاتەوە سەربانەکە ئاخێکی قوولێ هەڵکێشا:

لە دەستمچوو دەستم نەخستە سەر سینەت، هەر بۆیە لە دەستمچووی..

هاوار چاو لە سەریان هەڵناگرێ، دەبینێ، دەستی سەر سینە بۆ خواری شۆڕبۆوە لەگەڵ سەرکەوتنەوە، لچکی کراسەکەی لەگەڵ خۆی هێنا، جووتێ ران کە دەتگوت لە بەفرەوە هاتوون کەوتنە بەر تریفەی مانگەشەو، هاوار بەرگەی نەگرت و سەری داخست، ویستی بڕوات، بیریکەوتەوە بۆچی هاتووە، دەستی بە گیرفانی شەروالەکەیدا کرد، دارلاستیکی دەرهێناو بەردێکی جوان لەو بەردانەی گوڵنار حەزی لێبوون، خستە ناویەوە، رایکێشا سێرەی لە سەری گوڵنار گرت، دەستی لەرزی، هەناسەی سوار بوو، دەست و پێ شل بوون، هێندەی نەمابوو بەربێتەوە، سێرەی گرتەوە ئەوجارە لە سەری مێردەکەی، لەو دەمە لە سەرەخۆ سووڕا، سەرکەوت، هاویشتی، بە قەد گوللەیەك دەنگی هات، هەڵێ، خۆیشی لە بیری نیە چۆن دەرگاکەی کلیل دایەوە و چۆن گەیشتەوە ماڵ و چۆوە سەر جێگاکە، لە سەر بانەوە گوێی لە غەلبە غەلبە، سەری هەڵبڕی لە ماڵی گوڵنارە، دڵی کوتەکوتیەتی، رەنگە نەخەوتبێ..

بە بیری دێتەوە، گوڵنار دێتە ماڵیان، لە هەڵێکدا بەردەکەی بۆ هەڵدات و دەڵێ:

هاوار، چیدی منداڵ مەبە! واز لە هاوار بێنە.

ئا، لەو رستەیەوە هاوار بیریکەوتەوە کە مێردەکەی گوڵناریش ناوی هاوارە، ئیدی هاواری عاشق وازی لە هاواری مێرد هێنا، هەر هێندە نا، لە رێی هاواری مێردەوە کە زۆر خۆی دەهێنایە پێش و لە دوورەوە سلاوی لە هاواری عاشق دەکرد، ئەو دوو هاوارە بوونە ناسیار، دوو سێ جارێ چووە ماڵیشیان، جاری دواییان لە مانگێکی باراناوی بوو، هەر ئەو مانگە بوو کە ئێران لە شاهانشاییەوە بووە ئیسلامی بەوە بە بیری دێتەوە رۆژی دواتر بە شەلە شەل دەچووە گۆڕستان و لەوێ کێشە کەوتبوو نێوان

دوو قورئانخوێنەکە ئەو دووە نە بێ یەکتر هەڵیان دەکرد نە پێکەوەش، جەبار دەیگوت:

شیعە کەی موسڵمانن، کۆماری ئیسلامی چی! هەر شاهانشاهیە.

حەمەد دەیگوت:

وا مەڵێ، کێ باش بێت ئەوە باشە..

شەوی پێشتر هاوار و دوو سێ دراوسێیدی لە ماڵی گوڵنار دۆمینەیان دەکرد، هەردوو هاوار بەرانبەر یەکتر دانیشتبوون، گوڵناریش دەهات و دەچوو، هاوار جار جارە تی چاوێکی دەدایە گوڵنار، لە بیریەتی لە سەر دەرگا سینی لە دەستی گوڵنار دەکەوێت، هەرچی پەرداخ و پیاڵەیە دەشکێن، هاواری مێرد دەڵێ:

چ نیە هەمووی بە قوربانی خۆت بێت..

شەو درەنگە بەلاّم دۆمینە درێژە دەکێشێ، هاواری عاشق دەچێت دەست بە ئاو بگەیەنێت، لە هاتنەوە لە سەر دەرگا، پێی بە شووشەدا رادەچێت، خوێن فیچقە دەکات، هاواری مێرد خۆی لە گوڵنار تووڕە دەکات:

شووشە دەشکێت، بۆچی خرپناکەیتەوە، هەر زوو بۆی ببەستەوە..

هاواری عاشق لە تووڕەبوونەکەی هاواری مێرد تووڕە دەبێ، چۆن دەبێت خۆ لە گوڵنار تووڕە بکات، زۆر خەفەت دەخوات، بەلاّم دەسەلاّت چیە، گوڵنار هەر پەکوو پەکوویەتی و دەڵێ:

دەستم بشکێ، نەمزانی.

هاواری عاشق دەڵێ:

چ نیە، نە..

گوڵنار پەڕۆکێك دێنێ، دەرمانێك دێنێ ،دەست دەخاتە سەر برینەکە،دەگەڕێ نەوەك شووشەی تێدامابێت، هاوار حەزدەکات ئەو گەڕانە بەردەوام بێت و پەنجەکانی

لە برینەکە نەبنەوە، گەڕا و نەیدیتەوە، پێیدادەکات و دەیپێچێ، گوڵنـار دەسـتی بـە خوێن دەبێ، هاوار کرێمستی بن داربیەکەی بیردەکەوێتەوە، رەنگـی خـوێن چـەند لـە کرێمستی دەچێ، هەر سوورێك بە لێو و پەنجەی گوڵنارەوە بـێ، ئـەوە کرێمسـتی بـن داربیەکەیە، کرێمستی منداڵی، لە ساتی تیمـارکردن چـاوی دەکەوێتـە سـەر سـینەی گوڵنار، پێدەچوو کونی دوگمەیەك گەورە بووبێت، لە خـۆوە تـرازا، هـاوار راچـلەکی، باش بوو گوڵنار زوو هەستی پێکرد، دەستی خستە سەری و دایخستەوە..

هاوار وەك خەون دێتەوە بیری، گوڵنار چاو بە گریانە، دەڵێن هاواری مێـردی لـە ترومبێل وەرگەڕایە، پتر بە لای مردنە کەمتر بە لای مان، نازانێ چۆن بچـێتە لای و چ بڵێ، دەچـێت لـە سـەر بانـەوە پووشـکاخەز هەڵـدەدات و نامەیـەکی بـۆ دەنێـرێ، نامەکە لە گۆرانیەکەوە وەردەگرێ:

سا بەس بۆ رەقیب شین و فریاد کە

جارێکیش دۆستی کۆنە یاد کە

پووشکاخەزەکە بە سەری ماڵی گوڵنارەوەیە، هاوار لە بیری نیە لە کوێ نیشتەوە، گوڵنار دیتی، نەیدیت، بەڵام لە بیریەتی مێردەکەی گوڵنار بە شەلە شەل گەڕایـەوە.. هاوار ئەوەشی لە بیرە ماڵی گوڵنار بە مێرد و دایك و براوە لە پڕ بزر دەبن، دەبیستێ براکەی کەسێکی کوشتووە، ئیدی بە هۆی دوژمنایەتیەوە، هەر گەڕەك نا شاریشـیان بەجێهێشتووە...

هاوار لەو ساڵانە لێرەو لەوێ رستەیەك، گرتەیـەکی بیردەکەوێتـەوە، ئـەها پیـاوی هەمەدانی لەمێژ نیە لە چیا هاتۆتەوە، تازەش لەگەڵ تۆڵەستێن پێکهاتوونەتەوە، لە تەنیشت یەکتر لە بن داربیەکە دانیشتوون و گوێی لێیە دەڵێ:

ئای! تۆ پێیەکت لە سەفین بەجێهێشت و منیش چاوێکم لە هەکاری دانا...

لە بیریەتی، شەوێك خاڵە مۆسکۆییەکەی دێت، دایك ئامێزی پێدا دەکات و باب ماچی دەکات، خاڵ دەڵێت: چار نەما دەبێت بچمە چیا..

باب گریان قورگی دەگرێت:

منیش پێم مابا، بە چیا دەکەوتمەوە

لە بیریەتی تۆڵەستێن جێی مام گەڕیدەی گرتۆتەوە، رادیۆی بە گوێوەیە، ئێوارانیش بە دزیەوە گوێ لە سرود و هەواڵە قاچاخەکان دەگرێت..

دێتەوە بیری لە ماوەی چەند مانگێك زۆربەی گەنج و جوامێری گەڕەك بوونە سەرباز، ناوە ناوە دارەبازەیەك دەهاتەوە لێی نووسرابوو(شەهیدی قادسیە)..

لە بیریەتی لە گەڕەك یەك خانووی قوڕ مابوو، ئەویش ماڵی تۆڵەستێن..

گوڵێ و چەقۆکە هەر زیندوون، رەنگە هەر لە سەروبەندی بزربوونی گوڵنار بووبێت، عەسرانێك هەواڵ هات گوڵێ مێردی کردو بردیان، کەس باوەڕی بەو هەواڵە نەکرد، هەموو دەیانگوت، نێرە هەیتەو مێرد! سبەی زوو هەواڵ هات، شەو گوڵێ هاتۆتەوە ماڵ، گوێی لە ژنە دەڵێن: هەر دەبوو وابێت، هەمیشە لە ناو کوڕان بوو، کەسی بە پیاو نەدەزانی، داخوا کێ بێ بنی کردووە! رۆژی دواتر بە هەموو گەڕەکدا بلاوبۆوە، زاوا بریندارە و گوڵێش براوە بۆ پۆلیسخانە، دوای حەفتەیەك گوڵێ هاتەوە، لە جاران سەربڵندتر بوو بە زاری خۆی سەرهاتەکەی بۆ پۆلیس و بۆ خەڵك ئەوها گێرابۆوە:

((بە نابەدڵی رازی بووم، بابم زۆر تکای کرد مێردبکەم، ئێ، شەو زاوا هات، ویستی دەست لە کەمەرم بئاڵێنێ یەکەم شت کە بەر دەستی کەوت چەقۆکە بوو، سەری سوڕما:

+ ئەوە چیە! چەقۆ! بۆ!

- هیچ نیە، من هەمیشە چەقۆم، لایە..

تا هێزی تێدا بوو، زللەیەکی لـە بـن گـوێم دا، سـەرم سـووڕا، چـاوم تاریـك بـوو، منیش نەمکردە نامەردی، من لە تەمەنم ملکەچـیم نەنوانـدووە ناشـینوێنم، چـەقۆم لێراکێشا، دوو چەقۆی مەردانەم خەواندێ و بوخچەکەم کە جلکی ئاسایی تێـدا بـوو، هەڵگرت و هەڵاتم، لە کۆڵانێ، لە پەنایەك، هەر لە بای غارێ، کراسـە درێژەکـەم بـە سەر جلکی بووکێنیدا هەڵکێشا و هاتمەوە ماڵێ..))

دەیانگوت، بابی زاوا کابرایەکی تێگەیشتووە، زوو گوڵێی لە زینـدانێ دەرهێنـا و هیچ لە هیچ..

سەدامیش هی لەبیرچوونەوە نیـە، لەگـەڵ سـەلاحی هـاورێی لـە یاریگـای گـەورە دەهاتنەوە، دەبینن هەردوو بەری جادە، سەربانەکان هەر هـەمووی چـەکدارە و چـەك سوارە، سەلاح دەڵێ:

من بزانم سەدام دێت..

هاوار دەڵێ:

چۆن بگەمە جێیەکی بڵند؟

سەلاح:

خۆت کەر مەکە، ئەوە گووی گەمە نیە..

وا دیارە خۆی کەر دەکات و گەمەکە دەکات، لەو بەری یاریگا، چەند ماڵێك دوور لە جادە، لە دەرگایەك دەدات، ژنێك دەرگا دەکاتەوە:

چیتان دەوێ کوڕم؟

هاوار زۆر بە رێز و سەنگینیەوە:

پلە، کۆترێکم لە سەر بانتانە، ئەگەر رێ بدەی بیهێنمەوە دەستەکانت ماچ دەکەم.

ژنە رێیان دەدات، هاوار نایەڵێت سەلاح لەگەڵی بچێت، سـەربانەکە گونجـاو نیـە، دەچێتە سـەربانەکەی تەنیشـت کـە درەختێکـی بڵنـدی پـڕ چـەند لقێکـی بـە سـەردا

شـــۆڕكردۆتەوە، خـــۆی دەگەیێنێتـــە نـــاو درەختەكـــە، هەنـــدێك وردە لـــك و پـــۆ دەشكێنێتەوە، كەلێنێك دەكاتەوە، ئێستا جادەی جوان لـێ دیـارە، چـاوەڕێی هـاتنی سەدام دەكات، ئەگەر لە سەر ترۆمبێلەكە بە پێوە راوەستابێ، دەست راوەشێنێ، وەك چۆن لە تەلەفزیۆن نیشاندەدرێ، زۆر باشە و هەرچەندە دوورە بـەلاّم نیشـان دەپێكـێ، لە پڕ هات، كاروانی ترومبیلان هات، كۆمـەڵێك ترومبێـل لـە چـاوی هـاوارەوە وەك یەكن یەك رەنگ و یەك جۆر، هەموو جامیان داخراوە، ئـەوە خـراپ بـوو، ئیـدی بـە تەمای خودا، جامی یەكێ لە ترومبێلە زەبەلاحەكانی كردە نیشانە، بـەردێكی تیـژی هاویشتێ و ئەگەر گـوێی نەزرینگابێتـەوە، دەنگێكـی گـەورەی لێهـات، خێـرا هاتـە خوارێ و لە رێیێ سەلاح دەیگوت:

ئەوڕۆ سەرۆك لە هەوڵێكی كوشتن رزگاری بوو.

هاوار لە بیریەتی خوشك و برا كە جانتایان بە شانەوە بوو، لە رێی قوتابخانـە زۆر لە منداڵانی داربی دەچوون.. لە بیریـەتی دیـداری بـرادەری باسـی پەیوەنـدی خـۆی و كچێك دەكات، كە چۆن ناوە ناوە ژوان دەبەستن، دەچنە باوەشـی یـەكتر و راموسـان دەكەن، ئەوە هاوار هاندەدات كە پەیوەندی لەگەڵ كچێك ببەستێ، رەنگە پتر لە رقی گوڵناریش بووبێ، كچێك ماڵیان لەوسەری كۆڵانە لە مێژ نیە هـاتوون، لـە تەمـەنی خـۆی شـتێك گچـكەترە، زۆر شـیرین و نـازدارە، روو روون روون دەڵێـی لـە بەیانـەوە هاتووە، ناویشی بەیانە، كە دەچێت بۆ قوتابخانە لە دواوە كەمێك لە گوڵنار دەكـات، هاوار دوور نیە بۆی لێدرابێت، زۆر جار لە كاتی هاتنەوە لە قوتابخانە هـاوار لـە دەو كەندێ لە بن دیواری ماڵی شەلە، رادەوەستێ و لێیدەڕوانێ، بەلاّم بەیان جارێك چـیە سـەر بڵنـد ناكـات، لـە ژێـرەوەش تـی چـاوێكی نـاداتێ، هـاوار، بڕیـار دەدات بـە تەماشاكردن رانەوەستێ، جارێـك كـە نزیكدەبێتـەوە، ئازایـەتی دەیگـرێ و ماچـێكی توندی بە دەنگی بـۆ دەهاوێـت، كەچـی بـەیان بـێ ئـەوەی خـۆی تێكبـدات، تفێكـی

گەورەی بۆ دەهاوێت، هاوار تفێك لە خۆی دەكات و هەرگیز لە سەر رێ راناوەستێ، لە دوورەوە بیبینێ خۆی دەشارێتەوە، بە خۆی دەڵێت:

زەحمەتە كچێك هەبێت منی بوێت...

لە بیری ناچێتەوە، شەلەی شامینۆكفرۆش دەمانچەی لە نێكێیە و هەڕەشە لە بابی دەكات:

دیارە تۆ لە (ئەمن) ناترسیت!

باب گۆچانەكەی هەڵدەشەقێنێ دەڵێ:

لە خوێری وەك تۆ دەترسم!

ئیدی لە گەڕەك باردەكەن، بەلاّم نایەتەوە بیری بۆچی خەناوكەكەی لە بن عەرد دەرنەهێنا، دڵی نەهات، یان لە بیریچوو!

ئەوەی مەگەر مەرگ لە چاوی بسڕێتەوە، شەوی دیار پەنجەرەكەیە، هاوار لە سەلاحی بیست، ئەو پیاوەی كە جەمەدانیەكەی دەخاتە بن هەنگڵیەوە و دەڵێی لە ئاسمانەوە هاتووەو بە جادەدا پیاسەدەكات، ئەو پیاوەی كە منداڵان پێیدەڵێن، شیرین بەهارە، ئەو پیاوە جاروبار دەچێتە ماڵەكەی پشت ماڵی سەلاح و گۆرانی دەڵێت، هاوار لێی دەبێتە مەراق، درەنگانی ئێوارەیەك لەو دوورەوە سەلاح بە هەڵەداوان دێت، پێكەوە دەچنە ماڵی سەلاح كە تەنها دایكی لە ماڵە، لە حەوشەی پشتەوە گوێیان لە دەنگی خارە تایەرە، سەلاّح دەڵێ:

لە شیرین بەهارە بۆتەوە..

هاوار دەڵێ:

ئەوها نابێت، جێگەیەك ببینینەوە لێمان دیاربێت..

دارتوێك لە حەوشەی گۆرانیەكانە، لق و پۆی درێژبۆتەوە بۆ ماڵی پشت و تەنیشتیش، سەلاح تێدەگات هاوار دەیەوێت بگاتە ناو دارتووەكە دەڵێت:

لە ناو ئەو درەختەوە پەنجەرەکە دیارە..

دەتگوت پشیلەن سەر دیوار و دیوار رۆشتن، سمۆرە ئاسا سەر لق و سەر لق رۆیشتن، گەیشتن، لە ناو دارتوو کە ،وەرزی توو بوو، دەتگوت دوو کۆترن هەڵنیشتوون، لەوێوە لە کەلێنی گەلاکانەوە پەنجەرە بە دەرکەوت، لە پەنجەرەوە، شیرین بەهارە بەرانبەریان دانیشتووە، جەمەدانیەکەی لە سەر چۆکیەتی، کلاۆەکەی لە سەرە، بالیفێکی گەورە لە پشتیەوە نیوەی دیارە، لە بن چاویلکەوە چاوە گەشەکانی دەبینرێ، چوار پێنج پیاو بە دەوری خوانێکەوە بازنەیان بەستووە، پر سەری شووشە، پەرداخە، میوەیە، ماستە، تەپلەی جگەرەیە، سەلاح بە گوێیدا دەچرپێنێ:

ئەوانە عارەق دەخۆنەوە..

عارەقخۆر لە گوێی هاوار خۆش نەهات، کەس بە باشە باسی عەرەقخۆری نەدەکرد، خۆ هەردوو قورئانخوێنکەش عەرەقخۆریان بە دۆزەخی ناو دەبرد، هاوار گوێی لێیە شیرین بەهارە گۆرانی دەچرێت، چرینێك کەس وای نەچرپیوە، دەبینێ ناوە ناوەش فرێك لە پەرداخەکەی پێشی دەدات کە لەو دیوی پەنجەرەوە رەنگی دەڵێ شیرە، دەبینێ، پەرداخەکەی هەڵدەگرێ و بە جارێك نیوەی پتر فڕدەکات، بە توندی دایدەنێتەوە، کووزە لیمۆیەك هەڵدەگرێ و ناسك ناسك دەیمژێ، لەو ساتە کوڕەکانی ناو دارتووەکە توو دەخەنە زاریانەوە، دەچریکێنێ:

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە

روو لە لای من کە بە جامێ بادەوە

لەو ساتە، پیاوەکان چەپلەیان لێدا و یەکیان هەستایەوە و ماچێکی کلاۆەکەی خارە تایەری کرد، هاوار و سەلاح لە بیریان چوو، بۆ دزی هاتوون، ئەوانیش چەپڵەیان لێداو فیکەیان کێشا، باش بوو لە ژووری گۆرانیەوە کەس گوێی لێیان نەبوو، هاوار

حەزیدەکرد ئەویش لە سەر خوانەکە بێت و بچێت ماچێکی شیرین بەهارە بکات، ئەوەی بۆ هەمیشە سەر دارتووەکەی گۆرانی _دواتر ناوی لەو دارە نا، دارتووی گۆرانی_ و ژووری گۆرانی لە یادەوەریی هاوار بە زیندووی هێشتۆتەوە، ئەو دێرەیە کە ئەو شەوە شیرین بەهارە بە شێوەیەکی گۆت، ناگوترێتەوە، کەس نایلێتەوە، پەرداخەکە لە دەستی چەپی بلند راگرتبوو، وەك بلێی نیشانی کوڕەکانی سەر دارتووەکەی دەدا، دەستی راستی بە ئاسمانی سەر خوانەکەدا دەلەراندەوە:

ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵداری بە ئاهی من

کەچی دەستی لە سەر دانا، لە سەیری باخی بەی کردین

هاوار لەگەڵ ئەوە هێندەی نەمابوو، لە سەر دارتووەکە خۆ فڕێداتە خوارێ، رەنگە سەلاح هەستی بەوە کردبێت، چونکێ توند دەستی گرت و گوتی:

با بڕۆین درەنگە..

گوێی پێنەدا، هاوار گەیشتەوە ماڵی گوڵنار ئەو ساتەی برینەکەی بۆ تیمار دەکرد و بە ئاهی ئەو دوگمەی کراسەکەی کرایەوە، کەچی دایخستەوە و نەیهێشت مەمکە بەهێییەکانی ببینێت، ئای! ئەوە چی دەبینێت! گوڵنار چی دەکات لەو ژوورە، ژنی کام لەم پیاوانەیە! هەوە، چاو هەڵەناکات، ئەوە گوڵنارە، هاوار لە ناسینەوەی گوڵنار هەڵەناکات، ئەگەر لە سەری ئەو سەری درێژترین جادە بیبینێ دەیناسێتەوە، هەر جلکێك بپۆشێت، دەیناسێتەوە، قژی بە هەر شێوەیەك ببەستێت دەیناسێتەوە، کەس وەك هاوار گوڵنار ناناسێتەوە، هەوە خۆ هەمان ئەو کراسەی لەبەرە کە شەوەکە برینەکەی بۆ تیمارکرد و ترازا دوگمە، ئەها لە تەنیشت شیرین بەهارە راوەستاوە، کەمێك داچەمی و شتێکی دایە دەستی، ئەها سینەی دەڵێی سینیی مێوەیە، هەوە گوڵنارە، ئەها لە پشت سەری شیرین بەهارە پشتی بە دیوارەکە دا، راوەستاوە، دەمێکە بێ جوولەیە، دەڵێی بۆتە وێنە و بە دیوارەکەوە

هەڵواسراوە، وێنەیەکی گەورە یەك بە دیوارەکە، سەیرە بۆ ناجوولێت! ئەوە چی رووەدات، گوڵنار بووە وێنە بە دیوارەوە، رەنگە هەر لە سەرەتاوە وێنەیەك بووبێت بە دیوارەوە، بەڵام لە چاوی هاوارەوە گیانی تێگەڕابێت، ئا خۆی نیە، وێنەکەیەتی، باشە وێنەی گوڵنار چی دەکات لەو ژوورە، وێنەیەکی وا گەورەش، ئەو وێنەیە لەو ساتە گیراوە کە برینەکەی هاواری تیماردەکرد، ئەها دەستێکی لە سەر دوگمەی ترازاوە، دەستەکەیدی تا سەر مەچەکی دیارە، دەبێت پەنجەکانی لە سەر برینەکە بێت، ئەو کەسەی وێنەکەی گرتووە، لە دواوە راوەستاوە و حەزینەکردووە هاوار دەربچێت، هاوار دەبێت بە دەنگ (گوڵنار، گوڵنار) ی کردبێ، چونکێ سەلاح بە هێواشی گوتی:

گوڵنار کێیە؟ تۆ چیتە!

بەرگەی دەنگ و رەنگی ژووری گۆرانیی نەگرت، رەنگە بوورابێتەوە، لە زرمەی خۆی بە ئاگاهاتەوە، لە بن پەنجەرەکە دەستی لە ناو دەستی پیاوێکە، پیاوێکیش بەرانبەری راوەستاوە، سەلاحیش لە تەنیشتی، لە پەنجەرەوە تەماشای ژوورێی کرد، لەو ساتە دیتی گوڵناری وێنە، لە شێوەی پەلە تەمێك خزی ولە پەنجەرەکەوە هاتە دەرێ و بە ناو گەلاێ دارتووەکەدا هەڵکشا، هاوار واقی وڕما، درەنگ هاتەوە سەرەخۆ و تێگەیشت کەوتوونەتە دەستی سەرخۆشە عەرەقخۆرەکان، ترسا، ئاخر زۆری بیستبوو عەرەقخۆر کە سەرخۆش دەبێت، دەست دەوەشێنێ و چ ئیش خراپە دەیکات و لە هیچ ناپرینگێتەوە، پیاوەکە دەڵێ:

چیتان دەکرد لەو سەر دارە؟ بۆ توو دزین هاتبوون؟

هاوار قسەی بۆ نەهات، سەلاح دەڵێ:

نا، بۆ گۆرانی

پیاوەکە پێدەکەنێ:

گۆرانی خارە تایەر دەدزن! مەیدزن، خۆی دەتانداتێ، دە وەرن بچین دانیشین..

هاوار لە پەنجەرەوە چاوێك بە ژوورەکەدا دەخشێنێ، گوڵنار لەوێ نەمابوو، دەبینێ شیرین بەهارە لە گۆرانی گوتن نەپساوەتەوە:

ساقی دەروێشە جامێ شەراو با بێ

پڕگە پیاڵە ماچ لە گۆشەی چاو بێ

ئەو کچە جوانە بۆ لێمان تۆراو بێ..

هاوار گومانی هەیە، رەنگە پیاوە عەرەقخۆرەکە نیازی خراپ بێت، بەلاّم حەزیکرد بە قسەی بکات، لەو ساتە سەلاح دەڵێ:

نا، دەڕۆینەوە..

پیاوە سەر خۆشەکە دەڵێ:

دە راوەستن سەر و بیرەتان بۆ بێنم..

پیاوەکە چووە ژوورێ، ئەویدی هەر لەوێ راوەستاوە و خەریکە جۆرێك سەمادەکات، هاوار و سەلاح لە سەر ئەوەن خۆ هەڵدەنە سەر دیوارەکە و راکەن، پیاوەکە هاتەوە، دوو بیرە و دوو کیسە فستقی لە دەستە، دەیانداتێ، لە دەرگاوە بەڕێیاندەکات و دەڵێ:

ئەو جارە ئەگەر بۆ گۆرانی هاتن لە دەرگاوە وەرن، خۆ کۆتر نین لە سەر دارەکە بنیشنەوە..

درەنگە، بیرەیان خستە گیرفانی شەروالەوە و چوونەوە ماڵی سەلاح، لە ژوورەکەی سەلاح دانیشتن، دایك هەندێ مێوەی بۆ هێنان و چوو خەوت، هاوار هێشتا گۆرانیەکە بەرینەداوە، چاوی هەر لە سەر سوخمەی ئالە، لێوی کردۆتەوە بۆ ماچێك لە گۆشەی چاو، بیرەیەك هەڵدەپچڕن، ناوێرن تامی بکەن، بۆ لای لێویان دەبەن و دایدەنێنەوە، هاوار کە بە گۆرانیەکان مەستبووە، بوێری دەیگرێ، بیرەکە دەخاتە سەر

لێویـەوە و دوو سـێ قـومی لێـدەدات، تاڵـە، ویسـتی بیهێنێتـەوە، خـۆی گـرت و نەیهێناوە، دوو سێ دنکە فستقی خستە دەمیەوە و ئاسایی بـۆوە، سـەلاحیش چـاوی لێدەکات، بە هەردووکیان بیرەیەك تەواودەکەن، سەلاح دەڵێتە هاوار:

ئەرێ گوڵنار کێیە؟

هاوار ئاهێك هەڵدەکێشێ:

تەمێکە، تەم..

رەنگە سەلاح پرسیاری لە تەمەکە کردبێت، بەڵام هاوار هەسـتا و نەیبیسـت، لـە رێیێ هەستیدەکرد سەرخۆشە، بە بێ دەنگی چووە سەر جێگاکەی خۆی..

هاوار دواتر لە ناو برادەران دەیگوت:

شەوێك خارە تایەر بۆ من گۆرانیی گوت..

هاوار لەو شەوەشـەوە بڕیـاری دا عـەرەق بخواتـەوە، ئەگـەر ژەهـری مـاریش بێـت دەیخواتەوە، بە کووزە لێمۆوە دەیخواتەوە..

هاوار ئەو کۆتایی ساڵەشی لەبیرە کە کارتی کـەوتوویی وەرگرتـەوە، بـەڵام هێنـدە پێیتێکنەچوو، چونکێ گوڵنار پێشەوەی دنیا قووتیبدات، ساڵێکی لەدەستچووبوو، لە بیریەتی بە کەوتوویش بابی دیاریی بۆ کڕی..

هاوار ئەو چەند ساڵە لە قوتابخانە تەنها مامۆستا حەیدەرکە مامۆستای ئینگلیزی بـوو لـە یادەوەریـدا زینـدووە و هەمیشـە قسـەدەکات، ئـەو مامۆسـتایە چـیرۆك و سەرهاتی هێند جوان دەگێڕایەوە، بۆیە بە مامۆستای گێڕانەوە ناوی رۆیشت، رەنگـە لە رێی دیدارەوە مامۆستای گێڕانەوە شتێکی لە سەرهاتی هاوار بیستبێ، بۆیـە زۆر گرنگی پێدەدات، لە پشـووەکان بانگیـدەکات و لـە گۆڕەپانەکـە قسـەی بـۆ دەکـات، مامۆسـتای گێڕانـەوە هـانی دەدات بـۆ خوێندنـەوەی چـیرۆك، هـاوار دەخوێنێتـەوە، مامۆستا هانی دەدات بۆ نووسین، نووسینەوەی رۆژانەی خۆی، هاوار چەند لاپەڕەیەك

دەنووسێتەوە، پیشانی مامۆستای گێڕانەوەی دەدات، مامۆستا بە دڵی دەبێت و لە دڵەوە دەستخۆشی لێدەکات، تێبینیەکی دەداتێ: ((تۆ زۆر وشەی (من)ت بەکارهێناوە، دەکرێت کەمی بکەیتەوە، دەکرێت هەر نەیهێلی و لە جیاتی من، (ئەو) دابنێ، یان ناوێك باناوەکەش ناوی خۆت بێت دابنێ، رەنگە سەرهاتەکە خۆشتر بێت، ئاگاداربە، هەر شتێك زۆر بیلێیتەوە لێی بێزار دەبیت))

هاوار دواتر بە قسەی مامۆستای گێڕانەوە دەکات، لە نووسینەوەی بەشێك لە سەرهاتی خۆی هەموو (من)ەکان فڕێدەدات و لە شوێنی (هاوار) و (کوڕی داربی) دادەنێت، بەڵام لە درێژەی سەرهات لەو جێیەوە کە هەواڵی شەهیدبوونی مامۆستاکەی دەبیستێت بە خۆی ناوەستێ، هەناسەی سوار دەبێت و دەبنەوە من، ئیدی لێرەوە هاوار منم، کوڕی داربی منم هەر لێرەوەش هەواڵ هات ماڵی شەلەی شامینۆکفرۆش باریان کردووە، گەڕاینەوە ماڵی خۆمان و بە داربیەکە شادبوومەوە، سەرەتا چ خۆش بوو، دەتگوت بە گوڵنار گەیشتووم، بەڵام بەرە بەرە دووری گوڵنار، یادی گوڵنار دەبوونە پۆلووی ئاگر و چزەیان لە دڵمەوە دێنا..

-٢-

لەو سەری کۆڵانەی دەگەیشتەوە سەر دەرگای سەرەوەی مزگەفتی حاجی لەقلەقەکە، راوەستاوم سەرم هەڵبڕیوە و چاوم لە سەر هێلانەی حاجی لەقلەقەکەیە کە بە ئاسمانەوە راوەستاوە، باش نایەتەوە بیرم حاجی لەقلەقەکە لە سەر هێلانەکەی بوو یان نا، خەیاڵ بردمیەوە بۆ ئەو رۆژەی کە لەگەڵ گوڵنار تەماشامانەکرد، مام گەڕیدەش جارێك لە وەڵامی پرسیاری من:

حاجی لەقلەق بۆچی حاجیە؟

مام گەڕیدە بە پێکەنینەوە:

ساڵی جارێك دەچێتە حەجێ..

مام گەڕیدە لە بارەی حاجی لەقلەقەوە قسەی بۆ خاڵە مۆسکۆیی دەکرد:

ئەو حاجی لەقلەقە ئەو سەر و ئەوسەری دنیا دەکات، لەو لایەوە دەگاتە ولاتی حەجێ، لەو لایەشەوە دەگاتە رووسیا..

خاڵە مۆسکۆیی بە پێکەنینەوە گوتی:

چەند خۆش بوو منیش وەك حاجی لەقلەقەکە بام، چەندان جار مۆسکۆم دەدیت.

لەو قسەیەی خاڵەوە من و گوڵنار پێکەوە دەمانگوت:

خودا بمانکە حاجی لەقلەق، با بفڕین ومۆسکۆ ببینین..

ئاخر خاڵە مۆسکۆییم، بە شێوەیەك باسی مۆسکۆی دەکرد قورئانخوێنەکان وا باسی بەهەشتیان نەدەکرد..

ئەگەر دەنگە تیژەکە نەبا، لەبیرم نەمابوو بۆچی چووبوومە ئەو سەرە کۆلانە، نێوان من و دەنگەگە هەر شەش حەفت شەقاوی ئەمنە لۆقنەکە دەبوو، پشتی لە منە وێنەیەکی گەورەی سەدامی دڕاند و بە دەنگی بڵند دووبارەی کردەوە:

(بروخێ سەدام)

لە سەری کۆلانەوە سەد دەنگ(برۆخێ سەدام)ەکەی کوڕەکەیان گۆتەوە، ئەو کوڕەی دەنگی بە من ناناشنا نەبوو، بەلام نەشناسیەوە، ئەو کوڕەی لە دواوە لە کەسێك دەچوو، نەهاتەوە بیرم کێیە، راکە راك و تەقوتۆقە، کوڕەکە کەوت، دەماودەم کەوت، خوێنم دیت، ئەو خوێنەم پێشتر دیتووە، هەستێکی وام بۆ درووست بوو کە ئەو خوێنە ئاشنایە، قسەیەکی مام گەڕیدەم بیردێتەوە:

ئەگەر کەسێك خوێنناس بێت، خوێن دەناسێتەوە، خوێنەکان هەموو وەك یەك نین..

هی ئەوە نەبوو بچمە سەری، تفەنگەکان رووبیان لەوێ بوو، خوێن منی کەمێك لە خەیاڵی گوڵنار دوورخستەوە، تا ئەو ساتە لە ناو خۆپیشاندانەکە سەرە داوی خەیاڵێك دەگەیشتەوە گوڵنار..

رۆژی دواتر خۆپیشاندان لە دەرگای قوتابخانەوە سەری کرد، سەری گەیشتە سەری ئەو جادەیەی کە پێچبکەیتەوە قوتابخانەکەی گوڵنار دیارە، لەوێ لە هەموو لایەکەوە چەکدار پەلاماریان دا، بووە تەق و تۆق و زرموهۆڕ، بەرد هاویشتن، من سێ چوار دارلاستیکم هاویشت، هیچیان بەلاش نەچوون، پەرتەمان لێکرد و هەریەکە بە لایەکدا هەلاّت، ئەو لە دەرگایەك چووە ژوورەوە، ئەویدی بە سەر دیوارێکدا ئاو دیو بوو، یوسفم دیت لەو سەرەوە سووڕایەوە، من خۆم بە حەوشەیەکدا کرد، ژنێك کە ئەگەر لەبەر جلکەکەی نەبا دەمگوت دایکمە، چەند لە دایکم دەچوو، تاکە ژنێکە لە تەمەنم دیتبێتم کتومت لە دایکم بچێت، بابم بیبینێ جیاوازیان پێناکات، جلکێکی هێند رەشی پۆشیبوو ترساندمی، ژنە بە چاو و دەست سەر دار تووە پڕەکەی نیشاندام، کەوتبووە قوژبنی حەوشەکەوە، کەمێك دوودڵ بووم، کاتی دوودڵی نیە، بە قسەمکرد، لە هەڵگەڕاندا یارمەتی دام، پێی بڵند کردم، باوەشم بە لقێکی ئەستووردا کرد و خۆم کردە بە شێك لەو، دوو سێ چەکدار بە ژوور کەوتن، دڵم توند لێدەدات، دەترسم ترپەی دڵ جوولە بخاتە لقەکەوە و ئاشکرابم، گوێم لێیە بە عەرەبی جوێن دەدەن، سەر بان و بن بانیان کرد، لە کەلێنی پەلکانەوە دیتم چەکدارێکیان پاڵێکی توندی بە ژنەکەوە ناو کەوت، دەمویست دەست بۆ دارلاستیکەکەم ببەم، باش بوو پەشیمان بوومەوە، رۆیشتن، دوای کەمێك ژنەکە بە راستی هەر دەڵێی دایکمە، سەرێکی بە دەرێدا گرت، هاتە بن دارتووەکە و بە دەنگێکی دایکانە:

کوڕم، تا من نەڵێم هەر لەوێ بمێنەوە، هەر لە کۆڵانن..

لەو دارتووەوە، گەیشتمەوە ئەو دارتووەی کە دەیڕوانیە سەر گۆرانی، ئەو گۆرانیەی بردمیەوە دیار سینەی ترازاوی گوڵنار، سەلاحم بیرکەوتەوە، دەمێك بوو نەمدیتبوو، ئەو دارتووە پڕەی لە خەیاڵێکی پڕ بەریداینەوە ناو دەستی سەرخۆشان، بەڵام ئێستا لەو دارتووەوە نابێت خۆم بدەمە دەست خەیاڵ، بەربمەوە دەکەومە ناو دەوی پیاوکوژان، چاوەڕێ دەکەم ژنە رەشپۆشەکە هەواڵی خۆش بێنێت، هەواڵی چۆلبوونی کۆڵان لە چەکداران، دەبێت ئەو ژنە کێی مردبێت وا رەشپۆشە!!

لە دەرگا درا، لێمەوە دیار نیە کێیە، گەورەیە، منداڵە، چەکدارە، بێ چەکە، ئۆخەیش:

پلە پەرژین، داکم گۆتی دوو نانمان بداتێ..

ژنە رەشپۆشەکە کە دیارە ناوی پەرژینە:

باشە، وەرە، چەکدارەکان لە کۆڵان ماون؟

منداڵەکە:

رۆیشتن..

ئۆخەیش، رۆیشتن و ئەوجارەش دەرباز بووم، داوای لێبووردنم لە ژنەکە کرد کە بە هۆی منەوە پاڵێکی خوارد، بەڵام ژنە گوتی:

نا، بە هۆی جلکەکەمەوە بوو، ئەمنەکە پرسی بۆ رەشپۆشی، منیش گوتم کێ هەیە رەشپۆش نەبێ.

لێیم پرسی:

دەتوانم بزانم بۆ رەشپۆشی؟

گریاو گوتی:

لە کۆستێك پترە، دواییان ئەو کوڕەی دوێنێ لە بازاڕ خوێنی رژا، کوڕم نەبوو، بەلاّم وەك کوڕەکەم خۆشمدەویست..

پرسیم:

ناوی چی بوو؟

ئاهێکی هەڵکێشا:

سەلاح..

سەلاح، ئۆی، گوتم ئەو دەنگە ئاشنایە، ئەو سیمایە ئاشنایە، گریام، بە کوڵ گریام، ژنەکە نەبا هەر دەگریام، لە رێیێ (گوڵێ)م دیت، زانیم لە خۆپیشاندان دێتەوە، دوێنێش لە لای مزگەفتی حاجی لەقلەقەکە دوور بە دووری دیتم، ئەو کچە لە هیچ ناگەڕێتەوە، خۆپیشاندان نیە بەشداری تێدا نەکات، نازانم چۆن ناگیرێت، لێم نزیککەوتەوە:

دەستخۆش، نیشانەت راستە، بەلاّم ئاگات لە خۆت بێت، نەگیرێی..

بە شەرمەوە گوتم:

تۆش لەوێ بوویت؟

بزەیەکی کرد و گوتی:

شتێکت بۆ بگێڕمەوە بەس بە کەس نەڵێی، لەو رۆژانە چووم، ببمە پێشمەرگە، وەریاننەگرتم، گوتیان: باش نیە کچێك، بێ مێرد یان برایەك، کەسێك ببێتە پێشمەرگە، تێر قسەم کردن و هاتمەوە..

پتر گوڵێم خۆشویست، دەمگوت چ دەبوو ئەگەر گوڵناریش وەك گوڵێ بوێر با، چ دەبوو ئەگەر من کچێکی بوێرم خۆشویستبا، ئای گوڵنار چیت بە سەر من هێنا، بە چاو سوورکردنەوەیەك دوو مێردت کرد، نرخی پووشکەیەکت بۆ من دانەنا، پووشکەیەك لەو پووشکانەی لە پووشکاخەزەکەم دەخست و پێکەوە دەماننارده

ئاسمان، ئای گوڵنار خۆزگە بە گوڵێ دەچوویت، نا، هەڵە لە خۆمە لە گوڵنار نیە، قسەی دیدار بوو، دەبوو من خۆم بۆی ئاشکرا کردبا، دەبوو پێیبڵێم تۆم خۆش دەوێ پڕ بە دنیا، هەڵەی من بوو، رستەیەکی ناسکم بۆی نەگوت، گلەییم لێی نیە، خۆم بە خۆمم کرد.. خوێنەکەی سەلاح لە گوڵناری پساندمەوە، ئای هاورێی پۆل، هاورێی ناو دارتووی گۆرانی، لە پێش چاوی خۆم کەوتی، فوارەی خوێنی سەر شانتم دیت و نەمناسیتەوە، چ خوێنێك بوو ئەو خوێنە، دەبوو بیناسمەوە، خوێنی برادەری منداڵیم بناسمەوە، ئەو جارەی مامۆستا مستێکی لە ناو زاری دا و خوێن فیچقەی کرد، هەر ئەو خوێنە بوو کە بە دیار مزگەفتی حاجی لەقلەقەکەوە رژا، من لە خوێنەکەیەوە هەستمکرد ئاشنایە، بابم و دایکم زانیان چوومەتە ناو خۆپیشاندانەوە، دایکم گریا، خوشك و برا و گیڤارا دەوریان دام، بابم دەڵێت:

ئاگاداری خۆت بە، لە بەلاش دەڕۆیت..

پیاوی هەمەدانیە هەکاریەکەش لە ماڵمانە، گوێمان داوەتە رادیۆ، ناوی سەلاحی خوێندەوە، گریان قورگمی گرت، بە گریانەوە گوتم:

ئەو کوڕە زۆر برادەرم بوو، لە سەرەتایی لە تەنیشت یەکتر دادەنیشتین..

دایکم لە ئامێزی گرتم، گریان هەموو گریان بە تۆڵەستێن و هەمەدانی و دایك و خوشك و براو گیڤاراوە، هەموو گریان، لە ناو فرمێسکەوە تەماشای دایکم دەکەم، چەند لەو ژنە دەچێت کە منی لە ناو دارتووەکە شاردەوە و هەواڵی مەرگی سەلاحی دامێ، خودایە ئەو دوو ژنە لە سیما، لە گریان، لە گێڕانەوە بۆچی هێندە بە یەك دەچن، بۆچی هێندە لێك نزیکن، تەنها لە جلك لێکدی دوورن، خودایە با هەر لێکدی دوور بن و دایکم بە رەشپۆشی نەبینم، بە دیتنی ژنی رەشپۆش دنیا لە پێش چاوم تاریك دەبێت و هیچ نابینم، بە دایکم نەڵێم ژنێك هەیە لە تۆ دەچێت، دڵم دەتەقێ، گوتم، بەلاّم ئەو لە سەرەتا بە هەندی وەنەگرت و گوتی:

لە دنیایێ زۆر کەس هەیە بە یەکتر دەچن..

گوتم:

بەڵام لە دنیایێ دوو کەسم نەدیتووە هێندە بە یەکتر بچن..

دایکم تەواوێك داما، پرسیاری ژنەکەی کرد، لە کوێت دیت؟ تەمەنی چەندە؟ ناوی چیە؟

سەرهاتی دارتووەکە و ژنە رەشپۆشەکەم بۆی گێڕایەوە، لەو ساتەی گوتم ناوی پەرژینە و رەنگە شتێك لە تۆ بە تەمەنتر بێ، راچڵەکی وەك ئەوەی کارەبا گرتبی، بەڵام دەیویست خۆی ئاسایی نیشانبدات، هەستمکرد شتێك لە گۆڕێیە، زۆر هەوڵم لەگەڵی دا، خۆی کردە بەرد و هیچم لێی هەڵنەکراند، دوای چەند رۆژێك پرسیاری ماڵی پەرژینی کرد، ناونیشانەکەم بۆی هەڵدا، ئیدی بابەتەکەی داخست و چەندی سەری قسەم دەبردەوە سەری، ئەو نەدەهاتەوە سەری، قسەی بە لایەکیدی دەبرد، وازم لێیهێنا، بەڵام زۆر جاریش دوور بە دووری بە دوویدا دەچووم و خۆم لێدەگرت، بزانم رێی ناچێتەوە کۆڵانی ماڵی پەرژین، جارێك لەو جارانە رێی بەوێ کەوت، لە سەری کۆڵان خۆم خستبووە پەنای درەختێك، دیتم دایکم دەرگاکەی لادا و چووە ژوورێ، وەك چۆن دەچیە ماڵی خۆت ئەوها، ئەو چوونە ژوورەوە پێناچێت هی جاری یەکەم بێت، رەنگە لە دەرگای دابێت، بەڵام دوور بوو، گوێم لە دەنگی دەرگا نەبوو، هەر راوەستام نەهاتە دەرێ، زۆری برد، هەر ژنێك منداڵێك بەوێدا تێدەپەڕین، یان لە دەرگایەکەوە سەریان دەردێنا، هەستمدەکرد بە چاو پێمدەڵێ: (ئەگەر خوێڕیاتی نەبێت بۆ لێرە وەستاوی!) رەنگە واش نەبووبێت، من بە هەڵە چاوەکانم خوێندبێتەوە، رۆیشتم بە پێش دەرگای ماڵی پەرژین، بە بن سێبەری دارتووەکەدا رۆیشتم، دەرگای حەوشە نیوە کراوە بوو، لە حەوشە کەسم نەدیت، ئیدی رۆیشتم نەگەڕامەوە، خۆم پێنەگیرا، رۆژی دواتر بە شەرمەوە پێیمگوت:

دایه، ماڵی پەرژینت دیتەوە؟

دایکم بە پێکەنینەوە ماڵێك تۆ ناونیشانی هەڵبدەیەت، ئاسان دەبیندرێتەوە..

گوتم:

زۆر لە تۆ دەچوو، وایە؟

دایکم:

وایە، بەڵام من لەو دەچم، چونکێ سێ ساڵ لە من گەورەترە، بەڵام چ پرسیاریدیم لێمەکە، دوایی سەرهاتێکی تاڵت بۆ دەگێرمەوە..

بە قسەم کرد، دەرگای پرسیارم داخست، بەڵام رۆژ دوای رۆژ تامەزرۆییم بۆ سەرهاتی تاڵ پتر دەبوو، ئەوەی دایکم ناوی نا سەرهاتی تاڵ، لای من سات دوای سات شیرینتر دەبوو، خوا خوام بوو خولەکێك زووتر بیبستم و تامی بکەم، دەبێ ئەو پەرژینە کێ بێ، شیرین و پەرژین چی یەکترن، دەزانم خوشك نین، دایکم خوشکێکی هەبووە وەك بیستوومە هێشتا دایکم شووی نەکردووە ئەو مردووە، ئەدی؟ دەهاتە سەرم بچمە لای پلە پەرژین و لێبپرسم: ئەرێ تۆ چی شیرینی دایکمی! نەدەچووم، بە قسەی دایکمم کرد و لەو بارەیەوە پرسیارم نەکرد..

بەهار زۆری رۆیشتبوو، کەمی مابوو، هەر ئەو ماوەیە بوو کە بابم و پیاوی هەمەدانی پیس تێکگیران، شەڕی شاخیان هێنابووە بن داربیەکە، لێك هەستانە سەر پێ، تۆڵەستێن دەڵێتە هەمەدانی:

تۆ کە ئەوها دەڵێی بۆچی خۆت بە چاوێکەوە ناچیە شەڕیان؟

هەمەدانی دەڵێت:

نا، تۆ بە لاقێکەوە بڕۆ.

تۆڵەستێن دەڵێت:

پێشمەرگایەتی بە چاوێکەوە دەکرێت، بەڵام بە لاقێکەوە ناکرێت..

ئەو قسەیەی بابم منی هێنایە گریان، ویستم پەلاماری پیاوی هەمەدانی بدەم، بابم نەیهێشت و گوتی:

ئەوە شەڕی خۆمانە، تۆ خۆت تێوەمەگلێنە..

ئا لەو سەروەختە هەواڵی مەرگی خاڵە مۆسکۆییم هات، ئەویش لەگەڵ مەرگە پشتئاشانیەکان بوو، بەلاّم هەواڵەکە درەنگتر گەیشت، ئەو رۆژە بوو من لێی دەترسام، باش بوو تاقیکردنەوەم کردبوو، دەنا دەمامەوە و نەدەچوومە کۆلیژ، دایکم گریا هێند گریا بە گەڕەکێك ژن هێندە نەگریاون، نەدەبوو لە کۆلاّنێش بگری، بابم دەیگوت:

هێواش بگری، هێواش بگری، ئەمن پێبزانن دەمانگرن..

دایکم دەگریا و جوێنی دەدا، جوێنی بە هەمدانیەکەش دەدا، دایکم جلکە رەشەکەی پۆشی، ئەو جلکەی پەرژین پۆشیبووی، ئێستا دایکم و پەرژین ژنێکن، کەس لێکیان ناکاتەوە، ئەوەتا لە تەنیشت یەك دانیشتوون، پرچیان کردۆتەوە، سەر روومەتەکانیان خوێنییان لێدەچۆڕێ، هەردووکیان (براڕۆ)یانە، باشە پەرژین بۆچی براڕۆ دەکات، نا، هەر ئەو نیە، دوو سێ ژنیدیش براڕۆیانە، ئەویدی بابەڕۆیەتی، ئەویدی رۆڵەڕۆیەتی، لە پرسە هەر کەس بۆ کەسی خۆی دەگری، ئەو دوو ژنە کتومت یەکن، وەك یەك شین دەکەن، ئەو دوو ژنە ژنێکن، کامیان دایکمە، نایناسمەوە، من نایناسمەوە، دەبێت بابم بێ و بۆم بناسێتەوە، بە بابم دەڵێم:

بابە، ئەو ژنە کێیە وەك دایکم دەگری؟

نەمزانی لەگەڵ کامیانمە، بابم دەڵێت:

دایکت پێی نەناساندوویت؟

گوتم:

نا

بابم لە سەری نەرۆیشت و قسەی بە لایەکیدیا برد و نەهاتەوە سەر پەرژین، تێنەگەیشتم، ئێستاش هی ئەوە نیە، لە دایکم بپرسم، لە پلە پەرژین بپرسم..

شەویك دایکم منی هەڵپێچا کە بچینە ماڵی پەرژین، هەر کاتێك دڵی زۆر توند با، دەبوو لە ماڵ دەربچێت، پێمخۆش بوو، هێشتا لە ماڵ دەرنەچووبووین، گوتم:

ئەوشەو هەر پرسیارێك بکەم، وەڵامم دەدەیتەوە؟

گوتی:

بپرسە..

لە رێیێ، مەرجی نەگێڕانەوەی بۆ کەس بە سەرم سەپاند و ئەوهای گێڕایەوە:

پەرژین سێ ساڵ لە من گەورەترە، هێشتا شووم نەکردبوو، دوو سێ جار کوڕێك هاتە داخوازیی پەرژین، بابم چووە سەر کەلی شەیتان و نەیدایێ، پەرژین لەگەڵ کوڕە سەری خۆیان هەڵگرت، ئامۆزاکانم هاتن شیر و تیریان دەسوو، بابم تەلاقی خوارد کە پەرژین بکوژێت، بە خاڵتی گوت:

کوڕم، ها ئەوە دەمانچەم بۆ کڕیویت، نەیکوژیت، کوڕی من نیت..

خاڵت بە ئامۆزاکانتی گوت:

ئێوە بڕۆنەوە ماڵ، با هەر من دەستم سوور بێت..

خاڵت دەمانچەی لە بەر پشتێن ناو دەرچوو، من و دایکم لە سەر ئاو و ئاگرین، بابیشم دەرگای لە سەر خۆی داخستووە، نایەوێت کەس ببینێ، ناوە ناوە دیوار بە بەر مست و پێلەقە دەدات، دوو حەفتەیەکی پێچوو، خاڵت پەیدابۆوە، بابم کە زانی پەرژین لە سەر سنوور کوژراوە و لاشەکەشی لە چۆلەوانیەك خراوەتە بن خۆڵ، ئاسایی بۆوە، بەلاّم من ودایکم کەوتین، رقی دنیامان لە خاڵت هەستا، نانمان نەدەدایێ، جلکمان نەدەشووشت، ئەویش هیچ قسەی نەدەکرد، چەند حەفتەیەك بە سەر کوژرانی

پەرژین تێنەپەڕی، بابم ترومبێل لێیدا و مرد، دایکم بۆی گریا، بەلاّم من تنۆکە فرمێسکێکم بۆ هەڵنەوەراند، دوای هەڵگیرانی تازیە، خاڵت گوتی:

شتێکتان پێدەڵێم، بەلاّم هەر کەسێك لە زاری ئێوەوە ببیستێ، ئێوە نا، بەلاّم خۆم دەکوژم..

بە نابەدڵی:

گفتمان دا کە نهێنیەکە دەپارێزین..

خاڵت گوتی:

پەرژین ماوە و نەکوژراوە..

من لەرزیم، دایکم لە هۆش خۆی چوو، ئاومان پێداکرد و هاتەوە هۆش، خاڵت پەرژین و کوڕەکەی دیتبۆوە، پێیگوتبوون، دوور بڕۆن، چەندی دەکرێ دوور بڕۆن، لە زێی گەورە بپەڕنەوە و بڕۆنە ئەوپەری سنوور، ئیدی ئێوە مردوون، دەبێت وا بکەن، دەنا بابیشم نەتانکوژێت، ئامۆزاکانم راناوەستن، خواخوای رووداوێکی ئەوهان، گوێ بەقسەی من نادەن، من و دایکم سالاّنی زوو دوو سێ جار پەرژینمان دیت، خاڵیشت دیتبووی..))

دایکم دایە پڕمەی گریان و گوتی:

کوڕم ئەگەر خاڵت لە ژیان مابا، ئەو سەرهاتەم نەدەگێڕایەوە..

ئەو شەوە لە ماڵی پەرژین من بەرانبەر دارتووی خۆشاردنەوە لە نێوان دوو ژنی رەشپۆش دانیشتبووم، نا لە نێوان دوو کەرتی ژنێك دانیشتبووم، کەرتێك شیرینی دایك، کەرتێك پەرژینی پلك، هەر دەبێت بە ناوەکانیان بیانناسمەوە، هەر دەبێ لە بانگکردندا بیانناسمەوە، کێ (دایە)ی منی وەلاّمدایەوە، ئەوە شیرینە، دوو کەرتە ژن دوای سالاّنێك دابڕان، دوای کەرتبوون، بە جلکی رەشەوە لە فرمێسکدا یەکتریان گرتەوە، قسەیان لە برایەك دەکرد کە بە قەد حەفت برا سۆزی برایانەی هەبووە،

برایەك لە چیاكان لە شەڕی براكان خوێنی رژاوە و رەنگە بە گۆڕەكەشی نەكەونەوە، ئەو شەوە من پلكێكم دیتەوە، كچ و كوڕێكی گەنجی هەبوو، لە چاوی كچەكەوە گوڵنارم دیت، چەند لە چاوی گوڵنار دەچوو، لە قسەی كوڕەكەشەوە سەلاحم ناسیەوە، برادەری بوو، بە دیاریەوە بووە كە گوللەكەی بەركەوتووە....

زۆری نەبرد هەواڵێك هات كەس باوەڕی نەكرد:

((پیاوی مۆسكۆیی نەمردووە، بەڵام بریندارە))

شەوێك پیاوێك هات، دیاربوو لە هێلی پیاوی مۆسكۆیی بووە، هەواڵەكەی بەراست گەڕاند، ئای ئەو پیاوە دەناسم، بە دەنگی ناسیمەوە، ئەوە مامۆستا كۆچەرە، كاتی خۆی ساڵێك وانەی پێمگوتووە، سیمای هەندێك گۆڕاوە، دیارە ئەو من ناناسێتەوە، گوتم نەوەك پێیخۆش نەبێت، خۆمی پێناناسێنمەوە، مامۆستا كۆچەر گوتی:

لە مردن دەرچووە، بەڵام ئەندامێكی لە دەستداوە..

دایكم خەنی بوو:

بەس نەمردبێ، قەیناكە..

بابم لێی دووبارە دەكردەوە كە چ ئەندامێكی لە دەستداوە، پێ؟ دەست؟ چاو؟ هەرچی دەگوت، مامۆستا كۆچەر بە نەخێر وەڵامی دەدایەوە، لە هەستاند بابی تی كردەوە و سرتەیەكی كرد، دەوری بابمان دا، باب رووی لە دایكمە:

چەندمان پێگوت، ژن بێنە، با منداڵت ببێت، ئیدی منداڵی نابێت..

دایكم قیژەیەكی لێوە هات، بەڵام یەكسەر هێوربۆوە و گوتی:

قەینا، بەس زیندوو بێت..

هەر لەو شەوەشەوە ناوی لە مامۆستاكەم نا (فریشتەی شەوەكە)، شیرین رەشی فڕێدا، كراسە جوانەكەی لەبەر كردەوە، بەڵام پەرژین هەر بە رەشپۆشی مایەوە،

مێردەکەی بەر لە ساڵێك مردبوو، من جیاوازیی جلکم پێخۆش بوو، چونکێ لە دوورەوە لێکدیم جیادەکردنەوە..

ئەو رۆژانە هەواڵی ناخۆش لێکیانگرتبۆوە، بە دوای یەکتردا دەهاتن، ناخۆشترینیان مەرگی مامۆستای گێڕانەوە بوو، ئەوەی فێری خوێندنەوە وسەرهات گێڕانەوەی کردم، ئەوەی پێمیدەگوت:

وا مەکە کەسێکت زۆر زۆر خۆشبوێت، دەنا دەکەویتە داوێکەوە دەربازبوونت نیە..

بەلاّم کار لە کار ترازا بوو، من کەوتبوومە داوی گوڵنارەوە، نەمزانیبوو مامۆستا بە چیا کەوتووە، هەر ئەو ساڵە هەواڵی لە سێدارەدانی مامۆستا سابیرم بیست، ئەو پیاوەی بە بە حیزبی بەعسی عەرەبی دەگوت حیزبی باوك کەران گاو، چەند ساڵ بێ سەروشوێنکرا، درەنگ هەواڵی مەرگی بلاّوبۆوە، ئەو ساڵە قادسیە کۆلاّنێك کوژراوی بۆ گەڕەك ناردەوە، سیامەند ئەوەی بە پارەی بنە دارگوێزەکان خانووێك و تڕومبێلیان کڕی، بێ سەر هاتەوە، دایکی بە سێ خاڵەکەی سەر قۆڵنجی ناسیەوە، ئەو رۆژانە پڕ مەرگ بوون، لە هەر سێ ژن دوو ژن رەشی پۆشی، ژن دەتگوت قەلەرەشکەن بە رێی گۆڕستانەوە، گەڕەك لە سنووری خۆی راوەستا و گۆڕستان ناو چێورمەکانی پڕدەبۆوە و وەك جارانی گەڕەك رۆژ بە رۆژ بە هەر چوار لادا دەکشا، قورئانخوێنەکان چەندی زۆردەبوون هێشتا پێڕانەدەگەیشتن، حەمەدی قورئانخوێن لە سەر گۆڕێکەوە بۆ سەر گۆڕێك، بازاڕی گەرمە، بەلاّم جەباری قورئانخوێن منەتی بە گۆڕ و مردوو نەماوە، زۆر جار لە رادیۆ و تەلەفزیۆن قسە دەکات، حەمەد جارێك گوتی:

لە جەبار نزیك نەبیەوە، بە خودای بە یەك تەلەفۆن دەتوانێت بیست قورئانخوێن بخاتە بەندیخانەوە..

ئەو رۆژانە هێند تووش بوون، زۆر کەسیان تووشی شێتبوون کرد، دیدار لە رۆژی دووەمی پرسەکەی دایکی بە کۆلاٚن و جادە کەوت، پارچە ئاسنێك لە ئاسمانەوە هات ، گوتیان خومەینی هەڵیداوە، کەوتە حەوشەی ماڵی دیدارەوە، دایکی نانی دەکرد، دەستێکی بە سێرەوە بەجێما، پێیەکی لەگەڵ خوانەکە رۆیشت، هەر پارچەیەکیان لە جێیەك هێنایەوە و لە تووڕەگەیەکی سپیان کرد، دیدارە شێت یەکەم شێتی گەڕەك بوو، بەلاٚم هەر چەند حەفتەیەك بە تاقانە شێت مایەوە، کوڕێکی حەسارەکەی خانزدیش لە قادسیەوە بە شێتی هاتەوە، منیش رەنگە لە سەر رۆخی شێتبوون بووم، هەموو ئەوانە کەمێك لە خەیاڵی گوڵناریان دوور دەخستمەوە، بەلاٚم هەرگوڵناریش لەوانەی دوور خستمەوە..

پێش هاتنی مامۆستا بە نیو خولەکێك، بەیانی باشی کرد، سەرم هەڵبڕی لە چرکەیەك کەمتر لایەکی روویم دیت، من لە ریزەکانی دواوە دانیشتووم، ئەو لە پێشەوە دانیشت، ئەو دەنگە دەناسمەوە، دەنگی دایکم نەناسمەوە ئەوە دەناسمەوە، تۆ بڵێی لە دنیایێ دوو دەنگ هەبێ هێندە لێك بچن، بیستن توانای جیاکردنەوەی نەبێت، دوو رەنگم دیتووە، وەك دایکم و پلکم، بەلاٚم دوو دەنگم نەبیستووە، هەوە دەنگی گوڵنارە، لا روومەتی، هەوە، من روومەتی گوڵنار نەناسمەوە! لە کەلێنی قوتابیەکانەوە دەبینم، پرچی بە سەر شانیدا پەخشانە، هەوە ئەوە پرچی پەریە، پرچی ئایشەوفاتمەیە، چ بیانوویەك ببینمەوە بگەمە لای تەختەرەشەکە، لای دەرگاکە، تا رووی ببینم، رووی ببینم و نەبینم ئەوە گوڵنارە دەنگی هەوە، پرچی هەوە، لە ناو ئاسمانێك پرچ ئاسمانێك پەلکە زێڕینە من هی گوڵنار دەناسمەوە، بە بەژنیش گوڵنارە، چ بەژن هەیە لە بەژنی گوڵنار بچێت! ئەو وانەیە زۆر دوور و درێژە نابڕێتەوە، لە دەچلە و فڕەهات درێژترە، مامۆستا مێژووی نێوان ئەو دوو زێیەی دەگێڕایەوە، منیش لە پرچی ئەو کچەوە ، لە بەیانی باشی ئەوە کچەوە کە هەر دەبێت گوڵنار

بێت، پچڕ پچڕ مێژووی خۆم و گوڵنارم دەگێڕایەوە، وانە درێژ دەبێتەوە، وەك مێژوو درێژە و بێ کۆتایە..

ئۆخەیش پشووە، دەمویست بە سەر مێز و کورسیەکاندا بازبدەم، زوو بگەمە دەرگا، لە سەر دەرگا پرچیم دیت چووە دەرێ، رێ نیە زوو بیگەمێ، پۆڵ پڕە لە قوتابی، چی بەسەرهات! رەنگە چووبێتە یانەکە، گەڕام، نەمدیتەوە، تۆ بڵێی لە گۆڕەپانەکە پیاسە نەکات، لەوێ نیە، ئای! گوڵنار لە کوێی! وا چاکە بچمەوە پۆل، لە جێی مامۆستا دانیشتووم، ئێستا دێتە ژوورەوە و دەیبینم، ئای! وانە دەستیپێکردەوە، گوڵنار نەهاتەوە، نەمزانی وانە چۆن کۆتایی هات، لە کێ بپرسم ئەو کچەی لە وانەی یەکەم هات و نەهاتەوە، کێ دەیناسی؟ بۆ نەهاتەوە، لە پۆل کەس برادەرم نیە، جارێ کەس ناناسم، جوانیش نیە، لە کچێکی تازە هاتوو، بزربوو بپرسم، پشووەکانی ئەو رۆژەم لە گەڕان بە دوای گوڵنار بردە سەر، دەمگوت، رەنگە لە بەشێکیتر لە پۆلێکیتر بێت، بە هەڵە هاتبێتە پۆلەکەی ئێمەوە، گەڕام، وانەیەکیش نەچوومە ژوورەوە، گەڕام، هێند گەڕام سەرم سووڕا، لە تەوابوونیش لە پێش دەرگای کۆلیژ راوەستام چاوم بە هەموو لایەکدا دەگێڕا، گوڵنارم، نەدیتەوە، ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، باشە گوڵنار چۆن گەیشتە کۆلیژ، تۆ بڵێی لە رۆژی بارکردنیانەوە، چووبێتەوە قوتابخانە، هەر دەبێت وا بێت، ئاکام، گەیشتمە ئەوەی دیتووم خەون بووە، رەنگە لە ناو پۆلێ خەوم لێکەوتبێت، ئای لەو خەونە!

سبەی گێژ و وێژ گەیشتمە ناو پۆل، لە جێی مامۆستا روو لە دەرگا دانیشتم، خەو دەمباتەوە، پۆل چەند قوتابیەکی تێدایە، دوو کچ بە سرتە قسە دەکەن، بە ئاستەم گوێم لێیە:

تەماشا، دەڵێی سەرخۆشە

ویستم بڵێم تەمەنێکە سەرخۆشم، نەمگوت، چاوم لە دەرگایە، ئـێ ئـەوە خودایـە گوڵنار بێتەوە، ئای! گوڵنار! بە دەنگێکی وەك دەنگی دوێنێ:

بەیانیتان باش..

لە رێزی دوای پێشەوە دانیشت، نازانم کەوتمـە چ بارێکـەوە، چـاوم لـە سـەریەتی، بۆچی سەر هەڵنابڕێ! سەری هەڵبڕی، تەماشایەکی کـردم و سـەری داخسـتەوە، ئـای! دیارە نامناسێتەوە، گوڵنار نەگۆڕاوە، وەك ئەو رۆژەیە کە بۆ دواجـار دیـتم، بـا خـۆم بچمە لای، شەرمکرد، چووم لە رێزی پشتە وی دانیشتم، لایەکی رووی جوان لـە مـن دیـارە، نیـوە ئـاوڕێکی دایـەوە، هەسـتدەکات، کەوتۆتـە نـاو نیگامـەوە، لێـوی سوورسوورکردبوو، دەتگوت کرێمستی خواردووە، هەستدەکەم چاوی پۆڵم لە سەرە، بـە مامۆستاو قوتابییەوە، چاوم لە سەر گوڵنار هەڵگرت، بەڵام رووی ئەوم بایی هێندە لە چاوم گلدابۆوە کە بە خەیاڵ نیشانی چاوی خۆم بدەمەوە، گوێم لە نـاوی گوڵنـار بـوو، مامۆستا ناوی قوتابیانی دەخوێنـدەوە، لـە خـۆوە وا نـاڵێم نـە خەونـە و نـە خـەیاڵ، راسـتیە و گوڵنـار هاوپۆلمـە، پشـووە، ئـەوجارە وەك جـاری پێشـوو ناکـەم، لـە دووی نابمەوە، بزری ناکەم، لە یانەکە بە تاقی تەنێ لـە سـەر مێزێکـە، چـوومە بەرانبـەری سلاوم لێیکرد، سلاو وەرگرتنەوەکەی، نە هی یار بوو، نە هـی نـەیار، نـەهی ناسـیار بوو، نە هی نەناسیار، وەرگرتنەوەیەك تەنا لە هی گوڵناری یانەکـە دەچـوو، چـاوەڕێم فـەرمووم لێبکـات، نـەیکرد کـەمێك راوەسـتام، رووی وەرگێـڕا و چـی نـەگوت، شـکامەوە، شـکانەوەیەك کـەس وا نەشـکاوەتەوە، ویسـتم بڵـێم، گوڵنـار دەڵێـی نامناسیتەوە، زمانم بەسترا، چووم لە مێزێکـی دوور لـەو دانیشـتم، تـی چـاوێکم بـە شـێوەیەك لـە سـەریەتی، نـەمبینێت، لـە وانـەی دواتـر جێـی خـۆم گـۆڕی، دوورتـر کەوتمەوە، پرچی لێمەوە دیار بوو، بەڵام وەها بـە شـەرمدا نەچـوومە چـاوم هـەڵبێ و تێری تەماشای پرچە ئایشەوفاتمەکەی بکەم، وەها بە شەرمدا چوومە رۆژانی دواتریش

مەگەر دوور بە دووری دەنا رووی تەماشاکردنیم نەبوو، حەفتە هاتوو چوو گوڵنار بە شێوەیەکی ئاسایی، وەك کچ و کوڕەکانیدی بەیانی باشی دەکرد، چاکوچۆنی دەکرد، بەڵام من بە شەرمەوە وەڵامیم دەدایەوە، خودایە، گوڵنار بۆ وایە! تۆ بڵێی نەمناسێتەوە، یان منداڵیی لە بیرچووبێتەوە، یان دوای شووکردنی، من لە چاویەوە وەك هەر کەسێکی ئاسایی، ئاسایی بم، بۆچی هەواڵێك لە دایك، باوك، گەڕەك ناپرسێ! تێناگەم، تۆ بڵێی رووداوێکی وای بە سەرهاتبێت کە رابردوو لای وی هێندە بێ بەها بووبێت، هی ئەوە نەبێت کە قسەیەکی لێوە بکەیت، گوڵنار، ئای، گوڵنار، باشە، تۆ بڵێی ئەو گوڵنارە گوڵنارێکیدی نەبێت، وەك چۆن شیرین و پەرژین کۆپی سەر یەکتر بوو، گوڵنار و گوڵناریش بە هەمان شێوە، نا، ناکرێ، لە دنیایێ یەك گوڵنار هەیە بەو شێوەیە، ئاساییە دایکم لە پلکم بچێ و ئەو دوو ژنە لێکدی جیا نەکەمەوە، بەڵام گوڵنار نا، گوڵنار لە هیچ گوڵنار و ژنێك ناچێ، ئەوە گوڵنارە بە بەژن، بە رۆیشتن، بە بە پرچی پەلکەزێڕینەیی، لێو و دەم و چاو و برۆ، بە لووت کە جوانترین لووتی دنیایە، بە دەنگ، بە بزە، تەنها پێکەنین ماوە، گوڵناری ئێستا پێناکەنێت، ئەویش دڵنیام کارەساتی گەورەی بەسەرهاتووە، بۆیە پێناکەنێت، تا ئێستا گوێم لە پێکەنینەکەی نەبووە، بەڵام کە بزە دەکات، هەمان ئەو بزەیە کە کە لە بن داربیەکە، لە بن دارخورماکە، لە سەر منارە و قەرات، لە رێی قوتابخانە، لە هەموو ئەو ساتانەی بزەی دەهاتێ..

(گوڵنار چەتۆ شابارام) رەنگە حەفتەی دووەمی ساڵی خوێندن بووبێت، مامۆستای مێژووی دەچلە و فرەهات کە پیاوێك بوو لە خوارووی زێیەکانەوە هاتبوو، بەڵام شارەزایی لە چیاکانیش هەبوو، ناوی سیانی گوڵناری خوێندەوە، دیاربوو واتای گوڵنار و شابارامەکەی دەزانی، بەڵام بە عەرەبی پرسیاری لە واتای (چەتۆ) کە کرد،

گوڵنار نەیزانی، هەر یەکە و شتێکی گوت،قوتابیەك پێیوابوو، چەتۆ لە (چەتە)وە هاتووە، من بۆ بەرگری لە گوڵنار و بابی، بە شڕە عەرەبی گوتم:

نەخێر، چەتۆ واتە ئازا، واتە چاونەترس، واتە ئەگەر سەرۆکێك بڕیاری کەرگرتن بدات، پێیدەڵێ تۆ بەرێوەبەری کەری..

بووە پێکەنینێك، کۆلیژ هەژا، گوڵنار ئاوڕێکی دایەوە، بەڵام منی نەدیت، چەندی مامۆستا لە مێزی دا، لە تەختەرەشی دا پێکەنین نەبڕایەوە، ئەگەر راگری کۆلیژ بە ژوور نەکەوتبا پێکەنین نەدەپسایەوە، راگر بە عەرەبی لە هۆی پێکەنینەکەی پرسی، مامۆستای مێژوو بە پێکەنینەوە گوتی:

بە (چەتۆ) کە وشەیەکی کوردیە، ئەگەر بکرێتە عەرەبی پێکەنین هەڵناگرێت، بۆیە بۆت ناکەینە عەرەبی..

ئەرێ چەتۆ و شابارامە؟ گەڕامەوە لای کارتەکان، من تەنها لە سەرکارتەکان ناوی باب و باپیری گوڵنارم دەدیت، تا پۆلی دووەمی ناوەندیشمان تەواو کرد هەموو کارتەکانی گوڵنارم دیتووە، ئێستا لە پۆلی یەکەمی کۆلیژ لە دواوەی گوڵنار دانیشتووم هەموو کارتەکان دەهێنمەوە پێش چاوی خۆم، سەیرە، تەنها ناوی گوڵنار دەبینم، ناوێکە بە خەتێکی درشت و روون نووسراوە، هەرچی ناوی باب و باپیرە، دەڵێی دڵۆپە ئاویان گرتۆتەوە، رەشبوونەتەوە، لە یادەوەریم رەشبوونەتەوە، نە چەتۆ دیارە، نە شابارام، نە هیچ، سەیرە، بەڵام هەر دەبێت ئەو ناوانە بووبن، ئاخر ئەو گوڵنارەی لە پۆل دانیشتووە، هەر گوڵنارەکەی منداڵیە، گوڵنارە کرێمستیەکەیە..دەمویست بۆ دڵنابوونەوە لە دایکم بپرسم، کە باب و باپیری گوڵنار ناویان چی بوو، شەرم نەیهێشت، دەمویست بە دایکم بڵێم گوڵنار ئێستا لە کۆلیژ هاوپۆلە، شەرم نەیهێشت، لە بارەی گوڵنارەوە وەها بە شەرمداکەوتبووم، نەمدەتوانی لای ساوایەکیش، لای درەختێکیش باسی بکەم، بەڵام پێویست بە پرس

ناکات، ئەگەر چەتۆ و شابارامیش باب و باپیری نەبن، خۆی هەر گوڵنارە، رەنگە بە هۆی رووداوێکەوە ناوەکانی گۆڕیبێت..

دەبوو بە دوای گوڵناردا بچم و بزانم لە کوێ نیشتەجێیە، جێی شەوانی کوێیە، چەند جارێك تا نزیك بازار بە دوایدا چووم، بەلاّم شەرم و ئاوڕدانەوە نەیانهێشت بە جێیەکەی بکەوم، گوڵنار لە چوونەوە ناوە ناوە ئاوڕێکی دەدایەوە، دوو سێ جار منی دیت کە بە دوایەوەم، تەریقدەبوومەوە، جارێك کوێرێکی پیرم بە دیوار دادا، گۆچانەکەی پەڕی بە سینگی کچێك کەوت، هاواری پیر و کچە تێکەڵبوون، کوێرە سەد دوعای خراپی لێکردم، بەلاّم کچەکە چی نەگوت، جارێك خۆم بە ژنێکی عەبا بەسەردا دا و هەزار جوێنی پێدام، جارێك خۆم لە منداڵێك دا سینی پاقلاّوەی لە سەر بوو، ، سینی کەوتە چڵکاوەوە، پارەم لا نەبوو بۆی ببژێرم، هێنامەوە ماڵ، پارەکم دایێ، هەموو ئەو رووداوانە بە دواوەی گوڵنارەوە بوو، بەلاّم ئەو هیچیانی نەدی، ئاوڕی لەو سەرهاتانە نەدایەوە کە بە دواوەی وی بە سەر منداا دەهات..

رۆژێك نەچوومە کۆلیژ لە کاتی بەربوون، بە جلکی کرێکاریەوە گەیشتمە نزیك کۆلیژ، کلاّوێکم لە سەرە، دەموچاوم سێبەرە و جوان دیار نیە، رۆیشتنیشم گۆڕیوە، هات، گوڵنار هات و رەتبوو، بە دوور بە دووری بە دوای کەوتم، چەند جارێك ئاوڕی دایەوە، با بداتەوە، نامناسێتەوە،ئەو رۆیشت و من بە دواوەی، گەیشتە دەرگای ئەو بەشەناوەخۆییەی دەرگای بەو رێگایەی قەراتەوە بوو، ئەو رێگایەی تەنها منداڵان بە خشخشۆکە پێیدا دەهاتنەوە خوارەوە، ئەو رێگایە جارێك من و گوڵنار خشخشۆکەمان لێیکردووە، گوڵنار بە پەیژەکەدا، سەرکەوت، گوڵنار ئێستا رەنگە لە پەنجەرەیەکەوە تەماشای رێگای منداڵیی قەرات بکات، رێگای خشخشۆکە، کە تۆڵەستێن ئەودەمەی خاوەن دوو پێ بوو، هێشتا پێیەکی لە سەفین بەجێنەهێشتبوو، ئێمەی بەو رێیە ئاشناکرد، لە نزیك هێلانەی فریشتان، من زوو ئەو ناوەم لەو

بەشەناوخۆییە نا، چایخانەیەك هەیە، ناوی شەوانە، هەمووی داروبارە، لەو دەمەو عەسرانەوە من ئاشنای ئەو چایخانە بووم، لە وەرزی گەرما، لە وەرزی فێنکی هەر چەند کورسەیەك لە بن درەختێك دانراون، من پتر لە بن داربیەك دادەنیشتم کە چەند پەنجەرەیەکی هێلانەی فریشتانی لێوە دیاربوو، یان لە ئاست ئەو پەنجەرەیەی کە دەڕوانێتە چەند پەنجەرەیەك، ئێواران تا درەنگانی شەو لە چایخانە شەوان دەمامەوە، ناوە ناوەش سەرێکم بە دەرێدا بە پێش هێلانەی فریشتاندا دەکرد،ئێ، ئەوە خودایە گوڵنار ببینم، هەر لەو چایخانەیەش شیعری (خشخشۆکە)م نووسی..

حەفتەی دووەمی خوێندنە هێشتا گوڵنار نامناسێتەوە، یان نایەوێت بمناسێتەوە، پۆل لە یانەکەدا دانیشتنێکی یەکترناسینی رێکخست، کورسی ریزکرا، دەمویست گوڵنار دانیشێت، تا بچمە بەرانبەری، دەستی کچێکی لە دەستا بوو، هەر دەهات و دەچوو، دانەدەنیشت، دەگوت نیازی منی خوێندۆتەوە و حەزناکات بکەوێتە بەرانبەرمەوە، ئیدی من بە نیگەرانیەوە لە لای پەنجەرەوە کە هێشتا پڕنەبووبۆوە دانیشتم، دیتم هات هات، کچەکەی لەگەڵی لە بەرانبەرم دانیشت و خۆیشی لە تەنیشتی، ئۆخەیش! گوڵنار وا لە پێشمە، گوڵنار چەند ناسك کێك و کۆلا دەخوات، لەو سەرەوە لە رێزی گوڵنارەوە خۆناساندن دەستیپێکرد، هەر کەس هەڵدەستاوە، ناوی خۆی و ئەو جێیەی دەگوت کە لێیەوە هاتووە..

- من ئازاد لە ناو گڕی بابەگورگوڕەوە هاتووم
- لەیلە لە خانەقینی لەیلەوە..
- چاوجوان لە بن منارەی چۆلیەوە
- سەگڤان لە نزیك پردی دەلالەوە
- هیوا لە شارەزووری نالیەوە
- گوڵنار لە دەرەوەی شارم..

- فەوزی لە گۆگجەلی

- مـن هـاوار لـە بـن داربـی منداڵیـەوە، کەوتۆتـە پشـت کۆلیژەکـەمان هـەر دە خولەکێکە بە پێیان..

بەو خۆناساندنەی من بووە پێکەنین و چەپڵە ڕێزان، گوڵناریش چەپڵەی لێـدا بـەلاّم پێنەکەنی، لەو ساتە بە سەر شەرمدا زاڵ بووم چاوم خستە سەر گوڵنار، بـۆوەی بـزانم بە ناوهێنانی داربیەکە سیمای چ گۆڕانێکی بە سەردا دێـت، هـیچ، وەك ئـەوەی هـەر نەیبیسـتبێت، چ بکـەم، باشـە! ئـەو کچـە بـۆ وا دەکـات!! دێـت دەڕوات، وەك کچەکانیدی چاکوچۆنیەکی ئاساییم لەگەڵ دەکات..

گەیشتینە بەفرەکەش گوڵنار، نەبۆوە گوڵنار، نەبۆوە گوڵناری گەڕەکی داربیەکـە، بە گوڵناری کۆلیژ مایەوە، بە پەنجەرەوە دەبینین بەفر دادەدات، دەڵێی پارچـە پەڕۆیـە دەکەوێت، چ زوو عـەردی سپی کرد، پۆل ئۆقرەی لێبڕا بێ پرسی مامۆستا دەرپـەرین، ئێستا کۆلیژ هەمووی لە گۆڕاپانەکە لە بن بەفرێە، هەڵپەڕینە، سەمایە، شەڕەبەفرە، من لـە دوای گوڵنـار دەگـەڕێم، دیتمـەوە، پرچـی بـۆ بـەفر کردۆتـەوە، ئـەو بـەفرە چ بەفرێکە بە سەر پرچی گوڵنارەوە! پرچی گوڵنار بەفری چەند جوان کردووە، ئێستا لـە چاوی منەوە دوو جۆر بەفر هەیـە، بـەفرێك بـە قـژ و لەشـی گوڵنـارەوە، بـەفرێك بـە دەرەوەی گوڵنار بە دنیاوە، خودایە تێکەڵی بەفری گوڵنارم بکە، لێی نزیکدەبمەوە، لە هەموو لایەکەوە تۆپە بەفرم پێدەکەوێت، بەلاّم چاوم هەر لە گوڵنارە، دەی کچی بەفر لە تۆوە هاتوو، بە دەستە ناسکەکانت بەفرم تێگرە، ئەها بۆ هەموو لایەك داهاوێژێ، تەنها بۆ من نەبێت، تۆ بڵێی نەمبینێت! ئۆی، گوڵناری ناو بەفر چـەند لـە گوڵنـاری ناوی بەفری نزیك داربیەکە دەچێت، هیچ گەورە نـەبووە، هـەر منداڵەکـەی جارانـە، ئەودەمیش دڵی نەدەهات توند بەفرم لێدا! رەنگە بەفر لێیکردبێتەوە بەلاّم شـەڕەبەفر درێژەی هەیە، گوڵنار، بـەفرم تێگـرە، دەمێکـە بـەفری نـەرمی دەسـتی نـەرمی تـۆم

بەرنەکەوتووە، تێمگرە، شتێکم تێگرە، بەردیش لە دەستی تۆوە بەفرە، تێمگرە، دێتە بیرم لە ناوەراستی گۆڕەپانەکە راوەستاوم، روو لە گوڵنار کە لە نزیك پەنجەرەی یانەکەوەیە، تۆپەڵە بەفرێکی گەورەم لە دەستە و توند و توندتری دەکەم، پێش راوەشاندن رەنگە زۆری بردبێت، کوڕە گۆگجەلیەکە دیارە چاوی لێبووە، دواتر بۆی گێڕامەوە، دەیگوت:

تۆ راوەستا بوویت، لە گشت لاوە بەفرت بۆ دەهات، تۆ نیشانەیەك بوویت، کەس نیە بە بەفر نەیشکاندبیت، هەزار تۆپەلە بەفرت گرتۆتەوە، بەلاّم سەیربوو، تۆ خۆت تێکنەدەدا، چاوت لە و دوو کچەی نزیك پەنجەرە بڕیبوو، تۆپەڵە بەفر بە ناو چاوت دەکەوت، کەچی چاوت دانەدەخست، تۆ جگە لە دەستەکانت کە نەرم نەرم تۆپەڵە بەفرێکیان توند دەکرد، هیچ جێیەکەت جوولەی نەدەکرد، سپی سپی، دەتگوت پەیکەرێکی لە بەفر، دەتگوت شێرە بەفرینەیت و بە دەستی کچ و کوڕانی کۆلیژ درووستکراوی، تۆ کەسێکی سەیری، چۆن توانیت هێندە بەرگە بگری، چۆن نەکەوتی، ئەوە چ هێزێك بووی رایگرتی! دواییش..

هێزی گوڵنار، گۆگجەلی، هێزی گوڵنار!

گۆگجەلی بە پێکەنینەوە:

چ زوو ئەو گوڵنارە بووە ئەو هێزە؟ باشە ئەو تۆپەلە بەفرەت بۆ بەو شێوەیە لێدا؟

گوتم:

زۆر چاوەڕێم کرد ئەو لێمدا، لێینەدام..

دێتەبیرم، لێی نزیك کەوتمەوە، تا هێزم تێدا بوو لە سەر سینەی گوڵنارم دا و بە لادا هات و و هاواری کرد:

وای! کاکە چ دوژمنایەتیەکم لەگەڵت هەیە؟ تۆڵەی ئەو خەڵکەت لە من کردەوە..

زمـانم تێکئـالاً، لـەرزیم، وەك جـارانی پێشـوو لـەرزیم، ویسـتم داوای لێبـووردنی لێبکەم، زمان بەسترا و نەکرایەوە، نەچوومەوە پۆل، بـێ کتێـب گەڕامـەوە مـاڵ، لـە ڕێیێ، لە کۆلانێ لە پڕ تۆپەلە بەفرێك بە بن گوێم کەوت، سەرم هەڵبڕی گـوڵێ بـوو، بە نابەدڵی، بەفرێکم بۆی هاویشتەوە، لە کۆلانی ماڵی گوڵێ شەڕە بەفرێکـە مەگـەر لە کۆلیژ شەڕی وا بووبێت، دوو رۆژ نەچوومەوە کۆلیـژ، سـەری سـێیەی لـە سـیلەی خانووی خۆیان تووشی گوڵێ بووم، نازانم چۆن شەرمم نەکرد، راست و ڕەوان گوتم:

گوڵێ، دەزانی ئێستا گوڵنار لە کۆلیژ لەگەڵمە!

گـوڵێ پێکـەنینێك گرتـی بەرینـەدا، تـەواوێك راوەسـتام پێکـەنین نەپسـایەوە، بەجێمهێشت..

+ راوەستە

- چیە؟

+ تۆ دەڵێی تێکچوویت

- لۆ؟

+ هێشتا! گوڵنار چی...

قسەی گوڵێم بە ئاسایی وەرگرت، ئاخر من وا لەوەیە گومان لە گوڵنار بکەم، ئەو چۆن باوەڕدەکات..

کوڕە گۆگجەلی کتێب و دەفتەرەکانی هەڵگرتبوو، هەر لەو رۆژەوە برادەرایەتیمان دەستیپێکرد، سلاوێکم لە گوڵنار کرد، ویستم داوای لێبووردنی لێبەکەم، تێگەیشت، نەیهێشت قسە بکەم، گوتی:

تۆ برای ئازیزی منی..

ئەو رستەیەی گوڵنار منی وێرانکرد، وێرانبوونێك جگە لە خۆم کەس نەیدیت، جگە لە خۆم کەس گوێی لە دەنگی دارمانم نەبوو، رەنگە کوڕی گۆگجەلی شتێکی لێبیستبێت، دەپرسێ:

دەبینم باش بۆگوڵنار لێدراوی..

رەنگە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشابێت:

وازی لێبێنە..

کوڕی گۆگجەلی:

پێیبڵێ،ئەگەر شەرم دەکەیت من بۆت پێیدەڵێم..

گوتم:

نا، نا، شتی وا نەکەیت.

گۆگجەلی:

باشترە زوو پێیبڵێی، نەوەك بگیرێت..

گوتم:

وازی لێبێنە..

چۆن وازی لێبێنم، گوڵنار نەك دوو مێرد حەفتیش بکات، ناتوانم وازی لێبێنم، وازهێنان لە گوڵنار وازهێنانە لە خۆم، جگە لەو کەس نابینم، ئەویش بەس من نابینێت، لەبیریکردووم، نامناسێتەوە، تۆ بڵێی من سەرچیخ چووبم و ئەو گوڵنارە گوڵنارەکەی بن داربیەکە نەبێت!!

باشترە پەنا بۆ گوڵێ ببەم، بێت و بیبینێت و بزانێت چی بە سەرهاتووە، ماڵی گوڵێ لە ماڵی خۆیان دوکانێکیان کردۆتەوە، زۆر جار گوڵێ لە سەری دادەنیشێت، لەوێ دیتم، تووڕە دیارە، ویستم بڵێم، ئەو گوتی:

+ شتێك هەیە بە چەقۆ ناکرێت، بڕنۆکەت ماوە؟

- بێ بڕنۆ دەبم!

دەستی بۆ ماڵەکەی بەرانباریان، ژووری سەرێ درێژ کرد:

ئەو پەنجەرەیە دەبینی؟

دیتم، تێگەیاندم کە پیاوێك دەڵێی بەو پەنجەرەیەوە نووساوە، هەمیشە لەوێیە وازی لێناهێنێت، بێزاریکردووە، ناوێرێ بێتە سەر دوکان، چەند جار پێیگوتووە پیاوبێت و وازی لێبێنێت بەلاشە، ئیدی دەیەوێت بە شێوەیەك تەمبێی بکات، کەس تێینەگات، لەو قسانە بووین پەنجەرەکە کرایەوە، هەرێم دا گوڵێ کە دارلاستیك دێنم و لە دار پرتەقاڵی حەوشەیانەوە چاری پەنجەرەکە دەکەم، دەمەو عەسرانە، دایکی گوڵێ منی دیت چوومە سەر دار پرتەقاڵەکە نەیزانی کێشە چیە بەلاّم قسەی نەکرد منی بە کوڕی خۆی و لە جێی برای گوڵێ دانابوو، بابی گوڵێ دەمێکە پەکی کەوتووە و گوێیەکانی لە دەستداوە نەیدیتم، پەنجەرە روو لە رۆژە، نێوچەوانی پیاوەکە جوان دیارە، شووشەیەکی خڕ لەو شووشانەی بابم تەزبێحی لێ درووستدەکات، خستمە دار لاستیکەوە، دارلاستیك نوێیە، لاستیکەکەی ئەستوورە، ئەگەر تەواو رایکێشی لە نێرەکەری بدەیت دەترێ، تەواوم راکێشا، گوێم لە هاواری پیاوەکە بوو، دیتم بە قادرمەکەدا هاتە خوارێ، دەستی بە سەریەوە بوو، خوێنم دیت..

ئەو رۆژەی کە فارووق کەس نەیدەزانی چ بڕوانامەیەکی هەیە، وانەی (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) دەگوتەوە بە زمانی بە دوویی گوتی :

هەر قوتابیەك بەرگی سوپای میللی نەپۆشێت، با بچێتەوە ماڵ..

گوڵنار لە پێش هەمووان جانتاکەی کردە شان، قوتابیان بە دوایەوە چوونە دەرێ، تەنها سێ قوتابی لە پۆل مانەوە، ئیدی گومانم نەما کە گوڵنار، گوڵنارە، ئەو گوڵنارەیە کە ساڵی کەرگیران بابی بە دەستی ئەو حیزبە کوژرا کە ئێستا فارووقە فەندی مێژووەکەی دەگێڕێتەوە، من جارێك ویستم بڵێم:

مامۆستا، بۆچی بابەتی کەرگیرانەکەمان بۆ ناگێڕیتەوە؟ بەڵام کوڕی گۆگجەلی زوو تێگەیشت چی دەڵێم، لە تەنیشت یەکتر دانیشتبووین، دەستی خستە سەر زارم و نەیهێشت بیڵێم، گوتی:

کەرە، نەیڵێیت، مردنی بە دواوەیە..

لەو رۆژەوە گومان نەما، کە گوڵناری کۆلیژ گوڵناری بن داربیەکەیە، هەر بۆیە ئامادە نیە جلکی حیزبێك بپۆشێت کە بابی کوشتووە..

پۆلمان بە سێ قوتابیەوە جێهێشت، چووینەوە ماڵ، من خەمی لە دەستچوونی خوێندنم نیە، خەمی من خەمی گوڵنارە، رۆیشت و نەمزانی بۆ کوێ چوو، چەند شەرمن و گێژ بووم، وەنەبوو لە کەسێ بپرسم کە ماڵی گوڵنار لە کوێیە، من بۆچی وا بە شەرمدا کەوتبووم، هەر شتێك پەیوەندی بە گوڵنارەوە هەبا، من نەدەبوو بپرسم، لە کەسم نەدەپرسی..

ئای گوڵنار ئەوجارەش هەڵفڕی، وەك چۆلەکە، وەك ئەو کۆترانەی وەك ئەو پووشکاخەزانەی هەڵمدەدان و نەدەهاتنەوە، بزربوویت، چەند گەمژە بووم، نە بە قسەی دیدارم کرد نە بەقسەی کوڕی گۆگجەلی، شاردمەوە، خۆشەویستیم بۆت شاردەوە، بەڵام بۆ شاردمەوە!! خۆت نەتدەزانی؟ نابێت نەیزانیت! ئای گوڵنار جاری پێشوو، مێرد، کێشەی خێلەکی لە منی دابڕی، بەڵام ئەوجارە حکومەت، لە کوێ بتبینمەوە گوڵنار؟! لەو رۆژەوەی لە کۆلیژ دەرکراین، من حەفتەی سێ چوار رۆژ کرێکاریم دەکرد، دوو سێ رۆژ، دەگەڕام، لە شارۆچکەو و گوندەکانی دەوروبەری شار دەگەڕام، ئێ ، ئەوە خودایە لە جادەیەك لە سەرە کۆلانێك لە پێش دەرگایەك گوڵنار ببینم، گوڵنار لە کوێی؟ هەلوەدای دوو چاوی جوانی تۆم، لەبەر خۆمەوە ئەو گۆرانیەم دەگوتەوە، جارێك لە گوندێکی بن زوورگەکان، ئەو گوندەی سەردەمانێك لە کارێزەکانی دەوروبەریەوە جۆگەیەك ئاوی دەبەخشیە شار، جۆگە پێشەوەی سەر بە

شاردا بکات سەرێکی لە دار خورماکە دەدا، لەوێ لەو گوندە سێبەری گوڵنارم دیت، شەوی پێشتر خەونم دیت، لەو خەونە گوڵنارم دیت لە لای دارخورماکە بە رۆخ جۆگەی بێ ئاو سەرەو هەوراز دەرۆیشت، رۆیشت و من بە دوایەوە، پرسیم:

دەچیتە کوێ؟

ئاوڕی دایەوە:

سەرچاوە، کارێزەکان..

دوا رۆژەکانی هاوینە،سواری شرە پیکابێك بووم، دەچووە گوندی کارێزەکان، چێشتانێکی درەنگ لە سیلەی خانوویێکەوە، دیتم، سێبەری گوڵنارم دیت، من گوڵنار لە سێبەرەکەشیەوە دەناسمەوە، هەوبوو، تیژ تێپەڕی، سێبەرەکەیم دیت، تا سەرم هەڵبڕی سووڕایەوە، تا سووڕامەوە قەمەرەکە دەرپەڕی، هەوبوو، گوڵنار بوو، لە سێبەرەکەیەوە بەژنیم ناسیەوە، پرچیم ناسیەوە، لەنجەولاریم ناسیەوە، لە کێ پرسم، ئەو ژنەی سواری قەمەرەکە بوو کێ بوو؟ ناوی گوڵنار بوو، وا نیە؟ ئای شەرم! شەرم نەیهێشت لە ژنێك لە منداڵێك بپرسم، گوڵنار چی دەکرد لێرە، گوڵنار بەرەو کوێ رۆیشت؟ دێتەوە؟

هاتمەوە، لە کۆڵانی پشتەوەی هێلانەی فریشتان دیدارم دیت، کۆمەڵێك منداڵ بە شێتە شێتە و چەپڵەلێدان دەوریان دابوو، ئەویش هەر دەیگوت((غاردە تۆپ هات، غاردە..) تا منداڵەکانم لێ دوورخستەوە منیش وەك ویم لێهات، منداڵەکان بە منیشیان دەگوت: (شێتە شێتە، ئیشم بە دەرپێتە)، دەستی دیدارم گرت و گوتم:

هاوڕێکەم، هەر تۆ بە نێوان من و گوڵنارت دەزانی، چاکبەوە، پێویستم بە یارمەتیتە..

دیدار تەماشای نەکردم، گوێی لێم، نەگرت، هەڵات و گوتی:

غاردە، تۆپ هات..

وەرزی خوێنـدن هاتـەوە، قسـە هەیـە وەردەگیرێینـەوە، وەرگیراینـەوە، ئۆخـەیش گوڵنارم دیتەوە، رێك لە سێبەرەكەی دەچێت، گوڵنار و سـێبەرەكەی كتومـت یـەكن، سێبەری كەس وەك گوڵنار لە خۆی ناچێت، كێ بە سێبەر كەسـێك دەناسـێتەوە، مـن سێبەری خۆم ناناسمەوە، هەر من نا، كوڕی گۆگجەلیش بە سێبەر گوڵنار دەناسێتەوە، چەند جار لە پـەناوە لـە سـێبەری كچـانمان دەڕوانـی، تـەنها گوڵنارمـان دەناسـیەوە، سەرەتا گۆگجەلی بە سەرسووڕمانەوە دەیگوت:

سەیرە، تۆ چۆن گوڵنار دەناسیەوە؟

دواتر بە سەرسووڕمانی پترەوە:

نهێنیەك لەو كچەدا هەیە، منیش سێبەرەكەی دەناسمەوە!

گوڵنار وەك سـاڵی پێشـووە، جیاوازیەكـەی لەوەیـە لـە پـارەوە دەمناسـێت، هـەر ئەوەشە خەریكە شێتم دەكات، ئەو كچـە تووشـی نەخۆشـی لەبیرچـوونەوە بـووە، لـە بارەی منەوە پێش پار هیچی لەبیرنیە، ئەگەر لەبیری با، شتیكی هەر دەگوت، هـیچ نەبا، لە بابمی دەپرسی، خۆ بـابمی زۆر خۆشدەویسـت، مـن هـەر ئـەوڕۆ ئـەوڕۆم بـوو، هەموو رۆژێك دەمگوت، ئەها ئێستا خۆمی بەبیردێنمـەوە، هـەموو شـتی بـە رووداو دەدەمەوە، هەمووی دەگێڕمەوە، لە كرێمسـتی بـن داربیەكـەوە تـا دوگمـە تـرازان و تیماركردنەكە، كەچی كە دەمدیتەوە، دەمم دەبەسترا، دەلەرزیم، وای لێهات كە تەنیا دەبوو، نەمدەوێرا لێی نزیك بكەومەوە، وەك بڵێی بۆ ژوان بچم و چاوی دنیام لە سـەر بێت، لە دوورەوەش قسەیەكی لەو بابەتە بهاتایە سەر زارم، بە پڕەپـڕ قووتمدەدایـەوە، نەك دەربچێت و كەسێك بیبیستێت، ئیدی گەیشتمە ئەو باوەڕەی روو بە روو تەن بـە تەن ناتوانم رستەیەكیش لـە رابردوومـان بـە گـوێی گوڵنـاردا هەڵبـدەم، هـەر دەبێـت لابەلایی شتێكی بەبیربهێنمەوە..

لە دانیشتنەکانی یانەکە کە جارجارە وا ڕێکدەکەوت من و گوڵنار بکەوینە سەرمێزێکەوە، چەند رستەیەکم لە رابردوو دەگوتەوە، ئێ، گوڵنار منی بیرکەوێتەوە، کە قسە دەهاتە سەر چاوەڕوانی دەمگوت:

داربیەك لە پێش دەرگامانە، بە منداڵی لە سێبەرکەی گەمەمان دەکرد، ئێستاش لە چاوەڕوانی برادەری منداڵیم لە سێبەرەکەی دادەنیشم..

لە ساتی گێڕانەوەی داربی تی چاوێکم لە سەر گوڵنار بوو، کەمێك دادەما، وەك بڵێی شتێکی بیرکەوێتەوە، بەڵام لە پڕ قسەیەکی بۆ برادەرەکەی تەنیشتی دەکرد و هەر گوێی لە من نەبوو..

قسە دەهاتە سەر شەڕە گەڕەك، دەمگوت:

کوڕێك بە منداڵی سەرمی شکاند بە گەورەیی تۆڵەی خۆم لێکردەوە..

گوڵنار بزەیەکی دەکرد، وەك بڵێی شەرم تیتکی بەرەو خوارێ راکێشێ سەری دادەخست، بەڵام زوو سەری بەرزدەکردەوە و پەرچەمی هەڵدەدایەوە و هیچ..

قسە دەهاتە سەر سەرکەوتنە جێی بەرز، دەمگوت:

لە بن منارەی چۆلی بزرمکرد، لە سەر سەرێ دیتمەوە..

گوڵنار وەك بڵێی گوێی لە منارەش نەبووە، لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی بابەتی وانەی دەکردەوە..

بەلاشە، گوڵنار وەها نەچۆتە چۆلەوانیی لەبیرچوونەوە بە چەند رستەیەکی من بێتەوە ئاوەدانیی بیرهاتنەوە، هیچی بیرناکەوێتەوە..

ئەوسالێش هەر لە هێلانەی فریشتان نیشتەوە، ئەو هێلانەیەی بە دیار خشخشۆکەی منداڵیەوەیە، بەڵام وەك پار بە پێیان ناچێتەوە، تاکسیەك دێ، گوڵنار و دوو کچیدی هەڵدەگرێ، چەند رقم لەو تاکسیە دەبێتەوە، هەر ئەو رقلێبوونەوەیە ئێستاش ژمارەکەیم لە یادە، چ ژمارەیەکی شوومە، تاکسیی ژمارە شووم لە

لەنجەولاری گوڵناری کردم، لە قژی ئایشەوفاتمەیی کردم، دەزانی کە دوور بە دووری بە دوایەوە بووم، چۆن خەیاڵ دەبووم، هەرچەندە هەندێ کەرەت خەیاڵبوونی دوای گوڵنار رووداوی ناخۆشی بە سەرمدا دێنا، بەڵام چێژی گوڵناریان پێنەدەهێنامەوە، من کە بە دوایەوە دەڕۆیشتم، هەستمدەکرد ئەو کچە فریشتەیە و رێی بەهەشتم نیشان دەدات، یان هەر خۆی بەهەشتێکی گەڕۆکە، دەبێت بە دواوەی بم، ئەو تاکسیە لە کوێ هات! خۆزگە من شوفێرەکە دەبووم، چەند جارێك من زووتر تاکسیەکم دەگرت و دەچوومە پێش چایخانەی شەوان لە سووچێکەوە دەمدیت، گوڵنار لە تاکسیەکە دێتە خوارێ، بە پەلە دەچێتە هێلانەی فریشتانەوە، خۆم نەمدەزانی چی دەکەم، لە کۆلیژ لە دیتنی گوڵنار تێر نەدەبووم، یان هەستمدەکرد گوڵناری دەرەوەی کۆلیژ گوڵنارێکە رەنگە نزیکتر بێتەوە لە گوڵناری داربی، گوڵناری جاران، تاکسیەکە بۆ من بەڵا بوو، وام بە سەر هات، ئەگەر لە چوونەوە بە دوای گوڵنارەوە نەبم، وەك ئەوە وایە ئەو رۆژە گوڵنارم نەدیتبێت، رۆژ بە رۆژە لە تاکسیەکە بە رقدا دەچووم، ، دەمگوت، نازانم، نایەتەوە بیرم، من چیم دەکرد، بۆچی وام دەکرد، گوڵنار منی بردبۆوە دۆخی ئەو سالانەی کە لە نیوە ئاگایی شەو و رۆژم دەکردەوە، دەبوو چارەیەك لەو تاکسیە بکەم..

رۆژێك دوا وانە نەچوومە ژوورەوە، پێش چوونەوە بە چارەگێك، چوومە دەرێ، خۆم گەیاندە تاکسیەکە، شوفێرەکە لەولاوە سەرگەرمی قسان بوو، نەترسام لە ئاشکرابوون، بە پێدزە، بە خۆ گنخاندن بە شتەوە، هەر چوار تایەم فسکردەوە، رۆیشتم لە جادەکە پەڕیمەوە، لە دەو بەستە گەورەکە راوەستام، ئەو بەستەی کاتی خۆی کەرەکان لێیەوە ئازووقەیان بۆ پێشمەرگە دەبرد، ئەو کەرانەی بوونە هۆی کوشتنی بابی گوڵنار، ئۆخەیش وا بە خۆ و دوو برادەرەکەیەوە بە پێیان کەوتنە رێ، ترسام لە رێ تاکسی راگرن، دیارە راناگرن، بڕۆ گوڵنارەکەم، دوور بە دووری وا بە

دواتەوەم، ئەوهات لێدەکەم تاکسی، گوڵنار چ گوڵنار دەڵێی شۆڕەبیە بە جادەدا دەڕوات، پرچی داوەتە دەست با، وەك دڵی من پەرێشان و بلاوە، جگە لە گوڵنار هیچ نابینم، نە کچ نە بنیادەم، نە تڕومبێل و جادە، هیچ هیچ، کەس کەس، گوڵنار و بەس، خودایە، گوڵنار چی لە من دەکات، ئەنجام چیم بەسەردێنێ و بۆ کوێم دەبات! دوور بە دووری بە قژی گوڵنارەوە بەستراوم و رامدەکێشێ، ئەگەر خشە و جیڕە و زرمە نەبا، لە قژی گوڵنار نەدەبوومەوە، چاو دەکەمەوە، بۆچی چاوم داخستبوو! سێ تڕومبێل وەك بڵێی چوونەتە ناو یەکتر، شوفێرەکان لێك دابەزین، لە دەستی یەکیان دەڕنافیسێکم دیت، نیو گەز درێژ دەبوو، پەلاماری یەکتریان دا، من وەك بڵێی حەپەساوم، سەیر بوو، وازیان لە یەکتر هێنا، هەر سێکیان پڕیان دا من، دەڕنافیس لە دەست دەڵێ:

تۆ، کوێری، گێژی، کەری، وا دێیتە ناو جادە..

چ تێنەگەیشتم، مستێکی توندم بە شان کەوت، دەستم بڵند کرد، دەستێکی توند مەچەکەمی گرت، لەو ساتە دەنگێك:

بەری دەن، دەنا کەرت کەرتتان دەکەم..

ئەو دەنگە ئاشنایە، ئاوڕ دەدەمەوە گوڵێ چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوەیەوە، بە چاوێك تەماشادەکات، چەقۆکێشترین چەقۆکێش تەماشای بکات، ترس دەیگرێت، شوفێرەکان سەرسام بوون، وەك بڵێی قەت نەیاندیتبێت ژنێك چەقۆی بە دەستەوە بێت و هەڕەشە بکات، بەریاندام، لەو لاوە گوێم لە دەنگێکە:

خۆتان لەوە مەدەن، ئەوە گوڵێ چەقۆکێشە..

شوفێرەکان نازانم نە ترسان، نە شەرمیان بە خۆ بوو لەگەڵ ژن شەڕ بکەن، وازیان هێنا، من و گوڵێ تا نزیك ماڵیان پێکەوە هاتینەوە، گوڵێ گوتی:

دەڵێی ئێستا دار لاستیك هەڵناگریت، هەڵیگرە بە کەڵکت دێت..

لە رێیێ دەمویست بە گوڵێ بڵێم، بە دوای گوڵنارەوە بووم، بۆیە وام بەسەرهات، چەندی کردم، وشەیەکم بە زاردا نەهات، شەو بەو خەیاڵەوە نووستم کە گوڵنار ئاگای لەو رووداوە بووبێت و سبەی شتێك بڵێ، سبەی هات و چی نەگوت، ئای گوڵنار!

زۆر پێنجشەمووان چاودێری گوڵنارم دەکرد، بزانم ناچێتەوە ماڵ، زۆر لە قوتابیان ئەوانەی لە جێی دوور نەهاتبوون، سەردانی ماڵەوەیان دەکرد، کەچی گوڵنار ئەوەشی نەبوو، نازانم، نەمدەدیت بچێتەوە، نەمدەدیت بچێتە هیچ کام لە گەراجەکان، عەسرانی پێنجشەمەیەك لەگەڵ کچێك لە هێلانەی فریشتان هاتنەوە خوارەوە، جانتای گەشتیان لە شان بوو، سواری تاکسی بوون، نەمکردە نامەردی تاکسی دوای ئەوانم راگرت، پێیمگوت، بۆ گەراجی گەورە، نەشمدەزانی گوڵنار دەچێتە ئەوێ یان، ئۆخەیش لەوێ دیتمەوە، خۆم نیشانی نەدا، چاودێری دەکەم، سواری کۆستەرێك بوون، نەمکردە نامەردی سواربووم، بە تەنیشتیدا هەڵکشامە پشتەوە، بەڵام نەیدیتم، بۆ کوێ دەچیت لەگەڵتم گوڵنار، کۆستەر رێی باشووری گرت، لە بازگە یەك یەك داوای پێناسەیان کرد، منیان دابەزاند، وا بزانم گوڵنار نەیدیتم یان نەیناسیمەوە، کۆستەر رۆیشت و منیان هێشتەوە، گومانیان لە ناسنامەکەم هەبوو، درەنگ ئازادیان کردم، بەرێی خۆمدا گەڕامەوە، بەڵام تەمبێ نەبووم، زۆر پێنجشەمەیدی چوومەوە گەراجەکە، حەیف گوڵنارم لەوێ نەدیتەوە..

پەنام بۆ تەختەرەشەکە برد، بەڵکو لە رێی تەختەرەشەوە رابردوو بەبیری گوڵنار بێنمەوە، لە پشووەکان دوور لە چاوان، بە رەنگی سپی، وەك دڵی جارانی گوڵنار سپی، زۆر شتم دەنووسی:

بە سەر داربی دیداردا

بەفرێکی ئەستوور کەوت

چی سپیترە لە وەرزی منداڵی؟

مەگەر ئەو سینەیەی لە هەڵەی دوگمەیەك
بۆ چاو ترووکانێك دەرکەوت..
چاوم لە سەر گوڵنارە، دەیخوێنێتەوە، بەڵام هیچ، پرووشەی یادەوەری بە سیمایەوە دیار نیە، پەنجەیەك لە ناگاییەوە بۆ یەخەی نابات..
لە سەر تەختەرەشەکە بە خەتی سپی وەك سپێتیی چاوی گوڵنار دەنووسم:
دوو منداڵ
بە پووشکاخەزێکی سپی وەك رەنگی ساماڵ
نامەیەکی تینوو دەنێرنە ئاسمان..
پووشکاخەز دەبێتە پەلە هەورێ
بە ناو پرووشەدا دەچنەوە ماڵ..
چاوم لە گوڵنارە دەیخوێنێتەوە، بەڵام، هیچ، سەرێکی بۆ پووشکاخەزی یادەوەری هەڵنەبڕی، من هەستمپێنەکرد..
لە سەر تەختەرەشەکە بە خەتی سوور دەنووسم:
پەنجەکانت دەناسمەوە
خوێنی ئێوارەیەکی منی گرتووە..
لێوەکانت دەناسمەوە
کرێمستی سووری منداڵیی بردووە
بە چی دەمناسیەوە، کچی داربی
من کرێمستی و خوێن و سووراوم لێ تێکەڵاوبووە..
دەبینم گوڵنار لە ساتی خوێندنەوە لێوی سووری دەجوولێنێ، بەڵام هیچی پێوە دیار نیە، دەڵێی لە تەمەنی نە کرمێستی خواردووە، نە برینی پێی کەسێکی تیمارکردووە..

به خەتی زەرد لە سەر تەختەرەش دەنووسم:

لە سەر بانی تریفەیی

بە کراسی زەردەوە راکشاوە،

بەردێکی هێندەی سەرە پەنجەیەك مانگ دەشلەقێنێ..

پێخەف لە بان تووڕە دەبێ

ئەو شەوە چ شەوێك بوو لە بێهودەیی!

گوڵنار دەیخوێنێتەوە، بەڵام هیچ، نە هەر دارلاستیکی من رەنگە هاواری مێردیشی لەبیرچووبێتەوە..

لە سەر تەختە رەش بە چەند رەنگێك دەنووسم:

لە دەو بەستی پێش ماڵێ

لە پاش بارانێك بە سەر منداڵی

بە تەنیشت خۆمەوە بوویتە پەلکە زێڕینە

لە بیرتە!

یان دابڕان بەستێك بوو هەستا و یادەوەری رامالی!

بە دەم خوێندنەوەوە پەرچەمی پەلکەزێڕینەیی هەڵدەداتەوە، بەڵام دیارە یادەوەریی بە بەستێدا چووە..

جگە لە کوڕی گۆگجەلی کەس نەیدەزانی ئەو شتانەی سەر تەختەرەش من دەیاننووسم، هەر ئەویش دەیزانی بۆ گوڵناریان دەنووسم، سەری سووڕما بوو لەوەی لە دێرەکاندا منداڵیی بیردەهێنمەوە، ئاخر ئەو چ بزانێت کە من لە منداڵیەوە سەراسیمەی گوڵنارم، رۆژێك هەرسالی یەکەم بوو گوتی:

یەك نەزانێت، دەڵێت حەفت ساڵە عاشقی ئەو کچەی

لە بەر خۆمەوە گوتم، حەفت بخە سەر حەفتەکە و هێشتاش...

لە پشوویێك لە سەر تەختەرەش ئەو دوو دێرەم نووسی:

بە ریشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەمالی تۆ

ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە

بزەت نایێتە سەر لێو، بەزەت نایە بە حاڵمدا

ئەگەرچی زۆر لەمێژ ساڵە لە دووت دەخشێم وەکوو سایە

مامۆستا خوێندیەوە، پرسی:

کێ ئەو شیعرەی هێمنی نووسیوە؟

کەس وەلاّمینەدایەوە، گوتی:

لەبەر خاتری ئەو دوو دێرە لە بابەتی خۆمان دووردەکەوینەوە و لە رەوانبێژی نزیکدەبینەوە، هەر لەو وانەیەشەوە ناوی بووە مامۆستای رەوانبێژی، دەنا بە مامۆستای کتێب ناوی رۆیشتبوو، ناوی خۆی عەزیز بوو، ئەو مامۆستایە هەمیشە کۆمەڵێ کتێبی لە بن هەنگڵ بوو، دەیانگوت هەمیشە سەری بە سەر کتێبەوەیە ، مامۆستای رەوانبێژی دەیگوت:

ئەو کەسانەی ناخوێننەوە، نازانم چۆن ژیان دەگوزەرێنن!!

مامۆستای رەوانبێژی شیعر دەکاتە وێنە، خەریکە وێنەی کچێك دەکێشێ لە یەکەم هێلەوەهەستدەکەم لە گوڵنار دەچێ، ئەوەتا گوڵنار هێندە لێم دوور نیە، لە پێشمەوە دانیشتووە لایەکی رووی لێم دیارە، لە ئاوڕدانەوەیەك تەوای رووی دیار کەوت، وێنەکەی سەر تەختەرەشەکەش لە ئاوڕدانەوەیەك گیراوە، جیاوازی لە بزەیە، ئاوڕدانەوەی وێنەکە بزە لە سەر لێویەتی، مامۆستای رەوانبێژی رێك وێنەی گوڵناری کێشا، جوانیەك لە سیمای وێنەکەدایە، تەنها لە گوڵناردا هەیە، لە بەرانبەر گوڵنار وێنەی پیاوێك دەکێشێ، کتومت منم، بەلاّم بە پیری، سەر و ریشی بۆزە، کەمێك بە لای گوڵناردا چەماوەتەوە، وەك بڵێی لە کڕنووشە، لە پشت منەوە، وێنەی درەختێك

لە لقەکانیەوە دیارە چۆتە تەمەنەوە، قەدی درەختەکە زۆر لە بەژنی مـن دەچـێت، منی سەر تەختەرەشەکە نا، مامۆستای رەوانبێژی دەپرسێ:

کێ دەتوانێت، درەختی پیر بچەمێنێتەوە؟

کەس وەلاّمی نەدایەوە، ئەو جارەش پرسیەوە:

قوتابیەك گوتی:

مامۆستا، کەس..

هەندێك بە بێـدەنگی مانـەوە، هەنـدێك بـە ((کـەس ناتوانێـت)) دەنگیـان بـەرز کردەوە، دەستم هەلّبڕی:

+ ها، تۆ دەتوانیت؟

- ئەوەی دەتوانێت بیچەمێنێتەوە تەنها شیعرە

+ دەمخۆش، شیعر ئەستەم باردێنێ، شیعر پـەرجوو دەنـوێنێ، ئەوەیـە رەوانبێـژی، ئەویندارى پیر بە داری پیر دەچوێنێت، یان بە پێچەوانەوە..

گولّنار ئاوڕی لێم دایەوە، وەك وێنەکە ویستم هەستم کڕنووشی بۆ ببەم، تا وێنەی سەر تەختەرەشەکە نمایش بکەم، شەرم بەستمیەوە..

مامۆستای رەوانبێژی وا وێنەی من و گولّنار دەسڕێتەوە، هێندەی نەمابوو، هاوار بکەم، خۆم گرت، مامۆستا هاتە سەر دێرەکەیدی، گوتی:

من کەمێك لێیدەدوێم، دواییش کێ دەتوانێت بە وێنـە بیکێشـێ، بـا بیکێشـێت، لەو دێرەدا (بزە) و(بەزە) کە هاوئاوازەن و لـە رەوانبێـژی دەچـنە رەگەزدۆزیـەوە، ئـێ هەموو بزەیەك لە بەزەییەوە نایە، بەلاّم لێرەدا بزە بێ بەزە نارسکێت، لێـرە جوولـەی لێو بە جوولەی دلّـەوە بەنـدە، تـۆ بیهێنـە بەرچـاوی خـۆت، کوڕێـك سـالاّنێکی زۆرە سەراسیمەی کچێکە، بـە دوایەوەیـە، بـە تەنیشـتیەوەیە، تەماشـاکە کـوڕە تێکـەلّی

سێبەری کچە بووە و لێکدی جیا نابنەوە، بەڵام کچە بزەیەکی بۆ ناکات، چونکێ بەرانبەرە وی بەزەیەکی لە دڵدا نیە..

مامۆستای رەوانبێژی چووە دووی، گۆگجەلی کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، هامدا کە وێنەکە بکێشێت، ئەو کوڕە وێنەکێشێکی کارامە بوو، مامۆستا لێبۆوە، گۆگجەلی هەستا، کێشای، وێنەی گوڵناری کێشا، سێبەرەکەی کێشا، ئەو سێبەری لە گوندی کارێزەکان دیتم، کێشای، گۆگجەلی چ وێنەکێشێکی دەسترەنگینە، بە سەر خوارکردنەوە تەماشای سێبەرەکە بکە لە شێوەی کوڕێك خۆی دەردەخات، ئەو کوڕە رێك منم، من تێکەڵی سێبەری گوڵنارم..دواتر داوام لە گۆگجەلی کرد، وێنەکەم بۆ بکێشێتەوە، کێشایەوە، نەموێرا لە ژوورەکەم هەڵیواسم، دایکم گوڵناری دەناسیەوە، وێنەکەم لایە و لە دووی گوڵنار دەخشێم وەك سایە..

حەفتە دێ، مانگ دەڕوا، ساڵ دەسووڕێتەوە، گوڵنار نامناسێتەوە و نامناسێتەوە، لە هۆلی گەلیش نەیناسیمەوە، وا رێککەوت بکەوینە تەنیشت یەکەوە، بەر لە دەسپێکردنی شانۆگەریەکە زاخم کرد لێی بپرسم:

+ تۆ قەت چوویتە سینەما؟

- بەڵێ چوومە

+ جاری یەکەمت لە بیرە چۆن بوو؟

- نا، نازانم..

هێندەی نەمابوو بەبیری بهێنمەوە، شەرم زاری بەستم، چۆن بەبیرت نایەتەوە گوڵنار! ئەدی بابم نەیبردین، لە تەنیشت یەکەوە دانەنیشتبووین، گوڵەبەرۆژەمان دەخوارد و چەپڵەمان بۆ پاڵەوانەکە لێدەدا، چۆن دەبێت ئەو رۆژەت لە یاد چووبێت!

گوڵنار بە دارلاستیکیش نەیناسیمەوە، لە پەنجەرەی پۆلەوە دەبینم لەگەڵ کوڕێك پیاسە دەکات، ماوەیەکە گوڵنار پتر هەر بە تەنێ پیاسە دەکات، بەڵام چەند جارێکە

لەگەڵ ئەو کوڕەدا دەیبینم، هەر ئەوەش وای کرد، دارلاستیك بگاتە ناو کۆلیژ، پۆل چۆلە، کوڕی گۆگجەلیم لە سەر دەرگا کردە سەیار، نەشیدەزانی چ دەکەم، لە پارچە کاخەزێکی گچکە نووسیم:((وا باشە تەنیایی ئەو کچە تێکنەدەیت))، لە بەردێکم ئالاند، لە پەنای پەردەی پەنجەرەوە سێرەم لێی گرت، بڕنۆ هەلە بکات دار لاستیکی من هەڵەناکات، ئەوە قسەی گوڵێ بوو، ناوی لە دارلاستیکەکەی منیش نابوو بڕنۆ، سێرەم لە زگی گرتبوو، بە بەرچاوی خۆمەوە بەردە نامەییەکەی هەڵگرتەوە، خوێندیەوە، گوڵنار ویستی کاخەزەکە ببینێ نەیدایێ، تەنها بەردەکەی دایە دەستی، گوتم ئۆخەیەش، گوڵنار دەمناسێتەوە، ئای کچی لەبیرچوونەوە! بە دارلاستیکش نەیناسیمەوە، دنیا تووشی چ بەرەواژیەك بووە، گوڵنار بەردی من نەناسێتەوە! چیدی کوڕەم لەگەڵ گوڵنار نەدی پیاسەکات..

هەر دەبێت بمناسێتەوە، نامەی بۆ دەنووسم، ئەوپەڕی ئازایەتیم نواند، بە خەتێك کە لە خەتی من نەچێت، نووسیم:

کیژێ، تۆ داتناوە کەی من بناسیتەوە! من چیدی بەرگەم نەما، وەلاّم بدەوە گوڵنارەکەم.. نامەکە هەر هێندە بوو، ئەوەشم نووسیبوو: ئەگەر بە نامە وەلاّمت دامەوە بیخە دەندووکی کۆترەکەوە..

لە پشوێکدا دوور لە چاوان خستمە جانتاکەی گوڵنارەوە، ئەوە یەکەم جارم بوو جانتای کچێك بکەمەوە، لە کردنەوەدا چوکلێتێکم بەر چاو کەوت، دزیم، یەکەم دزیم لە جانتاکەی گوڵنارەوە بوو، چ چوکلێتێکی بە تام بوو، زۆر جار دەمگوت تامی چوکلێتەکەی وایە داخوا تامی لێوی چۆن بێت.. بە چاوی خۆم نەمدیت نامەکە بخوێنێتەوە، بەلاّم هەر دەبێت خوێندبێتیەوە، ئیدی چاوەڕێم وەلاّم بگاتە دەندووکی کۆترەکە، ئەو دەندووکە کەوتۆتە تەنکێشی خوارووی تەختەرەشەکە بەلای کورسی ومێزی مامۆستا، دەندووکی کۆتر هەڵکۆڵینێکی بە قەد سەری کۆترێکە لە تەختە

رەش، هەر رێك سەری كۆترە، ئەوە دەستكردی گۆگجەلییە،چاوم لێبوو، بـە قەڵـەمبڕ ئەو نەخشەی نەخشاند، هەموو پۆڵ ناویان لەو نەخشە نا دەندووكی كۆتر، مامۆستای رەوانبێژی جارێك گوتی:

بەس بزانم، كێ ئەو دەندووكەی خستۆتە تەختەرەشەوە، خەلاتی دەكەم..

گۆگجەلی خۆی ئاشكرا نەكرد، ئیدی من رۆژانە، هەر هـەلێك هەڵكـەوێ، نووكـە پێنووسـێك، سـەرە پەنجەیـەك بـە دەنـدووكی كۆترەكـەدا دەكـەم، وەلاّم نابینمەوە،لـە بنەوەش تەماشای چاوی گوڵنار دەكەم، هیچ، نە بایە نە باران، زۆر لێی تووڕە بـووم، بیرم بە لای دارلاستیكدا رۆیشتەوە، زۆر نیشانەم گرت و پێكام، ئێستا نۆرەی گوڵنار خۆیەتی، ئەو منی هەنجن هەنجن كرد، بـە چـی سـێرەی لـە مـن نـەگرت! سـێرەیەكی لێنـەگرم دڵـم داناكـەوێت، رۆژانـە دارلاسـتیك هەڵـدەگرم، وەرزی بارینـە، بـاران لێیكردۆتەوە، ئەگەر دڵت خۆش بێت، ئەگەر یار بتناسێتەوە، هی ئەوەیە لەو هەوایـە پیاسە بكەیت، تەنها پۆلی ئێمە لە دەرەوەیـە، گوڵنـار لەگـەڵ كچـێك لـە پیاسـەیە، نزیكن، لە بەر دەمن، رەنگە ئەو دڵی خۆش بێت، لە پشت یانەكە چەند بنە درەختێك هەیە، پەنایـەكی باشـە، بـەردێك و كەرتـە چـوكلێتێك لـە گیرفانمـە، چـوكلێت ئـەو چۆكلێتەیە كە لە جانتاكەی گوڵنار دزیم، دەمویست بەردەكە بخەمـە دارلاسـتیكەوە، دڵم لەرزی، چوكلێتەكەم لە جێی دانا، ویستم دارلاستیك تەواو راكێشم، دڵم لـەرزی، هێندەم راكێشـا كـە چـوكلێتەكەی بگـاتێ، گەیشـتێ، بـە نـەرمی لـە سـەر سـینگی كەوتەوە، چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا، هەڵیگرتەوە، گوێم لێیە، برادەرەكەی دەڵێ:

چیە! چوكلێتت بۆ داوێن!

چاوم لێیە،كردیەوە، حەیف نە خواردی نە خوێندیەوە، رەنگـە نـەیزانییێت شـتێكی لێ نووسراوە، تێیهەڵدا، چووم هەڵمگرتەوە، خۆم بۆ خۆمم خوێندەوە:

پار چوكلێتێكم لێت دزی، ها كەرتێكت بدەمەوە..

هەر ئەو رۆژە دەمویست گوڵنار بە گوڵێ نیشانبدەم و چارەیەکم لێبکات، ئەوجارە گاڵتەشم پێبکات هەر دەبێت ببینێت، بەڵام گوڵێ دیسان لە بیری بردمەوە:

+تۆ دەزانیت ترومبێل لێخورێ؟

- لە جێی چۆل..

+ منیش ئیشم بە جێی چۆلە، بەڵام دەتوانی ترومبێلێك بۆ ماوەی کاتژمێرێك پەیدابکەیت؟

- ئاسانە

ئاسان بوو، برادەرم هەبوو، هەیانبوو، کاتێ تێیگەیاندم ترومبێلی بۆ چیە، نە گوڵنارم لەبیرما، نە هیچ، زراوم چوو، بەڵام بە سەر خۆم نەهێنا و هەرێم پێدا کە کارەکەی بۆ جێبەجێ بکەم، من نەمدەتوانی لە قسەی گوڵێ دەربچم، هێندەم رێز لە کچە چەقۆکێشە دەگرت، هێندە رێزی دایکمم نەدەگرت، خوام خوام بوو ئیشێکی بە من بێت، لە بیرمە ئەوەشم گوت:

+ ئەو پووخەیە بۆ من لێگەڕێ، بایی دارلاستیکێکە..

شەوی پێش دەستبەکاربوون، بە گوڵێم گوت کە ئەو کارە مەترسیدارە، من پەیوەندیم لەگەڵ ریکخستنی شار هەیە، ئەو کارە بۆ ئەوان لێگەڕێ، بەڵام گوڵێ ملی نەدا، حەزیکرد ئەو کارە بە دەستی خۆی ئەنجام بدات، لەوە ئاگادارم کردەوە کە رەنگە پاسەوانێکی هەبێ و لە دوورەوە چاوی لە سەر بێت و بزانێت کە دێتە ماڵی ئێوە، گوڵێ دڵنیای کردمەوە کە ورد و درشتی بابەتەکەی لە بەر چاو گرتووە و بە نهێنی دەمێنێتەوە، سبەینێکەی زوو گوڵێ هات و گوتی:

وەرە ئیشەکە تەواوبکە..

حەپەسام، باوەڕمنەکرد، ئێ، چووم ترومبێلم هێنا، گونیەکی خاوێنمان بارکرد، یەك پەلەی پێوە نەبوو، هەر هێندەی فەردە پیازێك گرانە، دەستێکم لە سەر

سووکانه، دەستێکم لە سەر دڵم، ئاوڕدەدەمەوە، وا دەزانم هەرچی ئەمنی شارە بە دوومەوەیە، لە چۆلەوانیەکەی سەرەوەی بەستی گەورە لە ناو دەغل فڕێم دا، چەندان شەو خەونم بە ناو فەردەوە دەدیت،دواتر بە گوڵێم دەگوت:

چۆنت کوشت؟

گوڵێ گوتی:

بردمە ژوورەکەی خۆم، پێش ئەوەی دەستی بە دەستم بکەوێت، چەقۆم لە قوڕگی راکرد، کەوتە لرخە لرخ، دەستی بۆ دەمانچە برد، پێڕانەگەیشت، بە چەقۆیەکیدی خستم، دایکمم تێگەیاندبوو، پێکەوە_ بە پێکەنینەوە_ تیمارمانکرد، نەتدیت گونیەکە پەلە خوێنێکی پێوە نەبوو..

چۆن دەستت تێچوو بیکوژیت؟

گوڵێ دەیگوت:

چۆن دەستم تێناچێت! ئەمنێکی عەرەب، زۆرم لێبکات ئەگەر لەگەڵی نەخەوم، بە گرتنم بدا، چۆن دەستم ناچێتە کوشتنی..

ئەمنی پووخە لە بیابانەوە هاتبوو، مالێ لە پشت کۆلیژەکە خانوویەك بوو حەوشەکەی بە قەد دە خانووی ئێمە دەبوو، هەمووی گوڵ و گوڵزارە، ناوی نازانم کێ خەلەف بوو، بەلاّم خەڵکی ئەو ناوە لە نێوان خۆیان بە ئەمنە پووخەکە ناویان دێنا، ئەمنە پووخە هەرچی ویستبای بۆی دەچووە سەر، شەوێك بە سەریان دادا، بەرنەکەوت، ئەو پووخەیە کە دەتگوت بزنە لەڕە کەس نەبوو لێی نەترسێ، من لەوە تێنەگەیشتم گوڵێ چۆن باوەڕی پێیهێنا کە بە تەنێ و بێ ترومبێل بێتە ماڵیان..

گوڵنار نەبا ئەمنە پووخەی ناو گونیەم لەبیرنەدەچۆە، گوڵنار منی خستبووە گێژاوێکەوە هەرچی رووبیدەدا، زوو تێدەپەڕی و وێنە و دەنگەکانی هێندە لە چاو و هزری من نەدەمانەوە، ئەو سالاّنە خەمی گوڵنار نەبا، کێشەی گوڵنار نەبا،

کارەساتی گوڵنار نەبا،من لە ئاست ئەو هەموو خەم و کێشە و کارەساتانە چۆن خۆم رادەگرت، زۆر بـرادەر و ناسـیار ئاوەوئـاو چـوون، کـەس نەیدیتنـەوە، نیشـانەیەکیان بەجێنەهێشت، پێشان ئەو ئەودەمانەی کە هێشتا گوڵنار لە گەڕەك هەڵنەفڕیبوو، ژنە رەشپۆشـەکانی گـەڕەك هێنـدەی پەنجـەی دەسـتێك نـەبوون، ئێسـتا گـەڕەك دەڵێـی رەشۆڵەی بە سەردا باریوە، رێی گۆڕسـتان رەشدەچـێتەوە، ئێسـتا دارەبـازە دارەبـازە، پێشـان ئـەو دەمانـەی گوڵنـار هێشـتا پێیـەکی هـەر لـە سـێبەری داربیەکـە بـوو، مزگەفتەکەی نزیك گۆڕستان دارەبازەیەکی هەبوو، لەو گـۆڕە کـەوتبوو، کـێ ئیشـی پێدەکەوت، جگە لە خانزاد و مام گەڕیدە، ئێستا دوازدە دارەبازەی هەیـە و هیچـیان بە مزگەفت ناکەونەوە، ئـەو هـەموو تەرمـە لـە کوێـوە دێـن، پێشـان ئـەو دەمانـەی گوڵناریش پارەی قورئانخوێنی دەهێنا، گۆڕستان قورئانخوێنێکی سەر و زیاد بوو، ئەوە نەبوو جەبار بێ ئیش دەماوە، ئێستا کلاۆ لە سەرە قورئان بە دەستەکان ناژمێردرێن، کەچی دەبێت نۆرەیان بۆ بگریت، گۆڕسـتان، گۆڕسـتان، نـاو چـێورمەکان پڕبوونـەوە، گۆڕستان گەورە دەبێت، بە هەر چوار لادا دەکشێت، زەوی و زاری نەهێشت، گەیشتە گەڕەك، شارەوانی فریانەکەوتبا، گۆڕ دەهاتە کـۆڵانێ، دیـواری بـە دەوری گۆڕسـتاندا قیتکردەوە، پێشان بە چـەند گـەڕەکێ گۆرسـتانێکی گچـکەیان هـەبوو، ئێسـتا هـەر گەڕەکێك چەند گۆڕستانی هەیە، بابم دەیگوت:

گۆڕستانەکانی ئێستا دەستکەوتی شەڕن..

دایکم دەیگوت:

ئەو کوژراوانەی لە کەند ولەندان بوونە خۆراکی قەل و دالاشان، لە چەند گۆڕسـتان جێیان دەبێتەوە؟

لـەو سـالانە بـوو فریشـتەی شـەوەکە ئـەردو و ئاسمـان بـە گژیـدا چـوون و خـۆی رادەستیان نەکرد، شـەوێك لـەو گەڕەکـەی کـە هێنـدە دوور نـەبوو لـە قوتابخانەکـەی

گوڵنـــارەوە، گوڵنـــاری دوای مێـــردی یەکـــەم، وا بـــزانم هـــەر لـــەو کۆڵانـــە بـــوو کـــە دارلاستیکێکم گرتە سەدام، بووە ئاگر باران لە هەموو لایەکەوە تەقە و ئاگر، کۆپتەر هەستا، شار بووە پارچەیەك ئاگر، هەواڵ بە دوای یەك کۆڵاڵ کۆڵاڵ، سەربان سەربان، دەهات دەڕۆیی، هەواڵی جیاواز زنجیرەی بەستبوو، جیاوازیەکە پتر لە ژمـــارەدا بـــوو، هەواڵ:

هەزار پێشمەرگە هاتوونەتە ناو شار..

هەواڵ:

دوو هەزار پێشمەرگە پترە، هەر دیتتان شار ئازاد بوو..

هەواڵ:

خوێن لە جادە دەڕوات..

ئەو شەوە پێدەچوو شار دڵی لە ناو دەستی بێ، تۆڵەستێن ئێمەی دەکردەوە ژووری و خۆیشی بە پێیەکەوە، دەهات و دەچوو یان لە سەر بـــان یـــان لـــە پـــێش دەرگـــا بـــوو، رۆژی دواتر ژمارەکە روونبۆوە، یەك پێشـــمەرگە، شـــەڕی حکومـــەتێکی کـــردووە، دوا فیشەکی بە خۆیەوە ناوە، دایکم کە زانـــی ئـــەو پێشـــمەرگەیە (فریشـــتەی شـــەوەکە)یە شـــەش مـــانگ خـــۆی لـــە خـــم هەڵکێشـــا، وەك پـــەرژینی خوشـــکی لێهاتـــەوە، لـــێکم جیانەدەکردنەوە..

دیسان هاوێنە،، ئای هاوین، چ زوو دێیتەوە، هاوینی ئەو سالانەی کۆلیژ بۆ مـــن وێرانی بوو، بە من با نەهاتبا، پشووی کۆلیژ نەهاتبا، دوا رۆژی کۆلیژ رێـــگ لـــە دوا هەناسە دەچوو، چ سەرەمەرگێکە دابڕان لە گوڵنار! لە هاویندا شار چ چـــۆلەوانیەکە، چ کەلاوەیەکە، لە پۆل چـــۆلتر، لـــە کـــەلاوەی نزیـــك دارخورماکـــە کـــەلاوەتر، شـــار بـــێ گوڵنار بیابانێکە جگە لە تۆز وخۆڵ چ دیار نیە، هەناسەم دەگیرێ، چاو دادەخەم، بـــە دەوری خۆم گێژ دەخۆم، ئەو هاوینەش پارچـــە کاخـــەزێك بـــووم بـــە دەم گێژەلووکـــەوە،

نەمدەزانی لە کوێ دەبزووم و لـە کـوێ دەگیرسـێمەوە، لـەو هاوینـە جارێـك گوڵنـارم دیت، لە کن مام قادر بە یادی گوڵنار پەرداخێك هەنارم خواردەوە، هەر بە یـادی وی لە کۆلانی قەنەفڵەوە سەرم بە قەیسەری داگرت، چەند ژنێکی گەڕەگ ئەو ناوەیان لەو کۆلانە نابوو، چونکێ کـە سـەرت پێـدا دادەگـرت بـۆنی قەنـەفل دەڕژایـە لووتتـەوە، خانزادیش گوتبووی:

لەو کۆلانەوە بچیتە ژوورەوە ئەگەر هەمووی قەیسەریش بکەیت تا نەیتە دەرەوە قەنەفل بەرت نادا..

بە خەیاڵی گوڵنار لە کۆلانی قەنەفڵەوە لە کۆلانی خانزادەوە، دەچمە ژوورێ، چەند خۆشە رێی خەیاڵ بگاتـەوە راسـتی، ئـەو جـارە گەیشـتێ، لـە سـێکوانەکە لـە پـێش فرۆشگایەك گوڵنار لە تەنیشتەوە دەبینم، کراسێکی سووری لەبەرە، پرچی کردۆتەوە، بە سەر شان ملی هاتۆتە خوارێ، وەك بڵێـی چـاو بـەرەژێری بم، رووم نایـە رووەو روو بۆی بچم، لە پشتەوە لێی نزیکبوومەوە، نەگەیشتمێ رۆیشت، قەیسەری پڕە، شان بە شان دەکەوێت، بە دوای گوڵنارەوەم، خێرا دەڕوات، رێ نیـە، نایگـەمێ،دەڵێی پێشـە وی چۆلە، یـان خـەڵك دەزانـن بەپەلەیـە و رێـی بـۆ دەکەنـەوە، نابێـت بـزری بکـەم، قەیسەری هەزار کۆلانـە بزربێـت نایبینمـەوە، بـزر نابێـت لـە دوورەوە پرچـی دیـارە، پرچێکە لە هی کەس ناچێت، رەنگی بـە لای زەردیەوەیـە، بـەلاّم زەردێـك لـە پرچـی کەسدا نەمدیتووە، دەڵێی بای دێ، پرچی گوڵنار سـەما دەکـات، مـن تـەنها پرچـی گوڵنار دەبینم، باوەشـێك پرچـی بـە قەیسـەری وەرکـردووە، دەڵێـی روو لـە کونـە بـا دەڕوات، پرچ پەخش و پەرێشانە، پـەرتوبلاّوە، داوداوە، بـە دوای پرچـم و نایگـەمێ، شان شان، شانم پێدەکەوێ و هەر دەڕۆم، پرچ تا دێ پەرتوبلاّوتر دەبێ، زۆر تر دەبـێ، ئای! چ دەبینم، یەك بە کۆلانی قەیسـەری پـرچ لـە پێشـمەوەیە، دەڕۆم و نایگـەمێ، ناوەستم تا نەگەمێ ناوەستم، تا دەسـتم نەخەمـە پرچـی گوڵنـارەوە ناوەسـتم، پرچـی

گوڵنار هێنده لێم دوور نیه، کەمێکیتر دەست درێژبکەم، پەنجەم دەیگاتێ، چاوم چ نابینێ، بە پرچی گوڵنارەوەیە، زللەیەك وەستاندمی، ئاگری لە چاوم کردەوە، چاو دەکەمەوە پێش زێڕنەگەرێکە، دەنگێك:

چما، ئەوە تۆی!!

سەر هەڵدەبڕم، گوڵێیە، نازانم بە شێوەیەك گوتم:

ئەوە تۆ لە منت دا؟

گوڵێ گوتی:

ئێرە جێی نیە، با بڕۆین..

بووە دەنگ دەنگ و هەرا، گوێم لێیە: ((دەك دەستەکانت خۆش)) چ تێنەگەیشتم، تا لە قەیسەری هاتینە دەرێ، بیرم لە زللەی گوڵێ دەکردەوە، پرچ و گوڵنارم بیرچۆتەوە، لێم چەند بارە کردەوە:

بە من بڵێ ئەو زللەیەت بۆ لە من دا؟

گوڵێ لە چاویەوە دیاربوو، سەری لە پرسیارەکەم سووڕماوە، نەیدەویست وەڵام بداتەوە، دوا جار گوتی:

لەبیرخۆت ببەوە، جێگاکە مەیلەو تاریك بوو، من تا زللەکەم لێنەدایت نەمناسیتەوە، دیارە تۆش ئەگەر بتناسیبامەوە، دەستت بۆ سینگم نەدەهێنا..

بەو وەڵامەی شێت و هار بووم، ئاخر من دەست بۆ سینگی کچێك ببەم، لە کوێش لە ناو قەیسەری، دیاربوو گوڵێ تێگەیشت من ئاسایی نیم، تا گەیشتینە گەراجی پاسەکان، قسەی بۆم کرد، دڵی دامەوە، شەرمەزاری وەها دایگرتبووم، نازانم چی دەگوت، بە یەکەوە سواری پاس بووین، لە نزیك ماڵێ مە هاتینەوە خوارەوە، نەدەبوو بەو شێوەیە لە گوڵێ جیا ببمەوە، چۆن دڵنیای بکەمەوە ئەو دەستەی لە ناو قەیسەری گەیشتە سەر سینگی وی، دەستی من نەبووە، سوێند کەڵکی نیە، کەسێك

شتی وا بکات، سوێندیش دەخوات، چ بکەم! هاتم، وردو درشتی پرچ و گوڵنـارم بـۆی گێڕایەوە، دیتم گوڵێ گریا، هێندەی نەمابوو باوەشم پێدا بکات، دیـتم بـە شـێوەیەك تەماشای ناو لەپی دەستی راستی خۆی دەکات، وەك بڵێی نەفرەتی لێدەکات، گوتی:

گوڵنارت لە کوێ بۆ ببینمەوە!

ویستم پێیبڵێم گوڵنار لە کۆلیژ لەگەڵمە، ئای لەو کەرایەتیەی کـردم، گێڕامـەوە، نەمگوت..

چ رۆژێکـی ئەفسـوونیە یەکـەم رۆژی چـوونەوە کۆلێـژ، هاتـەوە، ئەوسـاڵ وازی لێناهێنم، بە هەر رێگەیەك بێت رابردووی بیردێنمەوە، لە بن درەخـتی سـەر دەرگـای لای پرسگەکە دیتم، سلاوێکم لێیکرد زۆر بە گەرمی وەڵامی دایەوە، ویستم دەسـتی تەوقەی بۆ درێژ بکەم، کێشامەوە، شەرم، ئای! شەرم، گوڵنار چ ناسك و جوانە، هەر دەڵێی گوڵناری سالانی زووە، هی بن داربیەکە ، ورد تەماشـام دەکـات، ، لـە چـاوی دیارە، پێدەچێت شتێکی بیرکەوتبێتەوە، کوڕە گۆگجەلەیەکە بەسەردا هات، تەوقـەی لەگەڵ گوڵناریش کرد، خۆزگە دەستی وی دەستی من دەبوو، باشە من بۆچی تەوقـەم لەگەڵ گوڵنار نەکرد، خۆ زۆر ئاسایی بوو، لەگەڵ کوڕەکانیدیش تەوقەی کرد، تەوقـە نەکردنی بن درەختی پێش دەرگـای کۆلیـژ لـە دڵـم بـووە گـرێ، گرێیـەك مەگـەر بـە پەنجەکانی گوڵنار بکرێتەوە..

ئەوساڵ لە هێلانەی فریشتانیش نەنیشتەوە، جێی گۆڕی، دەمدیت لە نزیك کۆلیـژ دەچووە ماڵێك، ئەویشم چوو، ئەو ناوە چەند ماڵـە ئـەمنێکی لێیـە، پێیـدا بڕۆیـت، بگەڕێیتەوە تووشی بەلایەك دەبیت، گوڵنار جـێ نـەما، ئـەو خـانووەت دیتـەوە! رۆژ دێت و دەڕوا ئەوساڵیش دەڵێی دووبارەی پارە، گوڵنار لە نیگای لـە سـیمای تاڵێـك، پنتێك رابردوو بەدیار ناکەوێت، بێجگە لە دوو نامە بێ ژمارەکە هەشت نامەی یەك

دوو خەتیم بە دزیەوە خستە جانتکایەوە، لە سەر نامەکان ژمارەم دەنووسی، هەر جارەی شتێك لە منداڵی لە رابردووم بیردەخستەوە:

نامەی ١/

دوو منداڵ لە خشخشۆکەی سەر قەراتێ لێکدی بزر بوون، لە سەر منارە یەکتریان دیتەوە، نەتدەناسین؟

نامەی ٢/

کرێمستی ئێستا تامی کرێمستیی بن داربیەکە دەدات؟

نامەی ٣/

سەردانی دارخورماکەت نەکردەوە، بەڵام رەنگە لە بیرت بێت لە ژماردنی کونەکان گەیشتینە کوێ!

نامەی ٤/

منداڵێك خۆی هەڵکردووە، وا دیارە بە هانای ماڵێکی ناو لافاوەوە دەچێ، دوای نیشتنەوە بە مستێك وردە بەردی رەنگاو رەنگەوە دەگەڕێتەوە..

نامەی ٥/

ئەو جارە لەگەڵ تۆ سواری لەیلووك بووم، بە پاڵی پیاوێك بەرزبۆوە، بە من با هەر لە ئاسمان بم و نەنیشمەوە

نامەی ٦/

منداڵێك بە دزیەوە گەورەبوو، بە دزیەوە شووی کرد، بەڵام دوایی گەڕایەوە بۆ منداڵی..

نامەی ٧/

مانگ سەر بانێکی بە پێخەوفەوە لە باوەش گرتووە، لاسارێك بەردێك دەگرێتە پێخەفەکە، بەردەبێتەوە..

نامەی ٨/

لەو رۆژەوەی تۆ بزربوویت، بـزرم، تـۆم دیتـەوە، بـەلاّم خـۆم هـەر بـزرم، بلّنـدترین پووشکاخەز منم، بمناسەوە..

نەیناسیمەوە، ئەو هەموو نامەیەم خستە جانتاکەیەوە، نەمـدیت چـاوێك بگێـڕێ، نەمـدیت جارێـك لـە پـەناوە خـۆی بگرێـت و پێبکـەوێت ئـەوە کێیـە نامـە دەخاتـە جانتاکەیەوە، گەیشتینە پـۆلی سـێیەم، نـە گولّنـار ناسـیمیەوە، نـە مـن زاخـم کـرد راستورەوان خۆمی پێبناسێنمەوە، ئەو کچە بۆ وا لە من دەکـات! هـیچ چـارەم نـەما پەنام بۆ قورئان برد، گوتم، گولّنار بە هیچ نەمناسێتەوە بە قورئان دەمناسێتەوە، لـە نامەیەکدا قورئانم بیرهێناوە:

کیژێ، تۆ دەزانـی چـەند قـەرداری! چـەند سـالّە هـەقی قورئانخوێنەکـەت نـەداوە، حەمەدی قورئانخوێن چاوەرێیە؟

رۆژی دواتر بۆ وەلاّم سەرم بە جانتاکەیدا گرت، وەلاّمی چی ئەو کچە دەزانی وەلاّم چیە، دوا جار بیرمکردەوە پەنا بۆ کەر ببەم، گوتم نامەیەك دەنووسم پـڕی دەکـەم لـە کەر و هەرچی جـوێنی پیسـە بـە کـەری دەدەم، گولّنـار بـە هـیچ نەهێتـە قسـە، لـە جانتاکەی کەر بخوێنێتەوە، خۆی ناگرێ و باوکی بیردەکەوێتەوە دێتـە قسـە، دەگـری، چەندی کردم وشەی (کەر) نەهاتە سەر کاخەز..

چارە چیە! هاتە سەرم بچم لە پێشـی راوەسـتم، هـەردوو قـۆڵی بگـرم بـە هـەموو توانای خۆم رایوەشێنم و بلّێم، ئەرێ تۆ بۆ نامناسیتەوە، چـەندان جـار بـە خـەیاڵ وام کرد، لە خەیاڵیش هەر بە بێدەنگی دەمایەوە، هەواڵێك دنیـای بـەرەواژ کـردەوە، لـە هەمووی کردم، لە گولّنار، لە مالّی:

((پێرێ شەو ...گیرا)) ئـەو کـورە لـە ورێنەشـدا نـاوی مـنی بـە سـەر زاردا بـێ، دەگیرێم، هەرچەندە چەندان جار هەرێمان بە یەکترداوە تووشی هەرچی بین، ناوی یەکتر

نەڵێین، بەڵام ئەشکەنجە بەرد بە قسە دێنێ، بە چی دڵنیام ئەو نایەتە قسە، من ئێستاش نامەوێت ناوی بێنم، بە دوای ویدا چەند کەسێکیدیش گیران، لەوان کەسێکیانم دەناسی، پتر ترسام، دەبوو شار جێبهێڵم و بە چیا بکەوم، زۆر هەوڵم لەگەڵ خۆم دا راستورەوان خۆم بە گوڵنار بناسێنمەوە، نەمتوانی، شیعری(خشخشۆکە) کە بۆ گوڵنارم نووسیبوو، لە حەفت لاپەڕە نووسیەوە، لە پەراوێزی شیعرەکەش نووسیم:

گوڵنار، لەو خشخشۆکەوە بگەڕێوە سەر قەرات، دەستی هاوار بگرەو بڕۆنەوە جێی خشخشۆکەی منداڵی..

خشخشۆکەم دایە کوڕی گۆگجەلی پێیمگوت، دوای حەفتەیەك لە رۆیشتنی من بیدە گوڵنار، مالاۆاییم لە گۆگجەلی کرد، لە مالێم کرد، خەناوکەکەی گوڵنارم بە نهێنی هێشتەوە، دایکم نامەیەکی بۆ براکەی نووسی، چوومە مالی گوڵێ، گوتم:

خوشکێ، ئەگەر دەتەوێت ببیە پێشمەرگە، دەبمە برات و پێکەوە دەڕۆین

گوڵێ گوتی:

براکەم، من لەوێ جێم نابێتەوە

گوتم:

لە ناو کۆمۆنیستەکانیش!

گوتی:

لەوێش..

گوڵێ چاوی پڕ گریان بوو، منیشی گریاند، دەستی راستی نیشانم دا گوتی:

ئەو دەستە یەك هەڵەی کردووە، ئەویش لە ناو قەیسەری..

پەلاماری دەستیم داو ماچم کرد، دەستی کێشایەوە، دەستی چەپی خستە سەر شانم، گوتی:

ئەگەر بۆت دەردەچێت، دەمانچەت دەدەمێ..

بە سەر بە بەڵێ وەڵامم دایەوە، بە دوودەوێك كەوتە هەڵكەندنی بن درەختەكە، دەمانچەی دەرهێنا، گوتی:

ئەوە هی پیاوی ناو گونیەكە بوو..

بە دەمانچەوە لەگەڵ چاوساخێك گەیشتمە بنار..

شەڕی براكان راوەستایە، بەڵام خوێنی براكان هێشتا هەر بە تاشەبەردەكانەوە دەتگوت قەوزەیە، چاوساخەكە دەڵێ:

چ خوینێك وەك هی براكوژی نیە، هەر هێندە بەردی گرت، بە بەفر و بارانی دنیا ناچێتەوە..

چاوساخ هەستدەكات ماندووم و پێم لە دووم نایە، لامان دایە دەو چەمەكە، لەو بەرەوە ژنێك لە ناو گیاگۆڵ هەر سەری دیار بوو، دەگریا، كەمێك لە سەرەوەی وی چەند كێلێك دیارە، نزیكبووینەوە، ژنە گۆڕێكی لاچەپی لە باوەش گرتبوو، ئێرە پێناچێت گۆڕستان بێت، سێ چوار گۆڕ بە تەنیشت یەكەوە، ئەو گۆڕەی ژنەكە لە سەری دەگریا تەواوێك لەوانیدی دوور بوو، چاوساخ گوتی:

ئا، بەبیرم هاتەوە، ئەو چەند گۆڕە لە براكوژیی ئەو دواییە كوژران، بەڵام ئەو تاقە گۆڕە نازانم، با بپرسین..

ژنەكە گوتی:

خوشكمە، دە دوازدە ساڵە كوژراوە، بەڵام هەر وا دەزانم دوێنێیە، ساڵی جارێك لە بنی دنیاوە دێم، گۆڕەكەی دەپەستمەوە، خاتوون برینێكی تازەیە، خاتوون فیەشەكی بۆ پێشمەرگە دەگواستەوە، كەچی پێشمەرگەش بە ناو یەكتر وەردەبن..

ئێی، خاتوونی بە فیشەك زگپڕ، گۆڕەكەتم دیتەوە، لە تەنیشت خوشكی خاتوون دانیشتم، چەند درەنگ گۆڕەكەتم دیتەوە، زووتر با، حەمەدی قورئانخوێنم دەهێنا

سەرت، لە گۆڕی خاتوونـەوە گەیشـتمەوە مـاڵێ، خـاتوونم دیـت بـە زگـی پـڕەوە لـە ژوورەکەی مام گەڕیدە هاتە دەرێ، بەرماڵەکەم، هەڵدایەوە، لە بەرماڵەکـەوە گوڵنـار بە دیارکەوت، ئای گوڵنـار خۆزگـە لێـرە بـای، لـە سـەر گـۆڕی خـاتوون، بـەلاّم مـن نەناسێتەوە، خاتوون دەناسێتەوە، مالاّوا خاتوون، درەنگمە.

زۆر سۆراخی خاڵەمۆسکۆییم کرد، کەس نەیدەناسی، لـەوێ هـەموو نـاوی خۆیـان گۆڕیبوو، ناوی تازەیان لە خۆیان نابوو، کەس بە ناوی کۆن کەسی بانگنەدەکرد، بەلاّم چەندی کردیان من ناوی خۆم نەگۆڕی، ئەوەش لەبەر گوڵنار بوو، دەزانی کـاتی خـۆی هاوار چەند لە سەر زاری خۆش دەهات، هەر دەبێت بەو ناوە بمێنمەوە، زۆر نیشـانەی خاڵەمۆسکۆییم هەڵدا، کەس نەیناسیەوە، بەلاّم نیشانە ترسناکەکەم لای کـەس بـاس نەدەکرد..

لە بن دوندێکم دەڵێی ئەسپە هەستاوەتە سەر پاشوو، چـەند بنـە دارێـك بـە سـەر ملیەوە زۆر لە بژ و یال دەچن، ئەو دونده بە سەر هەموو دونداندا دەڕوانێـت، دەڵێـی ئێشکگری لە دنیا دەکات، دەبێ هەر ئەو دونـدە بێـت کـە لـە مـاڵی ئێمـە زۆر جـار دەبووە باس، هەوە دونده ئەسپیەکەیە، ئەوەی مام گەڕیدە دەیگوت:

یاخیەکان نەوە دوای نەوە سەردانی دونده ئەسپیەکە دەکەن و سەر خەوێکی لە بـن دەشکێنن..

تۆڵەستێن دەیگوت:

دوندێکـــە یـــەك دوو جـــار نـــازانم نـــە گـــوێم زرینگاوەتـــەوە نـــە وەك ئەســـپ حیلاندوویەتی..

باپیرم راستی گۆ، ئەوە منیش سەردانیم کرد، لێرەوە دنیـا دیـارە، گەڕامـەوە ئـەو رۆژانەی بابم لێرە بوو، من بە تەنیشت گوڵنارەوە بە پووشکاخەزدا نامەم بۆی دەنارد، لە پڕ دنیا وەرسووڕا..

هاتمەوە، گوڵنارم دیتەوە، خواستم، شاییەکی حەفت شەو و ڕۆژیم گێڕا، دایکم سەرچۆپی گرتووە، خوشکو برا شاییەك دەکەن چاوی هەموو گەڕەکیان لە سەرە، بابم بە پێیەك پێچێکی کرد، گیڤارا سەما دەکات، گوڵێ چووە دەستی دایکم، کچێکمان هەیە، کتومت گوڵنارە، پووشکاخەزی بۆ هەڵدەدەم، گوڵنار لە بەستەکە دەپەڕێتەوە، دەنگی تەقەیەك دێ، گوڵنار بەردەبێتەوە، نازانم نە بەری کەوت نە لە ترسا خۆی بە عەرد دادا..

ئەگەر دەنگی فرۆکە نابا، دەگەیشتمە گوڵنار، دوندی ئەسپی چەند بە خەونە، ڕەنگ نیە ببۆرژێی خەون ئامادەیە، چەند فڕۆکەیەك دوندی ئەسپی دادەبێژن، بەڵام ئەشکەفتە گچکەکان دەمانپارێزن، تۆڵەستێن دەیگوت:

ئەشکەفتی وای تێدایە هیچ چەکێك نایگرێتەوە..

بوو بە ساڵێك هێشتا نامەکەی دایکم نەگەیشتۆتە براکەی هەر لە کۆڵەپشتەکەمە، نامەیەکم بۆ ماڵێ نووسی، باسی نەگەیشتنی نامەکەی دایکیشمم کرد، نامەیەکم بۆ گوڵێش نووسی، ناردم، ڕەنگە نەگەیشتبن، وەلاّم نەهاتەوە، لە ترسی ئارەقەو تەڕبوون تێپم تێپێچاوە، تووشم بە تووشی خاڵەمۆسکۆییم نەدەبوو، زۆر لەوە دەترسام لێم بکەوێت و کەسێك بیکاتەوە،دایکم گوتی:

لە دەستی منەوە بۆ دەستی تۆ، لە دەستی تۆشەوە بۆ دەستی ئەوە، چ دەستیدی نەکات..

جاری وا دەمبیست کە کۆمەڵێك پێشمەرگە لەو چیایەی بەرانبەرمانن، نزیك هەر لە بن دەستمان، بەلاّم گەیشتن بەو چیایە چەندان شەو و ڕۆژی دەویست، ڕێی پێشمەرگە وایە، تا دەگەیتە چیای بەرانبەرت ،دەبێت سەد چیا و دۆڵی بۆ بڕی، ڕێگات هێندە دووربخەیتەوە، وەك ئەوەی بە دەوری زەوی بسووڕێیتەوە، بۆیە

پەڕینەوە بۆ چیای بەرانبەر لە دەست کەس نەدەهات، نامەکەی دایکمم لە گیرفانە و دەیپارێزم...

شــەوان لــە دونــدی ئەســپیەوە گلــۆپی شــاران دەڵێــی ئەســتێرەی رژاون بــەلاّم نەکوژاونەتەوە و بریسکەیان دێ، بە دوای گلۆپەکانی قەراتدا دەگەڕێم، دیتمــەوە، لــە بنی دنیاوە گلۆپە قەراتیەکان دەبینرێنەوە، گوڵنار زوو دەیناسینەوە، ئەو شــەوەی لــە گەشتی سەفین دەگەڕاینەوە، لە کۆستەرەکەدا من و گوڵنار لە پشت تۆڵەستێنەوە بە تەنیشت یەکترەوە دانیشتبووین، لە بڵنداییەك تۆڵەستێن ئاوڕی لێمان دایەوە:

بزانم گلۆپەکانی قەرات دەناسنەوە!

من و گوڵنار لە جامەکەوە تێکەڵی گلۆپەکانی شار بووین، ئەو زوو دیتیەوە، تــا بە منی نیشان دا زۆری ویست، ئێستا گوڵنار لە کوێ بێنم، بــۆم ببینێتــەوە، تــا لــە رێی گلۆپی قەراتەوە، بە گلۆپەکانی گەڕەك بە هی نزیــك کۆلیــژ بکەومــەوە، لــە پــاڵ دوندی ئەسپیەوە، لە تاریکایی چیاوە بە دوای ئــەو گلۆپــەدا دەگــەڕێم کــە لــە ژووری گوڵنار هەڵکراوە، دیتمــەوە، گلۆپەکــەم دیتــەوە، ئــەها، پــەردەی پەنجەرەکــە لادراوە، هەوە گوڵنارە بە جلکی خەوەوە لە سەر پشت راکشــاوە، چــەند لــە راکشــانی بــن دار خورماکە دەچێت، بەلاّم بێ من، چەند لە راکشانی سەربانی بەر تریفــەی مانگەشــەو دەچێت، بەلاّم بێ مێردەکەی، چۆن بیگەمێ، دەستم گەیاندە دەرگا کلیلــە، هــەلێکی باشە با لە دەستی نەدەم، پێویستە بە نەرمی لە دەرگا بدەم، دەڵێــی دەســتم مــردووە ناجوولێ، هەر چۆن بوو جولاندم، لە دەرگام دا، نێوەچەوانم بە بەردێك کەوت، تومــەز من لە سەرچیچکان خەوم لێکەوتوو..

برسێتی، تینوێتی، ماندوێتی نەخەوتن، شەڕ و هەلاّت هەلاّت خەیاڵی گوڵناریان لە سەرم دەرنەدەکرد، لە شەڕێك بە هۆی گوڵنارەوە بریندار بووم، لە بن بەردێکم تەقە دەکەم و تەقەم لە سەرە، هەستدەکەم مردن نزیك بۆتەوە، دەمرم گوڵنار نابینمەوە، لە

بـن بەردەکـە لـە مردنـی خۆمـەوە گوڵنـار بـە ڕێوەیـە، هەسـتدەکەم بـە سـەرمەوە ڕاوەستایە، سەرهەڵدەبڕم هەوە، گوڵنارە کرێمستی بە دەستەوەیە،دەسـت درێژدەکـەم، بڕووسـکێك لـە قـۆڵم دەوەسـتێ، چ بڕووسـکێك! خـوێنم دیـت، کـەوتم، دێتـە بـیرم پێشمەرگەیەك هاتبووە بن پیلم، نازانم، لە کوێ ئاگام لە خۆم بڕا، بەڵام کـاتێ هۆشـم هاتەوە بەر، چاوم کردەوە، پیاوێك بە سەرمەوەیە، لە دەستەکەی ئێمە نیە، بە نامۆی نابینم، ردێنی بستێك دەبوو، داوی سپی زۆر تێکەوتبوو، ئەو پیاوە کێیە، دیتوومـە، گوتی:

دکتۆرەکە دەڵی: برینەکەت، سووکە، بەو زووانە چاکدەبێتەوە

گوتم:

دەڵێی تۆ دەناسم..

گوتی:

ڕەنگە، بەڵام من ناتناسمەوە.

ڕەنگە هەو بێت، دەنگی دەنگی ئەوە، بەڵام شێوەی گۆڕاوە، چـاوی زۆر لـە چـاوی ئەو دەچێت، گوتم:

+تۆ خوشکێکت نیە ناوی شیرین؟

- شیرین! تۆ هاواری شیرینی!

باوەشی پێمدا کرد، ماچبارانی کردم، پرسیاری کۆڵەپشتەکەم کرد، لە پشت سـەرم بوو، نامەکەم دایێ، خوێندیەوە، گریا، منیشی گریاند، چەند حەزمدەکرد بزانم دایکم چی بۆنووسیوە، نە ئەو گوتی و نە مـن پرسـیم، خاڵـە مۆسـکۆییم شـەلینێکی جـوان دەشەلی، لە ڕووم نەهات، پرسیاری شـەلینەکەی بکـەم، لـە بـارەی نامەکـەوە تـەنها هێندەی گوت:

ئای! پێش ساڵ و نیوێك ئەو نامەیە نووسراوە..

گوتم:

زۆر سۆاخم کردی، بە هۆی ناو گۆڕینتەوە، نەمدیتیەوە..

حەفتە هات و چوو، قۆڵی چەپم هەر پێچراوە، ئازاری زۆرەو نیشانەی چاکبوونەوەی پێوە دیار نیە، دکتۆرێك تازە لە مۆسکۆ هاتبۆوە، تەماشای قۆڵمی کرد، گوتی:

پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە..

خاڵە مۆسکۆییم، دڵنیای کردمەوە کە خەمم نەبێت و چارەیەك دەبینێتەوە، دیتیەوە، بە دزیەوە منیان ناردەوە شار، بە ناسنامەیەکی تازەوە لەگەڵ ژن و پیاوێك چوومەوە ئەو خەستەخانەیەی کاتی خۆی بابی لێ نەشتەرگەری کرا، پێش بردنم بۆ ژووری نەشتەرگەری ژنەکە چرپاندی بە گوێمدا:

بزانە، تا لەو خەستەخانە دەچیە دەرێ، من خوشکتم، ناوم نارنجە، ئەو پیاوەش (رۆستەم)ی مێردمە..

سەرم بۆی لەقاند، تێگەیشتم، چەند حەزمدەکرد دایکم و باوکم و خوشك و براو گیڤارام لە سەر بان، نازانم بۆ لەوێ بیری گوڵنارم نەکرد..

گوێم لێیە: باشە، باشە، هاتۆتەوە هۆش، زۆر هەوڵمدا تا چاوم هەڵێنا، نارنج بە سەرمەوە بوو، بزەیەکی زۆر شیرینی بۆم کرد، لە بزەی دایکم دەچوو، زوو منیان لە خەستەخانە دەرهێنا، لە ژوورێکم کەس نابینم، ژنێکی بە ساڵدا چوو، بە رووێکی خۆشەوە چەند جۆرە خواردنێکی لە پێشم داناو گوتی:

کوڕم ئەگەر پێویستت بە سەر ئاو بوو، کەوچێك لە گەنەکە بدە..

بزەیەکی کرد و دەرگای لە دوای خۆی داخست، شەو درەنگ نارنج و رۆستەم پەیدا بوونەوە، نارنج زۆر روو بە پێکەنین بوو، پێکەنینی لێدەباری، دەستی بە قسەی خۆش کرد، رۆستەمیش هەر پێدەکەنی، نارنج بە پێکەنینەوە گوتی:

+ئەرێ پێماننالێی گوڵنار کێیە؟

بە سەرسامیەوە گوتم:

گوڵنار!

نارنج بە پێکەنینێکی شێرنترەوە:

ئا، ئا، گوڵنار، لە کاتی بەنجەکە هەر گوڵنار گوڵنارت بوو، خێزانتە، یان دەزگیرانت..

گوتم:

هیچیان..

نارنج وەك بڵێی لە پرسیارەکەی پەشیمانبووبێتەوە، پێکەنینی نەما، داما، داوام لێکردن کە ئەگەر بکرێت، هەواڵێك بگەیەننە ماڵمان و بیانبینم، بەڵام رۆستەم، تێگەیاندم کە هەر ئەو شەو دەبێتە لە شار دەربچم، چونکە زمان دراوە و شتێك ئاشکرابووە، ماڵە و ماڵ بە دوای بریندارەدا دەگەڕێن، زۆری نەبرد، دوو کەس هاتن، پێش رۆیشتنم، داوام لە نارنج کرد نامەیەك بگەیەنێتە دایکم، بە شێوەیەك گوتی: (سەر چاوم) ئەگەر شەرمم نەکردبا چاویم ماچ دەکرد، پێنووس و کاخەزی هێنا، نامەکەم نووسی، پیاوەکان تێگەیشتن کە بۆ ساتێك پێویستە بە تەنێ جێمبهێڵن، لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، تەنها نارنج مایەوە، بە وردی ناونیشانی ماڵی خۆمانم دایە نارنج، لە بیرمە ئەوەشم گوت:

هەر بە داربیەکە کۆڵانەکە ببینەوە، هەر بە دارشەقی بن داربیەکەش بابم بناسەوە..

گەیشتمەوە ئاقاری دونده ئەسپیەکە، خاڵە مۆسکۆیی بە گەڕانێك رۆیشتبوو، ئەو پیاوە نە نەزۆکی نە شەلین ورەی دانەبەزاندبوو، هەمیشە لە گەڕان و شەڕدا بوو، ئەگەر لە شەڕێك بەشداری نەکردایە، پێیوابوو بە ئەرکی سەر شانی هەڵنەستایە،

دوای چـەند حەفتەیـەك قـۆڵم ئێشـی نـەما، بـەڵام هێـزی کـەم تێـدابوو، هیچـی پـێ هەڵنەدەگیرا، تفەنگی جوان بۆ رانەدەگیرا، مانگ هات و چوو دەسـت لـە کـزی دەدا، ئێستا کلاشینکۆف هەڵناگرم، تەنها دەمانچەکەی گوڵێم لە بـەر پشـتێنە، نامنێرنـە شەڕەکان، بەڵام نەچیتە شەریش شەڕ خۆی دێ، شەڕی ئاسمانیش هـەر بەسـەرتەوەیە، خاڵە مۆسکۆیی کە بەو شێوەیە مـنی دیتـەوە، زۆر خەفـەتی خـوارد، بیسـتمەوە لـە هەوڵی ئەوەیە بمنێرێتە مۆسکۆ..

عـەسرانێکی درەنگە لـە بـن کـەپرێکم پـاش کەمێکیـدی سـێبەری سـەری ئەسـپە دوندیەکە دەیگاتێ، جا جێگەیەك هەیە لـە رۆژهـەڵات و رۆژاواوە، ئەگـەر بـۆ چـەند ساتکیش بێ، نەکەوێتەبن سێبەری دوندی ئەسپیەوە، لە بـن کـەپرەوە بـە دەم چـایەو جگەرەوە پێدەچوو چـووبێتمەوە خەیاڵـەوە، گـوێم لـە حیلـەی ئەسـپ بـوو، حیلەیـەك نەیدەبڕیەوە، حیلەیەك چیاو چیاو دۆلاو دۆڵ دەڕۆیشت، خودایـە ئـەو حیلەیـە هـی چ ئەسپێکە لە کوێوە دێ، سەر هەڵدەبڕم ئەسپی دوندی پتر هاتۆتە سەر پاشـوو، تـەواو قیتبۆتەوە، ئێستا نا ئێستا بە پشتدا دەکـەوێت، خودایـە دونـدی ئەسـپی نەکـەوێت، دەنا دنیای بن خۆی دەخات، وەك ئەوەیە ئاسمان بکەوێت، ئەسپ لە حیلـە ناکـەوێت، حیلەی ئەسپ خۆشە، هەمیشە حەزم لە حیلە کردووە، بـە منـداڵیش لەگـەڵ گوڵنـار گوێمان لە حیلەی ئەسپ دەکرد و لاساییمان دەکرد، جارێك خانزاد گوێی لـە حیلـەی من و گوڵنار بوو، رووی لە من کرد:

هەردووکتان جوان دەحیلێنن، بەڵام حیلەی تۆ هەر دەڵێی ئەسپەکەیە..

نەترسابام، بـە یـادی منـداڵی دەمحیلانـدەوە، تـرس، تـرس دایگـرتم، خودایـە چـی رووودەدات، شاخ چۆن دەبێ بحیلێنێ، چۆن دەجوولێ!!

دەمەوێ لە ناو حیلەی ئەسپیەوە بـانگی هاوڕێکـانم بکـەم، زمـانم بەسـترا، نـازانم چەندی برد حیلە وەستا، تەماشادەکەم، ئەسپە دوند، چۆتەوە باری پێشووی خۆی، لە

سیمای هاوڕێکانمەوە ترسم خوێندەوە، کەس قسە ناکات، کەس نالێ، ئەرێ ئەو حیلەیە چ بوو، منیش هیچم نەگوت..

زۆری نەبرد دۆڵەکان پڕبوون لە بارستایی گەورە گەورە، لە هیچ نەدەچوون، دوای کەمێك شێوەی گورگی ئاسنینیان وەگرت، لە زمانیانەوە ئاگر دەردەچوو، درەختەکان ئاگریان گرت، هەڵاتین، هەڵکشاین سەرەو ئەسپی دوندی، دەبینم هاوڕێکانم تەقە دەکەن، منیش هەر چۆنێك بوو هێزم دایە دەستە هێز تێدا نەماوەکەم، دەمانچەم سوارکرد و گوللەیەکم بە گورگەکانەوە نا، تەواو هەڵکشاین، گورگە ئاسنینەکان، کشانەوە، نا لە جێی خۆیان مانەوە، بەڵام دیاربوو ماندوونە و توانای سەرکەوتنیان نیە، پشوویێکمان دا، سەر هەڵدەبڕین ،لە ئاسمانی چیاکان ماری ئاسنین جلیتبازیان دەکرد، لە زمانیانەوە ژەهریان دەڕشت، لە دووربینەوە دەبینین، ژەهرەکە بە سەر درەختدا بکەوێت یەکسەر دەیکاتە خۆڵەمێش، دەبینین بە سەر بەردا دەڕژێ، بەرد دەتوێتەوە،دەبینین دەرژێتە ناو کانیەوە دوای کەمێك ئاو نەدەما، پتر هەڵکشاین، مارەکان نزیکبوونەوە و ژەهر دەڕژێنن، تەقەمان کرد، هەڵوەستەیەکیان کرد، بە دەم تەقەکردنەوە گەیشتینە بن گەردنی ئەسپەکە، مارەکان پەرتەیان کرد..

خاڵە مۆسکۆییش بە هەندێك ئازووقە و دنیایەك هەواڵی ناخۆشەوە پەیدابۆوە:

ئاوایی چیە لە دەشت و چیا نەما، ئەوەی زوو هەڵات، دەرچوو، ئەویدی لە زیل بارکرا بەرەوە بیابان، ژەهرێك باری، باڵندەیەکی بە دنیاوە نەهێشت، درەختێك نەما پەلك دەرکات، بەر بدات، هەموو وڵات بگەڕێیت نە ئاژەلە کێویەك نە ماڵیەك نابینیەوە..

لە بن گەردنی ئەسپی دوندی گیرساوینەوە، وەرزەکان دەژمێرین، ناوە ناوە هەندێك بزر دەبن، بە ئازووقەوە دێنەوە، من واقوڕماوم، حیلەی ئەسپەکە هی ئەوە نیە باس نەکرێ، کەچی جگە لە حیلەکە قسە لە هەموو شتێك دەکرێت، سەیرە کەس حیلەی

بیرنایەتەوە وەك ئەوەی هەر نەیانبیستبێت، هەموو دەڵێن ئەسپی دوندی پەناگەی یاخیانە و کەس دەستی ناگاتێ، بەڵام من لێی دەترسم، بە خۆم نەوەستام، گۆتمە خاڵە مۆسکۆیی:

تۆ قەت گوێت لەو دوندە ئەسپە بووە بحیلێنێ؟

گوێی بە پرسیارەکەم نەدا، گوتی:

خەمی دەستت نەبێت، هەر لێرە دەرچین، چارەی دەکەین..

چیدی حیلەم نەکردەوە پرسیار و هەوڵمدا لەبیر خۆمی ببەمەوە، بەڵام لە بیرناچێتەوە، لەو رۆژانە زۆر بیرم لە بابم دەکردەوە حەزمدەکرد بیبینم و لێی بپرسم:

تۆ کە گوێت لە حیلەی ئەسپەکە بوو، کارەساتی بە دوادا هات؟

لە بڵندایی دنیاوە وەرزەکان دەژمێرین، زستانان هێندە بەفری لێدەکەوێت، تا هاوینێش دەمێنێتەوە، بۆیە کانیەکانی پایزانیش باوەشێك ئاویان لە بەر دەڕوات، بەوەی باشە دار و باری زۆرە، دەنا زستانان گورگیش ناتوانی لێی بژیت، من چاوێکم هەر لە سەر دەستمە، زۆر خەفەتی لێدەخۆم وا بە بەر چاومەوە حەفتە دوای حەفتە بێ هێزتر، لاوازتر دەبێت و هیچ چارەیەکیشم نیە، دوور نیە بە دەردی پێی بابم بچێت، بە دەردی چاوی باپیرم بچێت، بە دەردی هینەکەی خاڵم بچێت، لە نزیك پاشووی ئەسپەکە داربەڕووێکی بە ساڵدا چوو هەیە، تا تۆ دەڵێی ئەستوور ئەستوورە، ناوی کلۆرە، جێی دانیشتنی دوو سێ کەسی لێدەبێتەوە، دار بەڕوو تا سەر کلۆرە، ئاسمانی لێوە دیارە، بەڵام هێشتا لە چەند جێیەکەوە لق و پەلکی ژیانی پێوەیە، بەهاران چرۆ دەکات، هاوینان ناو داربەڕوو کەپری منە، هەر هاوین نا، بەهار و پایزانیش دنیا باران نەبێت، زۆر سەرما نەبێت، دەچمە ناو داربەڕووەوە، هەر بە هۆی منیشەوە تەوری دەستی هاوڕێکانم لێی نزیکنەکەوتنەوە، داربەڕوو ماڵی منە، زۆر جار لە ناو دار بەڕوو لە سەر پشت رادەکشێم، لە چۆکم بۆ خوارێ لە دەرێیە، بە

کونی داربەڕوو کە تا سەرتر بکەویت باریکترە، تەماشای ئاسمان دەکەم، ئاسمان لەو کونەوە هەر هێندەی بنپیاڵەیەك دیارە، ئەو کوڕەی منی لە ماڵی نارنجەوە گەیاندەوە بن گەردنی ئەسپە دوندیەکە ناوی فریا بوو، بووە نزیکترین هاوڕێشم، دەیگوت:

من کە لەو کونەوە تەماشای ئاسمان دەکەم، هەستدەکەم ژیان زۆر بەر تەسکە، تۆ چۆن دەتوانی هێندە لەو بەرتەسکیەی ژیان بڕوانی؟

من دەمتوانی، بایی ئەو بنپیاڵە ئاسمانە ئومێدم بە گەڕانەوە بۆ ئاوەدانی و رووناکی نەمابوو، ئومێدم بە ژیان نەمابوو، لە بن بنپیاڵە ئاسمانەکە بیست و یەك کۆپلە شیعرم نووسی، ناوم نا بنپیاڵەیەك ئاسمان، هەندێکیانم لە سەر زگی داربەڕوو لە دیوی ناوەوە هەڵکۆڵی بوو، هەندێك لە هاوڕێکانم کە بە سەردان دەهاتنە لام، دەیانخوێندەوە بەڵام بە دڵیان نەبوو، زۆر جار شەوانی مانگەشەو کە مانگ بە پڕی بە تاقی ئاسمانەوە تریفەی بە سەر ئەسپەکە دا دەڕژاند، دەچوومە بن بنپیاڵەی ئاسمانەوە، بە نیازی ئەوەی مانگ لەو ئاسمانە گچکەوە ببینم، مانگ نەدەهاتە ناو دار بەڕووەوە، مانگ لە لە داربەڕووەوە هەڵنەهات و هەڵنەهات..

لەو رۆژەوەی گوڵنارم لە کۆلیژ بەجێهێشت تا ئەو رۆژەی بۆ دووەم جار گوێم لە حیلەی ئەسپەکە بوو ئەگەر هەڵەم نەکردبێت، نزیکەی پێنج ساڵێك لە تەمەن رۆیشت، دوور لە گوڵنار، دوور لە کەسوکار دوور لە رووناکی دوور لە دنیا، تەمەن رۆیشت.. ئەو ساڵانە ساڵانێك بوون، بێ یادەوەری!

لەو جێیانەی بەفر رەشبۆتەوە، گیا سەری دەرهێناوە، هەتاو لە دەرێیە، خاك هەڵمی لێهەڵدەستێ، هەڵمێك بۆنی دانوولەی لێدێ، لە زاری ئەشکەفتێك کە لە دوورەوە لە پنتێکی رەش دەچێت بە بن گەردنی ئەسپەوە، دانیشتووم و بە دەنگێك هەر خۆم گوێم لێیە گۆرانیی نائومێدان دەڵێمەوە:

لە پاش مەرگم لە پاش مەرگم

چ فایدەیە شین و گریان...

ئەو گۆرانیە هی ئەو پیاوەیە زۆر شەوان لە پەنجەرەیەکەوە بە دیار قەراتەوە بە دەنگێك دەتگوت لە بای سەر رووبارەوە هەڵیکردووە، (لە پاش مەرگم)ی دەتگوتەوە، ئەو پیاوە مشکۆی ناوە، بەڵام لە لای نائومێدان بە لە پاش مەرگ ناوی رۆیشتووە، لە بن گەردنی دوندی ئەسپیەوە گۆرانی لە پاش مەرگمی لە پاش مەرگ دەڵێمەوە، ئەو گۆرانیە سەرەتای هەیە بەڵام کە دەستتپێکرد بێ کۆتایە، حیلەی ئەسپەکە نەبا دوایی نەدەهات، حیلاندی، دیسان دوای دوو ساڵ و ئەوەندە ئەسپ حیلاندیەوە، بەڵام حیلەی ئەوجارەی نەرمترە، ناسکترە، حیلەی ئەو جارەی زۆر لە حیلەی گوڵنار دەچێت، لە ئەشکەفت دێمە دەرێ، لە بن گەردنی ئەسپەکە دوور دەکەومەوە، دەبینم دیسان ئەسپ هەستاوەتە سەر پاشوو، یالی دەڵێی پرچی گوڵنارە بە با دەشنێتەوە، لمووزی خەریکە دەگاتە ئەو پەلە هەورەی تاق و تەنیا بە تاقی ئاسمانەوەیە، لە حیلە ناکەوێت، حیلەیەك هێند بە گیانم خۆشە حەزدەکەم تا رۆژی دوایی هەر حیلەی بێ، دەبینم هەموو خۆیان بەست و لە چیا دابەزین، بە بزنەرێ و رێچکەکاندا شۆڕبووینەوە بۆ دۆڵەکان، چاو دەگێڕم، ترسام گورگە ئاسنینەکان پەیدا بنەوە، دیار نین، سەر هەڵدەبڕم، ئاسمانیش ماری ئاسنینی پێوە نیە، مۆسکۆیی بە منی گوت: ((تۆ جارێ لێرە بمێنەوە)) خۆی باڵی گرت، لە بن بەردێك پشوویکم دا، بە قسەم نەکرد منیش بەگەڵ کەوتم، گەیشتینە دەو رێگاو و جادەکان، لە بەر نمەی باراندا گوێم لە حیلەی ناسکی ئەسپە، لە ئاوەدانی نزیکبووینەوە، گلۆپەکان بانگمان دەکەن، من ئێستا لە نزیك ئەو چایخانەیەم کە لەگەڵ بابم و گوڵنار چایەمان لێی خواردەوە کە لە زاری بابم بە تامترین چایە بوو، حەیف داخراوە..

تەقوتۆقە، زۆر هەوڵیاندا نەچمە ناو تەقوتۆقەوە، بە قسەم نەکردن، بە تەنیشت فریاوە تەقەدەکەم، کلاشینکۆفم باش بۆ راناگیرێت، بەڵام کۆڵم نەداو سواری دەکەم و

دەیهاوێـژم، دەمانچـەکەی گوڵێشـم هـەر لـە بـەر پشـتێیە، فریـا زوو زوو فریـام دەکەوێ،خەڵك بە ژن و پیاو و منداڵەوە بە دار و بـەرد و دەسـتی رووتـەوە رژاونەتـە جادەوە، چەند دارلاستیك بـە دەسـتێکم دیـت، ئـای دارلاسـتیکەکەم! رەنگـە ئێسـتا دەستم توانای راکێشانی دارلاستیکی تێدا نەمابێت! سەری دارێك دەبینم چـەقۆیەکی گەورەی دەم پانی لێ بەستراوە، دەڵێی شیرە دەبریسکێتەوە، خودایە کێ ئەو چەقۆیەی بەرزکردۆتەوە! گوڵێم بیرکەوتەوە، دڵم دەڵێ گوڵێیە دڕم بە خەڵکەکە دا، لـە چـەقۆکە نزیکبوومـەوە، نـەمگوت! گـوڵێ جەمەدانیـەکی لـە مـل ئالانـدووە، هێشـتا مـنی نەدیتووە:

بە دەنگێکی بڵند گوتم:

من وازم لە دارلاستیك هێنا، تۆ چەقۆت هەرماوە؟

ناسیمیەوە، باوەشی پێمدا کرد، دەمانچەکەم دەرهێنا و گوتم:

ها، ئێستا نۆرەی دەمانچەیە..

گوڵێ گوتی:

سوپاس، لە کاتێکی باش تووشت بووم..

گوڵێ هەواڵی ماڵمانی پێبووکە باشن و بەڵام لە جێی خۆیـان نـەماون، ناونیشـانە تازەکەی دامێ، دوای هێوربوونەوەی شار بە مـاڵی کەوتـەوە، لـە سـاتی دیتنـەوەی مـاڵێ حەپەسـاوی گرتـی، تـا دوای گەڕانـەوە لـە هەڵاتنـە گەورەکـەش حەپەسـاوی بەرینەدام، لە نزیك پردی گامێشان لە باوەشی ماڵێ دانیشتبووم کەچی نەمدەزانێ لە کوێم و بۆ لەوێم، نە هێزی پرسیارکردنم هەبوو، نە وەڵامی پرسـیارانم دەدایـەوە، کـەم کەسم دەناسیەوە، دایکم دەستە هێز تێدانەماوەکەمی بە سینگی خۆیـەوە دەنـا، بـابم دەستی لە ملم دەکرد، گیڤارا و خوشك وبرا لە دەورم بوون، بـەڵام وەك بڵێـی لـە نـاو دراوسێکان دانیشتبم ئەوها بووم، نازانم چ دەردێك لێیدابووم، لـە هەڵاتنەکـە ئـەوەی

كه شار سەراپای شار تاق و لۆق نەبێ خۆی بە كۆڵی خۆیدا دا و باریكرد، گرتەیەكی رووئم نایەتەوە پێش چاو، لە هەموو ئەو وەرزەی كە لە بن گەردنی ئەسپە دوندیەكەوە دابەزیم و گەیشتمەوە ماڵێ و بە شارەوە بارمان كرد وهاتینەوە، دەنگ و رەنگێكی وام لا نیە تا نیشانی بدەمەوە، بیلێمەوە، لەو وەرزەدا نە هاتە سەرم سەردانی داربیەكە بكەم، نە گۆڕی مام گەڕیدە و خانزدا، نەسۆراخێكی دیدارە شێتم كرد، نەچوومە ماڵی گوڵێش، دێتە بیرم پەرژین بە كراسێكی گوڵگوڵیەوە كە لە كراسەكەی دایكم دەچوو،هات باوەشی پێمدا كرد، دێتە بیرم خاڵە مۆسكۆیی باوەشی بە بامدا كردبوو، هەردووك دەگریان، دێتە بیرم گوڵێ هاتە ماڵمان بام بە پێیەكەوە لە بەری هەستا، لە كاتێك لە بەر كەس هەڵنەدەستاوە، ، دێتە بیرم هەلاتین، دێتە بیرم هاتینەوە، دێتە بیرم لە كۆلانی مۆسكۆ كوڕێكی سیما خۆلاوی دەتگوت ئێستا لە خۆڵەوە هاتووە، بانگمیكرد، نەمناسیەوە، دەستی تەوقەی هێنا و گوتی:

دەڵێی نامناسیەوە؟

لێیوردبوومەوە و نەمناسیەوە، بە دەنگ نەمناسیەوە، باوەشی پێمداكرد و گریا، بە فرمێسك ناسیمەوە، برادەری منداڵی بە فرمێسك دەناسرێتەوە، هەر ئەو فرمێسكانە بوون كە بەردی كوڕە گوڵیندارەكەی پێی رشت، هەر ئەو فرمێسكانە بوو كە جارێك لە سەر درەنگ هاتنە پۆل زللەیەكی لە رووەمەتە سێویەكانی دا، فرمێسك سوورتری كردن، هەوە، گوتم:

یوسف، ئەو هەموو سوورابیەی رووەمەتت كێ بردی؟

یوسف فرمێسكی سڕی:

كونە فیرار، هاوار، چوار ساڵی ناو كونە فیرار..

ئەو كوڕەی ئەو كوڕەی لە كونە فیراران رەنگی خۆڵی گرتبوو، گوتی:

من لە ترسی جاشان چوار ساڵ لە کون، لە تاریکی خۆڵ ژیام، کەچی ئێستاش رۆژ هەر رۆژی جاشانە..

هێندەو تەواو، ئەو وەرزە بۆ یادەوەری هەر هێندەی بەر دا، لێرەوەش من لە (من) بێزار بووم، مامۆستای گێڕانەوە دەیگوت لێی بێزار دەبیت! ویستم بۆ (ئەو) بگەڕێمەوە، بەلاّم پەنام بۆ (تۆ) هێنا، ئیدی لێرەوە من دەبمە تۆ، هاوار تۆیت..

٣

دوای گەڕانەوە، دوای ئەوەی شار هاتەوە شار، وازت لە چەکداری هێناو لە هاوڕێکانت دوورکەوتیەوە، ماڵتان چۆوە لای داربیەکە، ئۆخەیش داربی، ئەوجارەش تۆی هێنایەوە سەر دنیا، وەك جاری گۆرین بە دیتنەوەی داربی، لە دایکبوویتەوە، بە دوای دیدارە شێتدا گەڕایت، لە جادەو کۆلاّنەکان لە دوای گەڕایت، پێش نیوەڕۆیەك لە مزگەفتی حاجی لەقلەقەکە دیتتەوە، لە جێی دەزنوێژهەڵگرتن پیاوێکی ریش

هـاتووی سـەر قـژنی شـەڕواڵ لـە چـەند جـێ دڕاو دەوی بـە بەلووعـەوە نـابوو، زوو ناسیتەوە، دەستت گرت، لە پێش دەرگاکە لە تەنیشتی دانیشتی، زۆر قسەت لەگەڵی کرد، گوێی لێنەگرتی، قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد، پاڵێکی پێوەنایت و گوتی:

((غاردە، تۆپ هات))، رۆیشت..

سـەردانی دارخورماکـەت کـرد، هێـی! دارخورمـات نەدیتـەوە، زۆر گـەڕایت نەتدیتەوە، لە دایکت پرسی:

دایە، بە دارخورماکە نەکەوتمەوە..

دایك گوتی:

دارخورما! لەگەڵ هاتنەوەی ئێوە نەما.

نەمانی دارخورما ئازاری دایت، تۆ دەتویست تەماشـای ئـەو کونانـە بکـەیت کـە لەگەڵ گوڵنار ژماردتان و نەگەیشتنە کۆتایی، لە بن داربی نابیەوە، تا دێ هەست بە تەنیایی دەکەیت، نامۆیی لە گیانت چەکەرە دەکـات، هـەر کۆترێـك، باڵندەیـەك لـە داربیەکەوە هەڵدەفرێت، پتر هەست بە دەستەپاچەیی خۆت دەکەیت، خولیای فڕین لە سەرتە، خەیاڵ هەڵتدەگرێت، دەتباتەوە چیاکان، دەگەیتەوە ئەسپە دوندیەکە، لە فڕین ناکەویت، چڵێکت نیە بۆ نیشتنەوە، هێلانەیەك نیە بۆ حەوانەوە، رەنگە هێلانەی تـۆ هەر گوڵنار بێ، تۆ لە بن داربیەکـەیت و نانیشـیەوە، ئەگـەر تۆڵەسـتێن یـان گیڤـارا رستەیەك نەهاوێژن، تۆ بە زەوی ناکەویتـەوە، تۆڵەسـتێن جارجـارە دەتهێنێتـەوە لای حیلەی شاخەکە، بەڵام هیچی تێناگەن، گیڤارا لەبیریەتی تۆ لە پووشکاخەز بڵندترین بوویت و کەس نەتدەگەیشتێ، بە بیری دەهێنیتـەوە کـە تۆڵەسـتێن لـە تـۆش بڵنـدتر بووە، بەڵام گیڤارا وەك بڵێی باوەڕناکات.. خولیای پووشکاخەز لە سەرت دەگـەڕێ و دەتەوێ لەو رێیەوە بفڕیت، بە بەر چاوی گیڤاراوە پووشکاخەز هەڵـدەدەیت، بـە سـەر

ماڵی جارانی گوڵناردا فڕی، گەیشتە تـاقی ئاسمـان، پارچـە کاخـەزێکت لـە دەسـتە، گیڤارادەڵێ:

ئەوە چی دەکەیت؟

تۆ بە پێکەنینەوە دەڵێیت:

گۆرانیەك دەنێرمە ئاسمان..

نووسیت و

(تاکەی دانیشم لە سای داری بی

تاکەی بیچێژم دەردی غەریبی)، ناردت..

گیڤارا دەڵێ:

چیت نووسی و بۆ کێت نارد؟

وەلاّمت نەدایەوە، قسەت بە لایەکیدیدا برد..

هەر ئەو ساڵە چوویتەوە کۆلیـژ، وەریانگرتیـەوە، لـە پـۆلی سـێیەم دانیشـتیەوە، حەیف لـە جێـی خـۆی نـەمابوو، بـارکردنی کۆلیـژ بـۆ تـۆ دەتگـوت کۆسـتە، هێـی، هاوپۆڵەکانت لە چاو تۆ چەند منداڵن، هەنـدێك لـە مامۆسـتاکان لـە تەمـەنی تـۆن، گوڵنار! هەواڵی گوڵنار لە کێ بپرسـی، گۆگجـەلی لـە کـوێ ببینیـەوە، بزانـی کـاتێ شیعرەکەی دایێ، چی گوت! ئای گۆگجەلی! حەفتەی یەکەمە، لە رارەوەکـە کچـێکی رەشتاڵە بەرەو رووت هات، ناسیتەوە، چاکۆچۆنیەکی گەرمی لەگەڵ کردیت، پـەرێزە، دەستەخوشکی گوڵنار بوو، لەو قوتابیانە بـوو کـە وەك دەیـانگوت بـە پرسـیارەکانی مامۆستای شەرمەزاردەکرد، هەمیشە کتێبی بە دەستەوە بوو، لە گفتوگۆی هـزری و ئەدەبی کەس باری نەدەبرد، تۆ یـەك دوو جـار گفتوگـۆت لەگـەڵ کـردووە، خۆزگـەت دەخواست گوڵناریش وەك وی با، قۆناخێك لە پێش ئێوەوە بوو، گوتی:

زۆر خۆشحاڵم دەتبینمەوە، تۆ کە لە چیا هاتیەوە ڕێزی زۆرت لام هەیە، من ئێستا لێرە مامۆستام، هەر ئیشێکت هەبوو، لە وانەکان هەر ئاستەنگێکت هاتە پێشێ، بە من بڵێ، بە چاوان بۆت دەکەم.

سوپاست کرد، دەست لە سەر سینگ کەمێك بۆی چەمیەوە، ویستت هەواڵی گوڵناری لێبپرسی، شەرمتکرد، نەتپرسی..

نازانی حەفتە یان مانگی چەندەم بوو، دەزانی تاقیکردنەوەتان هەبوو، وانەی مامۆستایەکە کاتی خۆشی وانەی پێتگوتووە، جارێك لە سەر فۆلکلۆر لەگەڵی تێکگیرایت، ئێ، خەریکی وەلامدانەوەیت، پرسیارەکان هەر ئەو پرسیارانەن کە پێش بە چیا کەوتن دەیهێنانەوە، نە ئەو دەم نە ئێستاش نازانی وەلامیان بدەیتەوە، بە هەر شێوەیەك وەلامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە هەڵەیە، وەلامی ئەو پرسیارانە لە کتێبێکی گچکەلەن، کتێبەکەت هەیە، پێشتریش هەتبوو، بەلام بە تۆ ناخوێندرێتەوە، نیو لاپەرەیەکی لێ دەخوێنیەوە ژانەسەر دەگریت و فرێی دەدەیت، ئێ، ئاگات لێیە مامۆستایەکیدی دێ، مامۆستای پرسیار گران دەچێتە دەرێ، دوای کەمێك سەرت هەڵبڕی و لە رووخساری مامۆستای تازەت ڕوانی، ئای! چاوت رەشکەوپێشکە دەکات، یان بە دیار پرسیارەوە خەوتوویت و خەون دەبینیت، گوڵنار! هەوە؟ کەس نەناسیەوە گوڵنار دەناسیەوە، ئاگات لە پێنووس و کاخەز بڕا، لە گوڵنار دەڕوانیت، هەستیکرد لێیدەڕوانیت، چەند جارێك تی چاوی دایتێ، هەستتکرد دەتناسێتەوە، بەلام نەهات بە لاتەوە، هەر وەك خۆیەتی، هیچ نەگۆڕاوە، هەر گوڵناری بن داربیەکەیە، هەر گوڵناری کۆلیژە، کات تەواو و چیدیت بۆ نەنووسرا، لەو کاتەی کاخەزی مەیلەو سپیت دایە دەستی، گوتی:

بەخێر بێیەوە.

نەتزانی چۆن گوتت:

سوپاس.

چ قسەیدی نەکرد، لە پۆل هاتیە دەرێ، ئیدی گوڵنار مامۆستاتە، دیارە هاواری سەردەمی کۆلیژ دەناسێتەوە، بەڵام چ پێناچێت لە بارەی هاواری بن داربیەکە لە یادەوەریدا دەنگێك رەنگێك مابێتەوە، هەر دەبێت پێبکەویت داخوا شیعر ونامەکەی خوێندۆتەوە یان، نا، رۆژێك لە پێش ژوورەکەی خۆی پرسیاری چەند برادەرێکت لێیکرد لەوانە کوڕە گۆگجەلیەکە، پرسیت:

نازانی چی بە سەرهات؟

کەمێك داما:

کوڕە شەبەکەکە دەڵێی! ئەدی لەگەڵ تۆ بزر نەبوو؟

لەگەڵ تۆ بزربوو! ئای گۆگجەلی بە شیعرەکەی تۆوە داخوا کەوتە کونجی چ بەندیخانەیەکەوە! شیعری خشخشۆکەت فەوتا، نەتپاراستبوو، لێرەو لەوێ چەند رستەیەکت لە بیرماوە، بەڵام بایی ئەوە نیە ببێتەوە شیعر، هەستدەکەیت گوڵنار بەرانبەرت زۆر سارد و سڕە، بە تەنیشتتدا وەك مامۆستایەکی لووت بەرز تێدەپەڕێ، دەورو بەری خۆی نابینێت، دەبێت تۆ سلاوی لێبکەیت، ئێستا ئەو مامۆستا و تۆ قوتابی، قوتابیەکی دەست گۆجە، چ سەودایەکی خاوە! مامۆستا گوڵنار لە پۆلدا رەقە، حەزناکات قوتابی زۆر پرسیار بکات، پێناچێت زانیاریی زۆر بێت، لە ساتی راڤەکردنی بابەت زۆر جار لەگەڵ خۆی دژ دەکەوێتەوە، کەسیش ناوێرێ دەست هەلبڕێ و قسەیەك بکات، لە سەر سادەترین جوولە قوتابی دەکاتە دەرێ، جوێنیش دەدات، هەرگیزیش پێناکەنێ، جار جارە بزەیەکی شیرین دەکات، هەر قوتابیەو بە جۆرێك لە تووڕەیی مامۆستا دەدوا، قوتابیەك دەڵێ:

جگە لە تووڕەیی هیچی پێنیە، پێناچێ چوار کتێبی خوێندبێتەوە..

قوتابیەك:

قەیرەیە، تووڕەیی نەدیتنی دنیا بە سەر ئێمەدا هەڵدەڕێژێت..

دەتویست بڵێی، هێندەی من بزانم دوو مێردی کردووە، نا، چۆن قسەی وا دەکەیت!

گوڵنار لای تۆ هەر جوانە، بە دزیەوە، ئاگای لێنەبێت لێی دەڕوانیت، کاتێ لە لای تەختەرەشەکە رادەوەستێ، دەڵێی شۆڕە بیە، لە دەم و لێوی دەڕوانیت، هێند جوان رەنگی کردووە، دەڵێی کرێمستی خواردووە، چاوەکانی، ئای لە چاوەکانی! ئەو چاوانەت لە ناو داربەڕووەکە خستە کۆپلە شیعرێکەوە، هەر دەبێت بۆی بخوێنیەوە، دڵنیایت گوێی لەو شیعرە بێ، چاوی خۆی دەناسێتەوە..

بەهارە، کۆلیژ لە وەرزی شیعر و چیرۆکە، ، تۆش دەخوێنیەوە، گوڵنار کەم دێتە دیداری شیعرەوە، بۆیە داوات لێکرد لە کۆڕەکەی تۆ ئامادەبێ، بەڵێنی دا ئەگەر کاتی هەبێ، دێ، هۆڵێکی گچکەیە، کاتی خوێندنەوەیە، چاو دەگێڕیت گوڵنار دیار نیە، لە رێزی پێشەوە شەش حەفت مامۆستا دانیشتوون، گوڵنار لە ناویان نیە، چاو دەگێڕیت، چاوت لە سەر کورسی کورسی رادەگەریت، گوڵنار نیە، نەهاتووە، داتنابوو، لە سەرەتا چاوەکە بخوێنیەوە، شیعرێکیدیت پێش خست، چاوەڕێیت گوڵنار بێ، ئەوجا چاو بخوێنیەوە، بە نابەدڵی دەستت بە خوێندنەوە کرد، چاوێکت لە سەر شیعر، چاوێکت لە دەرگایە، شیعری (لە پووشکاخەزدا دەرکەوت)یشت خوێندەوە، گوڵنار هەر دەرنەکەوت، شیعر شیعر پێش (چاو) دەکەوێت، چاوی گوڵنار هەڵنەهات، ئیدی نۆرەی چاوە، لە رستەی یەکەمی چاودا، چاوت بە هۆڵەکەدا گێڕا، چاوێك رایکێشایت، تەماشای کچەکە دەکەیت گوڵنار نیە، بەڵام چاوەکانی چاوی ئەون، دیارە گوڵنار خۆی نەیتوانیوە بێت چاوەکانی ناردووە، سەد سوێنددەخۆیت ئەو چاوانە چاوی گوڵنارن، چاوەکان بە بێ تروکان بە پڕی لێت دەڕوانن، تۆش چاوت ناتروکێنیت، بەوەی باشە شیعرەکەت لەبەرەو پێویست بە تەماشاکردنی پەڕە

کاخەزەکە ناکات، بۆیە نە لە خوێندنەوەی (چاو) دەکـەویت، نـە لـە تەماشـای چـاو، چاوەکان وەك بڵێی دەیانزانی شیعری (چاو) بۆ وین، پتر دەگەشـانەوە، هەسـتتدەکرد، برژانگـەکان درێـژدەبن، لێـت نزیکدەبنـەوە، دەبنـە تـیر و دەورت دەدەن، تـۆ ئێسـتا کەوتوویتە ناو ئەسـتێرەی بـە تـیر دەور دراو، خـۆت رادەسـتکرد، تـۆ کـەوتیت، بـە چەپڵەرێزان هەستایتەوە، ئەوە چ بوو خودایـە! چـاوی گوڵنـار چ دەکـات لـە کـن ئـەو کچە، کچە بە بەردەمتدا لە هۆڵەکە چـووە دەرێ، چ جێیـەکی لـە گوڵنـار نـەدەکرد، بەڵام چاوەکانی چاوی وی بـوون، کەوتیـە گومانـەوە، چـۆن دەبێـت چـاوی دوو کـەس کتومت چاوێك بن، ئەدی ئەگەر بەژن و دەم و لێـو و پەنجـە و قـژی دوو کـچ هـەموو جێیەکیان لە یەك چوو، رۆیشتن، قسە، ئەودەم چی! نا شتی وا نیە، نەبووە دوو کەس لە هەموو شتێك لە یەك بچن، ئەگەر نالێیت چـاو هـەبێت، شـتە لێکنزیکـەکان وەك یەك ببینێت..

دوای کۆڕەکە گوڵنار هەر باسیشی نـەکرد، نـەیگوت، نـەمتوانی بـێم، نـەیگوت، چیت خوێندەوە، هیچ، وەك بڵێی هەر نـەیزانیبێ شـیعرت خوێندۆتـەوە، تـۆش چـیت نەگوت، تەماشایەکی چاوت کرد، رێك ئەو چاوە بوو کە بە کچێکدا ناردبوویە هـۆڵی شیعر خوێندنەوە..

هاوینـە، گرانیـەك داهـاتووە، مـام گەڕیـدەش بـە گرانیـی وا تێنەپـەڕیوە، راو و رووتێکە نـان لـە دەسـتان دەرفێـنن، خاڵـە مۆسـکۆیی زۆر هەوڵیـدا بچـیەوە بارەگـا نەچوویت، لە نزیك سینەما لە سەر شۆستە لە سەر تەنەکەیەك دانیشتوویت و جگەرە دەفرۆشیت، لە تەنیشتیشت فریا بە دیار تایـت و سـابوونەوەیە، بـاب و بـرا هـەوڵیان لەگەڵت دا دانیشیت و کار نەکەیت، برا دەمێکە وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە، خوشـك خوێندنی تەواو کردووە، گیڤارا وەك تۆ قوتابیە، دووسێ جار گوڵنارت دیت، پۆشتە و پەرداخ بە بەردەمتدا تێپەڕی، تۆی نەدەدیت، تۆش خۆت پیشانی نەدەدا، جارێکیـان

پاکەت و جگەرەت بە جێهێشت و بە دوایـدا چـوویت، کلاۆێکـی گـەورە کـە لـە هـی سەپانی دەچوو لە سەرتە، ئاوڕیش بداتەوە ناتناسێتەوە،دەڕوات و لـە دووی نابیـەوە، لە نزیك ئەو شوێنەی ئەگەر گولێ نەبا شوفێرەکان دەیانکوتایت، لایدا کۆلانێـك، لـە سەری کۆلانەوە دیتت لە دەرگایەك چـووە ژوورەوە، بەوێـدا رەت بوویـت، دەرگاکـەت دەست نیشانکرد، سێ دەریە، رەنگەکەی شـینێکی کالـە، خـانوێکی خۆشـە، پـڕ لـە داروبارە، چەند جارێکیدی دیتت هاتەوە ئێرە، ئێرە مالی گولنارە، بەلام لەو مالە نە هـاواری مێـرد دەبینیـت، نـە دایکـی، نـە براکـەی، ئەوانـەی دەیانبینیـت کەسـیان ناناسیت، وەرزی خوێندن هاتەوە، حەیف ئەو سال گولنار مامۆستای تـۆ نیـە، بـەلام هەر لە کۆلیژە و جاروبار دەیبینیت، بەلام هێندە سارده هـی ئـەوە نیـە کـەمێك لای راوەستیت و دوو قسـە بکـەن، سـووکە سـلاوێکتان هەیـە و بـەس، بـەلام دلـت هـەر ترپەترپیەتی بۆی، حەزدەکەیت هەمیشە بە دواوەی بیت، هەمیشە لێتەوە دیار بێت، زۆر جار لە سەرە کۆلانی مالیان بۆ دیتنی، خۆت دەگریت، جارێك لەو جارانە ئەویش تۆی دیت بە بزەیەکی واتادارەوە سلاوێکی کرد، وەك بلێی تێگەیشتبێت کـە تـۆ بـە دواوەی، تەریقبوویتەوە، ئارەقەت کرد، لە شوێنی خۆت رەق بوویت، ئەگەر سـلاوێك نەبا هەر لەوێ دەمایتەوە، زاوا گچکەلەیە، تەنکە ردێنێکی هێشتۆتەوە، ئـەو کـوڕە لەمێژە دەناسیت، بەلام هێندە برادەر نین، پتر سلاوی دوور بە دووریتان هەیە، ئێستا مالیان لە سەرەوەی کۆلانی مۆسکۆیە، دوو قـۆلی هـاتن، لـە رێیـێ سـابیر گـۆتی و نەیبڕیەوە، بەلام تۆ هیچی لێتێنەدەگەیشتی، چی دەگۆت! هەلە لە زمانی ویـە، یـان لە گوێی تۆ؟ نازانیت، بەلام لە ساتی لێك جیابوونەوە رەستەیەکی روونی گوت:

((کوشتن و خۆ کوشتن بنی نایە سێ کەس هەیە دەبێت یەکیان بکوژرێ..))

نزیکبوونـەوە، لـەپڕ لـە حەوشـەی مـالی یوسـف کلپەیـەك هاوارێـك پێکـەوە بەرزبوونەوە، کۆلان رژایە حەوشەوە:

((هاوار، یوسف خۆی سووتاند..))

مەسینەیەك بەنزین و دنكە شخاتەیەك، یوسفی بۆ خۆی بـردەوە، دەڵـێن: یوسـف رچەشكێنە، پێشە وی لە شار خۆسووتاندن چەكی ژنان بوو، بەڵام یوسف كردیە چەكی پیاوانـەش، كـێ زانـی یوسـف بۆچـی خـۆی سـووتاند؟! نامەیـەكی تایبـەت بـە خۆسووتاندنەكەی لە دوای خۆی جێهێشتبوو، بەڵام كەس هیچی تێنەگەیشـت، كـەس نەبوو ئەو نامەیە نەبینێ، دەروونـناس، كۆمـەڵناس، جادووباز..بـەڵام كـەس هیچـی لێهەڵنەكڕاند، هێشتا پرسەی یوسف هەڵنەگیرابوو، هەواڵ هات ژنەكەی زاوا گچكەلە خۆی كوشتووە..

جار جارە بە یادی جارانـەوە لـە بـن داربیەكـە دادەنیشـیت، بابـت هـەر خـەریكی تەزبێحـە، جـار جـارەش سـەردانی بارەگـای كۆنـە برادەرەكـانی دەكـات، پیـاوە هەمەدانیەكە بە كۆڵاندا دێ، سووكە سلاو دەكات، بەڵام دیارە نێوانیان هێندە خۆش نیە، دایك هەر نایەوێت بیبینێت، بەڵام لەگەڵ برا بـەینی خۆشـە، بـاب تـەزبێحێكی زەردی كارەبـایی بـە دەسـتەوەیە، ئـەویش تـەزبێحێكی دنـك گـەورەی كەسـكی دەستكردی بابت ، باب دەڵێ:

هەڵەی خۆم بوو بۆم درووستكرد.

ئێستا خەریكە لە گەڕەكێ ناوی ئەو دوو پیـاوە دەگـۆڕێ، خـەڵكانێك بـە تـەزبێح كەسك و تەزبێح زەرد ناویان دێنن، بەڵام گوڵێ ماوەیەكە ناوی ناون یـەك پـێ و یـەك چاو لە زاری گوڵێـوە كەوتنـە سـەر زاری منـدالانیش، بـەڵام نـەزانرا لـە زاری كێـوە نەزۆكیی پیاوە مۆسكۆییەكە كەوتە زاری كۆڵانەوە!

گوڵێ ناوە ناوە دێتە مالتان، لەگەڵ بابت زۆر تەبا نیە، قسـەكانیان ناچـێتە دڵـی یەكترەوە، گوڵێ بۆ تۆ ئارامیە، رۆژێ ئەگەر دوور بە دووریش بێت نـەیبینیت دەڵێـی شتێكت بزركردووە، رۆژێك گوڵێ گوتی:

نۆرەی منە بچمە چیا، دەڕۆم..

بە سەرسوورمانەوە گوتت:

چیای چی! ئێستا کەی کاتی بە چیا کەوتنە!

گوتی:

بۆ من ئێستا تافیەتی، چیا بانگمدەکات، لەوانەیە لە پەکەکە جێم ببێتەوە..

گوتت:

ئەگەر وەك پێشوو بن زەحمەتە..

گوتی:

تاقیدەکەمەوە..

تفەنگەکەی خۆت کە خستبووتە قەدی نوێنەوە و نووستبوو، داتێ و گولێ بزر بوو، بە رۆیشتنی گولێ پتر تەنیایی دەوری دایت، سەردانی گۆڕستانت کردەوە، بە گۆڕی مام گەڕیدە و خانزاد کەوتیەوە، حەمەدی قورئانخوێنت دیتەوە، پرساری جەبارت لێکرد، گوتی:

لە جاران گەورەترە، ئێستاش دەتوانێت من و تۆ بە گرتن بدا، نابینی لە تەلەفزیۆن لە دوای کێ دەڕوات!

نەتدیتبوو، دوایی زانیت چەند گەورەیە، شەلەی شامینۆکفرۆشیشت دیت دوو سەد چەکدار بە دوایەوە و وەزیر بۆی دەچەمایەوە، براکەی خانزادیشت ناسیەوە، رۆژێك بەرپرسێکی گەورە بە رەوەیەك چەکدارەوە هاتنە ناو کۆلیژ، براکەی خانزاد بە دەمانچەی رووتەوە بە دواوەی بوو، لە بەرخۆتەوە گوتت:

رەنگە هەر بەو دەمانچەیە خانزادت کوشتبێت..

لەو دەمە گولنار لێتەوە نزیك بوو، هاتە سەرت بلێیت، تۆ براکەی خانزاد ناناسیەوە؟ تاهوواه، وا تۆ ناناسێتەوە، ئەو دەناسێتەوە!

خوێندنت تەواوکرد، دەستبەتاڵ دەسووڕێیتەوە، لە ژاوە ژاوی شار تەنیایی دەتپێچێتەوە، چ تەنیاییەکی ترسناکە، بۆ هەر لا دەچیت تەنیاییە و تەنیایی، جاروبار بۆ هەلاتن لە تەنیایی ئێواران پەنا بۆ ئەو یانەیە دەبەیت کە ئاوی کەسك وسۆر، ئاوی یادگاری لێوە دیارە، لە باخچەکە لە پەنایەك دادەنیشیت، نە تیشکی گلۆپ دەیگرێتەوە نە تریفەی مانگ، بە چارەگێك عەرەق کە دەڵێی گیراوەی نەفتە گرێك لە تەنیایی بەردەدەیت، تا پێکی یەکەم ئاوا دەکەیت زەحمەتە، یانە بۆ تۆ پێش پێکی یەکەم بارەگایە، مەیدانی کەرانە، گوێت لێیە جاش و ئەمن و پێشمەرگە پێشمەرگایەتی خۆیان دەگێڕنەوە، گوێت لە زەڕە زەڕە، دوای پێکی یەکەم چیدی گوێت لە زەڕەزەڕ نیە، پێك بۆ تۆ ئاوەدانیە، یادگاریەکان بە سەر شانی یەکتردا دێنە سەر مێزەکەت، گوڵنار لە درەختەکەی سەرتەوە پرچی شۆڕدەکاتەوە، حەزناکەیت کەس لە ئاوەدانیت بکات، هەر کەسێك بێتە سەر مێز تەنیایی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، جارێك زاوا گچکەلەش هێنای، تەنیایی و زۆر شتی هێنا، یەکەم جارە لە یانە بیبینیت، لە مێزەکەی بەرانبەرت دانیشتبوو، تۆ لە دوا پێك بوویت، مێزەکەی خۆی بەجێهێشت و بە پێکێك و سلاوێکی گریاناویەوە، هات و دانیشت، هەندێك منگە منگی کرد، تێنەگەیشتی، پاش کەمێك بە دەنگێکی روون گوتی:

شتێك هەیە دەبێت بە کەسێکی بڵێم، زۆر لە دوای ئەو کەسە گەڕام ئێستا دیتمەوە..

گوتت:

ئەو کەسە کێیە؟

پێکەکەی هەڵقوڕاند و گوتی:

تۆ

من! باشە بۆ من!

چارەگێکیدی بانگکرد و بێ پرس بۆ تۆشی تێکرد، گوتی:

ژنەکەم خۆی نەکوشت، کوژرا..

گوتت:

کێ کوشتی؟

خانزادت بیرکەوتەوە، زاوا گچکەڵە بە دەستەکانی چاوی خۆی شاردەوە و هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا، هەناسەیەك ئەگەر جگەرەیەکی تازە داگیرساوی بە لێوەوە با، دووکەڵی پێوەنەدەما:

من کوشتم..

گوتت:

تۆ! بۆچی؟

زاوا گچکەڵە فرمێسك و عەرەقی تێکەڵ کرد و وای گێڕایەوە:

درەنگ زۆر درەنگ زانیم خەجێ پێش ئەوەی ببێتە ژنی من پەیوەندی لەگەڵ کوڕێك هەبووە، کوڕە ناسیاریشمە، پێکەوتم چوونەتە باوەشی یەکتریشەوە، ئیدی دنیام لە پێش چاو تاریك بوو، چەندی هەوڵم لەگەڵ خۆم دا لەبیری خۆم ببەمەوە، ئەوەی روویداوە پێش من بووە، نەمتوانی، رۆژ دوای رۆژ پتر خەمم دەخوارد و بە رقدا دەچووم، رقەکەم بەرانبەر خەجێ یە، بەرانبەر کوڕەکەیە، یان لە خۆم، چەند جار هاتە سەرم خەجێ تەڵاق بدەم، نەمتوانی، چۆن تەڵاقی بدەم، خەڵك نالێن بۆچی؟! هەر جارێك ئەو کوڕەم دەدیت ئۆقرەم نەدەما، ئیدی هاتە سەرم بیکوژم، پەشیمان بوومەوە، هاتە سەرم خۆم بکوژم، دەستم نەچووە خۆم، هاتە سەرم خەجی بکوژم، دەلەرزیم، ئیدی بڕیارم دا یەکێك لەو سێ کەسە بکوژم، کوشتم، خەجێم کوشت..

زاوا گچکەڵە لە پڕمەی گریانی دا، تۆ زۆر پرسیار هەبوو لێیبکەیت، بەڵام ئەو بە زۆر پارەی مێزەکەی داو رۆیشت و گوێی لە هیچ پرسیارێکی تۆ نەگرت و ئیدی نەتدیتەوە..

دەستت رۆژ دوای رۆژ لە کورتی دەدا، چەند دکتۆرت پێکرد، بەلاش بوو، خوێندنت تەواو کرد، بە دەستێکی گۆجەوە لە جادەی پشتی مالی گوڵنار، لە بن درەختێك، کتێب وکۆنە گۆڤاران دەکڕی و دەفرۆشیەوە، دوکانی ناسیارێکت لەوێیە ، شەوان دەتخستنە دوکانەکەیەوە، جێگاکە هێندە سەرە رێ نیە، مەیلەو چۆلە، ئەگەر بازاڕیشت کز بێت، بۆ تۆ ئێرە باشە، تۆ توانای هات پۆلیس هات و راکە راکت نیە، ئەو ساتانەی پۆلیس دەکەوتنە دوای دەستگێڕو عارەبانەکان، هەموویان بەرەو جادە و درەختی دڵنەوایی دەهاتنەوە، تۆ ناوت لەو درەختە نابوو درەختی دڵنەوایی، لەوێوە جاروبار گوڵنارت دەدیت لە جادەکە دەپەڕیەوە، لەو هەموو جارە تەنها جارێك لایدا، سلاوێکی ساردی کرد، چاوێکی بە کتێبەکاندا گێڕا بێ مالاوی رۆیشت، زۆر تووڕە بوویت، چوویتە باڕەکەی بەرانبەر، خواردتەوە، قەت هێندەت نەخواردۆتەوە، مەست، دێتە بیرت هاتیە دەرێ، دێتە بیرت ناسیارێك دەستی خستە سەر شانت و گوتی:

پێویستە بچیەوە، شتێك لە مالتان روویداوە..

راچڵەکیت، نازانی چۆن گەیشتیەوە کۆلان، گەڕەك هەمووی رژاوەتە کۆلان، چیە؟ چ بووە؟ کەس وەلام ناداتەوە، خوشك باوەشی پێتدا کرد و گوتی:

براکەم، گیڤارا کوژرا، برا کوشتی..

یەکەم فیشەکی براکوژیی تازە لە مالی ئێوە تەقی و گیڤارا لە خوێن گەوزی، بە دوای ئەو فیشەکەوە و لە سێیەم رۆژی پرسە، جەباری قورئانخوێن بە گەڕەکێك قورئانخوێنی چەکدارەوە، لەگەڵ هێزەکەی شەلەی شامینۆکفرۆش تێکگیران و لەگەڵ هەر ئەڵلاهو ئەکبەرێك پەنجەرە دێتە خوارێ، خشت بەردەبێتەوە، دووکەڵ و قیژە

پێکەوە بەرزدەبنەوە، داربیەکە باڵندەیەکی پێوە نەما، قیامەت هەستا، زۆری نـەبرد تەزبێح کەسك و تەزبێح زەردەکان لە کۆڵانێ بەربوونە گیانی یەکتر..

برا خۆی بزر کرد، دیسانەوە دایك رەشی پۆشیەوە، خوشك رەشی پۆشی، پـەرژین شێوەی شیرینی گرتەوە، گۆڕی گیڤارا لـە نزیـك گـۆڕی مـام گەڕیـدە و خـانزادە، زۆر هەوڵتدا، بزانیت برا بۆچی گیڤارای کوشت، چۆن دەستی تێچوو، ئێستاش نەگەیشتیە بنجوبنەوانی کوشتنەکە..

گیڤارا کۆستێکە پرزەی لێبڕیوی، دەستت هیچ ناگرێت، لە مـاڵێ دیـار نـەبی، لـە ناو گۆڕستانی، لە گۆڕستانیشەوە بۆ ژوورەکەت، لە سەر پشت رادەکشێی، چاوت لـە پنتێك دەبڕی، بێ جوولە، هێزی هـەڵگرتنی جگەرەکەشـت نیـە، بێـدەنگ بێـدەنگ، دیمەنێکی ترسناکە، خوشك هەمیشە بە دەورتەوەیە، دایك دێ باوەشت پێدا دەکـات، باب دێ، بەلاشە، نەچوویتە بێدەنگیەکی واوە بە قسـەی ئەوانـە بێیتـە قسـە، چـەند مانگێك وا مایتەوە، ئەگەر تۆپەکە نەبا، بە سـاڵ وا دەمایتـەوە، زرمەیـەك چـیاش زرمەی وای بە خۆیەوە نەدیتووە لەگەڵ قیژەی دایکت، لـە گوللـە سـووکتر گەیشـتیە حەوشە، لایەکی حەوشە رووخاوە، دایکت لە سەر دەرگا لە جێی خۆی بە پێوە وشـك بووە، ناجوولێ، غارت دایێ، لە باوەشت کرد، هێناتە ژوورێ، بێ هەست و خوسـتە، باب گەیشتێ، دەست لە لەشی دەگێڕێ، نیە خوێن نیە، خوشك جامە ئاوێك دێـنێ، تۆ لەبەر خۆتەوە دەڵێیت، بەس دایکم هیچی لێ نەیەت، بێدەنگی دەشکێنم و تێکەڵ ژیان دەمەوە، باب ئاوەکەی پێدا دەکات، دایك چاو هەڵدێنێ، دەڵێ:

کوا ئێوە لە کوێن؟ ماون!

دایك هەستاوە، لەو تۆپەوە براکوژی چووە قۆناخێکی ترسناکەوە، چەتە و رێگر بە مۆلەتی فەرمیەوە بە شار وەربوون، چەکیان بە سەر مندالاندا دابەشکرد، لە کۆڵانێ مەشقی چەکیان دەکرد، پەنجەرەی مالانیان دەکردە نیشانە، قاتوقڕی شـاری گرتـەوە،

وا نەبا، تۆ هەڵنەدەستایتەوە، بە کەڵێنی تفەنگەکانەوە، خۆت دەگەیاندە جادەی مزگەفتی حاجی لەقلەقەکە، لە قوژبنێك بە دیار زەمبیلەیەك هێلکەوە دادەنیشتی، کە دەبووە تەقو تۆق خۆت دەدایە پەنا، خۆت دەگرت و هێلکەبەتاڵت لێنەدەکرد، پێدەچوو لە حاجی لەقلەقەکەوە ئازایەتی وەربگریت، ئەو بەرگەی شەڕ و تەقوتۆقی گرتووە، هێلانە و شاری بەجێنەهێشتووە، تۆش هێلکە بەجێناهێلی، ئەو هێلکە دەکات تا دنیا دنیایە لە شاردا لە سەری منارەی مزگەفتەوە بە وەجاغرووەنی بێنێتەوە، تۆ هێلکە دەفرۆشی تا لە برسان نەمریت و بمێنیتەوە، لەو گرانیەش دڵت نەهات خەناوکەی گوڵنار لە بن خۆڵێ دەربێنی بیفرۆشی، لەو ناو تەقوتۆق و فڕکان فڕکانەی بازاڕدا، پتر بیرکردنەوەت لای هێلکەکانتە، لای کڕیاری هێلکەیە، زوو بیانفرۆشیت و بە چەند عانەیەکەوە بگەڕێیتە ماڵەوە، لە خەیاڵی هێلکە بوویت، کەوتیە بەر سێبەری ژنێکەوە، لە سێبەرەکەی دیارە، عەبا بەسەرە، چاوت کەوتە سەر پێی، نەعلێکی دڕابوو، دەستەکانی کە هێلکەیان هەڵدەبژارد، ماندوێتیان پێوە دیار بوو، سەرت هەڵبڕی ناسیتەوە، ئەو چاوی لە سەر هێلکەکانە و تۆ نابینێ، هەوە، دەمێکە نەتدیتووە، بەڵام جوان دەیناسیەوە، دەستی بە بەڕکی کەوا کۆنەکەیدا کرد و پارەی بۆ راگرتی، تۆ کەمێك دامای، گوتت:

+ لێگەڕێ، با لە سەر من بێت.

- لەبەرچی! دەمناسیت؟

+ ئا، سەردەمێك، ماڵمان لە کۆلانێك بوو..

ژنە هەندێك لێت وردبۆوە، هێلکەکانی داناوە، وەك بڵێی بە سەر خۆدا شکابێتەوە، بێدەنگ خزی، رەنگە تفەکەی بیرکەوتبێتەوە، بەیان رۆیشت و تۆش بە دیار هێلکەوە جگەرەیەکت داگیرساند..

ئەوڕۆش دەچیتەوە بۆ هێلکە فرۆشتن، بەڵام ئەوڕۆ رۆژێکە لە تەمەنی تۆ نە بووە نە دەبێتەوە، رۆژێکە هەلاوێردەیی، ئەوەی تۆ دیتت و بیستت، بۆ هەر کەسێکی بگێڕیتەوە باوەڕ ناکات، دنیا روو لە گەرمیە، لە سەر هێلکەکانتەوە چاوت لێیە لە سەر قەراتەوە چەند چەتەیەك لەوانەی لە دوورەوە هاتبوون، خەریکی نیشانە دانانەوەن، ئەوانە پەنجەرەی بالەخانەیەك، تایەی تڕومبێلێك، عەلاگەی دەستی ژنێك ئەو شتانەیان دەکردە نیشانە، بەڵام ئەو جارە تۆ بە چاوی خۆت دیتت، حاجی لەقلەقی سەر منارەی مزگەفت پەلەواژبۆوە، لەو ساتە هووشەیەك یەك بە جادە هات و هەموو خەڵك خۆی لادا، هووشەیەك هات و کەس نەیزانی چیە، هووشەیەك لە چ هووشان نەدەچوو، بە مردنی حاجی لەقلەق نەتتوانی چیدی بە دیار هێلکەکانتەوە دانیشیت، لە دوکانی ناسیارەکەت داناو هاتی، مەرگی حاجی لەقلەق تۆی بردەوە منداڵی، تۆی گەیاندەوە گوڵنار، ئەو رۆژەی حاجی لەقلەق لە گەشتی دوورودرێژ دەگەڕایەوە، دایکی گوڵێ زۆر جار دەیگوت:

هەر جلکێکی جوان بە سەر رستەوە بێ، حاجی لەقلەق بۆ منداڵەکانی دەبات..

گوڵنار بە دەم غارەوە:

حاجی لەقلەق مار هات

ماری زەنگول دار هات..

تۆ نەتدەهێشت تەواوی بکات، دەتگوت:

گوڵنار وا بەغار هات

گوڵنار دەگەیشتەوە حەوشەی خۆیان ئەگەر جلکی بە رستەوە با، لێیدەکردەوە، مەرگی حاجی لەقلەق منداڵیتی گەڕاندەوە، گوڵناری هێنایەوە تەنیشتت، ئەو دەمانەی حاجی لەقلەق لە گەشتی دوور بوو، تۆ و گوڵنار بە پرسیاری (حاجی لەقلەق کەی دێتەوە؟) سەری مام گەڕیدەتان خواردبوو، ئەویش دەیگوت:

ڕێی حەجێ دوورە، منیش کاتی خۆی کە چوومە حەجێ هێندەم پێچوو، حەجی ئەو لە هی منیش دوورترە..

لە بیرتە تۆ و گوڵنار دەتانپرسی:

حاجی لەقلەق کە دەچێتە بنی دنیایێ، چۆن ماڵی خۆی دەناسێتەوە؟

مام گەڕیدە دەیگوت:

هەموو کەس ماڵی خۆی پێدەزانێتەوە، پێویستە ئێوەش ڕێتان بکەوێتە هەر کوێیەك ماڵی خۆتان پێبزاننەوە..

لە بەر خۆتەوە دەڵێیت، ئیدی حاجی لەقلەق، ناچێتە حەجێ..

لە بن پەرژینی باخی شار، سەرت هەڵبڕی، گوڵنار بە کراسێکی سوور و تەنوورەیەکی ڕەشەوە لە پێشتە، پرچی کردۆتەوە، دەڵێی بە مانگەوە دابەزیوە، لێوەکانی هێند سوورهەڵگەڕابوون کرێمستیان لێدەچۆڕا، چاکوچۆنیتان کرد، وەك جاران نیە، گەڕموگوڕیەکی پێوە دیارە، بەڵام لە سیمایەوە دیارە وەك پێشوو بێ یادەوەریە، گوڵنار گوتی:

ئێستا خەریکی چی؟

ویستت بڵێی هێلکە دەفرۆشم، گێڕاتەوە، گوت:

هیچ، تێدەسووڕێم..

ویستت بڵێی، نەتزانیوە، گیڤارا بە دەستی برا کوژرا، نەتگوت..

ئەوەت گوت:

حاجی لەقلەقەکە کوژرا، ئیدی جلکی کەس لە سەر رست نارفێنێ..

گوڵنار چ گوێی بەو قسەیە نەدا، ڕۆیشت، چەند حەزتدەکرد پێبکەنێ، پێنەکەنی و ڕۆیشت، تۆ لە جێی خۆت پشتت بە پەرژینەکە دا، ماوەیك بوو، ئەگەر جار و بار دەنا بیرت لێنەدەکردەوە، بەڵام ئەو دیتن و چاکو چۆنیە، تازەی کردەوە، کرێمستیەکە

دەڵێی ئێستایە، ماچی شیرینی شیعرەکەت بیرکەوتەوە، خۆزگەت خواست بە منداڵی لە بن داربیەکە ماچێکی لێوی گوڵنارت بکردایە، بۆوەی هەر بە زار نا، لـە دڵـەوە و لەگەڵ هێمن دێرە شیعرەکەت بگوتایەتەوە:

بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ

بە پیریش لە زەتی ئەو ماچە شیرینەم لە بیرناچێ

پشتت بە پەرژینەکە داوە و ناجوولێیت، ئەگەر دیدار نەبا هـەر لـە جێـی خـۆت دەمایتەوە، بە دەنگی گەورە:

خەڵکینە حیزب حاجی لەقلەقی کوشت.

یەکەم جارە دیدار رستەی خـۆی بگـۆڕێ، لەوەتـەی شـێتبووە، تـەنها رسـتەی ((غاردە، تۆپ هات))ی دەگوتەوە، بـەلاّم حـاجی لەقلـەق پێیگـۆڕی، لـە پـێش چـاوت چەکدارێك پیلی دیداری گرت و زللەیەکی توندی خەواندێ و گوتی:

ئەمە چی ئەڵێی تۆ؟

دیدار بە دەنگی بڵندتر گوتیەوە، چەکدارەکە تفەنگی لێڕاکێشا تۆ غارت دایـێ و گوتت:

لۆ وا لەو شێتە دەکەیت؟!

چەکدارەکە بە تووڕەیی:

وای لێ ئەکەم و زیاتریش، چی تۆیە؟

تۆ گوتت:

برادەرمە..

چەکدارەکە بە پێکەنینێکی تاڵەوە:

وا دیارە تۆش شێتی..

دەستت جولاند تا پشتە دەستێکی لە ناو دەوی گیربکەیت، بیرتکردەوە کە دەستێك شەڕی دوو دەست و تفەنگی بۆ ناکرێت، بۆیە نەرمیت کێشا، دیدار هەلاّت، تۆش بە لۆژلۆژ ڕێی ماڵێت گرتەبەر..

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە هەلاوێردە، هەر لەو ڕۆژە بڕیارت دا ئەگەر وەك دیدار بە جادە نەکەویت، سەرهاتی خۆت بنووسیتەوە و ناویشی لێنێی کرێمستی، لە سەری کۆلاّنی پێشانی ماڵی گوڵنار، دایکی گوڵێ رایگرتی، گوتی:

نامەیەکی گوڵێت بۆ هاتووە..

نامەکە لە شێوەی چوکلێتێکی گەورەیە، هێند توند پێچرابوو، بە ددانیش بۆت نەکرایەوە، پەلەت کرد زوو بگەیتە ماڵێ و بیخوێنیتەوە، لە سەر دەرگای حەوشە دایکت دەڵێ:

مێوانمان هەیە، دەزانی کێ؟ گوڵنار..

سەرسامانە دەڵێی:

گوڵنار!!

دایکت دەڵێ:

ئا، گوڵناری خۆمان، ئەوەی برادەری منداڵیت..

لە شوێنی خۆت چەقیت، لە بەر خۆتەوە دەڵێیت:

باشە من تازە گوڵنارم لە بازاڕ دیت، چی نەگوت، چۆنە هاتۆتە ئێرە! تێناگەم، چی روودەدات!

دایکت هەستیکرد شلەژاویت، گوتی:

دەی جارێ بڕۆ ژوورەکەی خۆت، خۆت بگۆڕە..

بەلاّم تۆ چوویتە لای مێوان، ژوورەکە کەمێك تاریکە، ئای، کوا گوڵنـار! ژنێکـی رەشپۆشی لاواز سـێ منـداڵی بـە دەورەوەیـە، هەسـتایەوە، چاکوچـۆنیتان کـرد، بـە حەپەساوی لە بەرانبەری دانیشتی، لەبەر خۆتەوە دەڵێیت:

بە راست ئەوە گوڵنارە! ئەدی ئەویدی کێ بوو؟!

دایك دەڵێ:

کوڕم دەڵێی ناینناسیتەوە؟!

قسەناکەیت، تەماشای دەکەیت، ژنە چاوی کەمێك بە قووڵدا چووە، بەلاّم زۆر لـە چاوی گوڵنار دەچن، کچـە پارچـەڵەکە کەپشـتی بـە پەنجەرەکـە دابـوو، هـەر زۆر لـە گوڵناری بن دارخورماکە دەچوو، ژنە دەڵێ:

هەقی خۆیەتی نەمناسێتەوە، ئاخر..

قسەکەی تەواونەکرد، تۆ حەپەسـاوی، قسـەت بـۆ نایـە، بیردەکەیتـەوە، هێنـدەی نەماوە بقیژێنی، چۆن دەبێ ئەو هەموو ساڵە کچێکیدی خۆی کردبێتـە گوڵنـار! ژنـە پێدەکەنێ، رێك پێکەنینی گوڵنارە، ئای دەمێکە گوێت لێینەبووە، لەو ساتە بە دیار چاو و لە ناو پێکەنینی لە گوڵنارەوە هـاتوو رەنگـە بۆرژابیـت، یـان کەوتبیـە زینـدە خەوەوە، خەناوکەی بن خۆڵت هێنا، وا بە دەستتەوەیە و لێیدەڕوانی.. ژنە لە پێکەنین وەستاو بە شەرمەوە دەڵێ:

داربیەکە هەر وەك خۆی ماوەتەوە، ئەرێ کرێمستیت بیردێتەوە؟!